

١٠ خاکەلێوە
ڕۆژی شەهیدان
٦٩
شەهیدەکانمان مایەی سەربەرزی و شانازیمانن
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رحمان نەقشی




# پێڕست:

١- گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا.......................................... **شەهید دوکتور قاسملوو** .......... ٢

٢- پێشەوای شۆڕش و خەبات و گیانفیدایی قازی محەمەد .................................... **ئەلبورز ڕۆئین تەن** ............... ٤

٣- دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان .................................... **قادر وریا** ......................... ٧

٤- پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا ........................................................ **ئەرسەلان چەڵەبی** .............. ١٢

٥- پێشەوا قازی مانیفێستی بەها و بایەخەکانی مرۆڤی کورد .................................. **مەجید حەقی** .................. ١٦

٧- بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان ............................................................ **مستەفا شڵماشی** ................ ١٨

٨- کورتە ژیاننامەی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری شەهید، فەرماندەر و ڕێبەرانی کۆچکردو لە سێ قۆناخی ٦٩ ساڵە حیزبی دێموکڕات ................................................................................ **ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی** ........... ٢٠

## وتەکانی دوکتور قاسملوو، لە سەر شەهیدان :




***گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێک بە بێ زەحمەت و تێکۆشان، بە بێ بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە.***

***گەلی کوردیش و حیزبی ئێمەش کە پێشرەوی خەباتی گەلی کوردە لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی، فیداکاریی دەوێ، خۆبەختکردنی دەوێ. کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بێ.***




ئێمە لە ڕۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێک کە دەتوانین بکەین و لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین، وەک ئەوان تا سەر ئەو ڕێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختی یەک نەکشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە.خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکانو نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسلی ڕابردوو یا نەسلەکانی ڕابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا ڕەنگ بێ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕشو بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان ڕزگار دەکا بۆ ئەوە لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبێ.

*ئەم وتانە لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگەوئەندامی لەمێژینەی حیزب کاک خالیدی عەلیپوور دا (زستانی ٧١٣٦ ) پێشکەش کراون.*

---



# پێشەوای شۆڕش و خەبات و گیانفیدایی قازی محەمەد



**نوسینی ئەلبورز ڕۆئین تەن**

مێژووی مرۆڤایەتی زۆری ڕێبەری بە خۆی دیتوە بەڵام شایەدی کەم پێشەوا بوە چەمکی پێشەوا لە لای من گەورەتر لە ڕێبەر و بەڕێوەبەرە. پێشەوا پێشڕەوی هەنگاو نان بەرەو مروڤایەتی ئەندازیاری دانانی بناغەی شارستانی نوێ کە مێژوی کۆمەڵگای مروڤایەتی بەرەو تەواو بونێکی ئیدەئاڵ دەبات. پێشەوا هەموو خسلەتەکانی ڕێبەرایەتی و قەهرەمانێکی نەتەوەی لە خۆی دا هەیە لە هەمان کاتیش لە گیانفیدای و خۆبووردەی لە پێناو ئامانجی گەل دا لە بەرەی هەرە پێشەوە دان.

کوردیش لە پێشەوای وا بێبەش نەبوە خاوەن پێشەوای وا بوە کە هەموو ژیانیان لە بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگای خۆیان کردە قوربانی. بۆ کورد پێشکەوتن تا ئەمڕوش هەر لە بناغە دا قەتیس ماوە. بناغەی هەر پێشکەوتنێک ئازاد بونێتی بونەکەی وا لە مرۆڤ دەکا کە بگاتە ئەو نرخەی کە هەیەتی تا بەرەو پێش چونی مانای ڕاستەقینە هەبێت. هەر بۆیەش پێشەوای نەتەوەی کورد هەموو ژیانی قوربانی کردوە تا بە دانانی ئەو بناغەیە ڕێچکەی پێشکەوتن بگرنە پێش.

پێشەوای کورد قازی محەمەد لە مێژووی کورد و مرۆڤایەتیدا هەموو ئەو خسلەتانەی سەرەوەی لە خۆ گرتووە، لەوانەیە لە بەختی کورد بونیان بێ کە ئەمڕۆ لە ڕێزی ماندێلا یا گاندی لە کۆڕو کوبونەوەکانی دونیا ناوی نیە .ئەگی نا لە کردەوە دا بەڵکو زیاتر خزمەتیان بە گەل و کۆمەڵگایان نەکردبێ قەت کەمتر نەبووە. پێشەوا قازی دەتوانرێت لە زۆر رووە بکرێ بە سەر مەشق و لە هەمان کات لە زۆر رووە بوە چەقی گۆڕانکاری کۆمەڵگاو مامۆستایەک بوو کە زۆر وانەی بۆ گەلەکەی بە جێهشت. ئێمەی کورد بە داخەوە لە هەڵگرتنی پەندی وا زیرەک نەبووین ئەگەر تەنیا وەسیەتەکەی کردەوەکانی بکەین بە چرای ڕێگامان دەتوانین زۆر هەنگاو بەرە پێش بەرین.

پێشەوا قازی وەک کەسایەتی ڕۆشنبیر و فەرهەنگی ساتی خۆی زۆر هەوڵی پێشکەوتنی زانست و مەعریفەی کوردی داوە بەردەوام لە هەر سوچێ بێت خزمەتی خوێندکار و توێژی زانست پەروەر کردوە هانیانی داوە ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوە کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی دایک و پەرە پێدان بە ئەدەبیات و شیعری کوردی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار هەمووی ئەوانە بە هەوڵ و هاوکاری و پشتیوانی پێشەوا کران هەر بۆیەش پێشەوا ڕۆشنبیر و کەسایەتی فەرهەنگی زەمانەی خۆی بوە کە نە تەنیا لە ژیانی دا بەڵکو بە بەرهەمهێنەر بوە بۆ کۆمەڵگای کورد کە لە وەسیەتەکەشی دا دەڵێ منداڵەکانتان فێری زانست عیلم بکەن تا کورد پێشکەوێ.

پێشەوا نمونەی ڕێچکە شکێنی بوە لە سەردەمی خۆی دا بەڵام ئەوەی پێشەوای جیاواز دەکاتەوە لە هەموو ڕێچکە شکێنێک ئەوە بوو کە باڵانسێکی وای دانا بوو کە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەکات لە لایەن کۆمەڵگاوە پەسند دەکرێن لە هەمان کاتیش دا خۆی پێش ڕەوی ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بوە سەرەڕای کەسایەتی ئاینیەکەی بەڵام توانیوتەی کۆمەڵگا بە یاساو ڕێسای سەردەمی پێشڤەچون ئاشنا و هەوڵی ئەو جێبەجێ کردنی ئەو ڕێسایەنە لەو سەردەمە دەکات لەوانەیە بۆ ئێستا ئەو هەوڵانەی ئەوکاتی هەندێ بابەتی ئاسای بن بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی دونیایی سێیەمی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی ئەو پەڕی ڕێچکە شکێنی بووە لەوانەش دەتوانین بە هێنانی ژنان بۆ گورەپانی سیاسەت و کار و خەبات بێت یا هەوڵی پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکان و زۆر شتی تر بێت.

پێشەوا خاوەن کاریزمای ڕێبەرایەتی بوە لە سەردەمی ئەو دا هەتا هەندێک جار ئێستاش بۆ بەدەست هێنانی ئەو کاریزمایە دەبێ خاوەن هێزێکی چەکداری یا عەشیرەتی یا لانی کەم موڵک و مادیەت بێ بەڵام پێشەوای کورد تەنیا خاوەن هێزی زانست و دادی کۆمەڵایەتی بوە واتە ئەو کاریگەریە زۆرەی کە هەیبوە لە عەشیرەتی یا ژمارەی کەسە چەکدارە خزمەکانی نەبوە بەڵکو لە ڕوی هێزی عەقلانی بوە کە پێشەوا هەیبوە دمەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر دەستی ئەو وای کرد کە لە کاریزمای خۆی کەڵک وەرگرێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا چونکو پێشەوا بوونی نەک لە سەر ئارەزوو مەیلی بۆ ڕێبەرایەتی بەڵکو لە سەر بناغەی پێداویستی گەل بۆ زانایاتی و دادی ئەو بوە هۆی ئەوە کە ببێ بە پێشەوای گەل. گەورەی پێشەوا کاتێک دەردەکەوێ کە لە هەموو قوناغەکانی خەباتیشی دا سەرەڕای ئەو کاریزمایە بڕیارەکانی بە تایبەتی بڕیارە چارەنوس سازەکانی لە ڕێگەی راوێژی زۆرترین کەسەوە دەیدا ئەوەش نیشان دەدا کە تەنیا غەمی پێشەوا کورد و داهاتووی بوو نەک شتی تر.

پێشەوای کورد دیپلۆماتێکی سەرکەوتووی کورد بوو کە بە زانینی زمان و فەرهەنگی بێگانە دەیتوانی ببێ ە پردی بێگانە لە هەمان کاتیش دا موکڕ بێ لە سەر داواکاری بە دانانی پەیوەندی لە گەڵ هێزەکان هیچ کات لە داخوازی ڕەوای گەلەکەشی بۆ یەک سانیەش پاشگوێ نەخست هەر ئەوەش وایکردبوو جیاوازی لە نێوان کۆماری کوردستان و حکومەتی ئازەبایجان هەبێ یەکێکیان ڕەنگی هێزەکانی پێوە دیار بێ یەکێکی تر ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەکەی بێت. لە درێژەی کوبونەوەکانی قازی لە تاران لە گەڵ قوام یەک خاڵ لە داخوازیەکانی گەل نەکردە قوربانی ئەوەش بۆ دیپلۆماتێکی زانا دەگەڕێتەوە کە ڕێبەرایەتی وەفدەکانی دەکرد.

پێشەوا لە هەموو ژیانی دا نمونەی تاکی کورد و پێشەوای مێژوی ماف خوازی کوردە پێشەوا ئەوەندە گەورە بوو کە بە مەرگی خۆشی وانەیەکی پڕ لە ناوەڕۆک بوو بۆ گەلەکەی بە مردنی زۆر چەمکی لە خەباتی مێژوی گەلی بۆ هەمیشە زیندو ڕاگرت هەر بۆیەش باشترین ڕۆژ بۆ ڕێز گرتن لە شەهید و ناوهێنانی وەک ڕۆژی شەهید ڕوژی ١٠ خاکەلێوەیە کە ڕوژی لە سێدارە دانی پێشەوامانە کە دەڵێ سەر بەرزم ئەمڕۆ ژیانم پێشکەشی خاک و گەلەکەمان دەکەم بۆیە لە ڕۆژێک دا کە پێشەوای پێشمەرگە لە پێناو وڵاتەکەی بە چاوی کراوە بە سەربەرزی گیانی فیدا دەکات ڕۆژی هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان بێت کە لە پێناو وڵات دا مردن بە سەرکەوتن دەزانن.

پێشەوا خەباتی کەسایەتی و ژیان و مەرگی شایانی زۆرترین بابەتی لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی وانەی مرۆڤایەتی و کوردایەتیە بەڵام دێرەکانی وەسیەتی ئەمڕو زیاتر لە هەر ڕۆژێک دەتوانێ بە کەڵک بێ بۆ خەباتمان پێشەوا باش دەزانی کە هۆکاری سەرنەکەوتنی کورد و یەکگرتوو نەبونیەتی و فریوی دوژمنیش دەخوات بۆیە زۆر جەخت دەکات کە ڕۆڵەکانی کورد یەک بن و فریوی دوژمن نەخۆن . ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاسەت دەبینین هەردو خەساری بەدی دەکرێ هەر بۆیەش وردبونەوە لەو دێڕانەی وەسیەتی زۆر پێویستن. لە هەمان کاتیش دا پێشمەرگەی قەهرەمان ئەمڕو بە هەمان ورەوە بۆ سەلماندنی ئەو وتەی پێشەوا کە دەی گوت لە تنۆکی خوێنم هەزاران قازی دروست دەبێ لە چیاکانی کوردستان خەریکی سەر لە نوێ ڕاسانێکی ترن تا لە جیاتی ژیانی بن دەستی گیانفیدای لە پێناو ئازادی هەڵدەبژێرن بەشێک بوون لەو پێشمەرگانە یا پشتیوانی کردنیان ڕێز گرتنە لە پێشەوامان

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٦




# دیمەنە بە شکۆکانی کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

## (پێشکەشە بە شەهیدانی کوردستان)

**قادر وریا**



"گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتیو کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن .مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستیو ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێ دا، کاروانی گیانبەخشینو سەردانان لە ڕێی سەربەستیی کوردستانو سەربەرزیی کورد دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستانو جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت. هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمار، یەک لەوان بوو. دواتر، کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەو بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ای هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆرەسواری کۆمارپارێز هەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد(فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەرو پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان(ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزووڵلا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بڵاغی، شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانیو ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان، دەبێتە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەددا، کە لە تاریکو ڕوونی١٠ای خاکەلێوەی١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ای زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازیو نوێنەر لە پاڕلمانی ئێرانو، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگریی کۆمار،هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکییە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەی و بە چوونی سەربەرزانەی بۆسەر داری بێداد، هەر وەها بە وتە

مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانیدا، ناوێکی هەتاهەتایی و ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژکرد:

"من زیندووم و دوژمن مردوون ئێوە من ئێعدامم کردوون
کەی لە پاش من بێخەم دەبن هەرکوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان سەربەرزییە بۆ گشتمان"(١)

لە ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ای هەتاوییەوە، کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

"هەر کاروانێ،
بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ،
کەم بێ یا زۆر،
دەگەنە خۆر." (٢)

❊❊

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان، قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەباتو قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستاو ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنیو چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەداو دەستیان بەرنەدایەوە.

❊❊

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ (١٩٦٧ - ١٩٦٨) لە سەردەمێکدا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتدا سەپا، کە شای ئێران خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنیو سەقامگیری. بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدانو دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتەو پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادرو بەڕێوەبەرو پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پرشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا ڕەحیم وردی، سلەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاحو کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

❊❊

"ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایە و ناهێڵێ بمرێ." (٣)

حیزبی دیموکراتی کوردستان،لە مێژساڵە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی "ڕۆژی شەهیدانی کوردستان" کردەوەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلە و پایەی فەرمی و سیاسی و نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیوسەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە گەڵ ئەم حیزبە دا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلیوە دا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدانو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانو ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

**

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەباتوخۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانیوماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرشو پەلاماری هەوایی و زەوینیی ڕێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوە و ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەویو ئاسمانەوە و، دانیشتوانیان ئاگرو ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قارنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان،سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ، کەرێزە، گوندەوێڵە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار،خەڵیفەلیان،شێخ مارف، چەقەڵ مستەفاو چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەساتو قەلاچۆی گەورەو بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترەو سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

**

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگە و تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانە دا گیانیان لێ ئەستیندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کوردو کوردستان دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردوون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگریو لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاک و تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستیندراوە.

**

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگو فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەییو گشتیو سەرانسەرییە، چونکە زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتکارانی زۆرترین شارو ناوچەکانی کوردستان، تێیدا بەشدارن. شاری، لادێیی، هونەرمەند، نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار، وەرزێڕ، کرێکار، ئەفسەرو سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتەهدا بەشداربوون. شارو ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ،شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشانو ئیلام هەرهەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشانو قوربانیدان کردووەو ڕۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانو پەیرەوانی ئایینو ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردووەو بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستانو ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانیو بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییو دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوە وخەبات لە ڕێی نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان دا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزی و شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە وشەهیدیان هەیە. قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەواییو زەمینیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بەرەوڕووی هێرشکەران دەوەستانەوەو بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هیزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشتو پەنای هێزی پێشمەرگەو دابینکەری نانو ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. ڕاستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازییو بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوندو تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدانو خۆبەختکردنیان بەرکەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدارو قەدرزانی ئەوشارو ناوچەو گوندو بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشانو قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

**

ژنانو کچان، هەموو کات بەشێکی جیانەکراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتکار لە شارو گوند نەوەستاون، بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەکان، لە مەتەریزەکانی چیا، لەڕێکخستنە نهێنییەکانو لە هەموو سەنگەرەکانی تێکۆشاندا، بە پێی تواناو ئیمکان، دیار بوونو لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

* *

لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکراو دوورەوڵاتو لە نیوخۆی شارو گوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەرو خەباتکارو، زۆر ئەندامو دۆستی وەفاداری حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان هەبوون کە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە روانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕیزی نەمران دانو لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕێزەوە یادیان دەکرێتەوە.

ئەگەر چی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکانو هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک، ژیان و گیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازی وداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی دا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەرانو بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەلو نیشتمان دا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگ و سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا زیاتر لە ٢٥ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشان و لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانە دا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزبو هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوەو شەهید کراون.

١٠ خاکە لێوە،هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جیی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان، ڕێبەرانو تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیەکە بۆ چوونە سەر گڵکۆی شەهیدان و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی. ١٠ خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمان و پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە رزگاریی کوردستانو نەتەوەی کورد لە داگیرکراویو بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان،لە تێکۆشان و خەبات سارد نابینەوە.

پەراوێزەکان:


١ – وەرگیراو لە شێعری :شینی پێشەوا"ی مامۆستا هەژاری موکوریانی، دیوانی "بۆ کوردستان" .

٢- ناوی خاوەنی ئەم شێعرە نازانم.

٣ – پەخشانی "تاجی ژین"، دارا بیستوون، ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٦٠، ئاوریلی ١٩٩٠


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦

# پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا



ئەرسەلان چەڵەبی

## تا وێنەی تۆمان هەبێ نامرین



ڕۆژی دەی خاكەلێوە بۆ هەموو تاكێكی كورد لە هەر كونجێكی ئەو جیهانە پان و بەرینە ڕۆژێكی ڕەشە و لەو ڕۆژە دا داخێكی قورس و گران لە جەرگی هەموو نەتەوەی كورد درا. دوژمنانی ئازادی لایان وابوو دەی خاكەلێوە كۆتایی خەباتی نەتەوەیەكی داگیركراوە بەڵام لە ڕاستیدا بوو بە سەرەتایەك بۆ فێربوونی وانەی خۆشەویستی و فیداكاری و ئازادی. سەرەتایەك كە تا گەیشتن بە مافە ڕەواكانی خۆی هیچ چەشنە كۆتاییەك ناناسێ و بیری لێ ناكاتەوە.

لە سێداره دانی سەرۆككۆماری نەتەوەیەك هەم تراژێدییە، هەمیش لە لایەكی ترەوە ژێنۆسایدی هەستی نەتەوەیی و ئینسانی كوردستانە، بۆیە دەبوو لەو ڕۆچنە نیگایەوە بە دەیان دەقی لە سەر بنووسرێ. لە سێدارەدانی قازی محەممەد بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ تاك، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی نەتەوەیەك.

من وەكوو نووسەرێك چالاكیم تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبیات دا بەرتەسك بۆتەوە و هیچ كات نە پێم خۆش بووە و نە مەیلیشم بووە بێمە ناو ئەو دونیا سەیر و سەمەرەی سیاسەتی كوردی و بمهەوێ وتارێكی سیاسی بنووسم، ئەوەی ڕاستیش بێ هەر تێی ناگەم و هەڕەی لە برەی ناكەمەوە و هیچ كاتیش بڕوام بە كەسانی سیاسی نەبووە و هەموو كات لێیان ترساوم. بەڵام من خۆم پێم وایە قازی

محەممەد لەو باسە بێبەرییە و هەڵگری پێناسە و کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی بووە و لەو باوەڕە دام گوناهە بە قازی محەممەد بڵێی کەسایەتییەکی سیاسی! قازی محەممەد کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤدۆست بووە. لە ڕۆژی دەی خاکەلێوەش بۆ هەموو گەلانی جیهان و کورد بە تایبەتی سەلماندی کە ئەو جیا لەوەی کە بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو گوڵێک بوو لە سەحرایەک دا، ئەو گوڵێک بوو لە سەحرای سیاسەتی کوردیشدا:

"گوڵێکی پاک و بێگەرد کە هیچ کات لە پێناو بەرژەوەندی خۆی و حیزبی ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانی فیدا نەکرد" ئەوە وانەیەکی مەزن و ناوازە بوو کە بە داخەوە هەتا ئێستا هیچ حیزبێکی سیاسی و هیچ سەرکردەیەکی کورد نەیتوانیوە لەو وانەیە کەڵک وەرگرێ و بیکاتە ئاڵقەی گوێی. هەر بۆیە من پێم وایە بە حیزبی کردنی کەسایەتی "قازی محەممەد" هیچ کە باش نییە بەڵکوو دەبێتە بەرتەسک کردنەوەی ئەو لە ناو ڕۆحی نەتەوەیی کوردا. بۆیە قازی محەممەد موڵکی شەخسی و حیزبی و هیچ لایەن و ڕێکخراوەیەکی سیاسی نییە. بەڵکوو دەبێ ببێتە هێمای نەتەوەیی بوون و ئەخلاق و ڕەوشتی ئینسانی بۆ نەتەوەی کورد و هەروەها دونیای سەرسووڕهێنەری سیاسەتی کوردی.

ڕۆژی دەی خاکەلێوە هەڵگری زۆر وانە و خاڵی گرینگە کە تا ئێستا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و تەنیا لە ناو کۆمەڵێک وێنە و لۆگۆ و بۆنەی حیزبی دا بەرتەسک بۆتەوە. ئەو ڕۆژە هەڵگری وانەی فیداکاری، لەخۆبردوویی، ئینسان دۆستی، خۆنەویستی و دەیان وانەی گرینگی تر کە وەکوو نانی شەو بۆ هەموو تاکێکی کورد بە تایبەت تاکی سیاسی کورد پێویستە کە بە داخەوە کەم وا هەیە تێیاندا بوونی هەبێ، لانیکەم لە بیست ساڵی ڕابردووەوە تا ئیستا ئەو وانە گەلە تەڕایی لێ بڕاوە و زۆر بە کەمی لە ڕوخسار و کەسایەتی کەسانی سیاسی و بە تایبەت ئەوانەی خۆ بە ڕێرەوی ڕێبازی ئەو دەزانن دەبیندرێ. تۆمەز هۆکار چ بێ و لەبەر چی بەو ئاقارە دا ڕۆشتووە؟ ئەوە پرسیارێکە دڵنیام لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە کە کازیوە دادێ بەرینگمان دەگرێ و داوای وەڵاممان لێ دەکا. وەڵامێک کە نامۆیە و ساڵگارێکی زۆرە لە ناو مێشکماندا سڕدراوەتەوە. تۆمەز وەها پرسیارێک هەر هەبێ لەو ناوەدا؟ من لەوەش دڕدۆنگم!

لە ڕۆژی دەی خاکەلێوە دەبێ لە خۆمان بپرسین بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین و بە تەمای چین و دەمانهەوێ لەو ڕۆژەدا چ پەیامێک بدەین؟ چیمان لە بوخچەی مێشکی کوردیمان کۆ کردۆتەوە و بە تەماین لەو ڕۆژەدا چۆن یادی سەرۆککۆماری کورد بکەینەوە؟ چۆن بیر لەو بەرەبەیانییە نەگبەتە بکەینەوە و چۆن ببینە تیمارێک بۆ ئەو زامە قووڵ و جەرگ بڕە؟ لانیکەم چۆن نەبین بە خوێی سەر ئەو زامە؟ ئەگەریش هەر بووینە خوێی ئەو زامە لانیکەم لەو ڕۆژە دا نا!

لانیکەم ئەگەر گوڵێکی سیس و لەڕیش نەبووین، دڕکێکی تیژ و خوێناوی نەبین بەرووی ئەو گوڵەی لە سەحرای کورد دا ڕووا!
تۆمەز قازی محەممەد ئێستا زیندوو ببێتەوە و ئەو کەسانەی خۆ بە ڕێرەوی ڕێبازی دەزانن ببینێ کە بەو چەشنە خەریکن سەری یەکتر دەخۆن و هەر جارەی بە بیانوویەکی نائینسانی و ناحەز سووکایەتی بە یەکتر دەکەن چ بڵێ؟ تۆمەز ئێستا زیندوو بێتەوە ئەو دۆخە




ببینێ چ بڕیارێک دەدا؟ ئەگەر سەر لە گۆڕ بێنێتە دەر و ئەو هەمووە چەوتی و چەپەڵییە ببینێ چ بیرێک بکاتەوە و چۆن دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێ؟ نەوەی دوارۆژی ئەو هەر جارەی بە جۆرێک سووکایەتی بە کەرامەتی ئەخلاقی و ئینسانی دەکەن و هەر تاکەی دەهۆڵی خۆی لێدەدا و هەوای خۆی دەژەنێ!




حەز دەکەم جارێکی تر بێمە سەر ئەو وانەگەلەی قازی محەممەد بوو بە سەرتۆپی و فێری کردین. ئەو وانە گەلەی کە لە ئێستا دا نەوەی دوارۆژی شای گۆڕبەگۆڕی ئێرانی ڕەشی ناکاتەوە، نەوە نوقستانەکانی کۆماری سێدارە هێڵی بەتاڵبوونەوەی بە سەر داناهێنێ، ئەو وانەگەلە لە ئێستا هەر ئەو کەسانە خەتی ڕەشی بە سەر دادێنن کە لە قسان خۆیان بە ڕێڕەوی ڕێبازی ئەو دەزانن. ئەوە هەم تراژێدیایەکی تاڵ و جەرگبڕە هەمیش کۆمێدییەکی سووررێئاڵە کە هەڵگری دەیان ڕۆمان و چیرۆکە و دەشتوانێ دەیان خەڵاتی ناوداری پێ بەرێتەوە.

من دڵنیام ئەگەر قازی محەممەد بە جۆرێک لە وەها دۆخێک ئاگادار بێ هیچ کات حەز ناکا سەر لە گۆڕ بێنێتە دەر و روخساری ناحەز و رووخێنەر و دژە ئیسانی نەوەی دوارۆژی خۆی ببینێ. ئەو ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند. بەڵێنی خۆی دا و ڕۆح و گیانی خۆی بە دیاری دا بەو خاکەی لێی بە خاوەن دەرکەوت. خاکێک کە ئێستا ساڵگارێکی زۆرە لە سەر مانیتۆرەکان هەر جارەی بە جۆرێک بریندار دەکەن و هەر جارەی بە لەونێک خەنجەری نەزانی و نەهاتی لە جەستەی دابەشکراو و برینداری ڕۆ دەکەن.

هەموو ئەوانە جاریکی تر من و هەزارانی وەکوو من دڵنیاتر دەکاتەوە کە دەبێ کارێک بۆ ئەوە بکرێ کە کەسایەتی قازی محەممەد بە تەواوی لە چوارچێوەی ئیدۆئۆلۆژی و حیزبی دەربێ و ببێتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی کە وەکوو هێمایەک بۆ تاک بە تاکی گەلی کورد بدرەوشێتەوە. کار بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتییە سنوورەکان ببەزێنێ و تەنانەت زەفەر بەرێتە وڵاتانی تریشەوە.

هیوادارم ڕۆژێک بێت و ئەو ئاکارە چەپەڵانەی کە ئەورۆکە لە دونیا سیاسەتی کوردی و بیری تەسکی حیزبایەتی دەیبینین تەفر و تونا بن، لانیکەم لەو ڕۆژی دەی خاکەلێوە دا بڕیار بە خۆمان بدەین و بە خۆمان دا بێنەوە و هەنگاو بۆ ئەوە هەڵێنین کە بتوانین بە جۆرێک لە جۆرەکان یەک لەو وانەگەلەی پێشەوا فێری کردین لە ژیانمان دا ڕەنگ بداتەوە و نەبینە هۆکارێک بایەخە ئینسانی و نیشتمانییەکان بریندار بکەین.

***پێشەوا بەر لەوەی ئازادی ڕا بێ، ڕابوو، لاجانگی ڕووباری لاواندەوە و سینگی شاخی شێدار کردەوە، بسکی دارستانی گەشاندەوە و خاک و خۆڵی ئاشت کردەوە لە گەڵ نەرمە تیشکی سەر زەریا و کازیوەی بەرەبەیان!***

***پێشەوا لە زەینی گوڵ تێگەیشت و برینەکانی پاراستنی سارێژ کردەوە، باڵندەکانی کۆ کردەوە و ئاسمانی ئاوەدان کردەوە بە جریوەی پێکەنین!***

***پێشەوا سەرڕێژ بوو لە بێدەنگی، دەنگەکانی بە چۆک دا هێنا و تخوونی دەنگە دەنگی ژیانەوە بوو! پێشەوا بە تەنیشت تاریکییەوە جمەی دەهات لە ڕووناکی! پێشەوا پێشکەش کرا بە بەهار و نەورۆزێک لە زستاندا! پێشەوا پان و بەرین بوو، بە وێنەی دەریا، سینگی سروود و سرتەی سەوزی گەڵا! پێشەوا پێکەنی و نیشتمان شکۆفەی کرد! پێشەوا هەڕەشەی لە مەرگ کرد و ژیانی دنە دا! پێشەوا بەر لەوەی پێبکەنێ، گریا! پێشەوا پشتێنی ئازادی گرێ دا!***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد / ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٦***






# پێشەوا قازی مانیفێستی بەها و بایەخەکانی مرۆڤی کورد

**مەجید حەقی – فینلاند**

که قازی محەمەد بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی (ژکاف) سوێندی وەفاداری خوارد و سوێندەکەی بەجێ هێناو. وەک



کەسێکی ڕێبەر، شوێندانەر و ئاگادار بە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمی خۆی لە ژێر ڕێبەری ئەودا حیزبێکی نوێ، کراوە، مۆدێرن و لیبراڵ و دادەپەروەری سەردەمی خۆی دامەزراند. ئاسۆبینی و بەئامانج بوونی ئەو بوو بە هۆی ئەوەی کە لەماوەیەکی کەمدا حیزبێکی داخراوی وەک ژ.کاف ببێتە حیزبێکی جەماوەری و لەوەش گرینگتر خەباتی سیاسی حیزبێک بکاتە جۆلانەوەیەکی سیاسی – نەتەوایەتی و دوای کەمتر لە شەش مانگ کۆماری کوردستان دامەزرێنێت و بزاڤی کورد لە حاڵەتی تەنیا شۆڕش و سەرهەڵدانەوە بەرەو بەدەوڵەتبوون ببات. کۆمەڵگای سەردەمی قازی محەمەد کۆمەڵگایەکی دابەشکراو بەسەر هۆز و عەشیرەتەکان بوو کە بەدەست یەکنەگرتوویی و نەبوونی دادپەروەری دەناڵاند. ئەو بە توانایی ژیرانە و بەمشوورانەی خۆی توانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە دەوری یەکتر کۆکاتەوە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بکاتە بەها و بایەخێکی هاوبەش و یەکگرتوو. ئەمنیەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی یەکێک لە بنەماکانی هەرە گرنگی پێشکەوتن و پێکەوە سازانن. لەماوەی دەسەڵاتداری ئەودا هەم ئەمنیەتی ناوخۆیی حیزبی لە ئاستی هەرە بەرز دابوو و هەم ئەمنیەت و تەناهی کۆمەڵایەتی بەچەشنێک لە ماوەی یازدە مانگی کۆماری کوردستان تەنیا یەک کەس بە چەک کوژرا. ئەم پرسە کاتێک گرینگی خۆی دەردەخات کە بزانین لەو سەردەمەدا نە ئەزموونی بەڕێوەبەری بە کۆمەڵ هەبووە و نە ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی و سیستماتیک و حیزبی. پێشەوا کاتێک کە زانی کۆمار ناتوانێت بەرگەی هێرشی بەربڵاو و ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی ڕژێمی ئێران ناگرێت، بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی کوردستان لە قەڵاچۆ و ژێنۆساید، وەک عیسای مەسیح خۆی تەسلیم کرد و بەرەو پیری مەرگ ڕۆشیت. لە بەناو دادگای نیزامی حکوومەتی پاشایەتیشدا، ڕژێمی ئێرانی بەدادگا کێشا و سەربەرزانە دیفاعی لە کۆماری کوردستان و مافی چارەنووسی گەلی کورد کرد. لە وەسیەتەکەیدا پێشەوا قازی محەمەد ڕێبوارانی خۆی بانگ دەکات بۆ خۆ پەروەردەکردن، یەکبوون و یەکیەتی و قبووڵی یەکتر. پێش سێدارەدانیش پێشەوا بە بکوژانی دەڵێت:چاوم مەبەستن، حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانمدا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بڕوانم. پێشەوا قازی محەمەد لە ڕاستیدا مانیفێستی بەها و بایەخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو بزاڤی کورد و حیزبی دێموکراتن. ئەو تابلۆی ویژدانی بزاڤی نەتەوایەتی و هێمای ڕێبەرێکی مرۆڤانی و هومانیستە. زۆر بە کورتی ئەو بایەخانەی کە پێشەوا قازی محەمەد بۆ ئێمەی بەجێ هێشت بریتین لە: وەفا بە پەیمان (تعهد)، هاوگونجی لە گەڵ سەردەم، مۆدێرنیزم، کراوەیی، یەکسانی خوازی، یەکگرتوویی خوازی و لەبەرچاوگرتنی جیاوازیەکان، دادپەروەری، ئاسۆبینی، ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی مرۆڤ، نەترسی و بوێری، بڕوا بەخۆبوون، باوەرمەندی بە ڕێبازی ئازادی و سەربەستی

کوردستان، خوێندن و پێشڤەچوون، یەکگرتوویی و پێکەوە بوون.

٦٩ساڵ دوای لەسێدارەدانی تابلۆی ویژدانی جۆڵانەوەی کورد، ئەمرۆ ڕێبوارانی قازی محەمەد دابەشکراو بە سەر چەندین حیزب و ڕێکخراو، دژ بەیەک، بێ متمانە بە یەکتر و بێ بەرنامە و ئاسۆی هاوبەش برینەکانی قازی محەمەد قووڵتر و بایەخەکانی پارچە پارچە دەکەن. ئێمە هەرکات توانیمان ئەم سێ بەها گرنگە جێبەجێ بکەین: ڕێزگرتن، پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و یەکترمان وەک کە هەین قبووڵ بکەین – ئەوکات ڕێزمان بۆ قازی محەمەد گرتووە و بنەماکانی یەکگرتووییەکمان دامەزراندووە کە ئاواتی پێشەوای کوردان قازی محەمەد بووە دەتوانین هیوادار بین بە پێکەوە بوونێکی درێژخایەن و هێز و چالاکی خۆمان بەهێنەیی بکەین. هەمووی ئەوانە لە گۆڕینی زێهنیەتی خۆمانەوە دەست پێدەکات. لە ڕۆژی شەهید بوونی قازی محەمەد، لە خۆمەوە دەست پێدەکەم و هەموو ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بە چالش دەکێشم بۆ خاوەن دەرکەوتن لەو بایەخانە. با ببینە ڕۆڵەکانی بەحەقی پێشەوا قازی محەمەد.

*سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٨ی مارچی ٢٠١٦*



# بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان.




**مستەفا شڵماشی**

بەهاری کوردستانی من شادی هێنە، ڕەنگاورەنگ و هەست بزوێنە، دەماری گشت گیاندارەکان دەکاتەوە، خەمان لە بیر دەباتەوە - خاکەلێوە، هەموو ساڵێ لە گوڵان لێواولێوە. بەڵام داخی گرانم، یەک پەڵەی سووری وا پێوە.

ڕۆژی دەیەم لەم مانگەدا، هەموو ساڵێ لە تاوان هەنیسکان دەدا. خۆی زۆر بە مەغدوور دەزانێ و شیوەنی شەهیدان دەکا. بیری مەیدانی چوارچرا، ئەو سێدارەی کە هەڵخرا - سێ ئاڵقەی پەتی سێدارە، هەر دەم لە چوارچرا دیارە. سەردارانی گەردەن بەرز، دێن بە بێ خۆف و بێ لەرزە - بە هەنگاوی شێرانە، شەهادەت هەر لەوان جوانە، پێشەوای نێوچاوان ڕووناک، پێشمەرگەی دڵسۆز و بێباک، هیچ ترسی لە مردن نییە، هەروا بزانە شایییە، بە چوار دەوری دا دەروانێ، دوا دیداری نیشتمانی، بە زەردەخەنە جوان دەکا، دوژمنان هەراسان دەکا، هاوار دەکا ئەی دوژمنان! تینوو بە خوێنی گشت کوردان! بەم کارەش کۆتایی نایە، قازیی، سەد قازی لە دوایە، ڕۆڵەکانی ئاو و خاکم، ئەم داستانە دەنووسنەوە، بە خوێنی گەش و ئاڵی من، ڕێچکەی خەبات دەدۆزنەوە. حوسێن خان مەردی مەردانێ، سەردار بۆ وی وەک سەربانە، پەت خۆی لە بەر وی ناگرێ، مل کەچ دەکا و ڕادەبرێ، ڕێوی ترسیان لێ دەنیشێ، شێر ڕاساوە، هەروا بە دەستی بەستراوە، نەرەی دێ ئەو شێرە پیاو، ئێمە لە مردن بێباکین، شەهیدی ڕێی گەل و خاکین، ڕوومان لە لای گەلمان سوورە، لەرزۆکی لە ئێمە دوورە.

دوژمن بزانە ڕۆژێک دێ، بۆ تۆش سێدارە هەڵدەخرێ . بەڵام هی تۆ لە سەر تاوان، لە سەر کوشت و بڕی لاوان، ئێمە لە سەر مافی ڕەوا، ئێوە بە تۆڵەی پێشەوا، ئێمە لە ڕێی گەل و وڵات، ئێوە لە پێناو دەسەڵات، ئێمە ڕێمان بۆ زنوێرە، ڕێگای وە بەرەو هەڵدێرە. لەو لاوە سەدری قازی هات، بەرەو خەزنەی مێژووی وڵات، بێباک لە گیان بەخت کردن، سوور لە سەر بۆ وڵات مردن، هەروا هێمن و بە ویقار، بێ ترس دەچێتە سەر دار، مێژوو بە خوێن دەرەنگێنێ، ڕێچکەی شەهیدان دەشکێنێ.
کاروانێکە بێ بڕانەوە، تا قاسملوو بێ پسانەوە، شەرفکەندیش بە دوای دا دێ، ئەو کاروانە هەر ناوەستێ.




دزە دەکەم بەرەو مێژوو، شێست ساڵ لە ئێستا ڕابردوو . لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، بۆ مەهاباد وام بەڕێوە . لە گەڵ کازیوەی بەیانی، لە چوارچرایە دەمڕوانی، سێ لامپا هەڵاوەسرا بوون، لە نووری خۆیان دا مابوون، لەزگەی تیشکیان بڵاو دەبۆوە، بە ئاسمانێ دا دەچۆوە، هەتا بارەگای کردگار، لەوێرا دەهاتەوە خوار. دەرژا سەر هەموو کوردستان، هەر چوار پارچە بو چراخان، تیشکاوێژ بۆ ئەو ڕووداوە، هەر چەند پەژارەی بە دواوە، خەڵکی مەهاباد خرۆشا، کوردستان بە دوای دا جۆشا، گەورە و بچووک لە ژن و پیاو، بۆ کۆستی سەروەران داماو، ڕۆژێکی مێژوویی ناخۆش، هەمو کەس مات و بە پەرۆش، هەموو کوردستان ڕەشپۆشە، تا بڵێی ڕۆژێکی ناخۆشە.

من خۆی تێدا ڕاناگرم، لە مێژوو را باڵان دەگرم، دێمەوە نێو ئەو زەمانە، کەچی لێرەش خەم میوانە، حیزبەکەی پێشەوا قازی، هەروا بەو ڕۆژە دەنازی، کراوە بە ڕۆژی شەهیدان، بۆ زیندوو مانی هەموویان، بۆ سەردارانی چوارچرا، بۆ یازدە سوارەی فەیزوڵڵا، شەهیدانی چل و شەش و چل و حەوت، ئەوە نۆرەیان بەرکەوت، ئیدی فەرامۆش ناکرێن، لە کاروانێ هەڵنابڕێن، موعینی‌یەکان، شەریفزادە، باپیر شکاک و زەنگەنە، مراد شێرێژ و لاجانی، مینە شەم و سەید فەتاح لە گەڵ کاوە مارەغانی، هەموویان لە گەڵ ئاوارە، بێشک جێگای خۆیان دیارە. وێردی‌یەکان سەر وەدەردەنێن، کاروان دوارۆژن هەروا دێن . تا دەگەنە عەبباسی شێر، سەرگوردی ژیر، زانا و دلێر، هەژار و حاتەم و عەلییار، ئێقباڵ، ئەفشین، سەعید کاڵ کاڵ، حەکیم، بەهرامی و دەباغی. کاروان درێژەو بێ کۆتایی . سەر قافڵەی تازە دوو دەستەن، یەک لە بەرلین، یەک لە وییەن، قادری لە گەڵ قاسملوو، خۆیان فیدا کرد دووبەدوو، عەبدولی و ئەردەڵان لە کوێن، لە گەڵ شەرەفکەندی دەدوێن. تاکەی بژمێرم نەمامان، هێندە زۆرن لە نیشتمان . بەرد بە بەردی ئەم وڵاتە، کفنی شەهیدی خەڵاتە. با لەم ڕۆدا یادیان بکەین، خوێنی وان بەفیرۆ نەدەین . ڕووحیان شاد کەین، بە یەکگرتن، ڕێگایان بگرین تا مردن.



# قۆناخی یەکەمی شەهیدان

## شەهید محەممەد نانەوازادە




خەڵکی : ماهاباد

لە دایکبووی : مەهاباد ...

کاتی شەهید بوون: ١٦ / ٧ / ١٩٤٦

شوێنی شەهیدبوون : کەلیخان

شوێنی گڵکۆ : مەهاباد

چ . شەهیدبوون: سوتـانی فڕۆکــە

فەرماندەری هێزی ناوەندی کوردستان

مێژووی سووری نەتەوەم لاپەڕلاپەڕ هەڵدەدەمەوە. پڕ لە سەربەرزی و شانازییە.

فیلمی تراژێدیای خەباتی گەل، زۆر میرخاس و جوامێرم پێدەناسێنێ. لە ناویاندا قەڵای خوێناوی، پەیکەری هەستی شۆڕشگێری، محەممەد نانەوازادە یەک لە هەموویانە. کاک محەممەد کوڕی میرزا عەوڵای نانەوا لە شاری مەهاباد چاوی بە دنیا پشکووت. پلەکانی خوێندنی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٣١ لەو شارە تەواو کرد. چەند ساڵێک وەک فەرمانبەری ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد خزمەتی کرد. ساڵی١٩٣٧ لە لایەن حکوومەتەوە ناچار بە خزمەتی سەربازی کرا. ناوبراو ئەم دوو ساڵەی لە سەربازی بوو، دەرسی نیزامی خوێند و دەرەجەی گروهبانی وەرگرت. پاش تەواو کردنی دوو ساڵ سەربازیەکەی لە ئیدارەی ماڵی مەهاباد دامەزرا. ساڵی

١٩٤٢ وازی لە كاری ئیداری هێناو خەریكی بازرگانی بوو.

محەممەد نانەوازادە لاوی نیشتمان پەروەر، بە دائیم بیری لە ڕزگاری كوردستان دەكردەوە. ناوبراو ساڵی ١٩٤١ وەک ئەندامی حیزبی ئازادی كوردستان وەرگیرا. ڕۆژی ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٢ كۆبوونەوەیەكی نهێنی بەبەشداری ناوبراو لە شاری مەهاباد سازدرا. بەشدارانی كۆبوونەوەكە یازدە كەس و بریتی بوون لە : حوسێن فروهــــەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەرەسی، نەجمەددین تەوحیدی، محەممەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەممەد ئەسحابی، عەبدولرەحمان كەیانی، سەدیق حەیدەری، قاسم قادری. ئەو ناوبراوە بەڕێزانە كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردیان بە ئامانجی ڕزگاری نەتەوەی كورد پێكهێنا.

٢٥ی گەلاوێژ یاكوو ١٦ی ئاگوستی ١٩٤٥ كۆبوونەوەیەكی ئازادو گەورەتر لە شاری مەهاباد گیرا. لــــەوكۆبوونەوەیە حیزبی دێموكراتی كوردستان وەک یەكەم ڕێكخراوی سیاسی خاوەن پێڕەوو پرۆگرامی پێشكەوتوو لە سەر بناخەی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد ( ژک ) بە سەرۆكایەتی قازی محەممەد دامەزرا. ساڵی ١٩٤٥ كاتێک هێزی پێشمەرگەی كوردستان پێكهات هاوڕێ محەممەد پلەی سەرهەنگی (كۆلۆنێل) لە لایەن كۆمارەوە پێبەخشرا و وەک فەرماندەری هێزی ناوەندی كوردستان دیاری كرا.


سەرهەنگ نانەوازادە ڕۆژی دووی ڕێبەندان، واتە ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ یەكەم كەس بوو كە لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنــی كۆماری كوردستان و بەرزكرنەوەی ئاڵای پیرۆزی كوردستان دا، ڕێزی پێشمەرگایەتی (ئیحترامی نیزامی) بـۆ سەرۆک كۆمار، پێشەوا قازی محەممەد بە جێ هێنا. ئەو شەشەمین كەس بوو كە بۆ ئازادی كوردستان لە چەنگ چەوسێنەران سوێندی خوارد. سەرهەنگ نانەوازادە، تەنیا مانگێک بەسەر ئەركە پێ ئەسپێردراوكەیدا تێپەر ببوو كە لە لایەن وەزارەتی بەگری كوردستانەوە مەئموریەتی پێدرا چاوەدێری ناردنی خواردەمەنی بۆ سەربازانی حكوومەتی ئێران بكا كە ئەو كاتە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی كوردستان لە ناو دوو پادگانی لەشكری هەڵكەوتوو لە بانە و سەردەشت گەمارۆ درابوون. ناوبراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەركە چووە شاری سەقز. ڕۆژی دووشەمە ١٥ / ٧ / ١٩٤٦ بەر پرســـی دیژبانی مەهاباد بە ناوی كاک حامید مازوچی دەنێرێ كە چاوەدێری ژمارەیەک ماشێنی هەڵگری خواردەمەنــی بۆگەمارۆدراوەكانی ناو پادگانەكانی بانە و سەردەشت بكا. ( هاوڕێ حامید مازوچیش یەكێک لەو ئەفسەرانەی كۆمار بوو كە دووای ڕووخانی كۆماری كوردستان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەویەوە ئیعدام كرا ). سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە خۆی بە فڕۆكە دەچێتە سەردەشتو شەو لەوێ دەمێنێتەوە. بەیانی ڕۆژی سێ شەمە واتە ١٦ / ٧ / ١٩٤٦ بە فڕۆكە دەچێتە بانەو لەوێ چاوی بە شەهید حامید مازوچی دەكەوێو بە باوەشێكی گەرم،هاوڕێ دێموكراتی ماچ دەكاتو ماڵئاوایی لێدەكات. هاوڕێ نانەوازادە لە دڵدا هەستی بە ڕووداوێكی دڵتەزێن دەكرد. ئەو پێی وانەبوو كە جارێكی دیكە هاوڕێ حامید دەبینێتەوە. كات ژمێر دووازدەی نیوەڕۆ بە فڕۆكــە دەچێتە سەقز. فڕۆكەی هەڵگری سەرهەنگ لە داوێنی كێوی كەلیخان، نیزیک گوندی سونجێ سەر بە شارستانی بانە ئاگری تێبەر دەبێ دەست بە سەرمەقولاتان دەكا.فڕۆكەوانەكە بە چەتری نەجات خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و چەترەكەی بۆ ناكرێتەوە و بە سەختی بریندار دەبێ. سەرهەنگ محەممەد نانەوازادەش لەگەڵ فڕۆكەكە دەكەونە خوارەوە و لەشی بە تەواوی دەسووتێ و لە جێوە شەهید دەبێت. كاک حامید مازوچی بە بیستنی ئەو خەبــەرە دڵتەزێنە خۆی دەگەیێنێتە شوێنی ڕووداوەكە. ناوبراو تەرمی هاوڕێی

شەهیدی کە سەعاتێک لەمەوبەر ماڵئاواییان لێکتر کردبوو دەباتەوە بانە و لە وێرا بۆ شاری سەقزی بە ڕێدەکات. تەرمی شەهید محەممەد نانەوازادە بە هۆی سەروانێک و دوو گروهبانی ئەرتەشی ئیرانی لە سەقزەوە بەرەو میاندواو ولە وێشەوە بۆ مەهاباد دێتەوە. ڕۆژی چوارشەمە، ڕێکەوتی ١٧ / ٧ / ١٩٤٦ زیادتر لە دەهەزار کەس خەڵکی ناوچە، لە هەموو چین و توێژێک، وەزیری هێز و ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی کورد، چەندین کیلۆمیتر بە پێشوازی تەرمی شەهیدی گەل و کۆمارەوە چوون. تەرمی ئەو شەهیدە سەربەرزە بە ڕێزی پێشمەرگایەتییەوە و بە مەبەستی ماڵئاوایی کردن بە شەقامەکانی قازی و وەفاییدا تێپەڕکرا و پاشان لە گۆڕستانی مەلاجامی بە خاکی پاکی نیشتمان ئەسپێردرا.

شەهید سەرهەنگ محەممەد نانەوازادە دوای خەلیل خۆشەوی دووهەم هەڵۆی بەرزەفڕی کۆماری کوردستان بوو کە گیانی پاکی فیدای نیشتمانی ئازاد کرد. ئەو یەکەم کەس لە ناو سوێند خۆرەکان و یەکەم فەرماندە و یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لە سەردەمی کۆماردا، پلەی شانازی شەهید بوون لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەکەیدا پێبرا. ناوی شەهید محەممەد نانەوازادە لە مێژووی کارەسات و لە ریزی شەهیدە بەرزەکانی ڕێگای سەرکەوتنی ئازادی کوردستاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرا ونەوەکانی داهاتووی ئەم خاک و نیشتمانە سەری ڕێز و ئیحترامی بۆ دادەنوێنن.



# پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان




لە بەرەبەیانی ١٠ای خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ای هەتاوی (٣٠ / ٣ / ١٩٤٧ زایینی) دا پێشەوا قازی, حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشیدا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد,


واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی (٢٢ / ١ / ١٩٤٦ زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ راگەیەندرابوو, لە سێدارە دران و شەهید کرانو هەر ئەو رۆژە لەسەر شانو پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٥٨هەتاوی ( ٣٠ / ٣ / ١٩٧٩ زایینی) ئەو رۆژەی وەک رۆژی شەهیدانی کوردستانی راگەیاند. ئەگەر پێش ئەو دەم, لەبەر زەختو زۆری بەکرێگیراوانی شای دیکتاتۆر مەجالی بەرێوەبردنی رێورەسم بەو بۆنەیەوە نەبوو, بەڵام بە دوای رووخانی حکوومەتی پاشایەتیدا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حیزب ئەم رۆژەی بەو ناوە ناودێر کرد, هەموو ساڵێ لە وەها رۆژێک دا رێز لە شەهیدانو سەرقافلەیان پێشەوا قازی دەگیرێ.

راستە پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستانو بەدیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوەو ناسراو بوو,

بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو, یا ئەگەر ناسرابووش ئەو ڕێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاتر لێ کۆلینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە, بناسرێ.

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی, کوڕی میرزا قاسم قازییە. رابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتدارانو بەرپرسانی حکوومەتییش, جێگەی ڕێزو تەقدیر بوون.



قازی عەلیی باوکی پێشەوا, لە ١٩٣٠ لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محەممەد خیابانی لە تەورێز پێوەندییان هەبوو, تا ساڵی ١٩٣٤یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی, دوو کوڕی هەبووە, یەکیان ئەبولقاسم قازی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەک دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیسو ئیعتیبارو نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر راسپاردەی پێشەوا, بۆ ڕاپەڕاندنی کارە سیاسییەکانو یاریدەدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگەدا لەدایک بووە, هەر لە سەرەتای لاوییەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆنو تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتوەو زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبیو فارسیو کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەییو ئینگلیسیو تا رادەیەکیش رووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزڵو زانایانی زەمانو پیاو چاکانو کوردانی نیشتمانپەروەرو سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە.

بە دوای فەوتی باوکیدا بووە بە قازیی شار. لە بەر ئۆگریی زۆر بە کاری فەرهەنگیو بەرەو ژوور بردنی زانیاریی خەڵک, لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١ و دواتریش بۆ یەک دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگو ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتوەو

خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردووەو لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا, یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندیەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران, رۆشنبیران و مامۆستاکان زۆر نزیک بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک هەبووە. لە چەند ساڵ دەورەی بێ حکوومەتییش دا واتە ١٩٤١ تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتوە, لە بەرێوەچوونی کاروبارەکان داو بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە عەشیرەییەکان دا نەخشی بەرچاوی هەبووە. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ.ک راوێژیان لەگەڵ کردووەو زۆریان خۆش ویستووەو گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ.ک. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری رۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێگوتوە, کراونەوە.

قازی لە روانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندیەدا بووە, کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ.




قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ.ک"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا, ئومێدێکی زیاتری بە بەرپرسان و خەڵک دا. لە ئاکامی دەرکی بە وەخت و شەهامەتی سیاسیی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵەدا بوو کە "ژ.ک" بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"و وەک حیزبێکی دێموکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان. قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ "ژ.ک"ی هەبوو, رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ رۆژی دامەزرانی ژ.ک داناو هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان راکێشا. حیزب زۆر بە توندی پەلوپۆی هاویشت و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوەی رەواندوەو ناچاری کردن کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا, لە ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی (٣٠ / ٣ / ١٩٤٦) دا بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی راگەیاند.

ئەگەر تا ئەودەم جارجار لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا, لە دوای دامەزرانی کۆمارەوە بە شێوەی رەسمی

عینوانی پێشەوایی پێ بەخشراو ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕوکۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە. پێشەوا مرۆڤێکی گەلێک بە فەرهەنگ, دڵساف, خۆش بەیان, ئەدەبو هونەر دۆست, بە راوێژو لە عەینی کات دا سیاسیو دێمۆکراتێکی نیشتمانپەروەرو گەل خۆشەویست بوو,

لەگەڵ هەموو چینو توێژێک جۆشی دەخواردو لە کاتی پێویست دا لە هەستو هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتیو یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەوکات دا چاپ کراون لەسەر مەسەلەی یەکیەتیو برایەتی دواوەو بە مەرجی سەرکەوتنو کۆڵەکەی راگرتنی کۆمارو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانیدا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد راست ناکەن بەڵام لە وتووێژدا زۆر بە راشکاوی رایدەگەیاند کورد حەز دەکا لە رێگای ئاشتییەوە بە مافی خۆی بگا, بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاوی بە شاو قەوامی راگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون, ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵنو ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکەن.

کاتێک پێشەوا لەلایەن "قوام السلگنە" بۆ تاران دەعوەت دەکرێو لە رێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦ دەچێتە تاران, لە لایەن ژمارەیەک لە وەزیران, نوێنەرانی پارلمانو نوێنەری کوردەکانی تارانو نوێنەری حیزبەکانو یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

رۆژنامەی "ایران ما" هەر ئەوکات دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانەو ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە, دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو بەرقەراریی ئازادیو دێمۆکراسی لە تەواوی ئێران دایەو, مافی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێکی بە سوودی دێمۆکراسی بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیوادارین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژووییە کەڵک وەرگرێ."

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەمو هیچ کات وەک پێشەوەریو سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێو هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەوا و هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا, هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشییانەی بۆ موحاکەمە کردنیان دانرا بوو, لە خۆبردوویی ئازایەتییان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونیو ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهاباددا بۆیان پێک هاتبوو, نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتیو ڕزگاری لاواز نەبوو بەڵکوو زۆر جیددیترو بە ورەتر ببوون.

ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنیدا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە, فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا, با نەتەوەی کورد فریو نەخواو خەباتی خۆی بۆ ڕزگاریو سەربەستی درێژە بداو چەک دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵبگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.

ئازایەتییان لە دادگاکان دا بە ڕادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە ڕاستیدا ئەو دادگایە ئەمریکاو ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە, بەڵام هەر لە ڕێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردووەو بە قەولی سەروان شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردووەو لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".

ڕۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەر پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیسو ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد وهاوڕێکانیدا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێننو لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای خۆیانیان ڕابکێشن, بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.

"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند ڕستەدا خولاسە دەکاتەوەو دەنووسێ: "لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەتو ئاکاری دەوڵەتی تارانو دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تارانو سەرۆکەکانیو دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"

ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانیدا دەڵێ, قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهاتو ڕووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەڕێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."

لە بەڵگەو ڕۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراونو لە زمان ئەفسەرە ئێرانییەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو ڕووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم پەرەپێدەری دێمۆکراسی لە کوردستانمو هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانە هان داوە."

کاتێک سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباری دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی بابو باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم."

ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە ١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێکردو چەند ڕۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازییەکانی دا, موحاکەمەی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێکردو ڕۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێهات.

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی ڕاپۆرتێک لەو پێوەندییەدا دەگیرێو ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە, هێندێک ڕستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.

پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیمو بۆ ئەوانیش بمرم, تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانیو سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بە جەرگو بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."

هەر ئەو بە جەرگیو لەخۆبردووییەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستنو فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزیو چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بروانم." هەروەها فەرموویەتی:

"ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستان دا پەک نەخا, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کوردو کوردستان" .

## شەهید محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان




ناسراو بە : حەمە حوسێنخان

لە دایکبووی : مەهاباد ١٩١١

کاتی شەهیدبوون : ٣٠ / ٣ / ١٩٤٧

شوێنی شەهیدبوون : مەهاباد

شوێنی گڵکۆ : مەهاباد

چۆنیەتیی شەهیدبوون : ئێعدام

وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان

* محەممەد حوسێن سەیفی قازی ناسراو بە حەمەحوسێنخان ساڵی ١٩١١ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو.

* میرزا حوسێن سەیف ولقوزات،باوکی حەمەحوسێن خان یەکێک لە پیاوە زاناو ناسراوەکانی کوردستان بوو.لە شێعر و نوسیندا دەستێکی زۆر باڵای هەبوو، شێعرەکانی بە کوردی و فارسی لە کاتی خۆیدا دەستاودەست دەگەڕان و لە ناو خەڵکدا زۆر بە نرخ بوون. حەمەحوسێن خان لە ژێر دەستی باوکێکی ئاوا زاناو نیشتمانپەروەر دا پێگەیشت بوو.

* حەمەحوسێن خان ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد و یەکێک لە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو.

* حەمەحوسێن خان لە سەر دەمی کۆماری کوردستاندا،کرا بە وەزیری بەرگری و تا گیران و شەهید بوونی هەر لە سەر ئەم کارە بوو.


*** حەمەحوسێن خان لە دادگادا زۆر پیاوانە لە بیرو باوەڕی دێموکڕاتانەی خۆی ،لە کۆماری کوردستان،لە پێشەوای کورد قازی محەممەد دیفاعی کرد،وە شانازی پێ دەکرد کە لە سەر ئازادی نەتەوەکەی دادگایی دەکرێ.**

**شەوی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ پێشەوا قازی محەممەد و سەدری قازی و حەمەحوسێن خان لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دەدرێن. ئەم رۆژە ، یانی دەی خاکەلێوە بە رۆژی شەهیدان نێودێر کراوە.**

**محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە ٩ی بانەمەڕی ساڵی ١٢٨٣ای هەتاوی لە مهاباد لە دایک بوو. بەر لەوەی بە دڵخوازی لە کۆمەڵەی ژیانی کورد دا ببێتە ئەندام و دواتر لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی دێمۆکراتی کوردستان دا ببیتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی،تەجروبەی کاری نیزامی هەبوو و ئەفسەری فەخری ژاندارمەری ئێران بوو.لە دەوڵەتی جمهووری کوردستان دا سەیفی قازی کۆمەک فەرماندەی هەموو هێزی کوردستان و وەزیری هێزی دێمۆکراتی کوردستان و یەک لە چوار ژەنەڕاڵی کۆمار بوو.**



# شەهید قاسم سەدری قازی نوێنەری مەجلیسی شورای میللی لە تاران




خەڵکی : مەهاباد

لە دایکبووی : مەهاباد ١٩٠٨

کاتی شەهید بوون : ٣٠ / ٣ / ١٩٤٧

شوێنی شەهیدبوون : مەهاباد

شوێنی گڵکۆ : مەهاباد

چۆنیەتیی شەهیدبوون : ئێعدام

نوێنەری مەجلیسی شورای میللی لە تاران

* قاسم سەدری قازی لە ١٨ی بانەمەڕی ١٢٨١ی هەتاوی لە ساباڵغ لە دایک بوو. هەر لە مەهابادیش خوێندبووی. سەدری قازی بە وەرگێڕانی زمانی بێگانەی فارسی و ڕێنوێنی هەژار و نەخوێندەوارەکانی بێ تاوانی کورد ،بە بێ هیچ موچەو پارە یەک لە دایرە دەوڵەتێکاندا یارمەتی دەکردن . لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا خاوەنی قەدرو ڕێز و خۆشەویستی بوو.

* ئەو برای پچووکتری پێشەوا قازی محەمەد و دووساڵ لەوی گەنجتر بوو .

* نوێنەری مهاباد لە خولی ١٤ یەمی مەجلیسی شوورای میللی ئێران و نوێنەری قازی محەمەد و حکوومەتی کوردستان لە تاران.

* سەدری قازی لە خولی چاردەیەمی مەجلیسی شووڕای میللی لە گەڵ فراکسیۆنی پێشکەوتووی مەجلیس هاو دەنگ بوو و لە

وتارەکانیدا لە مەجلیس زۆر جار زوڵم و زۆر و کردەوەکانی حکوومەتی نێوەندی لە کوردستان و بە تایبەتی ئەرتەش و نیزامییەکانی لەقاو دا.

* خولی ١٤ی مەجلیسی ئێران لە ٦ی رەشەمەی ١٣٢٢ی هەتاوی تا ٢١ی رەشەمەی ١٣٢٤ی خایاند واتە ٢٥ی فێورییەی ١٩٤٤ تا ١٢ی مارسی ١٩٤٦. یەک لە فریوکارییەکانی سەرەکی حکوومەتی نێوەندی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی ئازەربایجان و کوردستان بە بیانووی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی خولی ١٥یەمدا بوو کە حکوومەتی قەواموسولتەنە لە گەڵ حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان لە سەری رێک کەوتبوو.

* زیائەدینی ئەلەمووتی لە کتێبی "فصولی از تاریخ مبارزات سیاسی و اجتماعی ایران، جنبشهای چپ" شرکت چاپخش، ١٣٧٠ ی هەتاوی تاران" ئاماژە بە هێندێک چالاکی سەدری قازی دەکا لە وتووێژەکانی دەستەڵاتی کورد و ترکی ئازەربایجانی لە لایەک و حکوومەتی نێوەندی لە لایەکی دیکەوە: " مەسەلەی بۆکان ، سەردەشت و بانە . بۆ سەفەری دیکە لە تەورێزەوە بۆ تاران ، قازی محەمەد، سەدری قازی وەکوو نوێنەری کوردەکان دیاریی کرد و لەوە قەواموسولتەنە ئاگادار کرا.سەدری قازی بە کردەوە لە کۆمیسیۆنەکاندا بەشداری دەکرد و ئەو مەسەلانەی کێشەیان لە سەر بوو بریتی بوون لە مەسەلەی بۆکان ، بانە و سەردەشت. ڕاست لەو وەختە دا هێزەکانی دەوڵەت لە گەڵ هێزی کوردان لە سەردەشت تێکهەڵچووبوون، بۆ ئاگاداربوون و پێڕاگەیشتن بەو مەسەلەیە سەدری قازی لە لایەن کوردستان ، مورتەزەوی لەلایەن ئازەربایجان و سەرتیپ عەلەوی لە لایەن دەوڵەتەوە چوونە سەردەشت. دوای ئەوەی کە سەدری قازی لەو سەفەرەوە گەڕاوە تاران پێی زانی کە نوێنەرانی ئازەربایجان بە لە دەست دانی زەنگان ڕازی بوون و دەوڵەتیش بۆکان و سەردەشت [ بە ڕەسمی ] دەداتەوە دەست کوردەکان. سەدری قازی گوتی بێتوو دەوڵەت زەنگان وەرگرێتەوە ئیتر بانە و بۆکان نادەنەوە و پێکێشی دەکرد، جارێکی دیکە لە سەر سەردەشت و بۆکان وتووێژ بکرێتەوە.کاتێک وتووێژ دەست پێکراوە، قەواموسەلتەنە بە تووڕەیی گوتی ئەرتەش ئامادە نییە سەردەشت لە دەست بدا. دوای وتووێژێکی درێژ و هێنانە گۆڕی سەنەد و بەڵگە قەوام پێمل بوو و وابڕیار درا مەسەلەی سەردەشت و بۆکان بە جیاواز بنووسرێ و بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی سەردەشت لە لایەن فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجانەوە حوسێنی جەودەت و لە لایەن دەوڵەتەوە سەرلەشکر ڕەزم ئارا بە نێوی کۆمیسیۆنی ئاوارتە چوونە سەردەشت. ئەرتەش کوردەکان و کوردەکانیش ئەرتەشیان بە خەتابار دەزانی، هەر چۆنێک بێ کێشەکە بە ڕەزایەتی هەردووک لا جێ بە جێ کرا و نوێنەران گەڕانەوە...."

سەدری قازی دوای پەلاماردانی کوردستان گیراو هێنایانەوە مەهاباد. کاتێک لە رۆژی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ دەگەڵ براکەی پێشەوا و ئامۆزاکەی حەمەحوسێن خان لە چۆارچرای مەهاباد هێنایانە ژێر پەتی سێدارە گوتی: ئێمە بە تاوانی ئەوە دەکوژن،چونکە نە بووینە خائینی نەتەوەکەمان. بمرێ شای خاین،بژی کوردستان.

# شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

١- عەلی بەگی شێرزاد: ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ - ١٥ی فێوریەی ١٩٤٧ (عەلی بەگی یەکشەوە) یەکێک لە خاوەن ملکانی گوندی یەکشەوە وفەرماندەرانی هێزی چلی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا.

٢- شێخ ئەمینی ئەسعەدی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (شێخ ئەمینی کەسنەزان) خاوەن ملکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

٣- شێخ سدیقی ئەسعەدی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ شێخ سدیقی یازی بولاغی خاوەن ملکی گوندی "یازی بلاغی" سەقز، ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان.

٤- عەلی ئاغای جەوانمەردی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (عەلی ئاغای تەمووتە) خاوەن ملکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٥- ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) خاوەن ملکی گوندی " میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٦- ئەحمەد خانی شەجیعی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (ئەحمەد خانی کەڵتەگە) خاوەن ملکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٧- عەلی خانی فاتیح: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (عەلی خانی قەلەندەر) خاوەن ملکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٨- حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن ملکی گوندی کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٩- محەمەدخانی دانیشوەر: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ خاوەن ملکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی.

١٠- محەمەدخانی فەیزوڵابەگیل ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون ملکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

١١- عەبدوڵا خانی مەتین: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە ) خاون ملّکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

١٢- ئەحمەد خانی فاروقی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ - ١٤ی مارسی ١٩٤٧ (سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین( عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر ( محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد ، سەدری قازی و سەیفی قازی خالۆزا و پوورزا بوون.

---

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

١- عەبدوڵای ڕەوشەنفکر: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ - ٧ی ئاوریلی ١٩٤٧ (عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا

٢- ڕەسووڵی نەغەدەیی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ - ٧ی ئاوریلی ١٩٤٧ لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٣- محەممەدی نازمی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ - ٧ی ئاوریلی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٤- حامیدی مازووچی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ - ٧ی ئاوریلی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد لە سابڵاغ لە سێدارە دران.

## ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراق

١- عێزەت عەبدولعەزیز ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ - ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.

٢- مستەفا خۆشناو ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ - ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.

٣- محەممەد قودسی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ - ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی سەردەمی کۆماری کوردستان خەڵکی سلێمانی.

٤- خەیروڵا عەبدولکەریم ٢٩ی جۆزەردانی١٣٢٦ - ١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧ لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان. خەڵکی سلێمانی.

# کۆچی دوایی بەشێک کارگێرانی کۆماری کوردستان و حیزبی

## تێکۆشەر محەمەد ئەمینی موعینی وەزیری ناوخۆی کوردستانی




محەمەد ئەمین کوڕی حاجی عەبدوڵڵا، کوڕی موعینودەولە، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید، کوڕی حاجی محەمەد ئەمین، کوڕی حاجی عەبدوڵلا، کوڕی حاجی سە عید،کوڕی موعین، کوڕی حاجی مەولانا، لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی(١٢٨٨ی هەتاوی) لە شاری سابڵاغ لەدایکبووە. تەمەنی پێنج ساڵان دەبێت کە باوکی لە نزیک ماوەت، دەکوژرێت. قۆناغی منداڵی و لاوێتیی ئەو بە دەستکورتی تێدەپەڕێت. دوای چەندێک دەکەوێتە بواری بازرگانی و سەرو سامانێک پێکەوەدەنێت. ساڵی ١٩٣١ز (١٣١٠هەتاوی) دەگەڵ خاتوو «زارا قادری» خێزان پێکەوەدەنێن. پاش ساڵێک کوڕێکیان دەبێت و ناوی «سولەیمان»ی لێدەنێن. دوای سولەیمان، سێ کچیان بە دوای

یەکتردا دەبێت بە ناوەکانی: «فاتمە، پەریزاد و ئامین». دوای سێ کچەکان کوڕێکی تریان دەبێت کە ناوی دەنێن «سەعید»، کە زیاتر بە »خانە«ی بانگدەکەن.

محەمەد ئەمین لە سەفەر بۆ تەورێز و بەردەوامبوونی لە کاری بازرگانی دا، ساڵی ١٩٤٢ لە شاری تەورێز، دووەمین هاوسەری خۆی هەڵدەبژێرێت کە خاتوو «زەری خانمی» تەورێزی دەبێ. لەو خانمەیش چوار کوڕ و سێ کچی دەبێ بەناوەکانی: «عەبدوڵلا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سورەییا، ڕەعنا، فەریبا».

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بەهۆی ناسراویی کەسایەتیی ئەو لە کۆمەڵگای کوردستانی ئەو سەردەمەدا و هەروەها چالاکی سیاسی، لە کابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا پلەی وەزیری ناوخۆی کوردستانی پێدەدرێت و لە پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان و ڕوسەکان، بەڕێوەبەرایەتیی کاری میوانداری و پێڕاگەیشتن وەئەستۆ دەگرێت. لە ڕاستیدا قورسایی پێڕاگەیشتنی میوانانی دەرەکی دەکەوێتە سەرشانی بنەماڵەی ئەو. لەم پەیوەندییەشدا ئەرکی سەرشان و خزمەت بە کوردستان کردنی خێزانی میرزا محەممەد ئەمین، واتە زاراخانمی خێزانی لە هی مێردەکەی نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ ئەو شێرەژنە چەشنی پێشمەرگەیەکی ماندوونەناس بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەر شان تێکۆشاوە.

کاری میوانداریی بنەماڵەی موعینی وەک ئەڤینێکی ڕاستەقینە بووە بۆ کوردستان. چونکە لە بری میوانداریتی و خزمەت بە دیپلۆماتەکانی ئازەر و ڕووس، هەر نەک هەرگیز هیچ جیرە و پاداشێکی لە حکومەتی کوردستان وەرنەگرتووە، بەڵکە لە باری ئابوورییەوە یارمەتیدەری حکومەتی کوردستانیش بووە. میرزا محەممەد ئەمین خۆی گوتەنی، بۆ بەرەوپێشبردنی کار و باری وڵات و بۆ خزمەت بە کوردستان و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، خۆی و بنەماڵەکەی هەموو هەنگاوێکی پێویستیان هەڵێناوەتەوە بەبێ چاوەڕوانیی باری مادی. ئەوەی کە لە حکومەتی کوردستان وەری گرتووە، تەنیا یەک «تەمەن»ی کاغەزی بووە کە لە دەستی پێشەوای وەرگرتووە و لە هەموو تەمەنی دواییشیدا ئەو تاک «تەمەن»ەی پاراستووە. جار جاریش بە شانازییەوە ئەو تاک تەمەنەی بە ماڵ و منداڵەکانی نیشانداوە و فەخری پێوە کردووە. گەلێک جاران خۆی بە ژن و منداڵانی خۆی گوتووە کە ئەو تەمەنە لە هەموو گەنج و سامانی دنیا بەرزترە و وەک متفەڕک و بەرەکەتێکی پیرۆز بەلای منەوە هەر دەبێ بمێنێت، چونکە ئەوە پاداشی خزمەتەی خۆمە و یادگاری دەستی پێشەوای نەمرمانە.

لە دانیشتنەکانی خۆماڵیدا گەلێک جار بە منداڵەکانی دەگوت:

«ڕۆڵەکانم! هەتا لە دەستتان دێت و دەتوانن، بەبێ چاوەڕوانی لە مزی و موچەخۆری، خزمەت بە وڵاتەکەتان بکەن و هەردەمیش هەوڵبدەن گەل و وڵاتەکەتان پێشکەوێ و ئەوەندەی لە دەستتان دێت لە دووبەرەکیی خۆ بپارێزن. پێشکەوتووتن و یەکگرتنی خەڵک،

سەربەستی و سەربەخۆیی وەدیدێنێ. ئەمەش بزانن کە دوژمنانتان فێڵبازن و لە نەزانی ئێوە کەڵک وەردەگرن بۆ گورانەدنی دوژمنایەتیی ناوخۆ و پێکەوە بەشەڕدانتان ...».

محەممەد ئەمین موعینی لە سەرەتای گەنجی و لاوییدا تێکەڵ بە چالاکیی کۆمەڵەی (ژ. ک) دەبێت و بەپێی گوتەی خۆی و باسکردنی زانایی «حوسێنێ زێڕینگەران»، دەبێ لە ژێر کارتێکەریی ئەو کەسایەتییەوە ڕاکێشرابێتە نێو هەڵسووڕانی سیاسییەوە.

دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان، محەممەد ئەمین موعینی وەک زۆربەی لێپرسراوان و کاربەدەستانی کۆمار، بۆ ڕاگرتنی یادگارەکانی

کۆمار و بۆ پاراستنی گیان، خۆ حەشاردەدەن، بەڵام بە بیستنی لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕابەرەکانی دیکەی کۆمار، لە پەناگا دێنەدەر و بوێرانە دەچنەوە ماڵ. ڕژێمی پاشایەتی هەموو بگێڕان و کاربەدەستانی کۆمار دەگرێت و زۆربە یان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەردەچێت. بەڵام چونکە ئەوان گەندەڵیی حکومەتی ئێرانیان لەمێژ بوو ناسیبوو، بە ڕازی کردنی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران و دانی پارە و بەرتیل، حوکمی لەسێدارەدانیان شکاند و کەوتنە بەندیخانە و بە زیندانیی هەتا مردن مەحکوم کران. محەمەد ئەمین موعینی سێ ساڵ لە بەندیخانەکانی مەهاباد، ورمێ و تەورێزدا مایەوە و دواییش بۆ شاری شیراز دوور خرایەوە. دیسان توانی ئەو حوکمەش بکڕێتەوە و لە بری چوونی بۆ شیراز، لە تاران نیشتەجێبوو. لە تاران دوکانێکی کوتاڵفرۆشتنی کردەوە، بەڵام بەهۆی تاسەی زاراخانم و ئارەزووی منداڵەکانیان بۆ گەڕانەوە، ناچار لە ساڵی ١٩٥٠دا گەڕانەوە مەهاباد. لەوێ بۆ وەدەستهێنانی بژیوی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵانی، دەستی بە کار کردەوە، بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی حکومەتی حەمە ڕەزاشادا بووە.

بە گوتەی خۆی، هەتا کەمێک بار و دۆخی سیاسی تووشی نالەباری دەهات، ئەو یەکەم کەس بووە کە کەوتوەتە ژێر چاودێری و جار جاریش کەوتوەتەوە بەندیخانە.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێک ڕژێمی حەمە ڕەزاشا بەرەو ڕوخان و مەرگ دەچوو. محەمەد ئەمینی موعینی ئەگەرچی پیاوێکی بە جەرگ و بوێر و دڵگەرم بە شۆڕش بوو، بەڵام زۆرجاران بە کوڕان و کچانی دەور و بەری دەگوت کە چەک و چۆڵ و شەڕ و نا ئارامی، سەرکەوتن بە گەل نابەخشێت، بەڵکو شێوەکاری شۆڕشگێران لەم سەردەمەدا دەبێ لە ڕێگای بەرزکردنەوەی پلەی ڕامیاری و زانیاری فەرهەنگیی کۆمەڵگا بێت. تەنانەت زۆرجاران دەیگوت: «ئێمەی کورد دەبێ بە دۆست و دوژمن ڕابگەیەنین و پێیان ئیسبات بکەین کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئازادیخوازە و بەرابەریی مافی هەموو گەلان ستراتیژیی خەباتەکەیەتی».

محەمەد ئەمین موعینی لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ / ١٢ / ١٩٩١ (٤ / ١٠ / ١٣٧٠هەتاوی) ماڵاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و ئاواتی وەدی نەهاتووی بردە ژێر گڵ.

## کورتەیەک لە ژیانی خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون»(بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی)



بە نێوی خودای گەورە و مێهرەبان

١- خۆ ناساندن:

ئەمن نووسەری ئەم یادداشتانە، نێوم موحەمەد سەعید کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی موئمین بەگ کوڕی ئاغاشێرموحەمەد بەگ کوڕی ئاغا فەیزوڵڵا بەگ(بەگزادەی بابامیری موکری)یە.

لە ساڵی ١٣٠٢ ی هەتاوی (١٩٢٣ز) ، وا حەفتا ساڵ لەوەپێش لە دێی یەکشەوە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان هاتوومەتە دونیاوە. وەکوو گوتم باوکم لە عێلی فەیزوڵڵابەگی و دایکم (خەدیجە) کچی خوالێخۆشبوو «قازی عەلی» و خوشکی پێشەوای شەهید قازی موحەمەد بوو.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بۆ خوێندن هاتوومە شاری مەهاباد کە ئەو وەختە (ساباڵغ)یان پێ دەگوت، لە ماڵی خاڵم «قازی موحەمەد»، لە مەدرەسەی پەهلەوی و دوای ئەوە لە مەدرەسەی سەعادەت خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد و، پاشان لە مەدرەسەی ئێرانشار تا ساڵی ١٣٢٠ای هەتاوی دەرسم خوێند.

***لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی، کاتی شەڕی دووەمی جیهانی، کە هێزەکانی ڕووس و ئینگلیس هاتنە ئێران و حکوومەتی ڕەزاشا ڕووخا، تا ئەو کاتە لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرستی خۆشەویستانەی پێشەوای شەهید دا درێژەم بە خوێندن دا. دوای هاتنی سوپای ڕووس و ئینگلیس بۆ ئێران، وڵاتی موکوریان و شاری مەهابادیش لەلایەن ڕووسەکانەوە داگیرکرا.***

***لە کاتی شێواویی بارودۆخی ئێران و ئازاد بوونی نەتەوەی کورد لە دەست زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پاشایەتی، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە دێی یەکشەوە مامەوە. لە هەوەڵی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی بە ئەمری قازی موحەمەد هاتمەوە شاری مەهاباد و دەستم بە کاری کۆمەڵایەتی کرد. ئەو سەردەمە لە شاری مەهاباد (کۆمەڵەی ژ.ک) بە نهێنی کاری دەکرد. ئەمن و ڕەحیمی سەیفی قازی دوای ماوەیەک تێکۆشان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا لە (کۆمەڵەی ژ.ک)دا بە ڕەسمی وەرگیراین، بۆمن نێوی نهێنی «ئاگر» و بۆ ئەویش «ئۆگر» دیاری کرا.***

***لە دامەزرانی حکوومەتی جەمهووری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە دەفتەری تایبەتیی پیشەوای کوردستاندا و لە بەشی ڕەمز و مەحرەمانە دەستم بە کارکرد. لە زۆربەی سەفەرەکانی پێشەوای کوردستاندا لە خزمەتیدا بووم و تا شەهید کرانی پێشەوا درێژەم بە خزمەت دا. دوای ماوەیەک حەبس و زیندان لە ئاخری ساڵی ١٣٢٥ دا لە زیندان ئازاد کرام.***

***شایانی بیرهێنانەوەشە کە »موحەمەد سەعیدخانی هومایوون»، ڕۆژی جومعە(٢١ی مانگی مای ٢٠٠٤) سەعات پێنجی بەیانی ماڵئاوایی لە ژیان دەکا و، لە سەر وەسێتی خۆی لە گوندی خانەقای شێخی بورهان(هەڵکەوتوو لە نێوان جادەڕێی مەهاباد ـ بۆکان)، بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی مەهاباد و سەقز و بۆکان و.. بە خاک دەسپێردرێ. ڕەوانی شاد و گڵکۆکەی پڕ لە گوڵ بێ.***
***(گزینگ)***

# تێکۆشەرحوسێن فروهەر ناسراو بە: حوسێنی زڕینگەران

## سەرۆکی کۆمەڵەی ژ. ک




حوسێن فروهەر کە بە (حوسێنی زێڕنگەران) و (حوسێنی زەرگەری)یش ناسراوە، مرۆڤێکی شۆڕشگێڕو ئازا و لە خۆبوردوو بووە و لە شاری مەهاباد، لە خێزانێکی هەژاری کورد پەروەردا چاوی هەڵێناوە.

لە سەرەتاکانی ساڵانی سیی سەدەی بیستەمدا حوسێن فروهەر لەگەڵ دەستەیەک لاوی ئازادیخوازی شاری مەهابادda دەستیان بە جەمموجۆڵی سیاسی کردوە و بە دزی ئەمنییەکانی ڕەزاشای پەهلەوییەوە بەردەوام کۆبوونەتەوە و سەبارەت بە هەلومەرجی ئەودەمی کوردستان و زمان و ئەدب و مێژووی کورد وتووێژیان کردوە و بیروڕایان ئاڵوگۆڕکردوە.

ساڵی ١٩٣٨ حوسێن فروهەر و عەزیز زەندی و عەبدولڕەحمانی زەبیحی و قاسم قادری و محەمەدی نانەوازادە و چەند ڕوناکبیرێکی دیکەی مەڵبەندی موکریان "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان" یان دامەزراندوە.

فروهەر یەکێک بووە لە ڕابەرە دیار و کارامەکانی ئەو حیزبە و دڵسۆزانە لە ڕیزەکانیدا تێکۆشاوە. هێندەی پێنەچووە ژاندەرمە دڕندەکانی حکومەتی پەهلەوی بە چالاکیی ئەو حیزبەیان زانیوە و هەڵمەتی گرتن و ڕاونانیان دەستپێکردوە. لەو شاڵاوەدا حوسێن فروهەر و گەلێک کەسی تێکۆشەری دیکەیان دەستگیرکردوە و بۆ شیراز و یەزد و کرمان دووریانخستونەتەوە.

لە مانگی ئۆگوستی ١٩٤١ دا هێزی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ئێرانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ڕەزاشای پەهلەوییان لەسەر حوکم لابرد و بەڕواڵەت محەمەد ڕەزای کوڕییان لەجێی دانا. وردە وردە هەلومەرجێکی دیموکرات و ئازاد بەرقەرار بوو. هەزاران مرۆڤی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخواز کە لە زیندانەکاندا بوون، یان دوور خرابوونەوە، ئازاد کران و هەریەک بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە. حوسێن فروهەر یەکێک بوو لەوانە و بەرەو زێدی خۆی (شاری مەهاباد) گەڕایەوە.

لەو سەروەختەدا حیزبی ئازادیخوازی کوردستان، چالاکی کز بوو بوو، فروهەر و زەبیحی و محەممەد نانەوازادە و چەند تێکۆشەرێکی تر کەوتنە خۆو حیزبەکەیان بوژاندەوە و کاری سیاسی و ڕوناکبیری و ڕێکخستنیان دەستپێکردەوە .

لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٢ دا فروهەرو زەبیحی و کۆمەڵێک ڕووناکبیری دیکە، بەهاوکاریی و ڕێنوێنیی (حیزبی هیوا)، بڕیاردەدەن لە سەر بنەماکانی حیزبی ئازادیخوازی کوردستان ڕێکخراوێکی بە هێزترو بەرینتر دابمەزرێنن. سەرەنجام پاش مشتومڕو لێکدانەوەی هەل ومرجەکە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (کۆمەڵەی ژ. ک.) دادەمەزرێنن. حوسێن فروهەر دەبێتە ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵە و ناوی نهێنیی (کاوە) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. هاوکات بە هۆی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە حوسێن فروهەر بە سەرۆکی کۆمەڵە دادەنرێت.
لەو ڕۆژگارەدا شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان لە نێوان هێزی هاوپەیمانەکاندا وەک ناوچەی بێ لایەن مابووەوە، دەوڵەتی ناوەندیش دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەریەوە نەمابوو. ژمارەیەک لە ڕووناکبیران و تێکۆشەرانی مەهاباد بۆ ئەوەی شارەکە لە شاڵاوی ڕاوو ڕووتی عەشیرەتەکان بپارێزن، بڕیاریاندا شەوانە لە کۆڵان و شەقامەکاندا ئێشک بگیرێت. حوسێن فروهەر لەو دەمەدا سەرپەرشتیی دەستەیەک لە ئێشکچییەکانی گرتە ئەستۆ و کارەکانیانی ڕێکدەخست و وریایی و ئازایی نیشاندا.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ١٥ / ٢ / ١٩٤٥ (٢٦ی بەهمەنی ١٣٢٣) دانیشتووانی شاری مەهاباد بە هاندان و ڕێنوێنی حوسێن فروهەر و عەزیز خانی کرمانج لە مزگەوتی "هەباس ئاغا" کۆبوونەوە و داوای نەمان و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی حکومەتی حەمەڕەزاشایان لە شاری مەهاباد و کوردستاندا کرد. پاشان خۆیان پێش خەڵکەکە کەوتن و هەڵمەتیان بردە سەر شارەوانی مەهاباد، کە دەستەیەک چەکداری حکومەتی ناوەندی تێیدا مابوو و کردبوویانە بنکەی سیخوڕی و کێشە دروست کردن بۆ خەڵک. سەرئەنجام ژمارەیەکیان لێکوشتن و ئەوانی دیکەش هەڵاتن.

لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٥ دا لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. ڕێکخراوێکی سیاسیی بەرینتر بە ناوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەوە دامەزرێندرا. حوسێن فروهەر کە پێشتر سەرۆکی کۆمەڵە بوو. لەو حیزبەدا وەک ئەندامێکی سادە حیسابی بۆ کرا و هیچ پلەیەکی حیزبیی نەدرایە. مامۆستا هێمن لە پێشەکیی دیوانی (تاریک و ڕوون) دا نوسیویەتی: "سەرۆکی کۆمەڵە کە پیاوێکی زۆر تێکۆشەر و ئازا و پاک بوو، لە کادری ڕێبەری دا نەما. ئەم ئاڵوگۆڕە هیچ کاری نەکردە سەر ئەو پیاوە و لە ڕیزەکانی خوارەوەی حیزبیدا درێژەی بە خەبات و کاری خۆی هەر داو ڕەنجێکی زۆری کیشا."

له سه‌رده‌می كۆماری دیموكراتی كوردستاندا فروهه‌ر وه‌ك ئه‌فسه‌ری سیاسی پله‌ی سه‌رهه‌نگی درایه‌ و له‌ زۆربه‌ی بۆنه‌كاندا جل وبه‌رگی ره‌سمیی له‌به‌ر ده‌كرد .

رۆژی چوارشه‌ممه‌ ١٩ / ١٢ / ١٩٤٥ به‌ سه‌رپه‌رشتی حوسێن فروهه‌ر و عه‌لی خوسره‌وی و به‌ ئاماده‌بوونی ژماره‌یه‌ك رۆناكبیر و هه‌زاران كه‌س له‌ شاری نه‌غه‌ده‌ ئالای كوردستان هه‌ڵكرا. حوسێن فروهه‌ر له‌و بۆنه‌یه‌دا كه‌ جل وبه‌رگی ئه‌فسه‌ری له‌به‌ردا بوو وتارێكی به‌نرخی پێشكه‌شكرد.

هه‌روه‌ها رۆژی چوارشه‌ممه‌ ٢٦ / ١٢ / ١٩٤٥ به‌ سه‌رپه‌رشتی حوسێن فروهه‌ر له‌ شاری بۆكان ئالای كوردستان هه‌ڵكرا و مه‌راسمێكی پرشكۆ سازكرا و فروهه‌ر و چه‌ند رۆناكبیر و تێكۆشه‌ری دیكه‌ وتار و شیعری پر له‌ حه‌ماسه‌یان خوێنده‌وه‌ .

پاش ماوه‌یه‌ك له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ك بوو له‌ ریزی سوپای میللیدا نه‌ما و دوور كه‌وته‌وه‌. له‌م رووه‌وه‌ بیروڕای جۆراوجۆر هه‌یه‌ و روون نییه‌ بۆچی ده‌ستیكێشاوه‌ته‌وه‌. دوای رووخانی كۆماری كوردستان و گه‌رانه‌وه‌ی سوپای حكومه‌تی داگیركه‌ری ئێران بۆ مه‌هاباد، حوسێن فروهه‌ر وه‌ك هه‌ر تێكۆشه‌رێكی دیكه‌ی كورد و وه‌ك كه‌سێكی سیاسیی ناسراو گیراو خرایه‌ زیندانه‌وه‌. پاش ماوه‌یه‌ك له‌ مه‌هاباده‌وه‌ به‌ره‌ و ورمێییان برد. له‌وێ به‌تۆمه‌تی ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌فسه‌ری كۆماری كوردستان بووه‌، له‌گه‌ڵ ده‌سته‌یه‌ك ئه‌فسه‌ری دیكه‌ی كۆماردا وه‌ك: (محه‌مه‌دی نازمی، عه‌بدوڵڵای ره‌وشن فكر، ره‌سوڵی نه‌غه‌ده‌یان و حامیدی مازوجی) حوكمی ئێعدامیان بۆ ده‌ركرا. به‌ڵام له‌ دادگای دووهه‌مدا هه‌ر چۆنێك بوو حوكمه‌كه‌ی بۆ دابه‌زێنرا و بۆیكرا به‌ زیندانی هه‌تاهه‌تایی. ئیدی زۆر خۆراگرانه‌ سێ ساڵی له‌ زیندانی ورمێ و ته‌ورێزدا به‌سه‌ربرد و به‌ر لێبوردنێكی گشتیی كه‌وت و ئازادكرا.

كاتێك له‌ زیندان ئازاد كرا، بۆ تاران دوریان خسته‌وه‌. نیزیكی دوو ساڵ به‌ ماڵه‌وه‌ له‌ تاران مایه‌وه‌. ساڵی ١٩٥٢ گه‌رانه‌وه‌ بۆ مه‌هاباد و له‌ پاڵ كاروكاسبیدا، جموجوڵی سیاسیی ده‌ستپێكرده‌وه‌. به‌رده‌وامیش ماڵه‌كه‌ی ببوه‌ شوێنی كۆبوونه‌وه‌ی كه‌سه‌ رۆناكبیر و تێكۆشه‌ره‌كان و ئه‌ندامانی حیزبی دێموكراتی كوردستان.

له‌ ساڵی ١٩٥٣ دا ژماره‌یه‌كی زۆر خه‌ڵك له‌ ماڵی ئه‌ودا كۆبوونه‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی نوێنه‌ری لاوانی كورد بۆ ڤێستڤاڵی لاوان له‌ بوخارست هه‌ڵبژێرن.

له‌و سه‌رده‌مه‌دا حیزبی دیموكراتی كوردستان چالاكی سیاسی كز ببوو. كۆمه‌ڵێك له‌ ئه‌ندامه‌ چالاكه‌كانی حیزب هاتنه‌ سه‌ر ئه‌و باوه‌ره‌ی كه‌ ده‌بێت گوژمێك به‌ حیزبه‌كه‌ بده‌نه‌وه‌ و بیبوژێننه‌وه‌، له‌ نێو ئه‌و كه‌سانه‌دا حوسێن فروهه‌ر له‌ هه‌موان كارامه‌تر و فیداكارتر بوو.

پاش کۆدێتای ١٩ / ٨ / ١٩٤٥ کە حوکومەتی نیشتمانیی دوکتور موسەدیق ڕوخینرا و حەمە ڕەزاشا بۆ سەر کورسی حوکم گەڕێنرایەوە. دەمودەست شاڵاوی گرتن و ڕاونان دەستپێکردەوە. فروهەر کە وەک مرۆڤێکی تێکۆشەر و چالاک ناسرا بوو، بڕیاڕی گرتنی درا.

ماوەیەک خۆی شاردەوە. سەرەنجام لە ماڵی هاورێیەکی دۆزییانەوە و گرتیان و بە شێوازێکی زۆر دڕندانە تێی بەربوون و بەرەو زیندانیان برد.

لە زینداندا کە زانییان مرۆڤێکی سەرسەخت و خاوەن بیروباوەڕە، ئەوپەڕی سوکایەتیی پێکرا و دووچاری سەختترین ئازار و ئەشکەنجە بووەوە. بەڵام ئەو چەشنی مرۆڤی ئازا و دلێر خۆی ڕاگرت و چۆکی دانەدا.

چەند ساڵێکی لە زیندانە پیس و سەختەکانی تەورێز و قەسری قەجەریدا بە سەربرد. پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی دیکەدا ڕەوانەی دورگەی خارک کرا و چەند ساڵی لەوێش بەسەر برد.

لەو زیندانە پیس و دژوارانەدا توشی نەخۆشی سیل بوو. باری تەندروستی تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو. دەرامەتیشی زۆر کز بوو. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا وەک جاران خۆڕگر و ئازا و دلێر بوو. باکی لە زیندان نەبوو، مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەی لە هەموو شتێک زیاتر بەلاوە گرینگ بوو. حەزی دەکرد بەردەوام هەواڵی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەی بزانێ و ئاگای لە گۆڕانکارێیەکانی کوردستان و ناوچەکە بێت. ساڵی ١٩٦٧ کە نەخۆشێکەی تەواو کز و لاوازی کردبوو، ئازاد کرا.
لەبەر دەستکورتیی نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و دوا ساڵەکانی ژیانی لەوێ بەسەربەرێت. ئەودەم ئیبراهیمی کوڕی لە زانکۆی تاران فەرمانبەر بوو، بۆیە بڕیاریدا خۆی و هاوسەرکەی هەر لە تاران لە ماڵی ئیبراهیمی کوڕی بمێننەوە.

لەو ساڵانەدا سەرباری نەخۆشی و نەداریی، هەواڵی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و کێشەی نێوان حیزب و لایەناکانی کوردستان و شەهید بوونی دەیان کادری ئازا و تێکۆشەری کورد، ئەوەندەی‌تر خەم وپەژارەیان زیاد کردوو تەواو شەکەت ببوو. تا سەرنجام بەو هەموو ئازارو ژانەوە لە ڕێکەوتی ١ / ٤ / ١٩٧٣ دا بەو گشت بیرەوەرییە تاڵانەوە لە تاران دڵی لە لێدان کەوت. کۆمەڵێک لە کوردەکانی تاران، بەرێز و حورمەتەوە تەرمەکەیان لە گۆرستانی بەهەشتی زەهرا ناشت و لە مزگەوتێکی گەورەی تاران، پرسەیان بۆ دانا.

حوسێن فروهەر کوڕێک بە ناوی ئیبراهیم و دوو کچ بە ناوی سوهەیل و زەها و لە گەڵ ژنە فیداکار و دڵسۆز و ئەمەگناسەکەی کە ناوی خەدیجەی فەیزییابی بوو، لە پاش جێما.

جوتیار حاجی تۆفیق

## دڵشاد ڕەسوولی موعاوینی وەزارەتی فەرهەنگی جمهووری کوردستان




* سالّی ١٣٠٢ لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان لە دایک بووە.

* دڵشادی ڕەسوولی لە ئەندامە بەرابییەکانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [کوردستان] و یەک لە کادرە هەرە هەڵسووڕاوەکانی حیزبی بووە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا.

* دڵشاد ڕەسوولی لە گۆنگرە یەکەمی حیزب ساڵی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدبژێدری.

* لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار ئەو و هاوالانی عەبدولرەحمانی زەبیحی و قاسمی قازی لە مهاباد نە بوون. ئەوان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی سیاسی کۆمەڵە چووبوونە ناوچەی ورمێ لە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی [ ١٤ای ئووتی ١٩٤٥] لە لایەن ژاندارمەکانی ئێرانەوە قۆڵبەست دەکرێن و دەبردرێن بۆ تاران. نزیکەی ٧ مانگ لە تاران لە بەندیخانەدا دەیانهێڵنەوە و ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مهاباد لە پارڵمانی ئێران زۆر تێدەکۆشێ بۆ بەردانیان و دواجار لە کۆتاییەکانی مانگی ڕێبەندان دا دەگەنەوە مهاباد و دەست بە چالاکی دەکەن،

* دڵشاد ڕەسوولی لەگەڵ زەبیحی و لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و حکوومەتی کوردستان بووە نووسینیان زۆرە،

دڵشادی ڕەسووڵی لەبەر توانای ڕووناکبیرانەی کە لە نووسینەکانی را دەردەکەوێ ، گەرچی زیاتر نێوەرۆکی ئەخلاقیانە و چاکە خوازییان هەیە دەکرێ وەکوو تێئۆریسیەنێکی ئەو سەردەمە چاولێبکرێ. دڵشادی ڕەسووڵی لە گەڵ درێژەدان بە نووسین و چالاکی تەشکیلاتی بوو بە "معاونی ڕەئیسی [وەزیر] ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان". جێی سەرنجە کە لە ژمارەی ٦١ی ڕۆژنامەی کوردستان [ ای پووشپەڕی ١٣٢٥ای هەتاوی / ٢٣ی ژوەنی ١٩٤٦ای زایینی] دا دڵشاد وەکوو "مدیری مسئول و خاوەن امتیازی گوواری زانست" ئاگادارییەکی بڵاو کردووەتەوە. بە داخەوە تائێستا لێمان ڕوون نییە گەلۆ ئەو گۆڤارە قەت چاوی بە ژیان هەڵهێناوە یان نا؟تا ئێستا هیچکام لەو سەرچاوە نووسراوانەی ئەمن دیتوومن لەو بارەیەوە چ زانیارییەکیان تێدا نییە.

ساڵی ١٩٦٨ابەهۆی تیرۆر لە باشووری کوردستان شەهید کردنی دڵشادی ڕەسووڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان. لە باشووری کوردستان.

# قۆناخی دووهەم

## لە یادی چل ساڵەی شوێنەوەنکردنی (سەدیقی هەنجیری)دا




**یاسین حەسەن:**

چل ساڵ لەمەوبەر، چەند ڕۆژێک پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن) لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٦٦، لەگوندی (مامە رووت)ی شوێنی ئیستگەی شۆڕشی کوردستان، (سەدیقی هەنجیری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بێ سەر و شوێن کرا.

سەدیقی هەنجیری، لەدایک بووی ساڵی ١٩٢٤ای شاری مەهابادە و کوڕی کاک حەمە ڕەسوڵ و ئایشە خاتونە. خوێندنی سەرەتایی لە شاری مەهاباد تەواو کردووە و قۆناغی ناوەندیشی لەدانیشەرای مقدماتی تەواو کردووە. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٥دا بۆتە مامۆستای قوتابخانە و لەئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوە و خەریکی وانەگوتنەوە بووە. لەسەردەمی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و جەمهوریەتی کوردستاندا، سەدیقی هەنجیری بۆتە ئەندامی حیزب و بووە لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکاران و لەچاپکردن و دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان)دا ڕۆڵی هەبووە و جاروبار وتاریشی تێدا نووسیوە.

پاش رووخاندنی کۆمار و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بۆ مەهاباد، سەدیقی هەنجیری دەچێتە گوندی (گڵندوک)ی نزیک

تاران و بەکاری مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێت. ناوبراو لەساڵی ١٩٤٩دا بەڕەسمی دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران و کارەکەشی دەگوازێتەوە بۆ تاران و دەبێتە کارمەند لەئیدارەی باڵای فەرهەنگ و هەر لەتارانیش نیشتەجآ دەبێت و ماڵەکەی وەک بنکەیەکی نهێنی حیزبی تودەوابوو. شایەنی باسە لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکاندا، جوڵانەوەی دیموکراتی ئێرانی بەسەرکردایەتی جەبهەی میللی و دکتۆر موسەددیق تادەهات زیاتر پەرەی دەگرت و پاشەکشەی بەشاپەرستەکان دەکرد. پاش ئەوەی جەبهەی میللی حکومەتی گرتە دە ست فەزایەکی ئاوەڵە لەتاران و هەرێمەکانی دیکەی ئێران هاتەدی، حیزبی تودە لەو دەمەدا لەدوای جەبهەی میللی مەزنترین هێزی سیاسی و جەماوەری سەر گۆڕەپانەکە بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرمی وەک: (عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، غەنی بلوریان، رەحیمی سوڵتانیان، عەزیز یوسفی، عوبەیدوڵای ئەیوبیان) سەر لەنوآ دامەزرابۆوە و کە تبۆ گەشەکردن، بەهۆی سەدیقی هەنجیری و (سارمەددینی سادق وەزیری) وەکیلی پایەی یەکی دادوەری لەتاران، لەگەڵ حیزبی تودە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥١دا رێکەوتن، کەحیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەو ناوە لەکوردستان وەک شاخەیەکی حیزبی تودە کاربکات و لەژێر رێنماییە سیاسیی و رێکخراوەییەکانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەدابێت کە (رێبەرایەتییەکەی ئەکات لەتاران دادەنیشتن. بەوەش حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەستدا و خەباتی نەتەوایەتی لەبیرکرد و لەهەموو روویەکی ئیدۆلۆژی و سیاسیی و حیزبییەوە بووە وابەستەی حیزبی تودەی ئێران لەتاران) (٢).

لە ٤ای سپتامبەری ١٩٥٥، سەدیقی هەنجیری لەلایەن پیاوانی رژێمەوە دەستەبەسەرکرا و لەلێکۆڵینەوەدا دانی بەئەندامەتی خۆی لە حیزبی تودەنا و پاش ماوەیەک بەکەفالەت لەلایەن دادگای سەربازی تارانەوە ئازاد کرا (٤).

شایەنی باسە سەدیقی هەنجیری کەسایەتییەکی بەدیمەن زۆر سادە و ساکار و خاکی بوو، رەبەن بوو، هیچ کات هەڵپەی ناوبانگ و لێپرسراوێتی حیزبی نەدەکرد، ئۆگری خوێندنەوە و کتێب و قەڵەم بوو، شارەزایی زمانی فەرەنسی هەبوو، حەزی بەوەرگێڕان دەکرد و دەگوترێت کتێبی (مردەهای بی کفن ودفن) لەوەرگێڕانی ئەوە. بەپێی ئەسنادی ئینفرادی ساواک، ناوبراو هەمیشە بەهۆی ئۆگریی و خولیای بیری سۆسیالیستخواهانەی لەژێر چاوێری دابووە و لەساڵەکانی ١٩٥٧- ١٩٥٩ دا بەقازانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان هە ڵسوڕایەوە (٥).

* سەدیقی هەنجیری لەساڵی ١٩٦٤ و لەسەر داوای خۆی لەکارەکەی خانەنشین کراو و کاتێک لەپاییزی ئەو ساڵە هاتە باشووری کوردستان تەقریبەن ململانێی و دەستەبەندییەکانی نێو حیزبی دیموکرات و ئەوانەی بەناوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان) و (کۆمیتەی ساخ کەرەوە) جیاببونەوە، بێ هیچ خوێن رێژییەک کۆتایی هاتبوو. دیارە رۆڵی مەلا مستەفا بارزانی لەپشتگیریکردنی ئەحمەد تۆفیق لەبەرامبەر نەیارە شەخسی و فیکری و حیزبییەکانیدا و سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا یەکلاکەرەوە بوو، لەبەرامبەردا (مەکتەبی سیاسی) پارتی کەدوژمنی ئەحمەد تۆفیق بوون و پشتگیری نەیارانیش دەکرد، نەیانتوانی بەهۆی شکستییان لەبەرامبەر بارزانیدا تاسەر بیانپارێزێن و لەناوچەکانی خۆیاندا رایانگرن.

له ١٩ای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤، لەگوندی (سونآ)ی داوێنی چیای (مامەندە)، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، سەدیقی هەنجیری وەک ڕێکخەری دانیشتنەکان و بەسەر ڕاگەیشتنی وەرگرتنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان لەکۆنگرە هەڵدەسوڕا، پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، سەدیقی هەنجیری بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

* لەبانەمەڕی ١٩٦٦ و چەند ڕۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیقی هەنجیری و سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوە لەگوندی (دەربەند)ی باڵەکایەتی لەدۆڵێکدا خانوویەکیان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی (خالیدی حیسامی شێواوی شاعیر) لەمامە ڕووت. سەدیقی هەنجیری بەمەبەستی مانەوە و دیتنی مەلا مستەفا بارزانی سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەند و خۆی لەماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. لێرەوە ئیدی کەس سەدیقی هەنجیری نەدیتەوە و شوێنەون کرا (٧).
چل ساڵ لەمەوبەر، چەند ڕۆژێک پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن) لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٦٦، لەگوندی (مامە ڕووت)ی شوێنی ئیستگەی شۆڕشی کوردستان، (سەدیقی هەنجیری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بێ سەر و شوێن کرا.

له یادی چل ساڵەی شوێنەوەنکردنی (سەدیقی هەنجیری)دا

# کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید مەلا ئاوارە (ئەحمەد شلّماشی)

## ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




ئامادە کردنی ؛ ڕەحمان نەقشی

* مەلا ئاوارە (مەلا ئەحمەد شلّماشی) لە یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵی١٣١٣ هەتاوی ( ١٩٣٤ ی ز ) لە گوندی " شلّماش " سەر بە شارستانی سەردەشت، لە دایک بوو. بنەماڵەی مەلا"محەممەد ئەمین" بوون بە خاوەنی کوڕێکی چاوشین و خنجیلانە.

باوکی ئەحمەد لە لە ئەسڵ دا خەڵکی دێهاتی دەورو بەری سنە و لە هۆزی هەمەوەند بوو و پاش تەواو کردنی خوێندنی مەلایەتی ڕێگای کەوتبو ئەم گوندە ودڵی لێی گیر ببوو هەر لەوێ ژنی هێنا بوو و بنەماڵەی پێکەوە نابوو. گۆیا مەلا محەممەد ئەمین لە سلێمانی باشوری کوردستان ڕا بە ناوچەی شارباژێڕ و ئالانی باشوردا بەرەو ئالانی سەردەشت هاتوە تا لەوێوە بڕوا بۆ سەردەشت و مهاباد. لە گوندی بێژوێ لا دەدا و دەچیتە خزمەت شێخ محەممەد ئەمینی بێژوەیی. ئەویش کە دەمیک دەبێ بۆ مەلایەکی باش دەگەڕێ بۆ گوندی شلّماش، وەڵام دەداتە شلّماشیان کە مەلایەکی ئاوا چاک بەوێ دا دێ، مەیەڵن بڕوا و بیکەنە مەلای خۆتان. کاتیک بە گوندی شلّماش دا ڕۆیشتوە و خەڵکەکەی داوایان لێ کردوە ببێتە مەلایان، ئەویش کە گوندەکەی زۆرپێ خۆش بوە، ویستویەتی بۆ ماوەیەکی کاتی لە وێ بێ، بەڵام دوایە نەیتوانیوە دەستی لێ هەڵگرێ و هەر لە وێ ماوەتەوە.

مەلا حەمەدەمینی باوکی ئاوارە مرۆڤێکی لە خواترس و زانا و عالم بوو لە شەرعی ئیسلامیدا و لە سەرف و نەحوی عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبوو زۆر مەسائیلی شەرعی لە لا دەکرانەوە. بێجگە لەوەش خۆشەویستی نیشتیمانی وەلا نەنا بوو ئۆگری نەتەوە و نیشتیمانەکەی بوو.

شەهید مەلا ئاوارە لە منداڵیەوە لای باوکی خوێندبووی، پاشان لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستاندا،گەڕا بوو و خوێندبووی. مەلا ئاوارە لە سەردەمی خوێندن و گەڕان بە کوردستاندا،بێ بەشی و هەژاری گەلی کوردی دی بوو،دەست تەنگی و نەداری جێشتبوو،هەربۆیە بۆ رزگاری گەلەکەی رێگای خەباتی سیاسی گرتەبەر و بو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و کادرێکی تێکۆشەر و زانای حیزب بوو.

ئاوارە لە ماڵ و ژیانی خۆی دوور کەوتبۆوە بەڵام هەموو جێگەیەکی ئەم کوردستانەی بە ماڵ و زێدی خۆی دەزانی و لەو کاتەیەوە لە ماڵ دوور کەوتبووە هەستی بە غەریبی نەکرد بوو. چوونکە ئەو تەنیا خۆی بە رۆڵەی دایک و بابی نەدەزانی و خۆی بە رۆڵەی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانی، هەر بۆیە بوو ئەو دەم و ئێستاش ئەوانەی ناو و ناوبانگی ئاوارەیان بیستبوو رێزی تایبەتی یان بۆی هەیە.

* ئاوارە لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی (١٩٦١ ی ز) بە هۆی حیزبایەتی و ئیش وکاری سیاسی یەوە لە بەر چاوی سیخورەکانی پاشایەتی بۆگەن ئاشکرا بوو بەرەو کوردستانی گەرمێن رێی داگرت کە ئەو دەم تازە شۆرشێکی گەرم و گوڕی تێدا بەرپابوو بوو. ئەو چالاکانە لەو شۆرشە دا بەشداری کرد و هێندەی نەخایاند لەبەر ئەمینداری و ئۆگری لە رادە بە دەری بە خاک و وڵات بوو بە جیی متمانەی رێبەرایەتی شۆرش .

* مەلا ئاوارە لە پاش ساڵەکانی (٤٤ و ٤٣ ی هەتاوی) لە کوردستانی گەرمێنەوە گەڕایەوە کوردستانی ئێران و گۆچانێکی بە دەستەوە گرت و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت لە نێو جوتیاران و زەحمەتکێشاندا ئەرکی نیشتیمانی و حیزبی خۆی بە جێ دەگەیاند. رژیم بە هیچ شیوەیەک زەفەری پی نەدەدی و هیندە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا خۆشەویست بو کە پەنایان دەدا و دەیان شاردەوە.

* ئاوارە لە دەورانی فەقێ یەتی لە حوجرەی فەقێیان و پاشانیش بە خویندنەوەی شێعری شاعیرانی نیشتیمان پەروەری کورد ئۆگری یەکی زۆری بە شێعری پاراو و رەسەنی کوردی پەیدا کرد بوو و لە کاتی پێشمەرگایەتی دا زۆر جار بە زمانی خەڵک شێعری دەگوتن و زۆر زوو شێعرەکانی دەما و دەم لە نێو خەڵکی دا بڵاو دەبونەوە و خەڵک شێعرەکانی ئەویان بۆ یەکتری لە بەر دەگووتەوە.
ئەگەر بمانەوێ بە ناخی شێعرەکانی ئاوارە دا بچینە خوارەوە و دابەش کردنێکیان لێ بکەین بۆمان دەردەکەوێ ئەو دوو جۆرە هەڵبەستی هۆنیوەتەوە.

هەڵبەستی نیشتیمان پەروەری وەک هەڵبەستی "کوردم کوردستانم دەوێ " و " توتنەوان"، ڕەش بگیری و لای لایە، هەڵبەستی توتنەوان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەچێتە سەر دیاردەی سیاسی. دیارە ئاوارە هۆی بەش مەینەتیەکانی گەلەکەی بە هۆی سیاسی دادەنێ . هەروەها لە هەڵبەستی لای لایە دا کە لاوانەوەیە دوبارە ئامانجی دەربرینی نیشتیمان پەروەرییە. هەڵبەستی وەسفی وەک " ئالان "

* لە بەهاری ساڵی ١٣٤٦ ی هەتاوی ( ١٩٦٧ ی ز ) کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ئیمکانی حاوانەوەیان لە باشوری کوردستان نەما و بە قەولی خەڵکی لێرەواری لای خۆمان کە بن دەوەن شین بوون تێکۆشەرانی حیزب بەرەبەرە داوەرینەوە وڵاتی و ئەوانی تا ئێستا لە پەنا و پەسیوان و ئەشکەوتی تەنگ و تاریک و تنوک و سارد و کادێن و وچخانەی تەنگەبەر دا خۆیان حەشاردا بوو خۆیان وەبەر هەتاوێ دا.لە نێو ئەوان دا کادری ڕێبەری حیزب وەک: سولەیمان موعینی، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف ...کە لە گەڵ مەلا ئاوارە جوڵانەوەی ٤٦/٤٧ یان ڕیبەری دەکرد.

ژاندارم و جاشە خۆفرۆشەکان و چڵکاو خۆرە بۆ دەوڵەتەکانی حەمە ڕەزا کە توانای بەر بەرەکانی ڕوو بەروویان لە گەڵ ئەم تێکۆشەرە لە خۆ بوردوانە دانەبوو بە شێوەی کۆن و هەمیشەیی ئاغاکانیان دەستیان بە فێڵ و داو نانەوە بۆ ئەم تێکۆشەرانە کرد.

* حەسەن سەکر کویخای گوندی دیواڵان بە دنەدانی حاجی برایمی بەریاجی کێشەی زەوی و زاری لە نێو جوتیارانی گوندەکە سازکرد بوو لە لایەکی دیکە داوای لە ئاوارە کرد بوو بۆ خۆی بێ و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئاوارەش بە پێی واجبی خۆی و بە هەست کردن بە مسئولیەتی خۆی بەم کارە هەستا بوو و شەوێک لە شەوانی مانگی بانەمەری ١٣٤٧ ی هەتاوی بە خۆی و دوو پێشمەرگەوە بۆ چارەسەری کێشەکە دەچێتە گوندی دیواڵان و لە پاش ڕاگەیشتن بە کێشەکە و چارەسەر کردنی لە لایەن خۆفرۆش حەسەن سەکری دیواڵان مەلا ئاوارە دەرمان داو دەکرێ و هەر ئەو شەوە حەسەن سەکر پیاو دەنێری بۆ دام و دەزگای حکوومەتی و بەیانی زوو شەوێکی لە لایەن ئەرتەش و ژاندارمەری و جاشەکانەوە دەوری گوندی دیواڵان دەگیرێ و مەلا ئاوارە بە هەلیکۆپتەر لە گەڵ دوو پێشمەرگەکەی دەبەن بۆ شاری سەردەشت و لە پاشان لەوێوە بەرێ دەکرێن بۆ دادگای سەحرایی جەڵدیان کە ئەو دەم بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە لایەن ژنیراڵ (اویسی) جەللادی شا پێک هاتبوو. کاتێک مەلا ئاوارەیان گرت تا ئەو کاتەی شەهیدیان کرد زیاتر لە چوار مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا زۆرتر لە قەسابخانەکەی جەڵدیان ڕادەگێراو لە ژێر درندانەترین و سامناک ترین ئەشکەنجە و ئازار دا بوو. بەڵام بە شەهامەت و ئەمینداریەکی زۆرەوە خۆی ڕاگرت و ئەو ئەمانەتەی دایکی نیشتیمان کە بە لایەوە بوو نەی درکاند و نهینیەکانی لەگەڵ خوێنی گەشی دا نەمامی ئازادی کوردستانی ڕەنگین و دەلالیان پاراو کرد .

ئاخرەکەی کاتێک دوژمنەکان بۆیان روون بۆوە کە مەلا ئەحمەد شڵماشی خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی دەگەڵ چۆر چۆر شیری مەمکی دایکی دا بە گەرووی داکراوە و دەگەڵ هەموو دەمارەکانی لەشی و لە نێو دڵۆپ دڵۆپی خوێنی نێو لەشیدایە تا کاتێک گیان لە جەستەی دا بێ خەیانەت بە گەل و نەتەوە و وڵات ناکا، جەلادانی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران زۆر بێ بەزەیی یانە ئازار ئەشکەنجەیان

دان تا ئاخرەکەی  شەهید مەلا ئاوارە لە گەڵ دوو خەباتگێری دیکەی حیزبی دێموکرات، ڕەحمانی حەمەدی وەتمان چاوشین و مەلا کەچە " محەممەد ئەحمەدی" کە هەر دووکیان خەڵکی گوندی دیواڵان ی ناوچەی سەردەشت بوون. کە لە  مانگی بانەمەڕی ١٣٤٧ (مای ١٩٦٨ ) لە گوندی دیواڵان لە گەڵ شەهید ئاوارە گیرابون، و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ هەتاوی ( ٢ی سیپتامبری ١٩٦٨ ی ز ) لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت ئیعدامیان کردن.

بە  پێچەوانەی ئەوەی کە تەرمی شەهیدەکانی جووڵانەوەی ساڵەکانی (٤٦ – ٤٧ی هەتاوی) یان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بە شار و گوندی کوردستان دا دەگێڕا، بە کرێگیراوانی ڕژیم هەر بەو بەیانیە زووە تەرتیبی ناشتنی تەرمی ئەو سێ شەهیدەیان دابوو لە قبرستانی گردە سووری شاری سەردەشت و تا چەند مانگ دواتر شوێنی ناشتنەکەیان ئاشکرا نەبوو، بەڵام لە پاشان گلکوی پیرۆزیان بوو بە جێ نەزرگەی پیر و لاوی کورد.

کاتێک جەلاددەکانی شا مەلا ئاوارەیان بۆ گۆرەپانی تیرە باران دە برد،بە دەنگی بەرز و شۆڕشگێڕانە گوتی،(بە کوشتنی من خەباتی ڕزگاریخوازی نیشتمانپەروەرانی کورد دووایی نایە).

بژی کوردستان ).

سەرچاوە : یادی یاران، نووسینی حەمە ڕەسووڵ حەسەن پوور و ڕۆژنامەی کوردستان

# شەهید سمایل شەریفزادە

## ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




خەڵکی : مەهاباد

لە دایکبووی : مەهاباد ١٩٤٢

کاتی شەهیدبوون : ٢ / ٥ / ١٩٦٨

شوێنی شەهیدبوون : دارێنە . بانە

شوێنی گڵکۆ : نادیار

چۆنیەتیی شەهیدبوون : دەگیری

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

١٢ی بانەمەر، ساڵرۆژی شەهید بوونی یەکێک لە رێبەرانی ڕاپەرینی چەکدارانەی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لە ١٢ی بانەمەری ١٩٦٨دا سمایل شەریفزادە ڕووناکبیری شۆڕشگیر و یەکێک لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی چلی هەتاویدا کە لە گەڵ چوار هاوڕێی دیکەی، لە نزیک گوندی"دارینە"ی ناوچەی بانە لە لایەن هێزێکی ٣٠٠ کەسی ژاندارمەو جاشەوە گەمارۆ دران. لەو شەڕە نابەرامبەرەدا شەریفزادەو سێ کەس لە هاوڕێیانی پاش ٥ سەعات خۆڕاگری ، گیانیان لە دەست دا. بەم بۆنەیەوە ئاورێک لە ژیانی ئەم شەهیدە گەورەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەینەوە.

سمایل شەریفزادە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد لە خیزانێکی بازرگان لە دایک بوو. لەم کاتەدا مەهاباد ناوەندی جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان بوو. گەلی کورد ئەو بەشەی نیشتمانکەی لە چەنگ حکوومەتی دیکتاتۆرو بەستراوەی شایەتی رزگار کردبوو.

پاش چەندین ساڵ زوڵم لێکران‌و بێبەشی لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی، چارەنووسی خۆی گرتبوە دەستو تیشکی ئازادی و سەربەستی ئەم ناوچەیەی رووناک کردبووە.

شەریفزادە خوێندنی سەرەتایی‌و پۆلی پێنجی مەدرەسەی ناوەندی لە مەهاباد خوێندبوو . ساڵی شەشی ناوەندی لە تاران لە کولیژی "ئەلبرز "تەواو کردبوە.

پاشان لە رشتەی "ئەلێکترومکانیک دا"، لە خوێندنگەی فەننی زانستگەی تاران خوێندنی درێژە پێدا. سمایل کە پوولی چواری ناوەندی بە دواوە، سەبارەت بە موتالعە کردنی کتێبی سیاسی و کۆمەڵایەتی،و هەست کردن بە بێبەشی نەتەوەی کورد لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێران، تووشی ئاڵۆگۆڕێکی فکری هات.

سمایل شەریفزادە بۆ ئازادی نیشتمان‌و وەدەسهێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆ پێک هێنانی حکوومەتێکی نیشتمانی دێموکرات رێگای خەباتی سیاسی گرتە پێش.
هەر لە هەوەڵی خوێندنی زانستگایی‌دا سمایل بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەگەل دەستەی خوێندکارە شۆڕشگێرەکانی زانستگەی تاران کەوت.

ساڵی ١٩٦١ لە کاتی پەلاماردانی زانستگەدا، لە لایەن پۆلیس و کوماندۆکانی حکوومەتەوە، سمایل گیراو بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کرا. سمایل شەریفزادە، لە گەڵ هاواڵە هاوفکرەکانی خۆی، لە نێو خوێندکارە کوردەکانی زانستگای تاراندا، قۆڵی چەپی و شۆڕشگیری کۆمەڵی خوێندکار بوون و لە دژی بیروباوەڕی چەوتو نالەبار خەباتیان دەکرد. پەلاماری سازمانی ئەمنییەت بۆ سەر کوردستان و کوردەکانی زانستگەی تارانیش ساڵی ١٩٦٤ و گرتن‌و دورخستنەوەی زۆر لە خوێندکاران‌و مامۆستایانی کورد سمایل شەریفزادەی ناچار کرد خۆی بشارێتەوەو بچێتە نیو کۆری تێکۆشانی نهێنی‌یەوە . هەر ئەو ساڵە لەگەل هێندێک لە لاوە تێکۆشەرەکان رووی کردە نێو شۆڕشی کوردستانی عێراق‌و تێکەڵ بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو،کە لە کوردستانی عێراق گیرسابوونەوە. لەو ماوەیەدا بیجگە لە کاری سیاسی کتێبی "دیفاعیاتی خوسرەوی روزبەی" وەرگیرایە سەر زمانی کوردی . ساڵی ١٩٦٧ سمایل و هاواڵەکانی لە کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەر هەل‌و مەرجی نالەباری تێکۆشانیان لە کوردستانی عێراق ، گەڕانەوە نیوخۆی کوردستانی ئێران‌و لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستیان بە تێکۆشانی سیاسی کرد. بەڵام رێژیمی حەمەرەزا کە وای دەنواند کە ئێران دورگەی هێمن‌و سەقامگرتووی رۆژهەڵاتی نێوەراستە، لە حوزووری رێبەران‌و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی وەحشیەت بوو و قۆڵی لە سەر کوتو لە نیو بردنی خەباتگێڕشانی

حیزبی دێموکرات هەڵماڵی. بەم جۆرە خەباتێکی چەکدارانە بە سەر شۆرشگێڕانی ئەم حیزبەدا سەپاکە لە مێژووی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورددا بە خەباتی چەکدارانەی ٤٦ و ٤٧ (١٩٦٧ و ١٩٦٨ ) ناوبانگی دەرکرد. راونانو تەنگ پێهەڵچنینی ژاندارمو سازمانی ئەمنییەتی ئێران، سمایل شەریفزادەو هاواڵە شۆرشگێرەکانی لە خەبات و تێکۆشان نەسڵەماندەوەو لە دێهاتو چیاو کەژەکانی نیشتمانو لە ئامێزی زەحمەتکێشانی کوردستان دا خەباتیان درێژە پێدەدا.

ژاندارمەکانی حکوومەتی شا کە، لە هەموو شوێنێک بە دوایشەریفزادە و هاواڵەکانیدا دەگەڕان. تا رۆژی ٢ / ٥ / ١٩٦٨بە هۆی کەسێکی خۆفرۆشەوە بە ناوی (کوێخا شەریف) شوێنی ئەویان هەڵگرت دوای ئەوە کە دەست بە جێی پتر لە (٣٥٠) ژاندارم و عەسکەرو جاش، بۆ سەر سمایل شەریفزادەو چوار هاوڕێی دەنگ دران. ٣٥٠ کەس، بە چەکو قۆرخانانەی زۆرو مودێرنەوە، پێنج تێکۆشەری کوردیان گەمارۆ دابوو، کە لە شەرەفو ژیانی نەتەوەی خۆیان دیفاعیان دەکرد. سمایل شەریفزادە کە بڕیاری دابوو تا دوا هەناسە، لە خەباتو تێکۆشان بەردەوام بێو سەر بۆ دوژمن دانەنوێنێ، لە وڵامی فەرماندەی سەربازو ژاندارم و جاشەکاندا، کە داوای تەسلیم بوونو چەک فڕێدانیان لێ دەکرد بە دەنگێکی بویرانە گوتی : " ئەی خۆفرۆشە ناپیاو وخوێڕییەکان! بڕۆن خەجاڵەت بن لە ئێمەی پێشمەرگەی گیانفیدا کە بۆ ئازادیی ئێران و ئەستاندنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمان خەبات دەکەین داوای تەسلیم بوون دەکەن؟!

سەرەنجام پاش شەش سەعات شەڕی قارەمانانە پێنج کەس، لەگەڵ ٣٥٠ کەس لە چەکدارەکانی رێژیمی شایەتی، گوللەی بازوکا سینگی ئەم لاوە تێکۆشەرو قارەمانەی قەڵاشتەوەو چرای تەمەنی کورت بەڵام پڕ لە شانازی سمایل کوژایەوەو وێڕا ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە پێناوی رزگاری کوردستان دا بەخت کرد...ناوی ئەو تێکوشەرانەی کە وێرای شەریف زادە سەهید بوون بریتیە لە: میرزا محەممەد شادمانی، حوسێن رەحمان رابی و عەلی عەوڵا کۆڵی.

هەر ئەو کات یەکێک لە نووسەرەکانی کورد بەم بۆنەیەوە، لە نووسراوەیەکی خۆیدا بەم دوو دێڕە شێعرەتەعبیری لە شەهید بوونی ئەو پۆلە تێکۆشەرە کردبوو:

ئەو نەمامانەی، ئەمرۆ دەنێژرێن
بە خوێنی پاکی خۆیان ئاو دەدرێن
دەڕازێننەوە باغی کوردستان
دێنە بەر بۆمان، رۆژێ لە رۆژان

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدانی راپەڕینی ٦٤ / ٤٧ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی رێگای دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد.

## شەهید سولەیمان موعینی، ناسراو بە: کاک فایق

## ئەندامی ڕێبەری حیزب، ٤٦ - ٤٧




**سیامەند موعینی**

لە دایکبووی : مەهاباد ١٧ / ٢ / ١٩٣٣،

کاتی شەهیدبوون : ١٥ / ٥ / ١٩٦٨

شوێنی شەهیدبوون : دیلمان ، شوێنی گڵکۆ : مەهاباد

چۆنیەتیی شەهیدبوون : ئێعدام ،

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕات

ڕۆژی هەینی ١٧ / ٢ / ١٩٣٣، (٢٨ / ١١ / ١٣١١ هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خویندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کورد و گیرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. دەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محمدرەزاشا پەهلەوی ، دەست بە خوێندن دەکاتەوە .

سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتیی سولەیمان بەم بوارانە دا تێپەڕ بووە. سولەیمان شان بە شانی بیری

شۆڕشگێرانەیەوە، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و مەیداندارێکی کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و ئۆگرایەتییەکی پتەوی دەگەڵ کەژ و کێو داوێنی سروشتی جوانی کوردستان هەبووە.

ساڵی ١٩٥٣ (١٣٣٢ای هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سرودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.

ڕۆژی ١٥ / ٦ / ١٩٥٣ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشداریی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێڕانە، دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێڕانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەرێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی دوکتور موسەدیق، کە هیوای چاکسازی و بوژوانەوەی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کۆدیتایەکی نیزامی، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکومەتی دیموکراتیکی موسەدیق تێک ڕووخا. دوای ڕووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٤، هێزەکانی سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن کردن دەستی پێکرد.

لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محمدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی ٢٠ ڕۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو بوو، بە باوکی سولەیمانیان ڕاگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێرێت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبوورێت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی ١٩٥٦دا بەرەو ناوندی ئێران وەڕێ کەوت. بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران تەورێز دا بە هۆی سیخوڕە نهێنییەکانی ڕژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەێمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەڕینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی

زیندانەوانانیدا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی ١ / ٣ / ١٩٥٧ کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردمە، ئازاد دەکرێت.

سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە، هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی ١٩٥٩، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقۆڵ، بەناوی خانمی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی ١٩٦٠ دەبنە خاوەنی کوڕێک کە »سیامەند»ی ناو لێدەنێن.

پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، تووشی خەو و بێهەستیی بکات.

لە میانەی ساڵی ١٩٦٠ دا ڕژێمێ پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە ١٥٠٠ گەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم ڕەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو ڕادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بە پێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند هاوڕێیەک ، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی باشووری کوردستان ، بەرەو باشور دەکەونە ڕێ.

سولەیمان و هاوڕێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان ، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەون.

دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی ١٩٦٥ دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب ، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی کوردستان لە باشووری وڵات.

کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیساقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند .

ساواک لە مەهاباد بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ . لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی ڕێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە ؛ بۆ ئەنجامی بەڕێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان ، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی

کار و خەباتە دژێوەکانی خۆیان . هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، ڕادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەیەتییەکی هەبوو، بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.

هاوکات ساواکی ئیران بە ڕێگای عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کە بە میرمنداڵی بە هۆی پەیوەندی بنەماڵەی موعینی و قازیەوە لە گەڵ کاک سولەیمان ڕەفیق بوون،و پاش ڕوخاندنی کۆمار کەوتبووە خزمەت بکووژانی باوکی و تێکدەرانی کۆماری کوردوستان نامەیەک بۆ کاک سولەیمان دەنیریت و لەو نامەیەدا هاتوە: ... سولەیمان تو بۆت نیە و بۆت ناکریت لە بەرامبەر حکومەتی مەزنی شاهەنشاهی ئیراندا دژایەتی بکەی وا باشترە بی یەوەو ژیانی ئاسایی خۆت بکەی و هەر ئیمکانیاتیکیش پیویستت بێت بۆت ساز دەکرێت، من وەک هەواڵیک ئەم نەسیحەتەت دەکەم بۆ خۆت و مالباتەکەشت وا باشترە دژایەتی حکومەتی شاهەنشاهی ئیران نەکەیت هێندێک لە فکری خۆت دابە باشترە... .لە وولام دا کاک سولەیمان دەنوسیتەوە،... کوڕی ڕەش شتێک بزانە کە پێشەوا لە ڕیگای گەل سەری چووە سەر سێدارە ئێمە ڕیگای ئەو بۆ رزگاری وولات بەر نادەین تۆ کوڕی قازی محەمەد نی، من و هەواڵانم کە ڕێڕەو و دریژەدەری کۆمارین، کووڕی قازی محەمەدین، تۆ بویت بە کاسەلێسی دۆژمنان و بکوژانی کۆمار، من ژیانی سەربەستی و ئازادیم هەڵ بژاردوە، ئەو ژیانەی تۆش هەڵت بژاردوە پێشکەشی خۆت...

سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە کە من ڕۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم . من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا شێوە ژیان و شیوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.
سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل ناکات.

بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی ، لە ڕێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن. هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی

دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەربەگانیش بوو کە دەتوانێ بوویێتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی دژبەکوردی ئێرانی.

بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران دارشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین ، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە ڕێی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا.

بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.

بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگریی ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن.بەڵام سولەیمان ، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.

بەهۆی قووڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.

لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان خست ، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە . کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن زانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕ خست و لە بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر ڕێ.

دەزگای بە ڕێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون : سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە ، مەلا ئاوارە ، خەلیل شەوباش ،عەولای موعینی، مەلامەحمود زەنگەنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و جەیش

لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.

لە ڕاستیدا ئامانجی بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی ، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا ، لە سای سەر ڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەڕێوەبەر و کادرِ و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزب دا ، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا. سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕۆناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەڕۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات کرد، کە ئەویش ژەنەڕاڵ ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەرال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕ و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.

زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە ڕێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی بگێڕِ پیلانەکە بوو، سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ڕێگای سلێمانی . سیتەکەوە ، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.

شایانی باسە بگوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی و هاواڵبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان. لەم بوارەدا ناوی بەرزی ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت». بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.

هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێکی لەپێش داڕێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە

ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات، دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی ڕادەگوێزێت.

دەگێڕنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت: باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: «ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دابنەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سوورە».

ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.

مەسعود بارزانی لە کتیبی *البارزاني و الحركة التحررية الكردية * لە لاپە رە ي ٣٦٢ دا دە نوسیت:

"لە ١٩٦٧ دا شۆرش ناچاربووکاریکی ناخۆش ئە نجام بدات،کە نە دە توانرا خۆی لی ببویردریت. ئە ویش کاتیک سلیمانی موعینی کە دژی ئە حمە د توفیق بوو،دە ستگیر کرا،کە چوو بووە پال جاشەکانی ٦٦ و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو،ئیدی کوژراو لاشە کە ی بۆ ئیران نیردرایە وە. نەدە کرا وا چاو لە مەسەلەی چارەنوسی سولەیمانی موعینی بکریت کە مەسەلەیەکی حیزبی ناو خۆییە. ئە و هاوکاری جاشەکانی ٦٦ی کردووە ودوژمنی شورشە و ناکریت کیشەکە ی جیابکریتە وە بە بیانووی ئە وە ی کە پەیوەندی بە کاروباری حیزبە کەیەوە هەبووە. هەرچەند ئێمە ئەو کۆتاییە ناخۆشەشمان بو ئەو پیاوە نەدەخواست." وەرگێردراو لە کتێبي البارزاني و الحركة التحررية . مەسعود بارزانی بە بێ بەڵگە کاک سولەیمان تاوانبار دە کات و کوشتن و تە حویل دانەوەی ڕۆلەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ئێران بە کارێکی ئاسایی دادەنێت و فرۆشتنی شۆرشی ڕۆژهە لاتی کۆردستان بە ئێران لە ژێر سیبەری شۆرشی باشور حەقانیەت پی دەدات...

مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دەربار دەستوور دەدات کە سەردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکەمەکردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و

ناتوورەی بەدوور لە ڕاستیی داوەتە پاڵ سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردۆتەوە. ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان ڕاست نین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەر و سەردەمێک دەگەڵ مامۆستا «هێمن» دوو شاعیری میلیی کوردستان بوون و لە ڕێزەی یارانی بەوەفای پێشەوا قازی محەمەد دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزوتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسوری زانا و لێهاتووی پێویست بوو، هەژار لە جیاتی یارمەتی و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشەرێکی کورد مەحاکمە دەکات و دوای تێرۆرکردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە، مجێورە نەخۆرەکەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات، کە هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە هەرەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە خۆی بە فیدای کورد و کوردستان کردبوو.

لە کتیبی؛ چپ در ایران به روایت اسناد ساواک؛ لە لاپەرەی ٣٠٦ سە بارە ت بە هە ژار ئاوا دەنوسیت: عبدالرەحمان شەرەفکەندی کوری مەلا محەممەد ناسراو بە هەژار لە سالی ١٣٢٥ لە گەل یاخیەکان هاوکاری کردووە و پاش تیکشکانی سە رهەلدانی ئازەربایجان و لە بە ین چونی قازی محەممەد،هە ژار هەڵدێتە عیراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لیدەبێت جێگیر دەکریت، ناو براو لەو ماوەیە کە لە عیراق دەبیت لە گە ل حیزبی دیموکراتی کوردستان هاوکاری دەکات و هاوکاریەکەش بەو چەشنە دەبیت کە،شیعر و هەلبەستیان بە زمانی کوردی بو ساز دەکات و هاوکات کاری تەبلیغیان بو ئە نجام دەدات.

بە پی ی راپورتی ساواک لە ١٤ / ٨ / ١٣٥٤ ناو براو وە بەر عەفوی شا دە کەویت و لەگەل مەلا مستەفا دێتەوە ئیران و دەنێردریتە کەرەج و ماڵیکی کە نرخی زیاتر لە یەک میلیون بوە دە دریتی،و مانگانەش موچە ی چوار هە زار تمەنی بو دەبردریتەوە، ناوبراو لەوەزعی خوی زور رازی بووە. بە پی ی راپورتی ساواک لە سالی ١٣٥٤ لە گە ل محمود جعفریان ، جیگری سازمانی رادیو تلویزیونی میللی ئیران قسە دە کات و زوری پی خوش دە بیت لە گە ل بە رنامە کانی کوردی رادیو ئیران هاوکاری بکات ، و لە سالی ١٣٥٥ ئەو کارەی پی دەسپیردریت.

بە پی ی راپورتی ساواک لە ٧ / ٨ / ١٣٥٦ هەژار باس دە کات کە : تە مە نیکم تیپە رکردوە و تیگە یشتوم کە ژیانم دوراندووە ئیستاش دە م هە وێ بو خوم بژیم... .

دوای ناهومێد بوونی دەزگای بارزانی بۆ ڕووخاندنی کەسایەتیی سولەیمان، مەلا مستەفا دەستور دەدات ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن.

سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بەبێ ئەوەیکە مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە

شەهیددەکات.

ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛ یەکەم ـ تێکدان و لێک بڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێگرتوو. دووەم ـ ڕەش و دزێو کردنی ڕواڵەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەڵکی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی لە لایەن هەڵویستی نادروست و دوژمن پەسەندانەی بارزانیەوە بۆ پێکهات. بزوتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند.

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ / ٥ / ١٩٦٨ (٢٥ / ٢ / ١٣٤٧ هەتاوی)، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهید دەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانێ پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی ، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەڵک دەرژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دەکەونە ڕێ. ڕۆژی هەینی ١٧ / ٥ / ١٩٦٨ (٢٧ / ٢ / ١٣٤٧ هەتاوی)، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەڵکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین کە هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنگوچکی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتڵی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر ڕەمز و کاریسماکە شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوەتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان بە تێکڕایی.

کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!».
بەڵام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی بارەگای بارزانی کراوە.

هەواڵی شەهیدبوونی سولەیمان موکریان دەهەژێنێت و لە شاری مەهاباد دا خەڵک دەرژێنە سەر شەقامان ، کە لە ئاکامی خۆ ڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک و داخستنی دوکان و بازاڕی شار، ساواک ناچار دەکەن تەرمی سولەیمان بدرێتەوە کەس و کارەکەی لە شاری مەهاباد. خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە تەرمی سولەیمان لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.

بەم جۆرە و لە ئاکامی هێرشی وەحشییانەی هێزەکانی ئێرانی و بە هۆی بەرژەوەندیی کاتی و پڕ لە هەڵەی شۆڕشی باشوور دا،

حوکمی فەوتانی کۆمیتەی ئینقلابی بە دەست و باسکی دوو لایەنان بەڕێوە بردرا.

ئەگەرچی سولەیمان و بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێیانی کۆمێتەی ئینقلابی لە شەڕی داسەپێندراوی ڕژێمی شای ئێران دا شەهید کران، بەڵام ڕێگای پیرۆز و ئامانجی بەرزی کۆمیتەی ئینقلابی، کە ڕزگاریی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە دڵ و مێشکی گەلی کورد دا لە جاران نەمرتر ڕاگیرا و بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی دوواییش.

شەش مانگ بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی سولەیمان، لە گوندی قەمتەرە ـ ی نزیک بە شاری مەهاباد، سولەیمان و عەبدوڵلا و مینەشەم و چەند پێشمەرگەی تر، دیداریک دەگەڵ پەریزاد و فاتم و جەعفەر، واتە خوشک و براکانی سولەیمان و عەبدوڵلا ساز دەکەن کە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا سولەیمان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەگەڵ بارزانی نەماوە و ئامادەش نییە بچێتە ژێر فەرمانی ئەوەوە. خوشک و براکانی هۆیەکە پرسیاردەکەن، سولەیمان لە وڵامیاندا دەڵێت: " هەتا ئەوکاتەی کە شۆڕشی گەلی کورد بە پشتیوانی و یاریکاریی زەحمەتکێشانی گە لی کورد و، بۆ وەدیهاتنی مافی ئەوان بەڕێوەدەچوو، ئێمە لە خزمەتی دابووین، بەڵام هەرکە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کەوتە داوی پیلانی دوژمنانی گەل و لە گەل جیا بۆوە، ئێمەیش لێی جیابووینەوە و خەتی خەباتێکی ڕاستەقینەمان گرتۆتەوە بەر" .

هەر لەو چاوپێکەتنەدا سولەیمان ئەمەش دەڵێ کە دوای ماڵاویی لێکردنیان و لێک هەڵبڕانیان، بە ماوەی شەش مانگان لەو مەڵبەندە دوور دەکەوێتەوە و دوای گەڕانەوەی ، ڕەوشێکی تری شۆڕشگێرانە دەگرنە بەر.

مریەم خانمی خێزانی سولەیمان و سیامەندی کوڕیان کە لە گوندی دێرێ دەبن، بە یارمەتیی محمدمەلاعەلی بێژۆیی ڕادەگوێزرێنە سونێ ، بەڵام ساڵی ١٩٦٧، لە ئاکامی هێرشێکی پێشمەرگەکانی پارتی بۆ سەر سونێ، خێزان و کوڕی سولەیمان دەکەونە بەردەستی کەسێک بەناوی حەسۆ میرخان و لە سەنگەسەر دەسبەسەر دەکرێن. هەر لە گوندی سەنگەسەر دا دووەمین منداڵی سولەیمان ، کە سامرەندی ناوە، لە دایکدەبێ. لە ماوەی لەدایکبوونی سامرەندا، هاوڕێی دێرینی سولەیمان، واتە سەید ڕەسوڵی دێهقان ئەو پەڕی فیداکاری و لە خۆ بوردویی نیشاندەدات.

پاش ماوەیەک، سولەیمان نامەیەک بۆ حەسۆمیرخان دەنووسێ و داوا دەکات ژن و منداڵەکەی ئازاد بکرێن و ڕەوانەی سلێمانی بکرێنەوە، بەڵام حەسۆمیرخان هیچ وەڵامێکی پێناداتەوە. هەربۆیە سولەیمان چەند پێشمەرگە دەنێرێت و ژن و منداڵەکەی لە دیلی و ژێردەستی ڕزگار دەکات. لە ڕاگواستن و جێگیرکردنی ژن و منداڵەکانیدا، شێخ لەتیفی حەفید ئەوپەڕی هاوکاری نیشان دەدات و لە نزیک ماڵەکەی خۆی خانویەکیان بۆ بەکرێدەگرێت.

کارنامەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی لە ژێر تەم و مژێکی لێڵ دا شاراوە

ماوەتەوە و هەرچەند کە ڕێبەران و ئەندامانی بەوەفای ئەو هێزە ساوایە غەرقی خوێن کران، بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی بە سەربڵندی ژیان و بە ڕووسووری کەوتنە ژێر خاک. ناویان و یادی ئاشکرایان بوو بە سوێند و بەڵێنی کوڕان و کیژانی کوردستان لە ژوانگەی دڵداری و خەبات دا و سوێندیان پێ خورا. دەنگی دەنگبێژان بە دەنگ یادی و یادگارەکانیان لاواندنەوە و هەڵبەستوانان سرودیان بۆ هەڵبەستن. مامڵێی مەزن بە یادی یەکەم ژوانی یارانی شۆڕش لە زمزیرانی سەرکەش دا ، ڕەمزی ڕازێکی بە گوێی خەڵک دا چرپاند، و هێمن . ێ زاناو شاعیری میللی کورد ڕایگەیاندکە ڕەوەز بە داردەست وردنابێت وسولەیمان بە گوللە ناکوژرێت و شێرکۆ بێکەس هەلبەستی بۆ دەنوسێت وبە سەدان کەس هەستی خۆیان لە یادی کاک سولەیمان بە شێعر و هەڵبەست بڵاو دەکەنەوە.

# شەهید قادر شەریف کێ یە؟

## پێشمەرگە و تێکۆشەری جووڵانەی ۴۶ - ۴۷




• نووسینی: هەمنشین بەهار
• وەرگێڕانی: شاهین کەریمی

بەداخێکی زۆرەوە لە حەفتاکان دا هێزەکانی بارزانی هەڵدەستن بە کوشتنی ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. بۆ وێنە « سدیقی ئەنجیری» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کاتی عەبدوڵای ئیسحاقی دا ، بە دەستی ئەندامێکی پارتی دێموکڕات لە بەرچاوی خەڵک بە دەمانچە دەکوژرێ.

لەم نێوەدا ساواک لە خۆشیدا ئۆقرەی نیە و دەست دەکات بە تیرۆری کادرەکانی حیزبی دێموکڕات و بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٤٨ دا کاتێک قادر شەریف دەچێتە ئاودەستی یەکێک لە مزگەوتەکانی سلێمانی لە ڕێگەی تەقاندنەوەی ڕۆمانەیەک ئەم مرۆڤە مەزنە دەکوژێت. قادر شەریف یەکێک لەو چوار کەسەیە کە لە هاوینی ١٣٤٢ کۆمیتەی ساخکردنەوەی حیزبی دێموکڕاتیان پێک هینا کە ساواک ڕقێکی زۆری لێیان بوو(لە ساڵی ١٣٤٣ مەلا ئاوارەش دەچێتە ناو ئەم کۆمیتەوە)

کۆمیتە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی حیزب، سێ دەستە پێک دێنێت و دەیان نێرێتەوە بۆ ئێران.

قادر شەریف بەرپرسی یەکێک لەم دەستانەیە و مەلا ئاوارە بەرپرسی یەکێکی تریان و ....

قادر سنوربەندی تایبەتی خۆی هەبوو، بۆ وێنە پاش کۆنگرەی دووەم، وەک دەربڕینی نارەزایەتی خۆی لە گوندی «ورچەک» لە خاکی ئێران، مانی گرت، لەبەر ئەوەی کە تێبینی خۆی لەسەر ئاشتی کۆمیتەی ساخکردنەوە و ڕێبەرایەتی نوێ هەبوو...

پاش لێدانە یەک لە دوا یەکەکانی ساواک لە جوڵانەوەی چەکداری کوردستان_ پێشمەرگەکان لە ئێران ڕایان کرد و لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوە. قادر شەریف کە چەپ بوو، خۆی گەیاندە » بەکرەجۆ». قادر لەم کاتەدا بە یارمەتی جەلال تاڵەبانی و کادرەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ کەوتە ڕێکخستنی ئەو پێشمەرگە پرش و بڵاوانەی کە توشی گرفتی نەبونی ڕیبەرایەتی ببون.

ناوی ئەسڵی قادر شەریف، هاشم ئەقەلوتتۆلاب (هاشم اقل الطلاب) بوو، هاشمی فەقێ ساڵە و «مام سلێمان» ی شیان پێ دەوت.

بە شەهید بوونی قادر شەریف کاوە ( جێگری مەلا ئاوارە) دەبێتە بەرپرسی پێشمەرگەکان. بەڵام ساواک بە دەستی یەکێک لە نۆکەرەکانی دوژمن کە جلی پێشمەرگەی لەبەردا بوو ئەم فەرماندە ئازایەی لە قڵادزێ دایە بەر ڕەگبار و شەهیدی کرد. هەر کەسێک گیانی لە کاوە و قادر شەریف ستاند، ساواکی زۆر زۆر خۆشحاڵ کرد. لێکۆڵەرەوانی کۆمیتەی دژی خراپکاری لە ساڵی ٥٣ کە کاتێکی زۆر لە شەهید بوونی قادر شەریف تێدەپەڕی، خۆشحاڵی خۆیان لە گیان بەخت کردنی ئەو، نەدەشاردەوە...

لەخۆڕا نەبوو کە بە لێک هەڵوەشانی «کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران» و شەهید بوونی کاک سیمایلی شەریف زادە ( کە هەندێک دەیخەنە مل مەلا مستەفا) و مۆعینیەکان، مەلا ئاوارە، مەلا مەحمودی زەنگەنە، مورادی پادامی( موراد شیرێژ) و... کاربەدەستانی شا بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان تەرمی ئەو شەهیدانەیان لە شارەکانی کوردستان لە دار دەدا و هاواریان دەکرد کە » ئەمە سزای خەیانەتە»!

## بگەڕێینەوە بۆ قادر شەریف

هاوینی ساڵی ٤٧ چوبووم بۆ «ئاڵۆت». ئاڵۆت گوندێکی سەر سنورە کە لە شاری بانە لە کوردستان هەڵکەوتووە. لەڕێگەی سوپای زانستەوە (سپاە دانش) من ئاڵۆتم ناسی. من تەمەنم زۆر نەبوو و مۆڵەتم لە دایکم و باوکم وەرگرت کە تەنها بچم بۆ ئاڵۆت... هەرچۆنێک بوو ڕازی بوون... لە تارانەوە بۆ کرماشان و لەوێوە بۆ سنەو لەوێشەوە بۆ سەقز و پاشان بۆ بانە ڕۆشتم. ئێستە دەبوو بچم بۆ ئاڵۆت. ناسیاوەکەی منیش هاتبوە بانە تاکو ئێستر بە کرێ بگرێت. بەڵام جێبەجێ نەبوو و بڕیارمان دا هەرچۆنێک بێت خۆمان ڕێی کێو بگرینە بەر! ئەو کاتە هەر کەسێک دەچو بۆ ئاڵۆت دەبوو ئارەقی کێوبڕین و ڕێگایەکی دووری بڕشتایە! منیش کە قەت سەفەرم نەکردبوو و نەخارابووم...

شەو لە گوندێک ماینەوە و بەیانی ڕێ کەوتین، بە هەر مەینەتیەک بوو، تینوو و ماندوو گەشتینە ئەوێ... جوانترین بیرەوەری

ژیانی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوندە پڕ لە مێهرەبانی و ترێ یە...

شەوانە لە دەرەوەی قوتابخانەکە دەخەوتین... ڕۆژێکیان، بەیانی زوو یەکێک لە خەوی هەستانم...

چاوم کە هەڵبڕی ترسام، دیتم یەکێک بە چەک و فیشەکەوە لە سەر سەرم وەستاوە، لام سەیر بوو کە پێدەکەنی... وتی ببورە کە لە خەوم هەستانی، پرسیم ئێوە« چەتەن؟» پێکەنی وتی نا، چەتە یانی دز... وتم کەواتە »جاشن»، وتی نا، من و هاوڕێکانم کە دواتر دەیان بینی پێشمەرگەین و بۆ ئازادی خەبات دەکەین... ئەگەر من چەتە یان جاش بوایەتم دەمتوانی تۆ لە خەودا بکوژم و گوندەکە ئاگر تێبەردەم. ئێمە پێشمەرگەین، وتم یانی چی؟ وتی واتە ئەوەی کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە کێشەی مردنمان چارەسەر کردووە... پاشان وتی، دوو سێ جار داکۆکی کردەوە »ئەگەر حەز دەکەی» وەرە بۆ مزگەوت، چونکە هاوڕێکانم لەوێن. مزگەوتەکە زۆر لە قوتابخانەکە نزیک بوو. دەور و بەری مزگەوتەکە لەلایەن پێشمەرگەوە گیرا بوو کە چەک و خەنجێریان پێ بوو. هەر کە گەشتمە هەیوانی مزگەوتەکە پیاوێکی بەرێز کە چاوێکی خوار بوو، هاتە بەر دەمم و بە مێهرەبانی سڵاوی کرد... لە خاکینەیی ئەو پیاوە ڕامام.

وتی ناوی من قادر شەریفە » چاکی شکور... سەر چاوەکانم» وتم کوردی نازانم، پێ کەنی و وتی دەزانم. فەرمو دانیشە. ببورە کە لە خەو هەڵیان ستاندی... پاشان بە تێر و تەسەلی دوا. یەکێک لە پێشمەرگەکان برینێکی سوکی هەڵگرتبوو و یەکێک لە هاورێکانی خەریک بوو برینەکەی بۆ دەبەست... بیرم دێتەوە کە بۆ یەکەم جار وشەی ئیمپریالیسمم لە قادر شەریفەوە بیست. پاشان بە تەواوی و بە وردی شی کردەوە. بیرم دێتەوە کە باسی شۆڕشی سپی دەکرد و دەیوت ئەمە پلانی « کێنێدی»یە، شا سەرەتا نەدەچوە ژێری، تاکو ئەوەی کە ئەمریکا دۆکتۆر ئەمینی قورمیش دەکات و ئولتیماتۆم دەدات بە شا، شاش تێدەگات کە لەوانەیە ئەمینی جێی ئەو بگرێتەوە، ڕازی دەبێت.

پاشان وتی اوەیسی بە کوپتێڕ هاتبوە سیاوە (سیاوە گوندێکی ئەو ناوچەیە)، حوکمەت تینوی خوێنی ئێمەیە...

قازی محەمەدی هاورێی ئێمەش هەر ئەم حکومەتی پەهلەوییە لە سێدارەی دا...

باس لە » ئایەتوڵا خومەینی» کرا و قادر شەریف وتی جگە لە کێشەی کاپیتولاسیون و ئەو ئاماژانەی کە بە زایۆنیزمی کردووە، شتێکی نوێ ی لە قسەکانی دا نیە. بەڵام ئێمە ڕێز دەگرین لەو کەسەشی کە یەک لە دەی ئەو دژ بە دیکتاتۆرییەت هەنگاو بنێ...

ئەگەر چی بە گشتی قادر شەریف مرۆڤێکی چەپ و ڕادیکاڵ بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە کە قادر شەریف و هەندێکیان(نەک هەمویان) نوێژیان کرد(سونیەکان لە کاتی خۆی دا نوێژ دەکەن). مەلا خەلیفە کە ئیمام جومعەو جێگەی ڕێزی خەڵکی گوندەکە بوو هاتە

مزگەوت بۆ دیتنی قادر شەریف تا ئەو جێی بیرم بێتەوە پیاو ماقوڵانی گوندەکە هەمویان هاتبوون... شەوی دوایی پاش ئەوەی کە تاریکی داهات، لەوێ ڕۆشتن.

زیارەتی ئەو مرۆڤە مەزنە یەکێک لە دوو ڕووداوی گرینگی ژیانی من بوو، دیدار لەگەڵ قادر شەریفی دەریا دڵی دەریا سفەت، گۆڕانێکی قوڵی لە ژیانی من داپێک هێنا کە من لە چاو ئەو دڵۆپێکیش نەبووم. نزیک بە چل ساڵە کە لە لای کەس باسم نەکردووە. پاییزی ئەمساڵ قادر شەریف و ئاڵۆتی جوانم لە خەودا بینی. دەتوت ئەو ڕۆژەیە کە بینیمن، وەک فیلکمێک بە بەر چاوم دا تێدەپەڕی. کە لە خەو هەستام، گشت ئەو بیرەوەییانەم دڕی کە لە بابەت«کازانتزاکیس»ەوە نوسی بووم. ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە نەکا ئەم بیرەوەییانە بم خافڵێنێت، هەر چەندە زۆرم زەحمەت پێوە کێشابوون.

بۆ نوسینی ژیان نامەی قادر شەریف داوای یارمەتیم لە زۆر خەڵک کرد، بەڵام بە داخەوەجگە لە دوو مرۆڤی باش و جگە لە (هاووڵاتییەک کە بەرگری لە ساواک و تیرۆری قادر شەریف کرد) هیچ گرووپ و ڕێکخراوێک نەبوو کە لە وەڵام دا نەنوسێ: بەداخەوە ئێمە نایناسین...

ئەگەر وا بێت نەوەی نوێ بلێ چی؟
ئێستەش دەنگی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە:

ئێمە جاش و چەتە نین. بۆ ئازادی تێدەکۆشین، جگە لە ئازادیش خۆشەویستێکمان نیە و تەنها ئامانجمان ڕزگاری گەلەکەمانە لە چنگ سەرکوتگەر.»

# شەهید عەوڵا موعینی

## پێشمەرگە و تێکۆشەری جووڵانەی ٤٦ - ٤٧




خەڵکی : مەهاباد

لە دایکبووی : مەهاباد ١٤ / ٤ / ١٩٤٣

کاتی شەهیدبوون : ٢٠ / ٦ / ١٩٦٨

شوێنی شەهیدبوون : قالوێ

شوێنی گڵکۆ : نادیار

چۆنیەتیی شەهیدبوون : دەرگیری

پلەی تەشکیلاتی : کادر

عەبدوڵڵای کوری میرزا حەمەدەمین موعینی، براچوکەی سولەیمانی موعێنی یە و شەهیدی دووهەمی بنە ماڵەی موعینی یە! عەبدوڵڵا لە دایکبووی ١٤ / ٤ / ١٩٤٣ (٢٤ / ١ / ١٣٢٤) شاری مەهابادە. عەبدوڵا لەقوتابخانەی سەعادەتی شاری مەهابادو سەعدی دەورەی سەرەتایی تەواو کردووە، ودەورەی ناوەندیشی لە قوتابخانەی _ دبیرستان، محەمەدرەزاشا، لە مەهابادتەواو کردووە.

عەبدوڵا بە پێرەوی لە سوننەتی بنەماڵەکەیان لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستی کردووە بەخەباتی سیاسی نهێنی. لە بەرکاری سیاسی کوردایەتی، لەلایەکو ماوە پێ نەدانی ساواک لەلایەکیتر، نەیتوانی درێژە بەخوێندنی زانکۆ بدات ، وەکوو برا گەورەکەی_ سولەیمان، ناچارکرا شار بەجێ بێڵێو ڕووبکاتە چیا.

عەبدوڵلا لەسالی ١٣٤٣ - ١٩٦٤دا بەهۆی هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڵ جەماعەتێکی زۆر لە ئەندامانی حیزب، خۆیان بەدەستەوە نادەن و ڕوو دەکەنە ناو شۆڕشی باشووری کوردستان. عەبدوڵلا لە مانگی خاکەلێوەی ١٩٦٤ - ١٣٤٣ هاتە سەنگەسەر. ئەو دەمە بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەنگەسەر بوو. عەبدوڵڵا لەهاوینی ئەوساڵەدا، کاک ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ دوو خوێندکاری تر ڕوانەی کردن بۆ بەغەدا کە ئەگەر بۆی بکرێ بینێرێتە دەرەوە_ ئوروپا بوخوێندن. دوای ماوەیەک مەحتەل بوون لەبەغدا، سەفەرەکەی بۆنەکراگەڕاوە سەنگەسەر. ئەوجارەدەگەڵ بەشی تایپ وچاپەمەنی دەستی کرد بەکار. عەبدوڵلا لاوێکی خاوەن ئینێرژی و بە حەوسەلە و پشتکاربوو. لە کۆنگرەی2 دا بەئەندامی چاوەدێری هەڵبژێردرا.

لەهاوینی ١٩٦٥دا دەگەڵ کاک سولەیمان و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ کاری تەشکیلاتی، گەڕاوە ناوخۆی وڵات. ماوەی ٦ - ٧ مانگ لە ناوخۆی وڵات ماوە. عەبدوڵڵا دەگەڵ ئەوە کە لە شار مەزن ببوو، سەربازیی نەکرد بوو، کوردە گوتەنی هێشتا زۆری چەرمەسەری ژیان نەچێشتبوو، بەڵام هەتا خوا حەزدەکا ئازاو نەترس بوو! وای خۆپێشان دەدا کە قەت لە شار گەورەنەبووە. پارتیزانێکی بەتەواو مانابوو. دوای ئەوەی کەکاک سولەیمان گەڕاوە، دەگەڵ کاکی و کۆمەڵێک لە کادروپێشمەرگە دوور خرانەوە بۆ "دۆڵە ڕەقە". هەتا ئەو دەمەی کە کەوتنەبەر پەلاماری پاراستن و شۆڕشی کوردستان هەر لە "دۆڵە رەقە" و "دێرێ" مانەوە.

دوایی کە ناچاربوو دەگەڵ کاکی ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، کوردستانی باشوور بەجێ بێڵن، روویان کردەوە وڵاتی خۆیان.

عەبدوڵلا لە یەکەم دەرگیری دا، لە چیای سپی سەنگ بریندار‌بوو. لەو دەرگیرییەدا عەبدوڵلا ئازایی و بوێری خۆی نیشاندا. دوای دەرگیری بۆ دەرمان کردنی برینەکەی گەڕاوە بۆ ناوچەی سولەیمانی چووە ماڵی شیخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر. بەهۆی شیخ لەتیفەوە، دوکتوران تەداوییان کرد، پاش چاکبوونەوەی برینەکەی خێرا گەڕاوە لای هاورێکانی، لە ناوچەکانی مەهابادو بۆکان وسەردەشت، لە جەولە دابوون. عەبدوڵلا دوای شەهید بوونی کاک سولەیمانیش بێ وچان خەریکی کاری سیاسی و بەرگری کردن و دارشتنەوەی رێبەرایەتییەکی بەهێز بوو. دەگەڵ هەموو بێ ئیمکاناتی و هێرشی بەربڵاوی لەشکری شاهەنشایی، سەنگەری غیرەتی چۆل نەکردو کوردستانی بەجێ نەهێشت. مردنی لە پێناو رزگاری گەلە چەوساوەکەیدا، بەلاوە خۆشتر و بە چێژتر بوو لەتەسلیم و مەتەرێز چۆل کردن!

هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هاورێی بە جەرگ و ئازای، مینەشەم، بوێرانە درێژە بەخەباتی سیاسی نیزامی خۆیان دەدن. مخابن شەوی ٢٠ / ٦ / ١٩٦٨ (٣٠ / ٣ / ١٣٤٧) لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی موکریان، لەشکرێکی لەڕادەبەدەری ژاندارم وجاش و دلاوەرو هەوانیروز، ئابلوقەیان دەدن. لەو شەڕە نابەرانبەرەدا عەبدوڵڵا و مینە شەم، شەهید دەکرێن. ئیتر عەبدوڵلا لە ٣٠ی جۆزردانی ١٣٤٧دا. لە سەنگەری شەڕڤدا لە پێناوی بەرگری لە گەلە بێ مافەکەیدا، دەگەڵ مینەشەم، دڵە پڕلە ئاواتەکەیان بە گوللەی داگیرکەرانی کوردستان، لە لێدان دەکەوێ و چاوەکانیان لێکدەنێنو لاپەڕەیەکی ترلە مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەیان،

*ئازایانە و سەربەرزانە، بەخوێنی خۆیان دەڕەنگێنن و تۆماردەکەن، بەڕوحێکی شادەوە ماڵئاوایی لەگەل ونیشتیمان دەکەن.*

*ئەوجارەلەشکری ژاندارمەری ئیران، تەرمی عەبدوڵلاو مینەشەم نادەنەوە بنەماڵەکانیان، شەو بەدزی ڕەوانەی پادگانی جەڵدیان یان پیرانشاریان دەکەن، تەرمەکانیان دەشارنەوە! هەتا ئێستاش بە تەواوی نەزانراوە کە گڵکۆکەیان لە کوێیە؟ لەو شەڕەدا، پێشمەرگەیەکیش بەناوی حەسەن خورخورەیی بە بریندداری دەسگیردەکرێ، دواتر ئەویش شەهید دەکرێ. ئا بەو جۆرە ئەوانیش بەسەری بەرزەوە، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستانی داگیرکراو بوون. روحیان شاد!*

*بۆیە هێمنی نەمرلەبارەیاندا دەڵێ: بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن - شەهیدی بێ سەرو بێ شوێن دەنێژن.*

*محەمەدی خزری*

# شەهید مەلا مەحمود ئەحمەد زادە( مەلا مەحمود زەنگەنە)

## پێشمەرگە و تێکۆشەری جووڵانەی ٤٦ - ٤٧




خەڵکی : قۆڵغەتەپە

لە دایکبووی : قۆڵغەتەپە ...

کاتی شەهیدبوون : ١٣ / ١٠ / ١٩٦٧

شوێنی شەهیدبوون : بەیرەم

شوێنی گڵکۆ : مەهاباد

چۆنیەتیی شەهیدبوون : دەگیری

پلەی تەشکیلاتی : کادر

تێکۆشەری ئازاو دێموکرات مەلا مەحمود ئەحمەدزادە ناسراو بە زەنگەنە لە گوندی قۆڵغەتەپە لە خێزانێکی جوتیار لە دایک بوو. هەر لە منداڵیەوە لە حوجرەی فەقێیان دەرس خوێندنی دەست پێکرد . لەکاتی خوێندن و فەقێیەتی و گەڕان بە کوردستاندا لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی بەکرێگیراوەکانی حکومەتی تاران ئاگادار بوو . لەجیاتی ئەوەی بچێ لە گوندێک ببێتە مەلا و چاوبڕێتە زەکات و سەرفترەی گەلە هەژار و بەشخوراوەکەی ڕێگای ڕەزگاری و سەربەستی نەتەوە ونیشتمانەکەی گرتەبەرو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان . کادرێکی تێگەیشتوو ماندونەناس بوو.

لە ڕێکەوتی ١٣ / ١٠ / ١٩٦٧ مەلا مەحمودی زەنگەنە لە نیزیک ئاوایی بەیرەم توشی چەند ژاندرمە دەبێ کە دوو کەسی بێ تاوانیان گرتبوو بۆ مەهابادیان دەبردن . زەنگەنەی نەمروەک مرۆڤێکی دڵسۆز دەیەوێ ئەو دوو وەرزێرە هەژارو بێ تاوانانە لە چەنگ ژاندەرمە

جەردەكان رەزگـار بكـا. بـەڵام چەتـەكانى تـاران تەقـە لـە زەنگەنـەو هەواڵەكـەى دەكـەن مەلامەحمود شـەهید دەكـرێ وهەواڵەكـەى بریندارەدەبێ . ژاندرمەكان تەرمى بێ گیانى مەلا مەحمودى زەنگەنـە لـە پێشـى جیبێكـى نیزامى دەبەستن و بـە شـارەكانى مەهاباد و نەغەدە و شنۆ و پیرانشاردا دەگێرن .

لـە شۆڕشـى ١٩٧٩ محەممـد زەنگەنـە كـوڕى شـەهید مـەلا مـەحمود دەگـەڵ هـەزاران زەنگەنـەى دیكـە بـە دژى داگیركـەرانى كوردسـتان هەستانەوە .

---

## شەهید نحۆ پاشاى ناسراو بە : باپیرشكاك
## ئەندامى كۆمیتەى ناوەندى حیزب




خەڵكى : ساكان

لە دایكبووى : ساكان ١٩٢٦

كاتى شەهیدبوون : ١٧ / ٥ / ١٩٦٧

شوێنى شەهیدبوون : خرەعەجەم

شوێنى گڵكۆ : ساكان

چۆنیەتى شەهیدبوون : دەرگیرى

ئەندامى كۆمیتەى ناوەندى

كاک نحۆ خەڵكى گوندى ساكان لەناوچەى شكاكان بوو.نوح ناوى راستى كاک نحۆیە،كە لە ناوچەى شكاكان نوح بە نحۆ بانگ دەكەن،

وه له ناو حیزبدا به باپیر شکاک ناسرابوو.باپیرشکاک ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەپیاوێکی دڵسۆز ودوژمنی زوڵم و زۆری حکوومەت ودەرەبەگە خائینەکان ناسرابوو.

ساڵی ١٩٥٩ کەوتە بەرپەلاماری سازمانی ئەمنێەت وگیرا و پاش پێنج ساڵ زیندان ئازادکرا.کاک باپیر بەگرتن و شکنجەوئازاری چڵکاوخۆرانی شا چاوترسێن نەکرا وهاتەوە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات .

لەهاوینی ١٩٦٧ له ناوچەی سەلماس لەخرِەعەجەم لە لایەن ٨٠ ژاندارمەوە گەمارۆ دەدرێن ولەخەوێدا دەبن کە لە هەموو لایەکەوە دەستریژیان لێ دەکەن و لەهەوەلین دەستریژدا چوار کەس لە تێکۆشەرەکانی دێموکرات بە ناوەکانی . مەلاسمایل فەقێ یسی ، ناجی ، فیروز برای نحۆ. مام رەزا مامی نحۆ شەهیدکران .کاک باپیر کە هێندێک دوورتر دەبێ و هەر چوار هاورێ شەهیدبوون و بە تەنیا لێان وەخۆ دەکەوێ ولە شەرێکی قارەمانانەدا ١٦ کەسیان لێ دەکوژرێ و زیاترلە ٣٠٠ ژاندارم و جاش لە ورمێ و پاسگاکان را بەهێلیکۆپتێر دەگەنە فریای بەکرێگیراوەکانی تربۆ شەر دەگەڵ یک پێشمەرگەی کوردستان کاک نحۆ . پاش چەند سەعات شەرِ بە گوللەی ژاندارمێکی کورد شەهیدکرا.

## شەهید مراد پادامی ناسراو بە: مراد شیرێژ

## پێشمەرگە و تێکۆشەری جووڵانەی ۴۶ - ۴۷




خەڵکی : جەڕان

لە دایکبووی : جەڕان ...

کاتی شەهیدبوون : ٥ / ٥ / ١٩٦٧

شوێنی شەهیدبوون : کانی زەرد

شوێنی گڵکۆ : ...

چۆنیەتیی شەهیدبوون : ئێعدام

پلەی تەشکیلاتی : پێشمەرگە

مراد شیرێژ لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە گوندی جەڕانێ لەناوچەی پیرانشار لە دایک بوو . لە بەر زوڵموزۆری ئەوکات مراد وەک زۆربەی مناڵانی کورد لە خوێندن بێ بەش بوو .کاتێک مراد کە بوو بە لاو زوڵمو بێگاری ژاندارمو دەرەبەگی پێ قەبوڵ نەکرا،

هەربۆیەش دەگەڵ سولەیمان کەرقەشان کە ئاواڵێکی نیزێکی بوو ڕێگای شاخیان گرتەبەر . لە ماوەیەکی کەمدا لە ناوچەی پیرانشار ناوبانگیان دەرکرد و بە دەیان لاوی خوێنگەرمیان لە دەوری خۆکۆکردەوە و بەدەیان عەمەلیاتیان لەسەر ژاندارم وبەرماو خۆری ژاندارم کە پێیان دەگوتن چریک ئەنجامدا ،کاک مراد بووقارەمانی مەنتیقەی پیرانشار دوژمن لەبەری دەلەرزی .دەیان حەماسەی لە پیرانشار تۆمار کرد وەک شەڕەکانی شاخی بەردەسپیان و بەردەرەشان کە لە بەرەبەیانی را تا تاریکایی شەو بە دە پێشمەرگــە شەڕی کرد و لەشکری حمەرەزاشای کە لە هەموو لاوە گەمارۆ درا بوون تێک شکاند ، و بەدەیان کەسیان لێ گوژتنو بریندار کردن ، ئەو

بەردەڕەشەی کە سەنگەری مرادی بوو ، بەبەردی مرادشیرێژ ناوبانگی دەر کردوو.

کاک مراد قارەمانی شەرەکانی ساڵەکانی ٦٧ - ٦٨ بوو ، بەڵام بەداخەوە لە بەهاری ١٩٦٨ دا لە دۆڵی کانێ زەرد لە ناوچەی بەریمێرگانی لە پیرانشار دەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە نێوی ئەحمەدی عەلی عەجەم بەر لــە نیوەڕۆ لە لایەن جاش و ژاندارمەوە دەورەیان دەدرێ، تا ئاخیر گوللە شەڕ دەکن و ئەحمەدی عەلی عەجەم شەهید دەبێ و مرادیش بە برینداری ئەسیر دەکرێ جەنازەی مرادی بە پشتی وڵاغ دادێنن و لە شاخی دێننەخوار بە ئەشکەنجە شەهیدی دەکەن. بۆ چاو ترسێنی خەڵک ، جەنازەی مرادی دەدوای ماشێن دەخەن بە شاری پیرانشارو شارەکانی دەوروبەری‌دا رادەکێشن . دایک و بابی شەهید مراد شیرێژ حاجی ئەحمەد شیرێژو پور زڵەخا تەنیا قارەمانێکیان پەروەردە نەکردبوو ، برا گەورەی مراد شیرێژ محەممەد پادامی ناسراو بەمحەممەد شیرێژ لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئەویش هاتە رێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا پلەی فەرماندەریلک چوو .کاک محەممەد لەگرتنی پایەگای گۆزەشکێنێ لە ناوچەی نەڵێن لە پیرانشار شەهید بو جێگای شەهید بوونی ئەو دوو برایە تەنیا چۆمێکیان بەینە بە نێوی چۆمی ئاوەژەڕۆیادیان پیرۆز و رێگایان بەردەوام بێ.

# کورتەیەک لە ژیننامەی شەهید عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق)
# سکرتێر کۆنگرە دووهەم




ئاماده کردنی: ڕەحمان نەقشی

ئەحمەد تۆفیق، ناوە ڕاستەقینەکەی عەبدوڵڵا یە، کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاقی یە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو سێ برا و دوو خوشکی هەبوو، کە بەپێی تەمەنیان بریتی بوون لە: محەممەد، حوسێن، خودی عەبدوڵڵا، مستەفا، سەیزادە خونچە و سەیزادە کەلسوم. دایکی لە مەنگوڕەکانی مەهاباد بوو. باوکی ماوەیەک لە مەهاباد کاری قەسابی دەکرد و پاشتر بە کاری چێودارییەوە خەریک و لەو ڕێگەیەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨دا لە خوێندنگەی سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد خرایەبەر خوێندن. پتر لە ساڵێکی نەبرد کە هەلومەرجی جیهان و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند ڕۆیی. هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان و بەهێزبوونی خێرای پێوەندییەکانی ئێرانی شاهەنشاهی و ئەڵمانیای نازیی و زیادبوونی فشاری ڕێژیمی ڕەزاشا لە نێوخۆی وڵات، تا دەهات دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکەی ئاڵۆزتر دەکرد. بەتایبەت پەلامار و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی شورەوی و بریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤١دا، کە ئاکامەکانی بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا و لەبەریەک هەڵوەشاندنی لەشکری شاهەنشاهی کۆتایی هات. بەوەش ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە هەلومەرجی گشتیی ئێران و تایبەتی کوردستان و هەرێمی موکریان دەستیپێکرد.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٦ی شاری مەهاباد، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لاوانی ئەو شارە بەگشتی و لەسەر ڕۆحییەت و

کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی هەبوو. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی لەو شارە، دەست پێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی، بووژاندنەوەی هۆشی نەتەوایەتی، دامەزراندن و تێکۆشانی چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازانە و ناسیۆنالیستی کوردیی، وەک 'حیزبی ئازادیی کوردستان' و 'کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان' (ژ. ک.) و پاشتر 'حیزبی دێموکراتی کوردستان' و پەرەسەندنی شەپۆلی خەباتی نەتەوایەتی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەلومەرجێکی تایبەتی لە مەهاباد هێنابووە ئارا. ئەو هەلومەرجە بەخێرایی لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی بۆ کۆڕی بەشداری و تێکۆشان ڕادەکێشا.

ئەحمەد کە ئەو کات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، بەزوویی تێکەڵاوی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بوو. بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی 'سازمانی جەوانانی کورد'، لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی 'دەبیرستانی پەهلەوی' وەک: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، سەدیقی سیاسەری... هتد، لە نێوەڕاستی شوباتی (فیۆرییەی )ساڵی ١٩٤٢دا. ئەو ڕێکخراوە یانەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو، خەریکی چالاکیی ڕۆشنبیریی و کۆڕی شیعرخوێندنەوە بوون و لەپاش دامەزراندنی کۆمەڵی ژ. ک. لە ١٦ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤٢دا، بوونە بەشێک لە 'ڕێکخراوی لاوانی ژ. ک. و پاشتریش 'ڕێکخراوی لاوانی دێموکرات' .




پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک ) بە مەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکیان و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگەی شەوانە لە شاری مەهاباد، یەکێکیان بە ناوی 'گەلاوێژ' و ئەوی دیکەیان بە ناوی 'ئازادی'. ئەحمەد خۆی لە خوێندنگەی گەلاوێژ ناونووس کرد و شەوانە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی ڕووی لەو خوێندنگەیە دەکرد کە لە گەڕەکی 'قوڵە قەبران'ی شاری مەهاباد و سەرەتا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی و پاشتریش بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵای تەهازادە گوێزرایەوە. ئەو خوێندنگەیە لەلایەن مەلا عەبدوڵڵای داودی کە ناسراوە بە 'مەلای حەجۆکی' و بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ. ک. ی شاری مەهاباد بوو دەبرابەڕێوە. لەڕاستیدا ئەو خوێندنگەیە جگە لە فێربوونی زمانی کوردی، شوێنی خوێندنەوەی شیعر و وتاری حەماسی نەتەوەیی بوو و لەڕووی پەروەردەییەوە نەخشی لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی خوێندکارانیدا هەبوو.

پێویستە بگوترێت وێڕای ئەو نائارامییەی کە لەدوای داگیرکردنی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی سەراسەری وڵاتی تێوەگلابوو، شاری مەهاباد بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی نموونەیەکی ئاساییش و ئارامی بوو. بەشێکی ئەو ئارامییە بەهۆی هەڵوێستی دڵسۆزی گەورەپیاوانی شارەوە بوو. ئەوانەی لە ترسی پەلاماری تاڵانخوازی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار، وەک بەشێک لە پاشماوەکانی ڕۆژانی کێشەی 'کۆچەر و نیشتەجێکان' هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەی

چەکداری کێشکچی کە ئەرکی پاراستنی ئاساییشی شەو و ڕۆژی شاریان گرتەئەستۆ و ئامادە بوون بەرپەرچی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بدەنەوە، هێمنی شارەکە تێکبدات. ئەم هەوڵانەش لەژێر چاودێریی و ڕێنیشاندەری کەسایەتیی ڕێزدار و دڵسۆزی شار، محەممەدی قازی، کە دواتر بە پێشەوا قازی محەممەد، ناوبانگی دەرکرد، دەچوو بەڕێوە .

شایەنی باسە، ئەحمەد وەک لاوێکی خوێنگەرم و ئەندامێکی سازمانی جەوانان بەپەرۆشەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەو و ڕۆژ بەنێو کۆڵان و شەقامەکانی نێو شاردا دەسووڕان و وەک پاسەوانێکی هەمیشەئامادە ڕۆڵیان لە ئارامی شاردا دەبینی. بۆ ئەو مەبەستەش سازمانی جەوانان تفەنگێکیان بە ئەحمەد بەخشیبوو کە دەگونجێت ئەوە یەکەمین دەرفەت و ئەزموون بێت بۆ ئەحمەد لەگەڵ چەک و کاری چەکدارییدا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەدی و پێی خستە قۆناغێکی گرنگ و نوێی مێژووییەوە، بە چەشنێک زەمینەی گونجاوی بۆ ڕەخسا کە دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەست. ئەویش بە دامەزراندنی 'جەمهوریەتی کوردستان' بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو، لە ٢٢ی کانونی دووەمی (ژانوییە)ی ١٩٤٦دا . لەڕاستیدا ئەو ئەزموونە نەک هەر مۆرێکی قووڵی لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر ڕۆحییەتی لاوانی ئەودەمی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەتی هەبوو. ئەو ڕۆحییەتەی کە بە داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن لەشکری شاهەنشاهی و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهابادا و ڕووخاندنی کۆمارە ساواکە تووشی شۆک و هوروژانێکی توند هات.

دانا ئادەمز شمدت، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی، لەو بارەیەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نووسیویە "ئەحمەد لاو بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵواسینی تەرمی قازی محەممەد و خزمەکانی لە مەیدانی شارەکەدا دیتبوو، ئەو دیمەنە بە شێوەیەکی وا تەزاندبووی کە بەدرێژایی تەمەنی لەبەرچاوی ون نەدەبوو. قازی محەممەد پاڵەوانی ئەو بوو، کاری ئەو لەو کاتەدا گەیاندنی نامە بوو بۆ سەرۆککۆمار، زۆر شانازیشی بەوەوە دەکرد کە دوو جار لەلایەن سەرۆککۆمارەوە ستایش کراوە. جارێکیان بەهۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزب و ئەوی دیکەشی بەهۆی هاوکاریکردنی لە دانان و دیزاینی ئارمی نیشتمانی کوردی دا" .

هەر لێرەدا ڕاستییەک هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی ئیسحاقی بۆ کوردایەتی قوربانیدەر بوون، سەید محەممەدی ئیسحاقی، برا گەورەی ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. و دۆست و هاوڕێی حوسێنی فروهەر، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵە، بوو. سەید محەممەد لە دەورانی جەمهوری کوردستاندا ئەفسەری سوپای دێموکراتی کوردستان و سەرکردەیی ستادی میاندواوی لە ئەستۆدا بوو. پاش ڕووخاندنی حکومەتی کوردستان و شاڵاوی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی شاهەنشاهی، سەید محەممەدیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوت و پێنج ساڵ زیندانی و دوو ساڵ دوورخستنەوەی پێبڕا. پاش ئازادبوونی دووبارە کەوتەوە بەر ڕاوەدوونانی هێزە

ڕێژیم، هەربۆیە چەند ساڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی خۆی شاردبووەوە تا دواتر لە پەلامارەکانی ساڵی ١٩٥٩دا لەگەڵ سەید حوسێنی برای و سەید ڕەحمانی برازای ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی ساواک کران. سەید محەممەد حەوت ساڵی دیکە لە زیندان ڕاگیرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانەوە پێیەکانی فەلەج بوون، پاش دەرکردنی لە زیندان شەش ساڵی دیکە دوورخرایەوە تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٧٨دا بەدەم ئازار و نەخۆشییەوە گیانی سپارد.

هەروەها سەید مستەفا ئیسحاقی، برابچوکی ئەحمەد، لەژێر کاریگەری و بە ڕێنمایی ئەحمەدی برای لەگەڵ چەند خوێندکاری دیکەی زانکۆی تاراندا وەک: عەزیز ژیان، حەسەن باباتاهیری، ئەمیر قازی، حەمەدمینی سیراجی، فاتیحی شێخولئیسلامی و سەلاحودینی موهتەدی 'کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد'یان دامەزراند؛ ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە دەوری خۆی و پەروەردەکردنیان بە گیان و شێوەیەکی کوردانە جگە لەو هاوکاری و پشتگیرییەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان پێشکەشی دەکرد، مەسەلەیەکی وا کە پاشتر لە بارەیەوە دەدوێین. هەربۆیە سەید مستەفا و هاوڕێیانی کەوتنەبەر پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنیەت و لە ساڵی ١٩٦١دا ڕاپێچی زیندانی قزل قلعە لە تاران کران .

* پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (سپتامبری) ساڵی ١٩٦١ بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و پەیوەستبوونی ئەحمەد تۆفیق بەو شۆڕشە، نابراو داوای لە خزمانی کرد بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش خۆ بگەیێننە باشووری کوردستان. ئەوە بوو سەید حەسەنی کوڕی سەید حوسێنی برای و دوو خوشکەزای دیکەی بە ناوەکانی مەلاغەفور و حەسەن ئیبراهیمی بۆ پێشمەرگایەتی ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد.

* لێرەدا دەتوانرێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا لە ١ی ئایاری ( مای)١٩٥١دا و لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامیاندا، بە یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسیی و جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەقەڵەم بدرێت لەدوای ڕووخاندنی کۆمارەوە. شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق چ لە ئامادەکردن و چ لە ڕێبەرایەتیکردنی خۆپیشاندانەکە کە زیاتر لە سێ هەزار لاوی شاری مەهاباد بوون، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چوونە لای سەرگورد پەنبە بەگوش، سەرۆکی شارەوانی، و دواتریش لەگەڵ عەزیزی حیسامی چووبوونە لای فەرماندەی تیپی مەهاباد، سرهنگ وەفا و توانیبوویان چاوپۆشی لێپرسراوان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی خۆپیشاندان دەستیپێکرد، ئەحمەد تۆفیق لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو؛ ئەو خۆپیشاندانەی کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی هات.

* کاتێکیش مەسەلەی ریفراندۆم سەبارەت بە هێشتنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شازدە لە سەرەتای ئابی (ئاگوستی) ١٩٥٣دا لە ئێراندا هاتەگۆڕێ، حیزبی تودە و شاخەکەی لە کوردستان بڕیاریاندا هانی خەڵک بدەن بە قازانجی موسەدیق بە (بەڵێ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس دەنگ بدەن. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق یەکێک لەو کەسانە بوو کە حیزبی دێموکرات لە

شاری مەهاباد دا دەستنیشانی کردبوون تا کۆبوونەوە بە خەڵکی شار بکەن و دەربارەی ریفراندۆم پێویستی دەنگدان بە بەڵێ لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس بۆ خەڵک قسان بکەن. ئەحمەد لە ڕۆژی ریفراندۆم دا و لە نێزیک سندوقی دەنگدان و لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد خەڵکێکی زۆری کۆکردبۆوە و هانی دەدان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شاپەرستەکان دەنگ بدەن]. دیارە زۆرینەی دەنگەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس و بە قازانجی موسەدیق کۆتایی هات.

* هەروەها بە لێپرسراوێتی ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە مەبەستی بەشداریکردنی لاوانی سەرتاسەری ئێران و پێشوازیکردن لە فێستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، لاوان و خوێنکارانی شاری مەهاباد لە ٦ی حوزەیرانی (ژووئەنی) ١٩٥٣دا لە باخی میکایل دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. سەرتیپ زەنگەنە، فەرماندەی تیپی مەهاباد، بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێک بە ڕابەری سەرگورد رادپور دەنێرێتەسەر ئاهەنگگێڕەکان. هێزەکە بە گەیشتنی بۆنێو باخی میکایل پەلاماری لاوان دەدات و ڕەهێڵەی گوللە بە ناویاندا دەکات. سەرئەنجام لاوێک بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بریندار دەکرێن و هێندێکیشیان لێ دەگیرێن.

* سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتیش، ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا لە تاران کۆبوونەوە و بەگشتی بڕیاریاندا پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنەئامێزیش سەبارەت بە بێهەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتای ١٩ی ئاب (ئاگوست ) بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شووەروی لێ ئاگادار بکەنەوە؛ ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی لاجان و لە مایسی ١٩٥٥دا جەختی لەسەر کرایەوە و هەنگاوی بۆ نرا.
ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات بە نهێنی لە شاری سنە و لە ماڵی عوبێدی خالقی کاری حیزبی دەکرد، پاش مەترسیی ئاشکرابوونی، بە بڕیاری حیزبی گەڕایەوە مەهاباد و ئەرکی بەڕێوە بردنی کۆمیتەی مەهابادی پێسپێردرا. ناوبراو وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەتوندی پشتگیریی لە سەربەخۆیی حیزب و گەڕانەوە بۆسەر خەتی ڕەسەنی نەتەوایەتیی دەکرد لە بەرامبەر ئەندامە تودەکرات و کۆسمۆپۆلیتییەکاندا.

* لەڕاستیدا، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم و ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی تشرینی دووەمی (نوامبری) ساڵی١٩٦٤ لە گوندی سونێی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق، لە کەشوهەوایەکی سارد و لەژێر سێ دەواری گەورە کە بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و ڕابەرانی دیکەی ڕێگای کوردایەتی ڕازێنرابۆوە، دەستپێکرد.لەم کۆنگرەیەدا ئەحمەد توفیق وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا.

* ئەحمەد تۆفیق کە لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا لەلایەن پیاوانی ئەمنی عێراقەوە گیرا، نزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی 'ئەبو غرێب' لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا هێشتیانەوە. ئەو جگە لە تاهیری گاردی، کەسی دیکەی لەگەڵدا نەبوو. تاهیر درێژەی

ئەو لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەی لە وتووێژێکدا باسکردووە و دەڵێت: "لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکەی چاویان کە کردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و ڕەش ببۆوە. ئەحمەد زۆر لە من خراپتر بوو. پرسیم کە بۆ وا ناڕەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی یەک نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە، قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی دەهات... لێم پرسی چییان لێکردی، گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردووە. گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسییم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلەریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە".

تاهیر لە وتووێژە کەیدا بەدرێژی باس لە ئەشکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات کە چۆن نینۆکەکانی قاچیان دەرهێناون، دواتر دێتەسەر چوونی سەعدون غێدان و عبدالخاق سامەڕایی بۆلای ئەحمەد تۆفیق، چۆن داوای ئەوەیان لە ئەحمەد کردووە گەر وتار دژی مەلا مستەفا بنووسێت ئازادی دەکەن. تاهیر دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شای بنووسە. هیچیشم نەدەنێ دەینووسم، بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوای لێدەکەم ناینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن، ئەوانەی دەتوانن،

ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردووە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم خیانەتیان پێ ناکەم... ئەمن چەندەی لەو زیندانەیدا بم ئیحترامم دەمێنی بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەکی بۆ ئێوە بنووسم دەبم بە پووشی بەر ڕۆژی. ئەوەندەو کار بە منە تا مەقالەکەی دەنووسم و ئیمزای دەکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیاش ئابڕووم نامێنێ. لێرەدا دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریە و ئێرانیش نە بە عەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و عیزەتی ئینسانی و کوردی لەژێر پێ نانێم".

سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، تاهیر دەڵێت: "سێ، چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد، چۆنی؟ چییان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندوومەتەوە. بەو پەروەندەیەی کە لە دادگایە بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بە چی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز، دانا ئادام ئیشمیت، و خیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردوومە و گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتۆتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد، ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیاندەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ. جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست، دەستم لە لاقی دا سارد و عاددی

بوو، گوتی: ماڵتە، ئەو دەرکەیەی لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژووریّ!! گوتم کاکە، ئەوە تۆ قسان دەپڕوکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەریّ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە. لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پیّ نەچوو، چاوەکانی وێک نان و هەناسەی نەما و شەهید بوو. هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتووەکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بە خۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ۱۹۷۳ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەر هات و چیان لێکرد".

ئەحمەد تۆفیق چون بە ڕەبەنی مابۆوە و ژنی نەهێنابوو، پاش مەرگی کەسی لەپاش بەجیّ نەما، لە ژیانیدا زۆر کەس پێیان خۆش بوو خزمایەتی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەحمەد بڕیاری هاوسەرگیری هەمیشەیی لەگەڵ وڵاتەکەی دابوو، وەک شمیدت دەڵێت: "ئەو باسی ئەو کچانەی دەکرد لە پراگ چاوی پێیان کەوتبوو و گوتی:

* لەڕاستیدا من یەک خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی وڵاتەکەمە".

---

ئەم کورتە ژیننامەیە لە : ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (۱۹۳۱-۱۹۷۳) لە نووسینی د. یاسین سەردەشتی وەرگێراوە

# قۆناخى سێهەم

## شەهيد عەزيز يوسفى

### ئەندامى ڕێبەرى كۆنگرە دوو




عەزيز يوسفى ناوێكى ئاشنايە بۆ ئەو كەسانەى كە دڵيان بۆ ئازاديى لێيداوە و بۆ ڕزگاريى نەتەوەكەيان لە ستەمى داگيركەران و ديكتاتۆرەكان تێكۆشاون. كاك عەزيز يەكێك بوو لەو كەسايەتيية شۆڕشگێڕانەى كە بە دواى هەرەسهێنانى كۆمارى كوردستاندا لەگەڵ بەڕێزان غەنى بلوريان و سەديق خاتەمى و گروپێكى تر لە هەڤاڵانى، لە ساڵى ١٣٢٧ - ١٩٤٨ دا بە تاوانى ئەندام بوون لە حيزبى ديموكرات و بڵاوكردنەوەى ڕۆژنامەى (ڕێگا)دا، چوار ساڵ زيندانى كرا و دواتر سێ جارى تريش گيراو و بە گشتى ٢٥ ساڵ لە زيندانەكانى بنەماڵەى پەهلەويدا ڕاگيرا.

ساڵى ١٣٣٢ - ١٩٥٣، بە دواى كۆدێتاى ٢٨ى گەلاوێژى شا و زاهيدى و لە دەسەڵات كەوتنى دوكتۆر محەمەد موسەديق، لەگەڵ غەنى بلوريان، سەديق خاتەمى، شەهيد هاشم حەق تەلەب (قادر شەريف)، محەمەد ئەمين ڕاتبى و ژمارەيەكى تر، مهابادى بەجێهێشت و پەناى بۆ گوندى چوارگا برد و لە لاى قادر ئاغاى چوارگا كە ئەويش ئەندامێكى چالاكى حيزبى ديموكرات بوو، درێژەى بە چالاكييەكانى دا.

ساڵی ١٣٣٣ - ١٩٥٤ لەگەڵ شەهید دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، شەهید سەدیق ئەنجیری و بەڕێز غەنی بلوریان و بە هاوکاریی فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان و حیزبی تودەی ئێران خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بە نووسینی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ای ئاڵەکۆک دا، چاپخانەی فیرقەی دیموکرات ئاشکرا بوو و جەعفەر قەوسی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئازربایجان و عەزیز یوسفی دەستگیر کران و سەرلەنوێ یوسفی خرایە زیندانەوە.

نزیکەی سێ ساڵ لە زینداندا ڕاگیرا و ساڵی ١٣٣٦ - ١٩٥٧ ئازادیان کرد، بەڵام بەهۆی گوشاری پۆلیس، مهابادی بەجێهێشت و چووە تاران و لەوێ بە هاوکاریی دۆست و ئاشنایانی لە بەشی ئەرشیوی زانکۆی کشتوکاڵی کەرەج دامەزرا. بەرلە گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت بۆ عێراق، لە ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨دا، عەزیز یوسفی و عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" لەسەر گەڵاڵەیەک بۆ دوارۆژی حیزبی دیموکرات ناکۆکی پەیدا دەکەن. بە ڕووخانی ڕژێمی فەیسەڵ لە عێراق، عەزیز یوسفی دەرفەت پەیدا دەکات کە بچێتە باشوری کوردستان و دەقی گەڵاڵەکەی خۆی ئاراستەی هەڤاڵانی لە باشوری کوردستان بکات و ڕای ئەوانی بۆ ڕاکێشێت. بەو ئومێدەوە لە کەرەج سواری ئوتوبوس دەبێت، بێخەبەر لەوە کە ساواک بە شوێنییەوە، بەرەو ورمێ دەچێت. لە ورمێ بەرگەکانی دەگۆڕێ و بەرگی کوردیی دەپۆشێت، تا بە شێوەیەکی نەناس بچێتەوە مهاباد و لەوێوە دەربازی باشوری کوردستان بێت کە لە پاسگای "باڵانیش" لە بیست کیلۆمەتری جادەی ورمێ بۆ مهاباد دەیگرن. عەزیز بە پەلە گەڵاڵەی پرۆگرامەکە دەخاتە ناو زاری و دەیەوێت قوتی بدات کە ژاندارمەکان دەگەنە سەری و بە مستەکۆڵان لە زار و ئەوکی دەردێیننەوە و قۆڵبەست دەیبەن بۆ ژاندارمەریی ورمێ. لەوێوە بەرێیدەکەنە تاران و سەرهەنگ زالتاش و سەرهەنگ عیسا پژمان کە هەردوو کورد و خەڵکی سنە بوون، دەکرێن بە مەئموری پشکنینی و سەرئەنجام بە لێدان و شکەنجە ناچاری دەکەن ڕاستییەکان بدرکێنێت.

ساڵی ١٣٤٢ - ١٩٦٣ لەگەڵ بەڕێزان غەنی بلوریان و جەلیل گادانی لە زیندانی قەسری تارانەوە بۆ زیندانی بەرازجان دوور دەخرێتەوە و لەوێ بەهۆی خراپیی هەوا و نەبوونی ئاوی خاوێن و خۆراکی خراپ، گەلێک ئازار دەبینێت و توشی نەخۆشیی گورچیلە و دڵ دەبێت.

ساڵی ١٣٤٦ - ١٩٦٧ لە زیندانی بەرازجانەوە ڕەوانەی زیندانی "ئامل"ی دەکەن و لە زیندانی ئامل بەهۆی پێڕانەگەیشتن بە باری تەندروستیی و ڕەوانە نەکردنی نامەکەکانی بۆ براکەی، شکات لە بەرپرسانی زیندان دەکات. بۆ پێڕاگەیشتن بە شکاتەکەی ڕۆژی ١٦ / ٢ / ١٣٥١ / ١٩٧٢ لە ئاملەوە دەیبەنە ساری کە چاوی بە دادیاری سەربازیی بکەوێت. وەک بۆخۆی لە نامەیەکدا ئاماژەی بۆ دەکات بۆ ئەو دیدارەی دوو کاتژمێر لە ژوورێکی چوار مەترەوە دەیبەن بۆ ساری و دوای گەڕانەوەی بۆ زیندان دیتنەکانی لەو نامەیەدا بۆ کاک عوسمانی برای دەنووسێت کە وەک بیرەوەرییەک بمێنێتەوە. ئەو نامەیە نزیکەی ٣٧ ساڵە لە لایەن برادەرێکەوە ڕاگیراوە و ئەوە بۆ یەکەم جارە دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەران. بەرلە بڵاوکردنەوەی، پڕبە دڵ سوپاسی ئەو برا خۆشەویستەم دەکەم کە نامەکەی داومێ کە بڵاوی بکەمەوە.

دەزگای هەواڵگریی شا "ساواک" دواتر کاک عەزیزی لە ئاملەوە گواستەوە زیندانی قەسری تاران و ساڵی ١٣٥٦ - ١٩٧٧ کە حکوومەتی شا بەرەو ئاڵۆزیی و ڕووخان دەچوو، شا ئیزنی بە ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ (ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی) دا کە نوێنەریان بێت سەردانی زیندانە سیاسییەکان بکەن، ئەوە لە کاتێکدابوو کە پێشتر ڕایدەگەیاند: لە ئێراندا زیندانیی سیاسی نییە.

بەرلەوەی کە نوێنەرانی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ سەردانی زیندانی قەسر بکەن و هەندێک بەرلە ئازادبوونی کاک عەزیز لە زیندان هەواڵنێرێکی بلژیکی بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ عەزیز یوسفی سەردانی زیندانی کرد. بەرلە چوونی ئەو هەواڵنێرە بۆ زیندان، بەرپرسانی زیندان لە عەزیزیان وێست کە لە درکاندنی شکەنجە و ڕاستییەکانی ناو زیندان بۆ هەواڵنێری بلژیکی خۆبپارێزێت و شتێک بە زماندا نەهێنێت، بەڵام کاک عەزیز دەڵێت:

- (مەگەر ئێوە زیندانییەکان شکەنجە ناکەن؟ کاتێک ئێوە بە هەموو بێ بەزەیی خۆتان، شێتانە منالانی خەڵک و نیشتمان قەسابیی دەکەن، حەقتانە لە ئاشکرا بوونی بترسن.) بەرپرسی زیندان پێی دەڵێت: ئاخر ئابرووی وڵات لە مەترسیی دایە. یوسفی لە وەڵامیدا دەڵێت:

- (کام وڵات؟ وڵاتی تۆ یان وڵاتی ئێمە؟ وڵاتی زیندان سازان، زاڵمان، درۆزنان، ڕێگران، یان وڵاتی زیندانییەکان، خەباتکاران، زەحمەتکێشان؟ بەڕێزان، وڵاتی ئێمە و ئێوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. لە زەوییەوە تا ئاسمان پێکەوە جیاوازن. ئێمە بۆ نیشتمانی خۆمان لە شکەنجە و زیندان و مەرگ ناترسین، بەڵام ئێوە ئەو نیشتمانە دیلکراوەتان تەنیا بۆ دۆشینی پتر، مژینی پتر و مژتنی پتری شیرەی دەرونی ئەو دەوێت. هەر ڕۆژێک کە هەست بە مەترسییەکی بچوک بکەن، لەو نیشتمانە ڕادەکەن! نیشتمانی ڕاستینی ئێوە لە گیرفان و هەگبەکانتاندا لەگەڵ خۆتان دەبەن.)

بەرپرسانی زیندان هەرەشەیان لێکرد، بەڵام سودی نەبوو، ئەو لە بەرامبەر هەواڵنێری بلژیکی دا هەموو تاوانە سامناکەکانی زیندانەکانی شای ئاشکرا کرد.

کاک عەزیز یوسفی لە زینداندا دوو کتێبی بەو ناوانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. کتێبی یەکەم: (یادداشتهای یک معلم مدرسه) لە نووسینی ف. ڤیگدورڤوا کە ساڵی ١٣٣٦ - ١٩٥٧ بە دوای ئازادبوونی لە زیندان چاپی کردووە و کتێبی دووەم: (سرزمین کف) لە نووسینی یڤۆن یفریمۆڤ کە ساڵی ١٣٤٧ - ١٩٦٨، چاپخانەی روز "ڕۆژ" بۆی چاپ کردووە.

سەرئەنجام کاک عەزیز یوسفی دوای نزیکەی ١٩ ساڵ زیندانیی لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە پاییزی ساڵی ١٣٥٦ - ١٩٧٧ لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. ناوبراو کە سەرجەم ٢٥ ساڵی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی شادا

بەسەربردبوو، دوای ئـازادبوونی بـە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵیدەدا بزووتنەوەیەکی ئـارام و هێمنـی لاوان لـە کوردستاندا بـەڕێبخات، بەڵام مەرگ مەودای پێنەدا و ڕۆژی ١٥ / ٣ / ١٣٥٧ (٥ / ٦ / ١٩٧٨) بە نەخۆشیی دڵ لە تـاران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی ٦ / ٦ / ١٩٧٨ کۆمـەڵێک دۆست و هـاوڕێ و نووسـەر و خـەباتگێڕی کـورد و ئێرانیـی، تـەرمی کـاک عـەزیزیان لـەناو ئـاپۆرەی خەڵکدا گەڕاندەوە مهاباد. هەزاران کـەس لـە مهابـادەوە بـەرەوپیری تەرمەکـەی چوونـە میانـدواو و "مەلیک کەنـدی" و پێشوازییان لـە تەرمەکەی کرد و دوای گەیشتنەوەی، ڕۆژی ٧ / ٦ / ١٩٧٨ لە گۆڕستانی مهاباد بە خاکیان سپارد. بەخاکسپاردنی تـەرمی کـاک عـەزیز بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و بەشداریی ئایەتوڵا مکارمی شیرازی کە لەو سەردەمەدا حکومەتی شا دوریخستبووەوە بۆ مهابـاد، بـە شێوەیەکی ئـارام بـەڕێوەچوو. مامۆستا شێخ عیزەدینـی حوسێنی تـەلقینی دادا و پۆلیس و سـاواک ڕێگـر نـەبوون لـە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڵام ڕۆژی ١٠ / ٦ / ١٩٧٨ دوای سێ ڕۆژ ماتەمینیی لە خانەقای سەید نیزام کە لـە حەوشەی مزگـەوتی هەباس ئاغای بوو، خەڵک بە خۆپێشـاندانێکی ئـارام کـە چەنـد تـاجە گـوڵ و وێنـەی کـاک عـەزیزیان لەسـەر شـان بـوو، بـە شـەقامی شاپووردا بەرەو "گومبەزان" واتە گۆڕستانی مهاباد کەوتینەڕێ. لە دەوری گڵکۆی کاک عەزیز کۆبوینـەوە. کـاک جەلیل گـادانی وتـارێکی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی کاک عەزیز پێشکەش کرد.

لەو ڕۆژەدا یەکەم خۆپێشاندانی جەماوەریی بە دروشمی "مەرگ بەر شا" ، "بژی کـورد- بـژی کوردستـان"، "یـان کوردستان یـان کـورد نەمان" و "بمرێ شا" لە گۆرستانی مهاباد سەریهەڵدا و دواتر شاری ورمێ و سنە و شارەکانیتری کوردستان و ئازەربایجانی گرتـەوە. ڕۆژانـی هـەینی ژمارەیـەک تـورک بـە نـاوی یەکیـەتی کـورد و تورکانـەوە لـە ورمێ و میانـدواو و نەغـەدەوە دەهاتنـە مهابـاد و دوای تەواوبوونی نوێژی هەینی ، بەشداریی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی مهابادیان دەکرد.

# شەهید سەرگورد حەبیب الله عەبباسی

## ئەندامی ڕێبەری کۆنگرەی چوار




سەرگورد حەبیب الله عەبباسی یەکێک لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی کوردی خەڵکی مەهاباد بوو.ئەو لە کاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران دا لە خزمەتی دەکرد. هەر لەوێ لە گەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندیی گرت و وەک لایەنگرێکی چالاک دەستی کرد بە تێکۆشان. پاش سەرکەوتنی شۆڕش گەڕایەوە مەهاباد و لە بەرنامە دانان بۆ گرتنی پادگانی مەهاباد دا نەخشێکی بەرچاوی یاری کرد.

لە شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ دا خزمەتی گەورەی بە پێگەیاندنی پێشمەرگە کرد و لە بەرەکانی شەڕیش دا لە هەر جێ یەک پێویست با، ئامادەی خزمەت و فیداکاری بوو. بۆیە بوو بە خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

دوای کۆنگرە سەرگورد عەبباسی بوو بە بەرپرسی شووڕای نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد. دۆژمن زۆری لێ دەخەفتا و هەمیشە لە پیلانگێران دا بوو بۆ ئەوەی بتوانی لە نێوی بەرێ.

سەرەنجام کۆماری ئیسلامی زەفەری پێ برد. رۆژی ٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ پاسدارێکی خەڵکی ورمێ کە گۆیا دۆستی سەرگورد و عامیلی نفووزیی ئەو لە نێو ڕێژیم دابوو لە گەڵ پاسدارێکی دیکە دەچنە شووڕای نیزامی و داوای چاوپێکەوتنی سەرگورد دەکەن. سەرگورد ئیجازەی چاوپێکەوتن بە بەناو "هاوکار"ەکەی خۆی دەدا و کابرا بە چەکێکی ئوتوماتیکەوە ڕێگای دەدرێ بچێتە ژووری دەرگورد. پاش چەند دەقیقە ناوبراو دەسرێژ لە سەرگورد و هاوکارەکانی دەکا و دەسبەجێ سەرگورد و هاوکارێکی بە ناوی سەروان ئەحمەد چەلەبی

دەکوژێ و دەردەپەڕێ.(١)

پاش ئەنچامی ئەو عەمەلیاتە هەر دوو پاسدار بەرەو پادگانی مەهاباد ڕا دەکەن و پێشمەرگەکانیش وەدوایان دەکەون. لە ئاکامی تەقەی پێشمەرگەکان دا پاسدارێک دوکوژرێ. بەڵام تاوانباری ئەسڵی خۆی دەگەیەنێتە پادگانی مەهاباد. مەرگی سەرگورد عەبباسی داخێکی گرانی لەسەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دانا و سەنەدێکی دیکەی خستە سەر پەروەندەی پڕ لە غەدر و خەیانەتی دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەتی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئاخوندی.

------------------------

بۆ حەقیقەت مێژوو دەبێ بگوترێ ساڵی ١٣٦١ موجاهیدینی گەلی ئێران لە نێو شاری ورمێ ئەو تاوانبارەیان بە سزای کردەوەی خەیانەتکارانەی خۆی گەیاند.

سەرچاوە نیو سەدە تێکۆشان

---

## سەروان ئەحمەد جاویدفەر ناسراو بە : کاک هەژار

### ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




خەڵکی : مەهاباد

لە دایکبووی : قونقەڵا ١٩٥١

کاتی شەهیدبوون : ١٢ / ١٢ / ١٩٨١

شوێنی شەهیدبوون : کەندەڵ

شوێنی گڵکۆ : لاچین

چۆنیەتی شەهیدبوون : دەرگیری

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

ئەحمەد جاویدفەر کوڕی محەممەد، ساڵی ١٩٥١ لە ئاوایی قونقەڵای ناوچەی شاروێرانی مەهاباد دا لە دایک بووە.تا وەرگرتنی دیپلۆمی ئامادەیی لە مەهاباد دەرسی خوێندووە، و پاشان لە زانکۆی ئەفسەریی تاران وەرگیرا. پاش تەواو کردنی دەورەی زانکۆی ئەفسەری وەک ئەفسەرێکی لێهاتوو لە ریزی ئەرتەش دا جێگیر بوو.

ساڵی ١٩٧٩ پاش هەڵگیرسانی شەڕی داسەپاو بە سەر گەلی کورددا وەک ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی ئەم گەلە هاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەفتەری سیاسی حیزب بۆ بە تواناتر کردنی هێزی پێشەوا کاک هەژاری بە جێگری فەرماندەری ئەو هێزە دیاری کرد. چەند ڕۆژ دواتر واتە ٢١ / ١٠ / ١٩٨٠ لە کۆبونەوەیەک دا لە ئاوایی دەرمان سەر بە شارستانی مەهاباد کە بە بەشداریی فەرماندەرانی پێشمەرگەی هێزی پێشەواو کۆمیتەی شارستانی مەهابادو نوێنەرانی دەفتەری سیاسی پێک هات،کاک هەژار بە فەرماندەری هێزی پێشەوا دیاری کراکە پێشوازی گەرمی لێ کرا.

هەرچەند بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا زیاتر لە ساڵێک و چەند مانگ وەک فەرماندەری هێزی پێشـــەوا و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد درێژە بە خزمەتەکانی بدا،بەڵام هەر لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی گرینگ وکاریگەری لە ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی پلەی کارلێهاتوویی پێشمەرگەکانی ناوچەی مەهابادا گێڕا.

ڕۆژی ٩ / ١٢ / ١٩٨١ کاک هەژار لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا.

کاک هەژار دوو ڕۆژ دوای هەڵبژێرانی بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و مانەوە لە پۆستی فەرماندەریی هێزی شەهید پێشەوادا مەئمووریەتی پێ درا کە لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بۆ یارمەتیدان بە کۆمیتەی شارستانی بانەو هێزی شەهیدانی وردیی ئەوکاتی بانە کە ناوچەکەیان بە توندی کەوتبووە بەر هێرش و پەلاماری بەربڵاوی هێزەکانی ڕێژیم بچێتە ناوچەی بانە.کاک هەژار بە مەبەستی خۆئامادە کردن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریيەتە لە شوێنی کۆنگرە را بەرەو ناوچەی مەهاباد گەڕایەوە. ڕۆژی ١٢ / ١٢ / ١٩٨١ بۆ ماڵ ئاوایی لەکاک یۆسف سازواری و هاوڕێیانی کە حەوت ڕۆژ بوو شەهید کرابوون، لە سەر بەرنامەی لەپێش دا داڕێژراو،جەماوەرێکی زۆر لە زۆربەی گوندەکانی شاروێرانەوە لە گورستانی شەبەک کۆبونەوە، کاک هەژار بۆ یەکەمجار لە کۆبونەوەیەکی ئەوتۆدا بریاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دروشمی ڕوخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران

ڕاگەیاند. ئەو بڕیارە لەو سەردەمەدا دەگەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوڕوو بوو.

بە گەیشتنی کاک هەژار بۆ ناوچەی بانەو شوێنی تێکهەڵچوونی هێزەکانی ڕێژیم و پێشمەرگە، لە عەمەلیاتێکی قارەمانانەی هاوبەش لەگەڵ هێزی شەهیدانی وردی دا، هێزەکانی ڕێژیمیان تێک شکاندو ناچار بە پاشەکشەیان کردن. بەڵام لە کاتی پاشەکشەی بەکرێگیراوانی تاران دا ڕۆژی ۱۲ / ۱۲ / ۱۹۸۱ کاک هەژارکەوتە بەر گوللەی دوژمنانی ئازادی و دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و ماڵ ئاوایی لە وهاوسەنگەران و حیزبەکەی خواست.

ڕۆژی ۱۵ / ۱۲ / ۱۹۸۱ لە نێو خەم و پەژارەی خۆشەویستەکانی دا لە گۆڕستانی ئاوایی لاچین بە خاکی پاکی کوردستان ئەسپێردرا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی و ڕێگای گەیشتن بە ئاواتەکانی پڕ ڕێبوار بێ.

---

## شەهید عەبدوڵلا بەهرامی

### ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




هاوڕێ عەبدوڵلا بەهرامی خەباتگێڕی ماندوویی نەناسی ناوچەی هەورامان بوو.شەهید عەبدوڵلا بەهرامی کە ساڵی ۱۳۲۹ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە ناوچەی پاوە لە دایک ببوو، خوێندنی لە شارەکانی پاوە و کرماشان تەواو کردبوو و پاش وەرگرتنی دیپلۆمی کشت و کاڵی،ساڵی ۱۳۵۷ لە یانەی کەشاوەرزیی شاری پاوە دامەزرا. لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا چالاکانە بەشدار بوو و لە یەکەمین میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد دا کە بۆ ڕاگەیاندنی تێکۆشانی

ئاشکرای حیزب بەرپا کرا، بەشدار بوو. لەو کاتەوە چارە نووسی لە گەڵ چارە نووسی حیزبی دێموکرات گرێ درا.

هاوری بەهرامی لە ماوەی پێنج ساڵ تێکۆشانی سەخت و دژوار دا بە شارەزا بوون لە کەند و کۆسپەکانی ڕێگا خەبات و بە هەوڵ دان بۆ تەخت کردنی ڕێگای تێکۆشان لە ئەندامێکی ساکارەوە بوو بە ڕێبەرێکی لێوەشاوە. لە کۆنگرەی پێنجەم دا ١٥ای سەرماوەزی ١٣٦٠ ٦ی دیسامبری ١٩٨١ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆنگرەی شەشەمیش دا سەرلە نوێ هەڵبژێرایەوە. ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ - ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ پاش کۆنگرەی شەشەم بە ئەندامی ناوەندی ئاژوان کە بۆ سەرپەرستیی کاروباری حیزبی لە جنووبی کوردستان دامەزرا بوو، هەڵبژێردرا.

هاورێ عەبدوڵڵا بەهرامی لە قبووڵ کردنی بەرپرسایەتی و بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی سەرشانی دا ئازایەتی و فیداکاری یەکی کەم وێنەی لە خۆی نیشان دەدا. ڕێبەرێکی خەڵکی بوو کە لە گەڵ پێشمەرگە کان و وەک پێشمەرگەکان دەژیاو نموونەیەکی بەنرخی ئەخلاق بوو. ئەو ئاشقی حیزبەکەی و ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەلەکەی بوو. شانازیی بە ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتەوە دەکرد و لەوە کە پێشمەرگەی گیانفیدای ڕێگای رزگاریی گەلەکەیەتی هەستی بە سەربەرزی و شانازی دەکرد.

بەداخەوە ئەو تێکۆشەرە و ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی ناوەندی کە لە نێوان کۆنگرەکانی شەشەم و حەوتەم و راست لە ڕۆژی ٢٨ی بانەمەری ١٣٦٣ (١٨ای مای ١٩٨٤) دا واتە کەمتر لە چوار مانگ دوای هەڵبژێرانەوەی دوو بارەی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەهید بوو

## محەممەد ئەمین بارام‌میرزا  ناسراو بە: چرچە

### فەرماندەیی هێزی بەیان




خەڵکی : مەهاباد

لە دایکبووی : مەهاباد ١٩٥٧

کاتی شەهیدبوون : ٣٠ / ٧ / ١٩٨٤

شوێنی شەهیدبوون : شاروێران

شوێنی گڵکۆ : ...

چۆنیەتی شەهیدبوون : دەرگیری

فەرماندەیی هێزی بەیان

بیرەوەری حەماسەیەکی گەورەو شەهیدبوونی فەرماندەیەکی قارەمان و هاورێکانی دا  رۆژی ١٢ای پووشپەری ١٣٨٨ بیست وپێنجەمین ساڵیادی حەماسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەشتی شاروێران، لە ناوچەی مەهابادو شەهید بوونی محمد امین بارام میرزا (چرچە) فەرماندەری بە وەجی هێزی بەیان و ٢٤ کەس لە هاورێیانیەتی.

ئەم چەند دێرەی خوارەوە لە لایەک وەبیرهێنانەوەی یەکێک لە رووپەرە پڕ لە فیداکاری و قارەمانەتی یەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستانە کە لەو دا  پۆلێکی دیکە لە رۆڵەکانی کوردستان وێڕای تۆمار کردنی داستانێک لە بەرەنگاری لە نیشتمان، لە روو بەڕوو بوونەوە لە گەڵ سپای داگیر کەر و دژی کورد گیانیان بەختی سەربەرزی و بەختەوەریی وڵاتەکەیان کرد لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتێکە بۆ یادکردنەوە لە یاد و قارەمانەتیی یەکێک لە فەرماندەرە شەهیدەکانی هێزی پیشمەرگەی کوردستان.

٢٥ ساڵ لەمەوبەر (٢٢ی پوشپەری ١٣٦٣) کات بەرەبەری بەیانی، شوێن دەشتی شاروێرانی ناوچەی مهاباد. لەو ڕۆژەدا پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و هێزی پیشەوا و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی ڕێژیم لە شوێنە دیاری کراوەکانیان جێگیر بوون تا لە دەرفەتی لەبار زەبری کاریگەر لە ڕێژیم بدەن. پێشمەرگەکان لە سەنگەر دا هەموو چاوەڕوان بوون، هەناسەکان هەموو لە سنگ دا حەپس کرابوون، دڵە کوتە دڵی پڕ لە ئاواتی ڕاگرتبوون، دڵە کوتە بۆ سەرکەوتن، بۆ زەربە لێدان لە دوژمن.

خۆر بەرە بەرە هەڵ دەکشاو گرما و تین دەشتی شاروێرانی داگرتبوو، جوتیاران هەموو خەریکی کاری خۆیان بوون، هێزە کۆنەپەرەستەکان تاق ولۆق بە ڕێگای ورمێ مهاباد دا هاتوو چۆیان دەکرد. پێشمەرگە قامکی لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ، هەروا لە چاوەڕوانی دابوون کە لە یەکەم دەرفەت ستوونی نیزامی ومۆڵگەکانی ڕێژیم بتەزێنن.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ئەو ڕۆژە ڕێژیم هەست بە بوونی پێشمەرگەکان لەو ناوچەیە دا کرد هەر بۆیە بۆ زەبر لێدان لەوان بە هێزێکی زۆر و پۆشتەو پەرداخەوە لە هەموو لایەکەوە هێرش خۆی دەست پێ کرد. هەموو نیشانەکان تەعبیریان لە شەڕێکی خوێناوی دەکرد و زۆری و پۆشتەو پەرداخیی هێزی کۆنەپەرەستی لە پێشمەرگەی کوردستانی دەویست حەماسەیەکی دیکە بخوڵقێنێ و مێژووی پڕ لە فیداکاری و حەماسە خوڵقێنی نەتەوەی کورد دەوڵەمەندتر دەکا.

لەم بەربەرەکانی یە سەخت و خوێناوی یەش دا فەرماندەری لێهاتوو و ئازا و خاوەن بڕوا ڕووبەڕووی تاقیکاری یەکی سەختی دیکە بۆوە. ئەوە بوو ئەم جارەش لێهاتووی و ئازایەتی و بڕوای قووڵی بە ئامانجە بەرزەکانی کوردستان بسەلمێنێتەوە و بە فیداکاری و گیانبازی و فەرماندەریی لێزانانەی لەم شەڕەش دا چۆک بە دوژمنی پەلاماردەر دابدا.

هەر وەک چاوەڕوان دەکرا پارێزەرانی نیشتمان، ڕۆڵە پێشمەرگەکانی کوردستان توانیان لە شاروێرانیش وەک باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێزی دژە کورد و دژە ئازادیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێک بشکێنن و بەم چەشنە رووپەڕێکی زێڕینی دیکە لە حەماسە و فیداکاری و گیانبازی لە پێناو پاراستنی نیشتمان بەرنگاری لە ئازادی و سەروەری نەتەوەیی کورد بخەنە سەر مێژووی سەراسەر حەماسەو فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێز. لەو حەماسە گەورەیە دا کە بە شکانی ٥ هێرشی بەدوای یەکی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم و کوژرانی نزیکەی ٨٠ کەس لە هێزە پەلامار دەرەکان کۆتایی هات، ٢٥ ڕۆڵەی کورد و پێشمەرگەی دیموکرات

کە لە نێویاندا فەرماندەری بەووەج و قارەمان چرچەی بارام میرزاش بەدی دەکران بوونە هەوێنی تۆمار کردنی ئەم لاپەڕە زێرینە و مەزنترین سەرمایە واتە گیانیان بەخشی، تا شانازیی بەرگری یان لە خاک و نیشتمان و سەروەریی کوردستانیان پێ ببڕێ.

**حەمەدەمین بارام میرزا (چرچە):**

***ساڵی ١٣٣٦ ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک بووە. وەک زۆربەی منداڵانی کورد هەر لەمنداڵی یەوە لەگەڵ ئازارو مەینەتی و ئاواتەکانی نیشتمانەکەی ئاشنا بووە و تا گەورەتر بووە و توانایی بیر کردنەوەی زیاتر بووە زیاتر لە راستی یەکانی وڵاتەکەی گەیشتووە. ئەو دوای ئەوەی دەچێتە قوتابخانە، زۆر ئازایانە قۆناغەکانی خوێندن دەبڕێ و تا وەرگرتنی پلەی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن داوە. لە گەڵ دەست پێ کردنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی پاشایەتی، ئەویش کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو لەسەر هەست و وریا بوو، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسی یەوە. لەگەڵ دەستپێکرانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکرات و هێرشی نیزامی ئاخوندە بە دەسەڵات گەیشتووەکان، چرچەی بارام میرزا هزرو تێگەی و پێویستە بۆ بەرەنگار بوونەوەی کۆنە پەرەستی و بەرگری لە دەسکەوت و بەرژەوەندی یەکانی کوردستان پێویستە چەک هەڵگرێ و روو بکاتە بەرەکانی شەڕی رێژیمی ئیسلامی.***

**برایم چوکەڵی ٢٠١٠**

# شەهید سەدیق فەرۆخییان

## جێگری کۆمیتەی ناوەندی




هاورێی سەدیق فەرۆخییان، ڕۆڵەی بە نرخی زەحمەتکێشانی ناوچەی سەقز، ساڵی ١٣٥٧ هێشتا تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕانەگەیەندرا بوو، کە پێوەندیی بە حیزبەوە گرت و شانازیی ئەندامەتیی پێ درا.

پاش ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزب، ساڵی ١٣٥٨ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەقز و پاییزی ئەو ساڵە لە شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکان لە سەر ڕێگای سەقز – مەریوان دا بە توندی بریندار بوو. ساڵی ١٣٥٩ بوو بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی سەقز و لەو پۆستە تازەیە دا نەخشێکی گرنگی لە دیفاع لە سیاسەتەکانی حیزب و ئامانجەکانی گەلی کورد دا یاری کرد. ساڵی ١٣٦٢ کرا بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار و لە کۆنگرە شەشەم ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ - ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ دا بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

بەداخەوە هاورێ سەدیق فەرۆخییان بەرەبەیانی ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ١٣٦٤ ( ٢٠ی مارسی ١٩٨٥ ) لە هێرشی ئەفرادی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی ناوەندی ئاژوان لە جنووبی کوردستان شەهید بوو.

هاورێی سەدیق فەرۆخییان کادرێکی تێکۆشەر و قارەمان و دڵسۆز بوو کە بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی هەر چەندی قورستریش بایە ماندووی نەدەکرد. و ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر ئەنجامی ئەرکەکانی شێلگیرتر دەبوو. شەهید بوونی سەدیق فەرۆخییان وەک لە دەست چوونی هەموو تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکرات غەم و پەژارەی خستە نێو دڵی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە. ئەو کارەساتە لەو بارەشەوە دڵتەزێن بوو کە کاک سەدیق نە لە بەنگار بوونەوە لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی دا، بەڵکوو لە

پەلاماری کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی حیزب دا و بە دەستی رێکخراوێکی ئۆپۆزیسیونی کورد شەهید بوو.

## شەهید سەرگورد کەریم عەلییار

### ئەندامی کومیتەی ناوەندی




خەڵکی : عەمبار

لە دایکبووی : عەمبار ١٩٤١

کاتی شەهیدبوون : ٣٠ / ٦ / ١٩٨٥

شوێنی شەهیدبوون : ناوە

شوێنی گڵکۆ : ناوە . بانە

چۆنیەتی شەهیدبوون : دەرگیری

ئەندامی کومیتەی ناوەندی

**پشتت چەماندم**

لە دڵی بەردی چیای کوێستانا پەرییەک هاتو هەواڵی هێنا
وتی لەرزی هەرچی دەشتو کێوە کە جیهان گوردی لە ئامێز دانا
رەبی بشکێ دەسی زوڵمت دونیا بۆ شکاندت دەستی هانای هانا
بۆ بە بێ روحمی چەماندت پشتم باری قورسی خەمی تاڵت لێ نا

## بێبەش

لە ١٠ای مانگی پووشپەڕی ١٩٨٥, سەرگورد کەریمی عەلیار, ئەندامی کومیتەی ناوەندیو جێگری کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان, لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی لەشکری جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بانە, لەگەڵ ٣ پێشمەرگەی دیکەدا, بە ناوەکانی ئەبووبەکر کاکەبرا (ئەبوو سەقزی), سلێمان مام پیرۆتیو هەمزە شێخەیی, شەهید بوون. سەرگورد کەریمی عەلیار, بەر لەوەی بێتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان, لە ئەرتەشی ئێراندا خزمەتی دەکرد. ئەو, کۆلێژی ئەفسەریی تەواو کردبووو لیسانسی حوقووقی سیاسیشی وەرگرتبوو. شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی فارسی, تورکیو ئینگلیسیدا هەبووو لە کۆلێژی زمانی ئینگلیزی لە ئەرتەشدا نەفەری دووهەم هاتبۆوە. ئەگەرچی بنەماڵەکەی, لە کۆنەوە تێکەڵاوی سیاسەت بوونو تەنانەت مامو برایەکی لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتیدا, پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبوو, بەڵام سەرگورد عەلیار تا ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی نەچووە نێو تێکۆشانی سیاسییەوە. بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهاد لەلایەن خومەینییەوە لە دژی گەلی کوردو دەستپێکردنی بەرەنگاریی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی, سەرگورد کەریمی عەلیار, ئەرتەشی بەجێ هێشتو هاتە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستانەوەو تا ڕۆژی شەهیدبوونی, لە ریزی حیزبی دێموکراتو لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورددا, خەباتی کرد.

سەرگورد عەلیار, لەبەر پسپۆڕیو لێوەشاوەیی لە کاری نیزامیو فەرماندەریداو هەروەها بەبۆنەی بڕوای قووڵی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتەکەی, پاش ماوەیەکی کورت بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کراو لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد. لە ماوەی ٦ ساڵ بەرپرسایەتی لە کاروباری نیزامیدا, چ وەک فەرماندەی هێزو ئەندامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو چ وەک راوێژکاری نیزامیی دەفتەری سیاسی, سەرگورد عەلیار نیشانی دا کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕو بەرپرسێکی پسپۆرو شارەزایە.

سەرگورد عەلیار, ئەو کاتەی لە ئەرتەش دابوو, هیچ کات نەیدەشاردەوە کە ئەفسەرێکی کوردەو شانازیی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکرد. ئەم هەستە لەلایەکو ئاگاداربوون لە نێوەرۆکی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووو نیازە چەپەڵو دژی گەلییەکانی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە, هانی دا ببێ بە پێشمەرگەی گەلو نیشتمانەکەی, ئەگەرچی پلەی سەرگوردیی هەبوو, لە پێشمەرگایەتیو تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتیشدا سادەو ساکار دەژیا, ئەندامێکی بە دیسیپلینی حیزب بوو, هەر ئەرکێکی پێ سپێردرابا, بە شانازییەوە بەجێی دەگەیاند, مرۆڤێکی لەسەرەخۆ, بە ئەخلاقو ئەرکناس بووو زانستو ئەزموونو پسپۆریی خۆی بە سەخاوەتەوە نابووە خزمەت تێکۆشانی حیزبی دێموکراتو خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەی. ئەم تایبەتمەندییانە سەرگورد کەریمی عەلیاریان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا خۆشەویست کردبوو, هەربۆیە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ڕێبەندانی ١٩٨٣دا, بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

سەرگورد عەلیار, هەروا کە لە مەیدانی کردەوەو لە بەرەکانی شەڕدا فەرماندەرو ڕێنوێنی پێشمەرگەکان بوو, بە بیرو قەڵـەمی خۆشی لە بەرەوژووربردنی ئاستی زانستو زانیاریی فەرماندەرانو پێشمەرگەکانی حیزب, غافڵ نەبوو. جگە لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی مەسەلە نیزامییەکان لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا, زنجیرە باسێکیشی لەژێر ناوی "ئوسووڵی شەڕ" لە گۆڤاری "٢٦ی سەرماوەز" (ئۆرگانی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە دا دەست پێکرد کە بەداخەوە بەهۆی شەهیدبوونی تەنیا ٢ بەشی لێ بڵاو کرایەوە. نامیلکەیەکیشی بەناوی "جنگهای ویژە" ئامادە کرد کە دوای شەهیدبوونییەوە, چاپو بڵاو بۆوە.

سەرگورد کەریمی عەلیار ئەگەر لە ئەرتەشی ئێراندا مابایەوەو سەری بۆ ویستو داواکانی ڕێژیمی تازە دانوندباو خزمەتی نیازە دژی گەلیو کۆنەپەرستانەکانی ئەو ڕێژیمەی کردبا, بێگومان بەرپرسایەتیو پلەو پایەی زۆر لەو کەسانە بەرزتر دەبۆوە کە زۆر لە خوارەوەی ئەودا بوونو لە ئاکامی خزمەت بەو ڕێژیمەو خەیانەت بە ئامانجەکانی خەڵکی وڵاتەکەیان, بە مەقامو پۆستی بەرز گەیشتن. بەڵام ئەوە "پێشمەرگایەتیی گەلو نیشتمان"ی لە بەرپرسایەتیو پۆستو مەقامی بەرز لە ئەرتەشێکی سەرکوتکەرو دژی خەڵکدا, زۆر بەلاوە گەورەترو گرنگتر بوو. ژینی پێشمەرگایەتیی سەرگورد عەلیارو ماوەی خزمەتە بەنرخەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی هەقخوازانەی نەتەوەکەی بە داخەوە زۆر کورت بوو, چونکە لە شەشەمین ساڵی ئەم ژیانە نوێیەدا بوو کە شەهید بوو. بەڵام هەر ئەم ڕێبازو ژیانە نوێیە کە سەرگورد هەڵیبژاردو هەر ئەم ماوە کورتەی خزمەتی گەلو نیشتمان, جێگایەکی ئەبەدیو بەرزی بۆ ناوو یادی ئەم مرۆڤە لە دڵی مێژووی نەتەوەکەیدا دابین کرد.

لە ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی ئەم ڕۆڵە هەڵکەوتەی حیزبو گەلەکەمانو ئەم فەرماندە پایەبەرزەی پێشمەرگەکانی کوردستاندا, بە ڕێزەوە یادی ئەو سێ پێشمەرگە شەهیدەکەی هاوڕێی, ئەبووبەکر کاکەبرا, سلێمان مام پیرۆتو هەمزە شێخەیی دەکەینەوەو چەپکە گوڵی ئەمەگناسیو وەفاداری لەسەر گڵکۆکەیان دادەنێین.

قادر وریا

## شەهید تەها حەق تەڵەب
### راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی




شەهید تەها حەق تەڵەب ساڵی ١٣٢٠ لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەری شاری مەهاباد دا لە دایک ببوو، براکەی هاشم اقل الطلاب ناسراو بە "قادر شەریف" یەکیک لە بەرپرسانی بە ناوبانگی حیزب بوو کە ساڵی ١٣٤٩ لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان تیرۆر کرا. تەها حەق تەڵەب پاس وەرگرتنی لیسانسی فیزیک لە دەبیرستانەکانی مەهاباد دا دەستی بە دەرس گوتنەوە کرد. بەڵام چۆنکە بە ئازادیخواز دەناسرا، ساواک تێی هەڵ پێچا و نەی هێشت لەو شارە بمێنێتەوە. بۆیە چووە تاران و ماوەیەک لە دەبیرستانەکانی تاران کاری ئازادی کرد.دوایە لە وەزارەتی پۆست و تەلگراف دامەزرا.

کاک تەها حەق تەڵەب هەر لە منداڵی یەوە لە گەڵ کاری سیاسی تێکەڵ و لە گەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو. لە سەرەتای راپەرینی گەلانی ئێرانەوە بە ئاشکرا دەستی بە تێکۆشان کرد و بە چالاکی لە کاروباری جەمعیەتی کوردەکانی مەرکەز دا بەشدار بوو. دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە وەگەڕ خستنی تەشکیلاتی حیزب لە تاران دا نەخشی بەرچاوی یاری کرد و لە کاتی شەڕی سێ مانگەی ساڵی ١٣٥٨ دا ئەو و هاورێ یەکانی، لەو تەشکیلاتە کەڵکی باشیان بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان وەرگرت.


لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ وە بوو بە بەرپرسی تەشکیلاتی تاران و تا ئەو کاتەی گیرا خزمەتێکی زۆری بەو نەخۆش و بریندارانە کرد کە لە رێگای نهێنی یەوە بۆ دەرمان کردن دەچوونە تاران.
کاک تەها لە نێوان کۆنگرەکانی چوارەم و پێنجەم دا ببووە ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی. بەداخەوە دوژمن هەستی بە تێکۆشانی ناوبراو کرد و ساڵی ١٣٦٢ لە تاران گیرا. سەرەنجام رۆژی ١٥ی رەزبەری ساڵی ١٣٦٤ (٧ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥) لە

بەندیخانەی " ئەوین "ی تاران بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیعدام کرا.

شەهید تەها حەق تەڵەب نموونەی ئەندامیکی بە دیسیپلین و بەشەخسیەتی حیزبی بوو. ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و ئازا و خەباتگێر بوو. بە دەڵەوە حیزبی خۆش دەویست و خۆشەویستی حیزب و هاوڕێ حیزبی یەکانیشی بوو. زیندان و ئەشکەنجە ورەی پێ بەر نەدا و تا سەر بە ئامانجەکانی وەفادار مایەوە. ئەو مردنی بە سەربەرزیی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ژیانی بە سەربەرزی بۆ گەلەکەی وەدەست بێ.

## شەهید کەماڵ دەباغی

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




شەهید کەماڵ دەباغی ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) لە شاری مەهاباد لە دایک ببوو. ئەو کە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا هاتبووە دنیا بە ڕەنج و کوێرەوەری توانی تا وەرگرتنی (فوق دیپلۆم) دەرس بخوێنی و ببێ بە مامۆستای مەدرەسەی ڕاهنمایی لە مەهاباد. لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) هەتاوی بەم لاوە وەک لایەنگرێکی چالاکی حیزب بیروڕای ئازادیخوازیی لە نێو مامۆستایان و قۆتابی یان دا بڵاو دەکردەوە لە ماوەی ڕاپەرینی گەلانی ئێران دا تێکۆشانێکی بەرچاوی لە پێک هێنان و بەڕێوە بردنی خۆپێشاندان و بزووتنەوەی نارەزای یەکان دا هەبوو. لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش دا بە ڕەسمی بوو بە ئەندامی حیزب.

لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ای فێوریەی ١٩٨٠) لە شاری مەهاباد بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی

هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی رێک و پێک کردنی کۆمیتەکانی حیزب لە کرماشان و ئیلامی پێ سپێردرا، کە بە رێوەبردنی ئەم ئەرکە دا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدست هێنا. لە کۆنگرەی پێنجەمیش ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ - ٦ی دیسامبری ١٩٨١ دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرایەوە و ئەمجارە کرا بە بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی ناوەندی ئاژوان و بەرپرسی راستە و خۆی شارستانی کرماشان.

بەداخەوە مانگی بانەمەری ١٣٦١ (١٩٨٢) هاوری کەماڵ دەباغی لە کاتی بەرێوەبردنی ئەرکی حیزبی دا لە نێو شاری کرماشان گیرا و دوای چوار ساڵ ئازار و ئەشکەنجە لە زێندانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە کرماشان و سنە و تاران و ورمێ و دوای ئەوەی بە رواڵەت بە پازدە ساڵ زیندانی مەحکووم ببوو. لە ٣ی سەرماوزی ١٣٦٤ - ٢٤ی نوامبری ١٩٨٥ دا لە لایەن ئەو رێژیمەوە ئیعدام کرا. بەشەهید بوونی کەماڵ دەباغی حیزبی دێموکرات یەکێک لە باشترین و فیداکارترین رۆڵەکانی خۆی لە دەست دا.

بشکێنە داری جەزرە بە هەموو ئێسکی لەشم
تێکێ کە وە بە جارێ ، شەویلکە و ددانی من
بمکووژی حەستە مە بدرکێ ، قسەم لە لێو
مەرجی دە گەڵ ژیانمە ، دە می بێ زمانی من
ئە و لێوە ماچی کردووە ، بە یداغی قینی خەڵک
قە مچی جەفا ، نەهێنی ، چلۆن پێ دەخاتە روو!!

بەرێز ئاغای قەزاق زەحمەتی کێشا لە ژیان وخەبات و حەول و تێکۆشانی شەهیدی نەمر کاک کەمالی نووسی،لە سەر ئیزنیان منیش چەند دێرێک زیاد دەکەم سەبارەت بە خۆراگری و نەترسی لە کاتی ئەسارە ت و گیرانی دا بەدە ستی خوێنخۆران و دوژمنانی گەلی کورد، بۆهاوسەنگەران و هاورێیانی خۆشەویست لە چوار سال شکەنجە و ئازاری لە زیند انەکانی کرماشان ، تاران ، ورمێ ....
گەلی کورد وهاوسەنگەرانی پێویستە ئاگادار بن و بزانن کە گیران و لە داو کەوتنی ئەو گەورە پیاوە ش وە کی زۆری دی بە هاوکاری و یارمەتی جاش و زۆڵە کورد بوو کە کاری دوژمنیان سەهل و هاسان کردۆ و پشتی کورد بە خەیانەتی خائینان چە میوە .کاک کەماڵ دوای گیرانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەخرێتە ژێر جەزرەبەو ئازار و شکەنجە ی دوژمن ، تا لە زمانی خۆی ببیسن نێو و سمە ت و کەسایەتی ئەو زاتە بەرزە ، بەڵام وشەیەکی لێ نابیسن و بە شکەنجەو ئازارناتۆانن زە فەری پێ ببەن.... دوژمن کە دەبینێ حەولی بۆ ئیقرار وئیعتراف وەرگرتن بێ سوودە ،لە حاست ئەو هەمۆ نەترسی و خۆراگری وشەهامەتەدا، عاجز وهەراسان،دیسان بە یارمەتی وەرگرتن لە چڵکاو خۆرانی و رووبەروو کردنەوەی خۆفرۆشان وخائینانی گەلی کورد لە گەڵ کاک کەمال هۆویەتی بۆ دوژمن ئاشکرا دەبێ..

لە ژێر ئازار و شکەنجە ی زۆر لە زیندان دا تووشی نەخۆشێکی حەستەم دێت کە هەر چەند مانگ جارێک بۆ تەبابەت و دەرمان لە بیمارستانی کرماشان بەستەری دە بی،هەر وەکی خۆی فەرمووی ئەگەر ئازادیش بۆایە بە هۆی ئەو نەخۆشێ هێندە نەدژیا...

پێش ئیعدام وشیهید بوونی لە ئاخرین چاوپێکەوتن وملاقات دا،چۆنیەتی گیران وئازار وئە شکەنجە و جەزرەبەی زیندانی بۆ مەرحوومی بابم مەلا غەفووری دەبباغی باس کردبوو...

کا ک کەمالیش وەک پێشەوا وهاوڕێیانی ، وەک هەموو ڕێبوارانی ڕێی ئازادی سەری دانا لەڕێی ڕزگاری نیشتمانی ، تەسلیمی داوا وویستی دوژمن نەبوو تا دواپشوو... تەرمی پیرۆزی بە بەرگی جوانی پێشمەرگایەتی هاتەو باوەشی کەس وکارو شاری شەهید پەروەری مەهاباد.

تەنیا داوای بەر لە شەهید بوونی لە دوژمن ئەوە بوو ، کە بە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی ، هەربەو بەرگە کە کاتی گیرانی لەبەری دابوو پچێتە پای سێ دارە و بەشانازی سەری دانا لەرێی گەل ونیشتمانی . مەرگ ونەمان بۆ جاش وخائینانی گەل فرۆش کە وەک سەگ بۆسەولە هەمیشە لە بەرپێی دوژمنانی میللەتی کورد کلکە سووتەیان کردۆ و بە نۆکەری و چڵکاو خۆری بوونەتە هۆی تێک شکان ولاوز کردنی ریزەکانی خەبات ومانعێکی گەورە بوون لەسەر ڕێ شۆرشی ئازادی خۆازانەی گەلی کورد.....

# شەهید عەبدولحەکیم ڕەزایی

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




* شەهید عەبدولحەکیم ڕەزایی ساڵی ١٣٣٤ لە شاری پاوە لە دایک ببوو. لە ساڵی ١٣٤١ دا چوو بووە قوتابخانە و بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ساڵی ١٣٥٦ ( فەوق دیپڵۆم)ی لە ڕشتەی (عولومی ئینسانی) دا وەرگرتبوو.

* ساڵی ١٣٥٧ لە گەڵ ئاشکرا بوونی تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هاتە نێو ڕیزی خەباتگێرانی حیزب و لە بەر ئەوەی شارەزایی لە نووسین و ئەدەبیات دا هەبوو. کرا بە بەرپرسی بەشی تەبلیغات و بڵاو کردنەوەی حیزب لە پاوە.

* هاورێ حەکیم ڕەزایی لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨(١٩ای فێوریەی ١٩٨٠) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب دا بەشدار بوو. دوایی گەڕانەوەی لە کۆنگرە بە ئۆگری یەکی زیاترەوە پەرەی بە کار و تێکۆشانی خۆی دا.

* ساڵی ١٣٦٠ لە کاتیک دا ئەندامی کۆمیتەی شارستانی هەورامان بوو. کرا بە راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی.

* لە کۆنگرەی پێنجەم لە ١٥ای سەرماوەزی ١٣٦٠ - ٦ی دیسامبری ١٩٨١ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب.

* لە کۆنگرەی شەشەم لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ – ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ بۆ جاری دوویەم بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

* لە کۆنگرەی حەوتەم ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ - ١٧ای دیسامبری ١٩٨٥ بۆ جاری سێیەم بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

* پاش کۆنگرەی حەوتەم کرا بە بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان.

* ڕۆژی ٩ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٦٥، ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٦ کەمتر لە ساڵێک دوای تەواو بوونی کۆنگرەی حەوتەم هاوڕێی تێکۆشەر

کاک عەبدولحەکیم ڕەزایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەڵبەندی ٢ی جنووبی کوردستان دوای شەڕێکی قارەمانانە لە گەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی سەرشیوی سەقز شەهید بوو.

شەهید عەبدولحەکیم ڕەزایی یەکێک لە ئەندامی بەوەج و تێکۆشەر، لاوێکی بە هەست و شۆڕشگێڕ کە هیوای دوارۆژێکی ڕوونی لێ دەکرا شەهید بوو و چوو نێو کاروانی شەهیدانی حیزب و گەل .

---

## شەهید سەید ڕەسووڵ دێهقان ناسراو بە ( سەید ڕەسووڵی بابی گەورە )
## پێشمەرگە و ئەندامی پێشووی ڕێبەری




کاک سەیدڕەسووڵ ـ هەروەک بۆخۆی لە یادداشتەکانی دا نووسیویەتی ـ بەهاری ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی، بەرامبەری ١٩٣٦ی زایینی، لە حاڵێک دا ماڵی بابی لە حاڵی کۆچکردن دا بوون، لە ئەشکەوتی "چینچینۆکان" دا، کە لە چیایەکی ڕژد و هەڵەمووتی پشت گوندی "کانی زەرد"ی ناوچەی "سەرشاخان" دا هەڵکەوتوە، لە دایک بووە.

بنەماڵەی "بابی گەورە" کە سەیدڕەسووی تێدا لە دایک بووە، بنەماڵەیەکی بە نێوبانگی ناوچەکەن. ئەو بنەماڵەیە، کە لە سەردەمی ژیانی کاک سەیدڕەسووڵیش دا هەر لە ناوچەی سەرشاخان و لە گوندی "سەیداوا" کە بۆخۆیان ئاوەدانیان کردۆتەوە، ژیاون، بە هۆی ئەوەوە کە بابی گەورە، واتە باپیری کاک سەیدڕەسووڵ پیاوێکی دڵسۆز و خەڵکی بووە و وەک شێخ چاوی لێکراوە و زیاتر لەوەش بە هۆی هەستی نیشتمانویستی و کوردایەتییەوە، هەمیشە بۆ خەڵکی ناوچەی خۆیان و ناوچەکانی دەوروبەریشیان خۆشەویست بوون و

ڕێزیان لێگیراوە. ڕەنگە لێرە دا ئیشارەکردن بەو ڕاستی‌یەش بەجێ بێ کە هەڵکەوتنی کاک سەیدڕەسوو لەو بنەماڵەیەش قەدر و ڕێزی ئەوانی لە نێو خەڵک دا دووقات کردوە.

دەوری منداڵیی سەیدڕسووش وەک هەموو مندالانی ئەو سەردەمەی کوردستان بە شوانی و کاری نێو مووچە و مەزرا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەو کە منداڵێکی زیرەک بوو، چوارچێوەی بیری لە دنیای بچووکی دەوروبەری ئەوکاتی خۆی بەرینتر دەبۆوە و هەستی دەکرد پێویستیی بە خوێندن و وەدەستهێنانی زانیاری هەیە و بنەماڵەکەشیان دەسرۆیشتوو بوون و خەرجی خوێندنی ئەویان بۆ دابین دەکرا، توانی بابی ڕازی بکا و دەورەی سەرەتایی لە شاری مەهاباد بە سەرکەوتنەوە تەواو بکا.

وەگەڕکەوتنی هەستی خەبات لە دڵ و زەینی سەید ڕەسووی لاو دا ئەو کاتە ڕوو دەدا کە قۆناخێکی دژوار لە مێژووی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەستی پێکردوە: کات سەرەتای دەیەی سیی هەتاوی‌یە. زیاتر لە حەوت ـ هەشت ساڵ بە سەر ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارە درانی پێشەوا قازی محەممەد دا تێنەپەڕیوە.

برینەکان هێشتاش سارێژ نەبوونەوە و سینگەکان هێشتاش تژی لە هەناسەی ساردن. ڕۆڵە دڵسۆزەکان، ئەوانەی چاویان بەرایی نادا دیلی و زەلیلی نەتەوەکەیان ببینن و بۆیان قبووڵ ناکرێ مل بۆ نیری ژێردەستی ڕاکێشن، مشتوماڵی مێشک دەدەن، هێزی هەنگاو تاقی دەکەنەوە، دەیانەوێ ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان زیندوو کەنەوە و دەرەتانێک بۆ تێکۆشان بە نێو دەسەڵاتی ڕەشی ڕێژیم دا بدۆزنەوە. هەر ئەو بەینە کۆدیتای ٢٨ی گەلاوێژیش ڕووی داوە و بارودۆخەکە شێواوتر و دژوارترە. ماڵی بابی گەورە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" و "سەیداوێ" کە لە شوێنێکی هەرە کێوپارە و ئاستەمی هەرێمەکە هەڵکەوتوون و بە هاسانی دەستی ژاندرمەکانی ڕێژیمیان ناگاتێ، مەکۆی حاوانەوە و کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی ناسراوی وەک: کاک عەزیزی یۆسفی، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵلای ئیسحاقی(ئەحمەد تۆفیق)، خەلیلی سەدیقی، ئەسعەدی خودایاری، هاشمی ئەقەللوتتوللاب و زۆر خەباتکاری دیکەیە. ئەو کەسانە و زیاتر لە هەمووانیش نەمر عەزیز یۆسفی شوێن لە سەر سەید ڕەسووڵی لاو دادنێن و وردە وردە ناوبراو دەست بە کاری سیاسی دەکا و هەروەک بۆخۆی نووسیویەتی یەکەم چالاکیی سیاسیشی بردنی نامەی کاک عەزیز یۆسفی لە ماڵی خۆیانەوە بۆ عیسمەت خانمی کچی پێشەوا قازی لە مەهاباد بووە.

زۆری پێناچێ کاک سەید ڕەسووڵ لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی دا کە لە گوندی "کەڵەکۆکەی سەرێ" دەگیرێ، هەر لە لایەن کاک عەزیزەوە پێی ڕادەگەیەنرێ کە وەک ئەندامی ڕەسمیی حیزب وەرگیراوە و وێڕای تێکۆشەرانی دێرین، کاپیتان حەمەدی قادری، مەلا ڕەحمانی لاهیجانی، سەید حاجی کەڵەویە و کاک حوسێن لاسوور، بە ئەندامی کۆمیتەی لاجان دیاریکراوە. ئەویش ئەو ئەرکە قبووڵ دەکا ولەو کاتەوە دەبێتە ئەندامێکی بە ڕاپەڕی کۆمیتەی لاجان کە یەکێک لە کۆمیتە هەرە هەڵسووڕەکان و ئاڵقەی پێوەندی لە گەڵ زۆربەی کۆمیتەکانی دیکەی حیزب بووە.

١١ی گەلاوێژی ١٣٣٨ی هەتاوی، ئەو کاتەی شەپۆلی هێرشی ساواکی شا بۆ سەر ئەندامانی حیزب دەست پێدەکا، کاک سەیدڕەسووڵیش وەک زۆربەی تێکۆشەرانی دیکەی حیزب دەگیرێ و دوای ئەشکەنجەیەکی زۆری ڕووحی و جیسمی لە بەندیخانەکانی مەهاباد و تەورێز، بەڕێدەکرێتە زیندانی قزڵقەڵا و حوکمی ٥ ساڵ زیندانی بە سەر دا دەبڕێ.

کاک سەیدڕەسوول دوای کێشانی سێ ساڵ و شەش مانگ لە ماوەی بەندیبوونەکەی، ئازاد دەبێ و دێتەوە گوندی سەیداوای مەوتەنی کە خۆی گوتەنی بە دڵ و گیان ئاشقی بوو و زەحمەتێکی زۆری بۆ ئاوەدانکردنەوە و ڕێکوپێک کردنی کێشابوو. بەڵام حەسانەوەی لەو مەڵبەندە دڵبەندەی زۆر ناخایەنێ و هێشتا کابووسەکانی شەووڕۆژە تاڵەکانی زیندانی لە سەر لاناچن، کە تێیهەڵدەپێچنەوە و ساواک و سیخوڕەکانی وەدووی پێوشوێنی دەکەونەوە.

چەندین جار بانگی دەکەنەوە و لێکۆڵینەوەی لە گەڵ دەکەن. ئەویش کە دەزانێ ئەوانە وازی لێناهێنن و دەیگرنەوە، ناچار ماڵ و کەسوکاری بە جێدێڵی، بەرەو کوردستانی ئازادی باشوور دەڕوا و تێکەڵی هاوڕێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەبێتەوە. لەوێ لە لایەن هاوڕێیانی حیزبی‌یەوە وەک "ئەندامی کۆمیتەی چاوەدیریی بەرز" ی حیزب دیاری دەکرێ.

لەو کاتەوە کاک سەید ڕەسووڵ لە گەڵ هاوڕێیانی حیزبی لە باشووری کوردستان دەمێنێتەوە و گەلێک قۆناخی ئاستەم و پڕ کەند و لەندی خەبات تێدەپەڕێنێ. ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی، لە کۆنفڕانسیک دا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە کۆیە دەیگرێ، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ.

لە بەهاری ساڵی ٥٧ی هەتاوی دا، ئەوکاتەی دەروویەک بۆ کاری حیزبی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدی دەکرێ، کاک سەید ڕەسووڵی دیهقان یەکەم کادری حیزبی دێمۆکراتە کە دەگەڕێتەوە نێوخۆی کوردستان، ٢ مانگان دەمێنێتەوە، پێوەندی لە گەڵ ئەندامانی حیزب دەگرێتەوە و بواری هەڵسووران خۆش دەکاتەوە.

بە قەولی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە لە کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" دا باس دەکا: "ئەو تەنیا کەس بوو کە ئامادە بوو{لەو بارودۆخە دا} بێ قەید و شەرت بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا". پاشانیش بۆتە ئەندامی "کۆمیتەی زاگرۆس"ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە هەر لە پاییزی ئەو ساڵە دا بۆ کار و ڕێبەریی ڕێکخراوەکانی حیزب لە نێوخۆی وڵات پێکهاتوە و ئەندامانی گەڕاونەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاک سەید ڕەسووڵ لەو کۆمیتەیە دا بەرپرسایەتیی کاری حیزبیی ناوچەکانی نەغەدە، پیرانشار و شنۆی بە ئەستۆوە بووە.

دوای ئەوەی حیزبی دێمۆکرات تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەستپێکردەوە، کاک سەید ڕەسووڵ وەک یەکێک لە بەرپرسە پڕکار و ماندوویی نەناسەکانی حیزب لە نێو حیزب و کۆمەڵانی خەڵک دا کاری کرد و ناوی دەرکرد. ئەو هەم لە کۆنگرەی ٤ و هەم لە

کۆنگرەی پێنجی حیزب دا وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێررایەوە. لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، لە قۆناخێکی ئاستەمی دیکە و لە کاتێک دا دوژمن هێرشی توند و دڕندانەی خۆی بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەست پێکردبوو، ئەو فەرماندەری هێزی شەهید ئاوارەی ناوچەی پیرانشار بوو و ئەو هێزە بە تایبەت لە کاتی فەرماندەرایەتیی ئەو دا یەکێک لە کارامەترین هێزەکانی حیزب بوو.

کاک سەید ڕەسووڵ تا ئەو کاتەی بەرپرسایەتیی حیزبیی بە ئەستۆوە بوو، ساتێک لە ئەرک و سپاردەی نیشتمانیی خۆی خافڵ نەبوو و ئەوەندەی لە توانای دا بوو ماندوو بوو و کاری کرد. دوایین لێپرسراویشی لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب دا و پێڕاگەیشتن بە کاروباری کەمئەندامانی حیزب بوو و ئەوەش لەو کاتە دا بوو کە بنکەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە دۆڵی جافەتیی باشووری کوردستان دا جێگیر ببوون.

کاک سەید ڕەسووڵ دوای بڕینی ئەو قۆناخانە و زیاتر لە سێ دەیە خزمەت بە نەتەوەکەی لە ڕیزەکانی حیزب دا، لە مانگی حەوتی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی دا وازی لە کاری حیزبی هێنا و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بوو. بە داخێکی گرانەوە نێزیک بە دووساڵ و سێمانگ دواتر و لە بەیانیی ڕۆژی ٦ / ٧ / ٦٦ (٢٨ / ٩ / ١٩٨٧) لە ماڵەکەی خۆی دا کەوتە بەر دەسڕێژی چەند چەکداری نەناسراو و بە شێوەیەکی مەزلوومانە شەهید کرا.

شەهیدبوونی کاک سەید ڕەسووڵ بۆ بزووتنەوەی کوردستان، حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی خەسارێکی گەورە بوو و بەڕاستی دڵی هەموو ئەو کەسانەی بە سەختی خەفەتبار کرد، کە ئەویان دەناسی و بایەخ و شوێنی تێکۆشانی ئەویان لەخەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان دا دەزانی.

ئەگەر بمانەوێ لە چەند وشە دا پەسنی ئەو تێکۆشەرە شەهیدە بکەین، دەبێ بڵێین کە ئەو پیاوێکی ڕوح سووک، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز، پێشمەرگەیەکی ئازا، فەرماندەرێکی کارزان، کادرێکی بە وەج و ڕێبەرێکی بە توانا بوو. کاک سەید ڕەسوول یەکێک لەو ڕێبەرانە بوو کە بە هۆی خزمەتی بێدریغ و خەڵکی بوونی خۆشەویستی ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک بوو.
یادی شەهیدی نەمر سەید ڕەسووڵی بابی گەورە لە دڵمان دا زیندوو رادەگرین.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان - کۆمیتەی سوئێد

## خدر خزری  ناسراو بە : خدرە سوور

### فەرماندەری هێزی پێشەوا




لە دایکبووی : مەهاباد ١٩٥٤

کاتی شەهیدبوون : ٢٩ / ٩ / ١٩٨٧

شوێنی شەهیدبوون : تەرەغە

شوێنی گڵکۆ : برایم خەسار

چۆنیەتی شەهیدبوون : دەرگیری

فەرماندەری هێزی پێشەوا

هاوڕێ خدر خزری ناسراو بە خدرەسوور ساڵی ١٩٥٤ لە شاری قارەمان پەروەری مەهاباد. لە دایک بوو ،لە تەمەنی حەوت ساڵی دەستی بە خوێندن کرد ، هەر لەو ساڵەدا بوو کە کاک موسا باوکی کاک خدر کۆچی دوایی کرد .

خدرەسوور بە هۆی دەس تەنگی بنەماڵەکەی ناچار بوو لە دەورانی خوێندنی ناوەندی دا دەست بە کـارو کاسپی بکـات . سەرەڕای ئـەو کۆسپ و لە مپەرانەی سەر ڕێگای ژنانی ، هیچ کات لەخوێندنەکەشی دوا نە کەوت . دوای وەرگرتنی دیپلۆمی ئامادەیی و تـەواو کردنـی دوو ساڵ سەربازی ، وەک مامۆستای قوتابخانە لە ناوچەی ئـالانی سەردەشت دەستی بـە دەرس گـوتن کـرد. ژیـانی دێهـاتی و ئاشنایی خدرەسوور بە ژیانی دواکەوتویی زەحمەتکێشانی کوردستان ، شاهیدی زوڵم و زۆری دەسەڵاتـدارانی ڕێژیمی شا سەبارەت بە خەڵکی کوردستان ، هەستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لە بیرو هۆشی ئەم لاوە خوێنگەرمە دا و هەستی شۆڕشگێرانەی زیاتر بێزاری لەو

رێژیمە دا پەرەی دەستاند . هەر بۆیەش لە شۆڕشی سەراسەری گەلانی ئیران ساڵەکانی ٧٩ - ١٩٧٨ چالاکانە لە زۆربەی رێپێوان و خۆپیشاندانەکانی شارەکانی بانە ، سەردەشت مەهاباد دا بەشداری کرد .

ساڵی ١٩٨١ کاک خدرە سوور رەسمەن پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کرد . وەک پێشمەرگەیەکی سادە لە لکی ٣ی هێزی پێشەوا دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کرد. هاورێ خدرە سوور بە هۆی کارلێهاتویی و ئازایەتی توانی پلەکانی بەرپرسایەتی بە پەلە تێ پەڕ بکات . ساڵی ١٩٨١ کرا بە سەردەستە ، ساڵی ١٩٨٢ کرا بە جێگری لکی ٣ ، ساڵی ١٩٨٣ کرا بە فەرماندەری لکی ٣ ، ساڵی ١٩٨٥ کرا بە جێگری هێزی پێشەوا ، سەرنجام ساڵی ١٩٨٦ بوو بە فەرماندەری هێزی پێشەوا و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد.

---

## شەهید سەدیق فیروزی
## جێگری کۆمیتەی ناوەندی




خەڵکی : نسڵ

لە دایکبووی : نسڵ ١٩٦٠

کاتی شەهیدبوون : ١٨ / ٧ / ١٩٨٨

شۆێنی شەهیدبوون : سەردە

شۆێنی گڵکۆ : سەردەی بێڵەوار

چۆنیەتیی شەهیدبوون : دەرگیری

جێگری کۆمیتەی ناوەندی

هاوڕێی نەمرمان کاک سەدیق فیروزی لە ساڵی ١٩٦٠لە ئاوایی نسڵ (ناوچەی شامیان)ی مەریوان لە دایک بوو. خوێندنی خۆی هەتا وەرگرتنی دیپلۆم لە شارەکانی مەریوان و سنە درێژە پێدا. هەر لە منداڵی وە لەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەری دەستەو یەخە بوو لە سەرانسەری دەورەی خوێندنی دا ناچار بۆ کاتی پشوودان و تەعتیلیەکەی بۆ کارکردن تەرخان بکا,تا خەرجی خوێندنی خۆی پەیدا بکا و ئەگەر بتوانێ یارمەتێک بە بنەماڵە هەژارەکەی بدا . ژیانی سیاسی کاک سەدیق لە ساڵەکانی ٧٩ - ١٩٧٨ وە دەستی پێ کرد. لە سەرەتادا وەک ئەندامی،جەمعیەتی قوتابیانی سنە، بۆ ڕێک و پێککردنی خەباتی قوتابیان هەوڵیدا.پاشان پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت. بە بەرپرسی یەکیەتی لاوانی ئاوایەکانی نسڵ و گۆشخانی دیاری کرا. هەر لەو کاتەدا سەرەڕای تەمەن کەمی بە هۆی لێهاتوویی لە لایەن خەڵکی ئاواییەکەیانەوە وەک شووڕای دێ هەڵبژێردرا.کاک سەدیقی لاو هێشتا لە سەرەتای کاری شۆرشگێری خۆی دا بوو کە باوکی هەژاری کۆچی دوایی کرد و سەدیقی لەگەڵ کۆمەڵێک تەنگ و چەڵەمە بەجێ هێشت. کاک سەدیق ناچار بوو لە دوو ڕێگە یەکێک هەڵ بژێرێ . یا دەست لە کاری شۆڕشگێری ئاشکرا هەڵگرێ و بنەماڵە هەژارەکەی بەخێوبکا. یا ڕێگای سەختو دژواری خەباتی شۆڕشگێڕانە درێژە پێبدا.کاک سەدیق کە وەک هەموو شۆڕشگێریکی راستەقینە قازانجی بنەماڵەکی بەستراوە بە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی دەزانی، ڕێگای دووهەمی هەڵبژاردو ژیانی خۆی تەرخانی خەبات لە ڕێگای رزگاری هەموو ئەو کەسانە دا کرد کە وەک بنەماڵەکەی بەش خوراو و زوڵم لێکراو بوون. هاورێ سەدیق کوڕی ڕۆژی تەنگانە و هاوسەنگەرێکی وەفاداری شۆڕشگێڕان بوو. سەختیو دژواری خەبات وگیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەی تێکەڵ لەگەڵ زەخت و زۆری ڕێژیمی دژی گەلی بۆ سەر بنەماڵەکەی نەک هەر نەیان توانی ئەو شۆڕشگێڕە لە خەبات سارد بکەنەوە بەڵکوو هەر ئەندازە زەخت زۆرتر دەبوو هەر بەو رادەیە بڕوا و ئیمانی کاک سەدیق بۆ بەربەرەکانی دەچوو سەرتر.ئەو لە پێشمەرگایەتێ وە دەستی پێکرد،کادریلک،ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەریوان،بەرپرسی کۆمیتە لە ناوچەکانی شامیانو سەرشیو.بەرپرسایەتی لک، ئەندامی هەیئەتی ئیجراییکۆمیتەی شارستانی مەریوان، ئەندامی مەڵبەندی یەکی جنووب وبەرپرسایەتی کۆمیتەی شارستانی مەریوان بەشێک لەو بەرپرسایەتیانە بوون کە پێش کۆنگرەی ٨ لە ئەستۆی بوون.

سەرنجام بە هۆی شارەزایی و لێوەشاوەیی یەوە لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب دا ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ای ژانویەی ١٩٨٨ وەک ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و کرا بە ئەندامی مەڵبەندی یەک و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کرماشان.

کاک سەدیق زۆر دڵسۆزانە و شیلگیرانە ئەرکەکانی خەباتی بە جێ دەگەیاند و لەو مەیدانە دا ماندوویی نەدەناسی. بە داخەوە ئەو هاوڕێ بەوەجە زۆرتر نەژیا تا زۆرتر خزمەت بە ئامانجەکانی گەل بکا.

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ - ٢٨ ی ژوئەنی ١٩٨٨ پاش شەڕێکی قارەمانانە لە گەڵ بەکرێگیرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی کامیاران شەهید بوو و درێژە دانی ڕێگاکەی بە هاوسەنگەرەکانی سپارد.

١٢ای ژانویەی ٢٠٠٨

# شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو

## سکرتێری گشتیی حیزب



عەبدولرەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا) ی ساڵی ١٣٠٩ای هەتاوی رێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ زایینیدا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن ملکی دەست رۆیشتوودا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی، پێشان لە ورمێو دوایە لە تاران تەواوکرد. هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بووو بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکیدا جووڵا.

بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا پڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆویتییەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە راستو رەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

(چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ١٣٦٧ لاپەری ٦٢ ـ ٦١).

عەبدولرەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی

کرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕوویدا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادییە دێموکراتییەکان لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانییەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا عەبدولڕەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە ڕەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێو وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند.

لەو ماوەیەدا کە لە پراگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پراگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیەدا وەک نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان‌دا لە شاری بووداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میلیی دوکتور موسەدیق‌دا عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پراگ‌دا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهابادو لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوەو بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیەدا عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێک هات.

عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦ جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێک لە بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارەدا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٣٣٩ عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پراگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) قاسملوو لەزانستگەی پڕاگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرتو هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پڕاگ دەرسی ئابووریی سەرمایەداریو ئابووریی سۆسیالیستیو تیئۆریی هەڵدانی ئابووری" ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێبو نامێلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی "کوردستانو کورد"ە. ئەم کتێبە لە جێدا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبیو کوردیو فارسیو هێندیوچەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چیکیو رووسی بە باشی دەزانیو بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا رادەیەک ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارسو رێککەوتنی نێوان رێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەکوردستانی عێراقو دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لەکوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک رێبەرێکی کارزانو شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولییەتدا کاروباری جیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای رێبەر دوکتور قاسملوو رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبداللە قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتە ی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تیرورە ناجوانمێرانەیەدا دوکتور فازل رەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیروریستانە شەهید بوو.

وەرگێڕاو لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە ١٦٣، پووشپەری ١٣٦٩ (ژوئیەی ١٩٩٠)

# شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هاوڕێی ژیان و مردنی دوکتور قاسملوو

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




ساڵی ١٣٣١ لە شاری نەغدە لە دایک بوو، خوێندنی سەرتایی هەر لەو شارە تەواو کردو دوایە بۆ درێژەدانی خوێندن لە هونەرەستان چووە شاری ورمێ و دیپلۆمی وەرگرت. تەنیا حەڤدە ساڵی تەمەن بوو کە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و پاش ماوەیەک خەباتی نهێنی بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب هاتە پێش و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە. دڵسۆزی و پرکاری و لە خۆ بووردەیی لەلایەک و زیرەکی و خوێندەواری و وشیاریی سیاسی لە لایەکی دیکە مەودایەکی بەرینیان بۆ پێگەیشتنی ئەو هاوڕێیە ڕەخساند. زۆری پێ نەچوو بۆ ماوەیەک بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و دواتر گوازرایەوە بۆ ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی. لە دەفتەری سیاسی ماوەیەک لە رادیۆ کاری کرد. لەو بەشە دا زۆر بەکەڵک بوو، چونکە جگە لە زمانی خۆی، دوو زمانی فارسی و تورکییشی زۆر باش دەزانین و بە هەر دووکیان دەی نووسی. ماوەیەک لە کۆمیسیۆنی ماڵی خزمەتی کرد، چونکە لە بەشی حیسابداری دا شارەزایی باشی هەبوو، هەر لەو کاتەش دا نموونەی دەستپاکی و ئەمانەتداری بوو. ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە بە خەمی بریندار و نەخۆش و پێشمەرگە و خەڵکەوە بوو.

بەڵام ئەو کارەی عەبدوڵلا قادری ئازەر زیاتر گەشەی تێدا کردو بەرەوپێشی برد کار لە پێوەندییەکانی دەرەوە بوو کە لەو بەشەدا بوو بە هاوکاری راستەوخۆی دوکتور قاسملووی نەمر. لە ژێر دەستی دوکتوردا پێ گەیشت. ماوەیەک لە بەغدا بوو، زۆر زوو جێی خۆی کردەوە، زمان بە خێرایی فێر بوو، بەجۆرێک کە هەموو کارەکانی راستەو خۆو بێ پێویستیی وەرگێڕ جێبەجێ دەکردن. کاتێک لێوەشاوەیی خۆی لەو بەشەدا بۆ هەمووان دەرخست بیر لەوە کرایەوە کە بنێردرێتە پاریس پێتەختی فەرانسە و بکرێتە بەرپرسی دەفتەری حیزب و نوێنەری حیزب لە ئورووپا یان باشتر بڵێین دەرەوەی کوردستان بەگشتی. لەو ماوەیەدا کۆنگرەی حەوتەمی

حیزب بەستراو ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەو پلە حیزبییەشی بەهەق بە لێوەشاوەیی و کارزانیی خۆی پێ سپێردرا. کاتێک بەدوای هەڵبژێرانی دا ناردرایە پاریس و ئەو پۆستە گرنگەی وەرگرت، لەگەڵ زەمان کەوتە پێشبرکێ. دەبوو زوو فێری زمانی فەڕانسەیی بێ و هەر لەو کاتەدا رێ و شوێنی کاری دیپلۆماسی و ژیان لە ئورووپا و لەگەڵ ئورووپاییەکان شارەزایی پەیدا بکا کە دیارە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام توانایی و لێوەشاوەیی عەبدوڵلا شتێکی دیکە بوو. زووتر لەوە کە چاوەڕوان دەکرا فێری زمان بوو، و زۆر زووش لەگەڵ ژیانی ئورووپا راهات و لەگەڵ فەرانسەییەکان پێوەندیی گەرمی دۆستایەتی و سیاسی و دیپلۆماسیی دامەزراند. بە ڕاستی دۆستە فەڕانسەییەکان ئۆگری بوون، ستایشیان دەکردو لێی رازی بوون .

کار دەگەڵ قاسملووی رێبەرو لە بەردەستی دیپلۆماتێکی وا شارەزادا بۆ قوتابییەکی زیرەک و ئۆگرو لە خۆ بوردوو وەک عەبدوڵلا قادری دەرفەتێکی زێڕین بوو. بۆی رەخسا رۆژنامەنووسان، نووسەران، سیاسەتوانان، دیپلۆماتەکان و بەگشتی خەڵکی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک فەڕانسە بناسێ و دەگەڵیان ببێتە دۆست و هاوڕێ. لە کاتی بوونی دوکتور قاسملوو لە دەرەوە هاوڕێ و هاوسەفەر و لە نەبوونی وی دا نوێنەری بوو. بۆیە دەرگەی هەموو شوێنێکی بۆ لە سەرپشت بوو، و بە هەقیش کەڵکی لە دەرفەت وەرگرت و خۆی پێ گەیاند.

عەبدوڵلا هاوڕێ و هاوکاری تا سەری قاسملووی رێبەر بوو. بۆ سەفەری هاتونەهاتیش هاوسەفەری بوو. نیشانەکان دەریان خست کە زۆر بە قووڵی هەستی بەو مەترسییە کردوە کە بۆ خۆی و رێبەرە خۆشەویستەکەی لە کەمین دا بووە. بەڵام ئامادە نەبوو لێی هەڵ ببڕێ، لە تەنگانەدا پشتی تێ کاو بە تەنیا رەوانەی بۆسەی دوژمنانی ئازادیی بکا. ئەو ڕازی نەبوو پاش قاسملوو بژی و پێی باش بوو لە باوەشی قاسملوودا بمرێ و لە پایینی کێلەکەی قاسملوودا بنێژرێ.

بەداخەوە لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە کاتی وتووێژ لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ چارەسەری ئاشتی خوازانەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناجوانمیرانە لە گەڵ دکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزب و فازل رەسووڵ بەدەست پیاو کوژانی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی لە وییە پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تیرۆر کران.

هەزاران سڵاو لە گیانی و شانازی بۆ وی کە هەتا سەر بە رێبازی حیزبەکەی و ئامانجی گەلەکەی و هاو چارەنووسی دەگەڵ رێبەرەکەی وەفادار ما. روحی شاد و رێگەی خەباتی پر رێبوار.

٧ ئەم بابەتە لە ژمارە ٥١٤ ی "کوردستان"، تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بڵاوکراوەتەوە

# کورتەیەک لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شەهید ڕەشاد حوسەینی

## ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی




ڕەشاد لە ساڵی ١٣٤٣ هەتاووی لە گوندی کاشتەر سەر بە ناوچەی بێڵەوار لە دایک بووە. ئەو تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی کاشتەر خوێندوە. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ناردویانە بۆ شاری کرماشان و تا ساڵی ئاخەری مامناوەندی لە ڕشتەی ریازی و فیزیک لە دەبیرستانی ڕازی ئەو شارە درێژەی بە خوێندن داوە. لەو کاتەدا ئەو کە درێژەی بە خوێندن ئەدەدا شۆڕشی گەلانی ئیران هەڵگرسا. ئەویش وەکوو زۆربەی قوتابیانی ڕووناکبیر لە چالاکی سیاسی و کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوە چریکەکانی فیدای خەڵک لەو ماوەدا چالاک بوو. لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدین و چریکەکانی فیدایی خەڵک ڕێپێوانێکیان دژی سیاسەتی ئەو سەردەمی ڕژیم بە ناوی هەڵبژاردنی ڕیاسەتی جیمهوری ساز کرد. ڕەشاد یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە بوو کە لە لایەن هێزی سپا و ئیتڵاعەت گیرا و بۆ ماوەی دوو هەفتە زیندان کرا.

ڕەشاد لە ماوەی خوێندنیدا یەکێک لە شاگردە بلیمەتەکان بوو لە نێو دەبیرستانی ڕازیدا. ئەو هەروەها زۆر ئۆگر بوو بۆ خوێندن و بردنەسەری زانیاری گشتی و ئەمش بوو بە هۆی ئەوە کە زوو دەرک بکا بە ستەمی نەتەوایەتی دژی گەلی کورد. لە هاوینی ١٣٥٩ کاتیک پشوودانی قوتابخانەکان دەستیان پێکرد ئەویش گەڕایەوە بۆ گوندی کاشتەر. هەر لەو هاوینەدا ڕژیم هێرشی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان کە ئەو کاتە لە دەست ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بوو. کاتێک کە ڕەشاد گەڕاوە بۆ کاشتەر ناوچە لە دەست هێزی پێشمەرگە بوو. ئەو مەبەستی هاتنی وەک هاوینەکانی پێش بۆ یارمەتی بنەماڵکەی بۆ کاری جوتیاری نەبوو بەڵکوو بڕیاری ئەوەی دابوو کە بێتە نێو یەکێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان.

مەقەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاشتەر و دەوروبەری بوو و بەو بۆنەوە رەشاد پەیوەندی بە بەرپرسی ئەو کاتەی یەکێتی لاوانی حیزب کاک حیسامی ئەسعەدی کرد. سەرەڕای ئەوە کە رەشاد بیر و بۆچوونێکی چەپی هەبوو بەڵام بە هۆی ئەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی میلی و دیموکراتی بوو و ئەوان زۆرتر بۆ خاک و نەتەوە خەباتیان ئەکرد، رەشاد هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و دەستی کرد بە تێکۆشانی سیاسی و تەبلیغی خۆی. هەر لە ماوەیەکی کورتدا رەشاد تووانی لە گوندەکانی ناوچەی بێڵەواردا وەکوو کادرێکی یەکێتی لاوان دروشمی رۆژانەی ئەو سەردەمە سیاسەتی جیزبی دیموکراتی کوردستان، لقاودانی سیاسەتەکانی رژیم دژ بە خەلکی کورد بەتاییەت بۆ لاوان رابگەیەنێت.

لە پایزی هەر ئەو ساڵە لە ناوچەی سنە، لە گوندی شیان کلاسێکی یەک مانگەی کادریی پێکهێنرا و رەشادیش بەشدار بوو لەو کلاسە. بۆ سافکردنەوەی کومیتەی شارستانی کامیارنی ئەو کاتە سەرەڕای ئەوە کە رەشاد تەنیا تەمەنی هەڤدە ساڵە بوو بەڵام بە هۆی لێوەشاوەیی و تێکوشانی لەو ماوە کورتەدا رەشاد نیشانی دا کە ئەو کادرێکی دڵسۆز و تێکۆشەرە هەر بۆیە لە لایەنی زۆربەی کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب لە ناوچ هەلبژێردرا بۆ ئەندامی کومیتەی شارستانی کامیاران و بەرپرسی یەکێتی لاوان.

لە ساڵی ١٣٦٠ لە لایەن پلۆنۆمی کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیار درا هێزیک بە ناوی بێستوون و کومیتەی شارستان کرماشان پێک بهێنرێت. بۆ دانانی کومیتەی شارستانی کرماشان چەند کادرێکیان دیاری کرد و رەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە هەڵبژێردرا وەکوو ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی بەرپرسی بەشی تەشکیلات. هەر ئەو ساڵەش کۆنفرانس گیرا بۆ کۆنگرەی ٦ و ئەندامانی کومیتەی شارستانی کامیاران و روانسەر. لە کۆنفرانسەدا رەشاد هەڵبژێردرا وەک نوێنەری حیزب بۆ کونگرە و وەک ئەندامی کومیتەی شارستانی کرماشان و بەرپرسی کومیتەی شاری کامیاران.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ وەکوو بەرپرسی بەشی تەبلیغات و چاپەمەنی لە ناوەندی ئاژوان کاری کردووە. لە ساڵی ١٣٦٣ دووبارە گەرایەوە کومیتەی شارستانی کرماشان وەک بەرپرسی تەشکیلات و ئاموزش. رەشاد هەروەها بۆ ماوەی ٦ مانگ بەشداری کرد لە کلاسی عالی حیزبدا کە حیزب بۆ کادرەکانی دانابوو.لە کۆنگرەی ٧ دا نوێنەر بوو و کاتێک دەفتەری سیاسی حیزب مەڵبەندی یەکی جنوبیان پێک هێنا رەشاد بوو بە ئەندامی مەڵبەند و بەرپرسی بەشی ئاموزش.

لەسەر پێشنیاری دەفتەری سیاسی ئەو کاتە کە داوایان لە مەڵبەند کرد بوو کە گوایە پێویستیان بە رەشادە وەکوو کادری رادیو ناوچەی بەجێهێشت بۆ دەفتەری سیاسی. ئەمە سەرەڕای ئەوە کە رەشاد خۆی پێیخۆش نەبوو بڕوات بۆ دەفتەری سیاسی و لەوێ کار بکا چونکە ئەو پێی وا بوو مەبەستێکی تر لە پشت ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی دایە. بۆ خۆی هەستی دەکرد کە قەت رێگای نادەن لە بەشی رادیو کار بکا و هەروەهاش وا دەرچوو. ئەویان برد لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی وەکوو دەستبەسەرکراو دایان نا. تەنیا کاری ئەو ئەوە بوو گۆڤاری ،جەنگ لە کوردستان، کە گۆڤارێکی مانگانە بوو بەستەبەندی بکا و رەوانەی کومیتەکانی حیزبی بکات. ئەمانە

هەمووی سەرەڕای ئەوە رەشاد پێویست بوو لە ناوچە و لەوێ کادرێکی چالاک و دڵسۆز بوو و پەیوەندیکی نەپچڕاوی لەگەڵ خەڵکی ناوچەدا هەبوو و چەندین ساڵ لەوێ تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی هەبوو. بەڵام رێبەرانی ئەو دەمەی حێزب پێویستیان بە خەڵکانێک هەبوو کە بەڵی قوربانیان بۆ بکات و رەشاد یەکێک لەو کادرانە بوو کە ڕووڕاست و دایم هەڵویستی خۆی هەبوو و لەبەر ئەمەش رەشادیان لە ناوچە دوور خستەوە و هەرەوەهاش هۆیەکی تریش ئەوە بوو کە کۆنگەرەی ٨ لە پێشدا بوو. بەو جۆرە رەشادیان هەم لە کۆنگەرە و هەم لە ناوچە دوور خستەوە.

پاش کۆنگەرەی ٨ ناکۆکی لەنێوان بەشێک لە سەرکردایەتی و بەدەنی حیزبدا هەبوو کە بوون بە هۆی ئەوە لە حیزبدا ئینشیعاب روو بدا. ئەو باڵەی سەرکردایەتی و بەدەنە حیزب بە ناو رێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوونی خۆیان راگەیاند و رەشادیش یەکیک لە بەرهەڵستکارانیی کۆنگەرەی ٨ بوو. رەشاد و بەشێک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و مەڵبەندی ١ هاتنە نێو رێبەرایەتی شۆڕشگێر.

رەشاد لە سیمیناری ٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان ریبەرایەتی شۆڕشگێر وەک مشاوەری کومیتەی مەرکەزی هەڵبژێردرا. ئەو وەکوو بەرپرسی کومیتەی شارستانی کرماشان و ئەندامی مەڵبەندی ١ ئەرکی بەرپرسایەتی بە ئەستۆ گرت و درێژەی بە تێکۆشانی کاری تەشکیلاتی و سیاسی خۆی دا تا ئەو کاتە بە پێشنیاری خۆی و رەزامەندی رێبەرایەتی گەڕاوە بۆ ناوچە و تێکۆشانی سیاسی بە شێوەیەکی تر واتە لە رێگەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵک.

بەداخەوە بە شێوەیەکی نادیار لە لایەن هێزی ئیتلاعاتی رژیمەوە لە شاری سنە گیرا و پاش چەند مانگ زیندان و ئەنشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە لایەن حکوومەتەوە لە رێکەوتی ٢٨ی مانگی ١٠ی ١٣٦٨ (١٨ی ژانویەی ١٩٩٠) ئیعدام کرا.

# شەهید عەلی کاشف پور

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




خەڵکی : هۆوەسنێ

ساڵی شەهید بوون: ١٩٩٠

عەلی کاشفپور ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی پیرانجیک لە ناوچەی ورمێ لە دایک بوو، پاش لە دایک بوونی عەلی ، بنەماڵەکەیان چوونە گوندی هۆوەسنێ سەر بە شاری ورمێ . خوێندنی سەرەتایی هەر لەو گوندە تەواو کرد و بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ ورمێ ، ناوبراو هەتا وەرگرتنی دیپلۆم هەر لە شاری ورمێ درێژەی بە خوێندن دا . پاش وەرگرتنی دیپلۆم لە کۆنکووری سەرتاسەری بەشداری کرد و لە زانستگای تەوریز لە بەشی کۆمەڵناسی قبووڵ بوو. دوای ساڵێک ناوبراو دیسان بەشداری کۆنکووری سەرتاسەری کرد و لە زانستگای تاران لە بەشی حقووقی سیاسی وەرگیرا و پاش چووار ساڵ خوێندن لە زانستگای تاران ، ساڵی ١٩٧٨ کە سەر هەڵدانی خەڵک لە ئێران دژی رژیم دەستی پێکرد ، وەک هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر کە تێکەڵاوی ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵک بوو و هەستی بە چەوسانەوە دەکرد ، زۆر چالاکانە بەشداری خۆپێشاندانەکانی دەکرد و خەڵکی دژی رژیم هاندەدا. کاک عەلی کاشفپور چەندین جار لە لایەن کاربەدەستانی ساواک بە تاوانی بوونی هەستی کوردایەتی و رووناکبیریەوە خرایە نێو سیاچاڵەکانی رژیمی گەندەڵی پاشایەتی، و ئەویش یەکێک لەو کەسانە بوو کە نە تەنیا زەبر و زەنگ و ئازار و ئەشکەنجە بە چۆکی دا نەهێنا ، بەڵکوو ئەو ئازار و ئەشکەنجانە بوونە هەوێنی خۆراگری و بەربەرەکانی لە بەرامبەر ساواکی دڵ رەش و بێ بەزە و کورد کوژی رژیمی پەهلەوی. دوژمن کە زانی چی لێ هەڵناوەرێ ئازادی کرد ، بەڵام بە نهێنی هەر لە ژێر جاوەدێری ساواک و دەست و پێوەندەکانی دا بوو .


به دووای رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنە کایەی ئازادی و تێکۆشانی بەر بڵاوی تێکۆشەرانی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان و هاتنە کایەی حزب و رێکخراوەکانی سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا و خۆسازماندانی تێکۆشەران لە نێو ئەحزابی سیاسی دا، کاک عەلی کاشفپور وەک هەموو تێکۆشەر و کوردێکی دڵسۆز و بە لە بەرچاو گرتنی ئەو هەموو زوڵم و زۆرێی کە لە زەمانی دەسەڵات داری شا ساواک بە سەر کوردیان هێنابوو ، بڕیاری دا کە بۆ درێژە دان بە خەبات و وەدەست هێنانی ماڤی رەوای گەلەکەی و رزگاری کورد لە چەوسانەوە ببێتە ئەندامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. ساڵی ١٩٧٨ وەک زۆربەی شۆڕشگێڕانی کورد لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە بەر کرد و هەستی بە بەرپرسایەتێکی قورس دەکرد و بە تەواوی وجوودەوە هەوڵی بۆ دەدا و لەو رێگایەش دا بە شاهیدی هەموو کەس یەکێک لە باشترین و بە ئەمەگترین و دڵسۆزترین و سادقترین ئەندامی حیزب بوو لە ناوچەی ورمێ و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش دا بە خۆش نێو و تێکۆشەرێکی کورد نێو بانگی دەرکردبوو و ببوو بە جێگای باوەر و متمانەی خەڵک و زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتی و ناوخۆیەکانی بە بیر و هزرێکی شۆڕشگێڕانەوە چارەسەر دەکرد. کاک عەلی لە ماوەیەکی کورت دا توانی کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچە بێنێتە نێو رێزی حیزبی دیمکراتی کوردستان و هەستێکی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری لە نێو خەڵک دا پەرە پێ بدا .

کاک عەلی کاشفپور، سەرەڕای وەی کە لە باری سیاسێوە کادرێکی بە ئەزموون و لێهاتوو بوو، پێشمەرگەیەکی قارەمانی مەیدانەکانی شەڕ بە دژی دوژمنانی ئازادی و کۆنەپەرەستی بوو، هیچ کات ئیجازەی بە خۆی نەدەدا کە ، مەسئولییەت بەرچاوی بگرێ و بە شێوەیەکی غەڵەت کەڵکی لێوەربگرێ ، هەمیشە خۆی بە چووکترین پێشمەرگە و خزمەتگوزاری خەڵک و پێشمەرگە دادەنا ، هەر ئەو ئاکار و کردەوەی بەرزی ناوبراو بوو کە زیاتر هیمایەکی پیاوانە و شۆڕشگێڕانەی بە کاک عەلی بەخشیبوو و هەموو کەس لە گەورە و چووکەوە رێز و ئیحترامی تایبەتیان بۆ دادەنا.

ساڵی ١٩٧٩ لە کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو ، کاک عەلی بە هۆی لێهاتوویی و لێزانی و هەست و بیری شۆرشگێڕانەی کە هەیبوو ، وەک جێگری کومیتەی ناوەندی دیاری کراو ، دوای گەڕانەوەی بۆ ناوچەی شوومالی کوردستان چالاکانەتر لە جاران کار و ئەرکەکانی پێئەسپێردراوی کۆنگرەی ٤ی بەو پەڕی ئیمان و لەخۆبوردوویەوە بەڕێوە دەبرد و رۆژ دەگەڵ رۆژ ئەندامانی حیزب لە ناوچەکە دا کار و تێکۆشانیان پەرەی دەستاند و، داگیرکەرانی کوردستان وەخۆکەوتن و بە فرۆکە بۆمب هاوێژەکانیان گوندی " ئاخچەقەلعە " ی سەر بە شاری ورمێ یان بۆمباران کرد ، کە بوو بە هۆی بریندار بوونی کاک عەلی کاشفپور . بەڵام بە خۆشێوە زۆری نەخایاند کە برینەکەی چاک بۆوە و نەتەنیا ورەی دانەبەزی ، بەڵکوو دڵخۆشکەر و هاندەری کادر و پێشمەرگەکانیش بوو کە لە سەر کارەکانی خۆیان سوور بن و ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بەڕێوە بەرن. ساڵی ١٩٨١ لە کۆنگرەی پێنجی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کاک عەلی بۆ بە کومیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتی فێرگەی لە باری سیاسێوە لە ناوچەی ورمێی پێ ئەسپێردرا ، زۆر بە باشی و رێک و پێکی کارەکانی بەڕێوە دەبرد و زۆر کەس لە ژێر چاوەدێری ناوبراو دا پەروەردە بوون و لە نێو حیزب دا پێگەیشتن و هیندێکیشیان بە داخەوە شەهید بوون و مەرگ مەودای نەدا زیاتر خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. کاک عەلی ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن حیزبەوە ناردرا بۆ فەرانسە و بۆ ماوەی مانگێک لەوێ بوو و پاشان گەڕاوە بۆ کوردستان و دەیگووت :

بستێک خاکی کوردستان ، هەمووی ئوروپا دێنێ و ژیانی پێشمەرگایەتیش ، گەورەترین شانازییە کە بە نسیبی هەموو کەس نابێ. ناوبراو کە قاڵبووی کورەی خەبات و بەربەرەکانی دەگەڵ زوڵم و زۆر و چەوسانەوە بوو لە فەرانسەش هانی نەداو لە خۆپێشاندانەکانی دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەشداری چالاکانەی هەبوو . کاک عەلی کاشفپور هەتا کاتی شەهید بوونی شەرەفی ئەندامێتی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی هەبوو ، دوای هەڵوێستگرتنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەڵوێستی گرت و بە دوای دەست بە کار بوونەوەی دووبارەیان دیسان بۆوە بە بەرپرسی شوومالی کوردستان و هەر وەک جاران بە ئیمانەوە درێژەی بە کار و باری سیاسی و نیزامی لە ناوچە دا ، ساڵی ١٩٩٠ بە هۆی گیر و گرفتی بنەماڵە کە لە تورکیە بۆیان هاتبوو پێش ڕێبەرایەتی حیزب داوای لێکرد کە بە هانای بنەماڵەکەیەوە بچێ و لەو گرفتە ڕزگاریان بکا ، بەڵام ڕازی نەدەبوو کە حیزب بە جێ بێڵێ ، بەڵام پاشان ڕازی بوو کە بچێ و ڕزگاریان بکا و بۆ خۆی بە زوویی بگەڕێتەوە نێو حیزب ، دوای ماوەیەک کە دوژمنی بەدفەڕ هەمیشە لە هەلێک دەگەڕێ بۆ زەربە وەشاندن، بە هۆی جاش و سیخوڕەکانێوە ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەوەی لێی دەگەڕێن لێرەیە ، بەداخەوە شەوی ١٥ / ٨ / ١٩٩٠ لە شاری قوونیە ٣ کەس بە جل و بەرگی پۆلیسی تورکی دەچنە ماڵە کاک عەلی و بە زۆر لە ماڵی دێننە دەر و لە پێش چاوی ژن و منداڵی بە لێدان و ڕاکێشان دەگەڵ خۆیان دەبەن و دوای ماوەیەک بە دەست و چاوی بەستراو کە هەموو لەشی لە ژێر شکەنجەو ئازار دا شێوا بوو شەهیدیان کردو لە سەر جادەی قوونیە و ئانکارا فڕێیان دابوو.ئەو کردەوە دڕندانەیە لە لایەن تیرۆریستانی ئێران و بێگومان بە هاوکاری میتی تورکی بەڕێوە چوو کە خەسارێکی گەورە لە جووڵانەو بە تایبەتی شوومالی کوردستان کەوت. بێگوومان کاک عەلی ئەوەڵین و ئاخرین کەس نابێ کە لە پێناو گەلەکەی دا گیانی خۆی فیدا دەکا، بەڵام هەتا کەسێکی دیکە ئاوا بەم شێوەیە پەروەردە دەبێ و جێگای ناو براو دەگرێتەوە مەودایەکی زۆری دەوێ ، هەربۆیە دەبێ دیسان بڵێم حەیف و مخابن شەهید بوو و بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و هەڵکەوتووی لەدەست داو ناوچەی شوومالی کوردستانیش هەمیشە شانازی بە جێ پێی کاک عەلی کاشفپورەوە دەکەن. پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری شەهیدانی کوردستان بڕووخێ ڕژیمی کۆنەپەرەست و تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران .

## شەهید د. سادق شەرەفکەندی
### سکرتێری گشتیی



سادقی شەرەفکەندی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی ژانوییەی ١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی منداڵی دا باوکی لەدەستداو سەرپەرستیيەکەی، کەوتە سەرشانی براگەورەکەی، شاعیرو نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا "هەژار"ی نەمر. سەردەمی منداڵیی محەممەد سادق، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران‌و دامەزراندنی کۆماری کوردستان. رێنۆینی‌و ئاموژگاریەکانی برا زاناو خەباتگێرەکەی‌و زۆر دیمەن لە قۆناخی مێژوویی ئەوکات لەبیرو زەینی‌دا نەخشی بەست.

پۆلی یەک‌و دووی سەرەتایی لە بوکان‌و پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرساوە، خویندنی سەرەتایی‌و ناوەندی لەو شارەو ساڵی ئاخیری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کردو ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرت. شایانی سەرنجە کە لە هەموو پلەکانی خویندندا یان خاوەنی پلەی یەکەم یان یەکێک لە باشترین قوتابیان‌و خوێندکاران بوو. هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمی‌و هەتا ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ی زایینی) لە شارەکانی ورمێ‌و مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتی‌یەوە خەریک بوو. لەوماوەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکردو بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان زەحمەتێکی زۆرو بەرچاوی کێشا بە جۆرێک کە ئەو قوتابی‌یانە کە ئەو دەرسی پێ‌دەگوتن‌و لە زانستگاکان قبووڵ دەبوون، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبوون. سەرەنجام "ساواک"، دەزگای جاسوسیی رێژیمی حەمە رەزا شا ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ رەوا نەدی‌و لە گەڵ ژمارەیەک ماموستای دیکەی هابیرو هاوکاری بۆ شارەکانی "اراک"و "کرج"و چەند شاری دیکەی دوور خستنەوە. محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ زانستگای"تربیت معلم" نەقڵ کراو وەک ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ

ئەسپێردرا. پاش نیشاندانی لێوەشاوەیی‌یەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) بە کەڵک وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیه) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. دوکتور سادق شەرفکەندی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تارانو وەک "استادیار"ی شیمی لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا کە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەربۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایانو خوێندکارانی ئەو زانستگایەو وەک مامۆستایەکی دڵسوزو لە هەمان کاتیشدا خەباتگێڕ ناوی دەرکرد. دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ی زایینی) کاتێک لە پاریس دەورەی دوکتورای دەدیت، لە ڕێگای مامۆستای مەزن دوکتور "عبدالرحمان قاسملو"ی ڕێبەرمانەوە لەگەڵ بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو داوای ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتیی حیزبو لەو پێوەندی‌یەدا زەحمەتێکی زۆری کێشاو زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسی‌یەوە. دوای ڕووخانی ریژیمی پاشایەتی‌و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندی‌و ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ (فیورییەی ١٩٨٠ی زایینی) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا کە ئەو بەرپرسایەتی‌یەشی بە لێوەشاوەیی‌و کارزانی‌یەوە بە ئەنجام گەیاند. سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواووەخت بانگ کرایەوە کوردستانو هەموو توانای خۆی لە خزمەت حیزب نا. لە پلینومی کومیتەی ناوەندی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا بە ئەندامی دەفتەر سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەمو نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و لە کومیتەی ناوەندییشدا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

دوکتور سادق شەرفکەندی ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (رادیوو چاپەمەنی)ی لە سەرشان بووو لە ساڵی ١٣٦٥ەوە هەتا کاتی شەهید بوونی مامۆستای گەورەمان دوکتور "قاسملوو"ی نەمر ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستووە بوو. دوکتور سادق شەرفکەندی لە یەکەم پلینومی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهیدبوونی (٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٣٧١) ریکەوتی ١٧ای سیپتامبری ١٩٩٢) ئەرکو بەرپرسایەتیی قورسی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی بەڕێوەدەبرد. خەباتگێڕی مەزنی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرفکەندی لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی دواییدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ڕێبەرایەتیی حیزبو جووڵانەوەی گەلەکەماندا هەبوو. یەکێک لە بەوەجترینو شارەزاترین ڕێبەرانی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی میللی . دێموکراتیکی گەلەکەمان بووو بە هەق دەبێ بڵێین کە قوتابی‌یەکی لێوەشاوەو یارێکی وەفاداری دوکتور قاسملووی نەمر بووو پاش دوکتور قاسملوویش بوو بە مامۆستای ئیدامەکاری‌و درێژەدان بە ڕێبازو ڕێگای دوکتور قاسملووو بە لێهاتووی‌و لێوەشاوەیی خۆی نەیهێشت بێ قاسملوویش بەم جۆرە کە ئاواتی دوژمنانی بزووتنەوە بوو بە حیزبەوە دیار بێ. دوکتور سادق هەر لەو کاتەوە کە هاتە نێو ڕێبەرایەتیی حیزب یەکێک لە دارێژەرانی کاریگەری سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب بوو، لەسەر پاراستنی

ئوسووڵو پرنسیپەکانی حیزب شێلگیرو پێداگر بوو، ئەفرادی دوو دڵو ڕاڕای دەدانە بەر هێرشو ڕێگای پێ نەدەدان شوێنی خراپ لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەو کاروباری حیزبی دابنێن. ئەو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویستن بەڵام ئەو خۆشەویستی‌یە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی کادرو پێشمەرگەکانو کاروباری ئەوان دانەدەنا. دڵپاکیو بێغەرەزیی کاک دوکتور سەعید بۆ هەموو هاوڕێیانی حیزبی بە تەواوی دەرکەوتبوو هەر بۆیەش ئامۆژگاریەکانی وەردەگیران. نەخشی گرینگی تەشکیلاتی لە حیزبو بزووتنەوەدا زۆر بە باشی هەست پێکردبوو، بەڵام هەرگیز تەشکیلاتی بەجێ خەلک دانەدەناو لە دەمارگرژیو سکتاریستی بەدوور بوو، چونکە ئەو تەشکیلاتی حیزبو خودی حیزبیشی بۆ ڕێبەرایەتی‌کردنی خەباتی گەل دەویستن. تێکۆشەر دوکتور سادق ئینسانێکی شوجاع، بەورە، بەئەخلاق، ڕاستگۆو دروستکارو بەڕاستی سادق بوو. لە هەقو عەداڵەت پشتیوانی دەکردو لە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانە لە سیاسەتو کردەوەدا کەڵکی وەردەگرت. ئینسانێکی پڕکار بووو ماندوویی نەدەناسی، هەموو کاتو وەختی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە حیزبی‌یەکان تەرخان کردبوو، شۆڕشگێڕێکی بە تەواو ماناو دێموکرتێکی واقیعی بوو، کە لە هەر کارو کردەوەو هەڵوێستێکی‌دا ئەو تایبەتمەندی‌یانەی خۆیان دەنواند. بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسیو مافی گەلانی ئێران هەبوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێوانەی هەر حەرەکەتێکی خەباتگێڕانە لە ئێرانو کوردستاندا بریتی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئازادیو دێموکراسیو مافە ڕەواکانی گەلی کوردو گەلانی ئێران. سیاسەتو تاکتیک بۆ دوکتور سادق زاراوەو دەستەواژەی خەیاڵیو زەینی نەبوون، لە ڕوانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو، هەر بۆیەش بەهەقو کردەوە ببوو بە ئاوێنەی تایبەتمەندی‌یە مەزنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور سادق شەرەفکەندی ئینسانێکی خاکیو خەڵکیو بە"تواچع" بوو، هەر ئەوەندە کە لە ڕاست دۆستان و هاوڕێیانی دا ڕووخۆشو بەگوزەشت بوو، لە ڕاست دوژمنانو نەیارانی حیزبو گەلدا توند و بێلێبوردن بوو، قورسو قایم لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستاو زەڕڕەیەک "نرمش"و هەنگاوێک گەڕانەوەی بۆ نەبوو. ئەو خەڵکی کوردستانی بە ڕەگو پێستی‌یەوە خۆش دەویست، هەر بۆیەش گیانو ژیانی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو. ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک ئامرازی بردنە پێشی مەبەستەکانی خۆیان دەوێ، ئەو بۆ خۆی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بووو جگە لە قازانجو بەرژەوندی‌یەکانی گەل هیچ قازانجو بەرژەوندی‌یەکی تایبەتیو شەخسی بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەو بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تەنیا هەر سکرتێری گشتی نەبوو، ئەو دۆستو هاواڵی هاوڕێیان بووو بە ڕادەیەک لەگەڵیان تێکەڵاوو لێیان نیزیک بوو کە هەر هاوڕێیەک بە ڕاشکاوی دەیتوانی پریسکەی دڵی خۆی لە لای هەڵڕێژێو لە ڕێنوێنی‌یە بە کەڵکەکانی کەڵک وەبگرێ. کاک دوکتور سادق بڕوایەکی قووڵی بە هاوکاریی گەلانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو، لەو بڕوایەدا بوو کە ڕووخاندنی ڕێژیمی ئاخوندی بەبێ نیزیکیو هاوکاریو هاوپێوەندی هێزە نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕەکانی ئێران، کارێکی مومکین یان لانی کەم هاسان نیە، هەر بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرتو بە کردەوە هەوڵی بۆ دەداو سەرنجام لەو ڕێیەدا گیانی بەختی ئازادیی ئێرانو خودموختاری کوردستان کرد. یادو ناوی شەرەفکەندیی مەزن هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوەو خەباتو تێکوشانی پڕشنگداری لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلی کوردو خەڵکی ئێرانداو تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکانی دوای نەمانیشی ڕێنوێنو ئیلهامدەری تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان دەبێ.

# شەهید فەتاح عەبدولی

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی



کاک فەتاح ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی "وەزنێ"ی ناوچەی سندووسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لەدایک بووو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە گوندەکەیان و شاری نەغەدە تەواو کرد و بە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وەک لاوێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو بە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کاک فەتاح لە کومیتەی نەغەدە دا کاروباری ئینتشاراتی و تەبلیغاتی و هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری "یەکیەتی" (ئۆرگانی کومیتە شارستانی نەغەدە کە ١١ ژمارەی لێ دەرچوو) لە ئەستۆ بوو،

و بەمجۆرە هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد.
بەرپرسایەتی یەکانی بریتی بوون لە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە شارستانی نەغەدە،
بەرپرسی کومیتە شارستانی نەغەدە،

* ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ - ٢٢ی ژانویەی١٩٨٤ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دواتر لە لایەن دەفتەری سیاسی یەوە بە بەرپرسی کومیتە شارستانی سنە دیاری کرا،

* ٢٦ی سەرماوەزی١٣٦٤ ١٧ی دیسامبری ١٩٨٥ لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستانی کەوتە سەر شان و دواتر وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت درێژەی بە ئەرکەکانی خۆی داو.

* ٢٨ی بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ی ژانویەی ١٩٨٨لە لە کۆنگرەی هەشتەم بۆ جاری دوویەم بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا.

* ١ی بەفرانباری ١٣٧٠ ٢٢ی دیسامبری ١٩٩١ لە کۆنگرەی نۆهەمدا سەرلەنوێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە.

* دوای شەهتد بوونی عەبدوڵلا قادری ئازەر، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەروەی وڵات لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا کە لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیەوە بەرێوە چوو. ڕێبەرایەتیی حیزب هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە بەرپرسایەتیی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستانی بە کاک فەتاح بسپێرێ.

* کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێ: "پاش ئەوەی کە کاک عەبدوڵڵا قادری، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ کاک دوکتور قاسملوو لە ئوتریش تیرۆر کرا، دەبوو هاوڕێیەکی دیکەی کومیتەی ناوەندی بۆ جێی کاک عەبدوڵڵا وەکوو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات دیاری بکرێ. پاش باسێک لە دەفتەری سیاسی و هەڵسەنگاندنی ئەندامێکی موناسب بۆ ئەو کارە لە دەرەوەی وڵات بەو ئاکامە گەیشتین کە کاک فەتاح بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی دەتوانێ ئەو مەسئوولییەتە بەڕێوە ببات".

هەر لەو کۆبوونەوەدا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بڕیار دەدا کە کاک حەسەن شەرەفی بە پێی شناختێک کە لە کاروباری دەرەوەی وڵات هەیبوو، لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی بچێ بۆ فەڕانسە، بۆیە کاک حەسەن شەرەفی بۆ ماوەی مانگێک لەگەڵ کاک فەتاح عەبدولی لە فەرانسەدا دەبێ و ئەزموونەکانی خۆی وەکوو ئەرکێکی پێ ئەسپێردراو دەخاتە خزمەت بەرپرسی نوێی کاروباری تەشکیلاتیو ئەرکەکانی دیکەی کە نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات هەیەتی، بە جۆرێک رادەپەڕاند کە هەم ڕەزایەتی دەفتەری سیاسیی لێکەوتبووەوەو هەم ئۆرگانەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات پێی خۆشحاڵ بوون".

* فەتاح عەبدولی لە ماوەیەکی کەم دا لە مەیدانی کاری سیاسی و دیپلۆماسی دا زۆر چووە پێش و سەرکەوتوو بوو. ئەوانەی فەتاح عەبدولی یان دەناسی شاهیدی دەدەن ئەگەر تێرۆریستانی دەست پەروەردەی کۆماری ئیسلامی گیانی پاکی ئەویان نەستاندبا بە دڵنیایی یەوە یەکێک لەو کەسایەتیانە دەبوو کە گەلی کورد و حیزبەکەی خزمەتی گەورەترو رۆڵی گەورەتریان لێ چاوەروان دەکرد.

* شەهید فەتتاح عەبدولی لە رێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی،لە گەڵ هاورێیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب و ، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و خەباتگێری ناسراوی ئێرانی و دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، لە کۆببوونەوە یەک دا کە لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو لایەنەکانی ئوپوزیسیون لە دژی کۆماری ئیسلامیی، لە ریستۆرانی میکونووس لە شاری بێرلین لە وەڵاتی ئاڵمان خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بوون. کەوتنە بەر دەسرێژی تیررۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامیی کە بەداخەوە هەر چوار کەسیان شەهید بوون.

رۆژنامەی کوردستان

# بەڕێز بێت یادی شەهید کاک هۆمایون ئەردەڵان

## ئەندامی ڕێبەری پێشوو




یەدوللا سۆڵتان پەنا

لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا بە دەیان هەزار مرۆڤی شۆڕشگێر گیانی خۆیان لە ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان لە ژێر داگیرکاری بەخت کردوە، بە ملیۆنان لە خەڵکی وڵاتەکەمان دوای تێکۆشان و کوێرەوەری زۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج ، بێ ئەوەی بە ئاواتیان بگەن .

بە داخەوە سەریان ناوەتەوە و هەر ئێستاش ڕۆڵەکانی ئەوان گیرۆدەی بە کۆتایی گەیاندنی ئەم ئەرکەنە نەتەوەیە پیرۆزەی سەر شانیانن. بەو هیوایە بە یەکگرتوویی و هەنگاوی ژیرانەی سیاسەتوانان، پارتە کوردیەکان و خەڵکی کورد، کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ بەدی بێت .

لەم باسە دا بە بۆنەی هەژدە ساڵەی تیرۆری ریبەری زانای حدکا و بەشێکی وڵاتەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەس رژیمی دژی کورد و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران یادی پێشمەرگەی ماندوویی نەناس و بە ئەمەگی گەلەکەمان کاک هۆمایون ئەردەلان تازە دەکەینەوە کە لە ڕاستیدا یادکردنەوەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی ئەرکێکی پیرۆزە کە لە ئاست لێبردوویی ئەوان لە ژیانیان ئەکرێتەوە .

بنەماڵەی کاک هۆمایون لە هۆزی گەورەی ئەردەلانەکان، پێش چەند سەد ساڵ لە سنەوە، ناوەندی ئەمارەتی ئەردەلان بەرەو

سەقز كۆچیان كردوە و هەر لەو كاتەوە وەک حاكمی شاری سەقز لەم ناوچەیە ژیاون و دەسەڵاتدار بون و بەردەوام پارێزگاریان لە شاری سەقز و دەوروبەری كردوە. پێش شەری یەكەمی جیهانی سەیفەدین خان حاكمی سەقز باپیری كاک هۆمایون لە گەڵ سەرداری بۆكان و حەمەخانی بانە لە ساڵی ١٢٨٥ی كۆچی لە شاری مەراغە لە لایەن حكومەتی تۆركیی عۆسمانیەوە بە پیلانیک لە سێدارە ئەدرێن، وا دەركەوتووە كە لە سێدارە دانیان پێوەندی بە دۆزی نەتەوەییەوە هەبووە. بە داوی ئەم رووداوە دا سەیفۆڵا خان ئەبیت بە حاكمی سەقز، سەیفۆڵا خان كەسایەتیەكی سیاسی، تێگەیشتوو و پێشكەوتنخواز بووە، سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی رەزا شاە، كاتیک دێت بۆ سەقز سەیفۆلاخان میوانداری ئەكات كە بە دوای گەرانەوەیدا بۆ تاران لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاویدا بە دەستوری ناوبراو سەیفولا خان بۆ تاران تەبعید ئەكرێت، تا لە شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠دا بەرەو سەقز ئەگەرێتەوە، لە ساڵی ١٣٢٢ بۆ جاری دووهەم لە لایەن ئینگلیسیەكان و حكومەتی ئێرانەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی ٦ مانگ لە بەندیخانەی سۆڵتان ئابادی ئەراک لە بەند دا ئەمێنێتەوە و هەروەها لە شۆرشی دوكتۆر موسەدیق بە دژی حەمە رەزا شادا لایەنگری د . موسەدیق ئە ات هەر بۆیە سەیفولا خان تا كۆچی دوایی لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی جێگای مۆتمانەی رژیمی پەهلەوی نەبوو .

كاک هۆمایون لە سالی ١٣٢٩ی هەتاوی لە شاری سەقز لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەم شارە تەواو كردوە، دوو سال سپای دانش ئەبێت كە دواتر بۆ درێژەی خوێندن لە بواری نەوتدا ئەچێتە زانكۆی نەوت لە ئابادان بۆ ماوەی یەكساڵ و نیو، ساڵی دواتر لە زانكۆی سەنعەتی نەوتی تاران درێژە بە خوێندن ئەدات. لە سەرەتای شۆرشی ئێراندا ئەگەرێتەوە كوردستان و لە خوێندنگای ناوەندی كچان و هۆنەرستانی سەقز ئەبێتە مامۆستای زمانی ئینگلیسی كە جێگای بروا و خۆشەویستی هاوكاران و قوتابیانی ئەبێت، پاشان لە زانكۆی سنە درێژە بە خوێندنی ئینگلیسی ئەدات و هاوكات وانەش ئەڵێتەوە. لە لایەكیترەوە چالاكێكی وەرزشی بوو، بە تایبەت لە یانەی باسكێتباڵ دا بەشداری ئەكرد و وەرزشكارانی سەقزی بە گشتی بە باشی ئەیانناسی.

كاک هومایون حەولی ئەدا هەر كاریک دەیكات لە روی شارەزاییەوە بێت بۆیە تێدەكۆشا زانیاریەكانی لە هەموو ئاستەكاندا بەرز بكاتەوە، هەر بۆیە دوای ماوەیەكی كورت لە سەركەوتنی شۆرشی ئێران پێوەندی بە حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانەوە ئەگرێت و بە هەڵگیرساندنی شەر لە لایەن رژیمی خۆمەینیەوە دژی نەتەوەی كورد، لە نەورۆزی ١٣٥٩ی هەتاوی چەكی شەرەف ئەكاتە شان و ئەبێتە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دیموكراتی كوردستان. كاک هۆمایون بێ هیچ چاوەروانێک و بێ ماندووبون كاری حیزبی ئەكرد، سەرەتا زۆر كات لە گەڵ تاكە پێشمەرگەیەک ناوچەكانی بەینی سەقز، بانە و مەریوانی بە پێی پیادە ئەپێوا و سیاسەتی حیزبی بۆ كۆمەڵانی خەڵک شی ئەكردەوە، لە ماوەیەكی كورتدا باشتر ناسرا و بوو بە جێگای متمانەی خەڵک و بەرپرسانی حیزبی دیموكرات و دواتر ئەركی پێویستی پێ ئەسپێدرا. لە كۆتایی سای ١٣٥٩ی هەتاوی بۆ خۆلێكی سیاسی دەچیتە خدراوێ لە نێوان پیرانشار و سەردەشت كە بە پلەی بەرز و سەركەوتووانە بە كۆتایی ئەگەیەنێت. دواتر ئەبێتە جێگری كۆمیتە شارستانی سەردەشت و پاشان بەرپرسی كۆمیتەی میراوێ بووە و بۆ ماوەیەک بەرپرسی تەشكیلاتی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک بە ئەستۆ ئەگرێت كە بنكەكەی لە نێوان سەردەشت و مەهاباد هەڵكەوتبوو، لە كونگرەی ٥ی حیزبدا لە سالی ١٣٦٠ی هەتاوی بە ئەندامی راوێژكاری كومیتەی ناوەندی دیاری ئەكرێت و لە كۆنگرەی ٦ دا وەک ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت كە بە دوای ئەمە دا ئەبێتە ئەندامی ناوەندی

ئاژوان، ماوەیەکی کورت بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە ئەبێت، دوایی بە هۆی ناساخیەوە بۆ چارەسەری سەفەری دەقتەر ئەکات، دواتر ئەگەڕێتەوە و ئەبێت بە بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سەقز، لە ناوەندی ئاژوان لە گەڵ هێزی پێشمەرگە دا جەولەی ئەکرد، کاتێک دوژمن لە ئاوایی سەردەرە گەمارۆی هێزی پێشمەرگە ئەدات، فەرماندەی پێشمەرگەکان زەخمار ئەبێت کاک هۆمایون وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز لەو شەڕە دا بەشداری ئەکات و لە ڕێنوێنی شەرەکە دا دەوری بەرچاوی هەبووە. ئەم ئەرکەی لە ناوەندی ئاژوان سەرکەوتوانە ئەنجام ئەدات. دواتر و لە کۆتاییدا ئەبێتە بەرپرسی نەخۆشخانەی حیزب. لە کۆنگرەی ٧ دا خۆی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا ناکات و دوای گرتنی کۆنگرەی ٨ی حیزب بە پێشنیاری سەرکردایەتی بە هۆی نەخۆشیەوە سەفەری ئۆروپا دەکات و لە کاتی ماڵئاوایی لە هاوڕێیانی چاوی بە دۆکتور قاسملوی نەمر ئەکەوێت و دواتر تا کۆتایی ژیانی لە وڵاتی ئاڵمان دەمێنێتەوە. لە ئاڵمان وەک بەرپرسی حیزب لەم وڵاتە دیاری ئەکریت، لەم ماوە دا سەفەری چەندین وڵاتی ئۆروپایی ئەکات و لە گەڵ ئەندامانی پێشووی حیزبدا وتووێژی ئەبێت بۆ ئەوەی سەر لە نوێ کار بکەنەوە و حیزب بتوانێت لە ئاستی ئۆروپادا زیاتر چالاک بێت. سێ ڕۆژ پێش شەهید بونی پێوەندی تەلەفونی لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی پێشووی ئەگرێت و ئەڵێت بە زوویی لە گەڵ د . شەرفکەندی سەفەری دانمارک دەکەن حەز ئەکەن چاوپێکەوتنیان ببێت، بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەم پێکگەیشتنە قەت ڕوو نادات و لە پیلانێکی دژی مرۆڤایەتیدا سکرتێری گشتی حیزب د . سادق شەرەفکەندی هاورێ لە گەڵ نوێنەری حیزب لە ئۆروپا فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکردی چالاکی سیاسی ئێرانی لە لایەن دژبەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، کە هەمان ڕێبەرانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێرانن شەهید ئەکرێن. یادیان بەرز و پیرۆز و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت.

لە ئاوڕدانەوەیەکدا بۆ هەڵسوکەوتەکانی کاک هۆمایون لە ماوەی ژیانیدا ئەوەی باس کراوە یان من خۆم لەم دوایانە دا لە هاوڕێیانیم بیستوە بە دەقی وتەکانی ئەوان، ناوبراو بە کورتی مرۆڤێکی شۆرشگێر، خەڵکی، پاک، بە ڕەوشت، بە ورە، ئازا، خوێنەر، بە ئەزموون، هەڵسوور، هێمن، باوەربەخۆ و دژی کاری خراپ بووە. بە زانیاریەوە هاتبوە ناو ڕیزەکانی حیزبەوە، هەستی چینایەتی نەبوو، لە گەڵ هاوڕێیانی لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری سیاسیدا ڕێدەکەوت و پەیرەوی بڕیارەکان دەبوو، نە بیستراوە ئەندامانی حیزبی دیموکرات یان پارتە سیاسیەکانیتر ڕەخنەی ئەوتۆیان لە هەڵوێستی سیاسی و شێوەی کارکردنی کاک هۆمایون گرتبێت و بە گشتی جێگای خۆشەویستیان بووە، بە تایبەت دۆکتۆر شەرەفکەندی زۆری خۆش ئەویست و جێگای باوەڕی بوو کە یارمەتیشیدا بۆ هاتنە دەرەوە، هەروەها ئەویش دۆکتوری زۆر خۆش ئەویست و ڕێزی بۆ دائەنا. کاک هۆمایون تا دوا ساتەکانی ژیانی لە پەیوەندی گرتن لە گەڵ تێکۆشەرانی کورد نەوەستا و هەر دەم بۆ بە دیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد وڵاتە داگیرکراوەکەمان تێدەکۆشا.

یادی بەرێز و ڕێگای بەردەوام بێت.

ماڵپەری گیارەنگ

# شەهید غەفوور هەمزەیی

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




شەهید غەفوور هەمزەیی کادرێکی لێوەشاوە و بە توانای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لە ساڵی ١٣٦٠ای هەتاوی (١٩٨١ای زایینی) یەوە وەک:

* لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزب لە ١٥ای سەرماوەزی ١٣٦٠ - ٦ی دیسامبری ١٩٨١ وەک ئەندامی راوێژکار کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا.

* لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ٢ی رێبەندانی ١٣٦٢ - ٢٢ی ژانویەی ١٩٨٤ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا

* لە کۆنگرەی حەوتەم ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٤ - ١٧ای دیسامبری ١٩٨٥ وەک ئەندامی راوێژکار کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا

* لە کۆنگرەی هەشتەم لە ٢٨ای بەفرانباری ١٣٦٦ (١٨ای ژانویەی ١٩٨٨ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا

* لە کۆنگرەی نۆهەم لە ای بەفرانباری ١٣٧٠ - ٢٢ی دیسامبری ١٩٩١ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا،و دواتر وەک نوێنەری حیزب لە بەغدا دیاری کرا.

* شەهید غەفوور لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتیی جۆراو جۆری لە حیزب دا وەئەستۆ گرتبوون کە بە لێوشاوەیی بە ئەنجامی گەیاندبوون.

* لەساڵی ١٣٦٤ بەدواوە لە بەشی پێوەندی یەکانی دەرەوە دا کاری وەرگرت. لەو بەشەش دا کاک غەفوور توانا و لێوەشاوەیی لە خۆی نیشان دا و سەرکەوتنی باشی بە دەست هێنا.


* رۆژی ١٣ای گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٣ - ٤ی ئووتی ١٩٩٤ دەستی تاوان گەیشتە بەغدا پێتەختی وڵاتی عێراق و کاک غەفوور هەمزەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە بەغدای بە رۆژی رووناک و لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆی تیرۆر کرد؛

مەرگی شەهید غەفوور هەمزەیی بۆ حیزبەکەی و بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلەکەی خەسارێکی گەورە بوو. بەداخەوە دەوڵەتی عێراق بۆ ناسین و سزادانی پیاو کوژەکان کارێکی لەدەست نەهات و سەرەنجام تاوانباران ئەو جینایەتە سامناکەیان هەروا بە سووک و ئاسانی بە سەر دا تێ پەری.

---

## شەهید عەوڵا شەریفی

### ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




شەوی ٢٨ لەسەر ٢٩ی دیسامبری ١٩٩٤ شۆڕشگێڕی نمونەو ڕۆڵەی بەوەجی حیزبو گەل، کاک عەوڵا شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، کەوتە نێو کەمینی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیو شەهید بوو. هەتا ئامادە کردنی ژیاننامەکەی، بە بەشێک لە وەسیەتنامەکەی ئەو شەهیدە مەزنە بـــە ڕێزەوە یادی دەکەینەوە.

شەوێکی مات و بێدەنگە. زۆری نەماوە بۆ درێژەدانی ئەرکی پیرۆزم بگەڕێمەوە ناوچە جوانەکەی مەهابادو نێـو خەڵکە دێموکرات و پێشمەرگە پەروەرەکەی. نازانم چۆن بە دڵم داهات شتێک وەک وەسیەتنامە بنوسم. هـەر چەند ژیان خۆشە، بەڵام کاتێک پێویست بێ بمرین بۆ ژیان خۆشی گەل دەبێ بەختی بکەین. زۆرم ئاوات بـوو ڕۆژێک لە نیشتمانی خۆمان و لە نێو گەلی خۆمان و بە ئازادی و سەربەستی بژیاباممایە و ڕزگاریی گەلەکەم بـە چاوی خۆم دیتبایە.

دایکی خۆشەویستم! بابە ڕۆیشت و لەسەر دڵم داخە نەمتوانی بیبینمەوە. لەسەر منو بۆ من چهای بەسەرهات زۆر لەمێژە تۆشم

نەدیتوە. ئێستا کە کاروانی مەرگم دەڕواتو گەرانەوەی بۆ نیە، بە یەکجاری ماڵئاواییتان لێ دەکەم. خۆزیا مەرگی من وەپێش بابەش بکەوتایە. گوتوویانە ئەولاد بۆ ئەوەیە کە باوکو دایکی بحەسێنێتەوە، هەر چەند ئاواتی منیش ئەوە بوو بتوانم خزمەتێکتان پێ بکەمو لە هەزاران ڕەنجو زەحمەتی ئێوە یەکیان قەرەبوو بکەمەوە، بەڵام بەو ئاواتەش نەگەیشتم.

خۆشەویستان! من تەنیا کوڕی ئێوە نەبووم، هی هەموو باوک و دایکێکی ئەو کوردستانە بووم. دایە گیان!

چاوەکەم بیناکانت ماچ دەکەم، نابێ بۆ من بگری. مناڵەکان گەورە بوون. دەبێ بە دیتنی وان غەمی منتان لەبیر بچێتەوە. باش دەزانی کە من لەسەر خۆم و بۆ خۆم نەبوومە پێشمەرگە، ئاهو ناڵەی ڕەشو ڕووتو ڕەجالەکانی کوردستان، ئیمان بە ئازادی و ڕزگاری، بۆ ئەو ڕێگایەی هان دام. ئازایانە، دڵسۆزانە و سادقانە، قایم و پتەو، ئەرکەکانی شۆڕشم بە جێ گەیاند. بەو هیوایە حیزبە خۆشەویستەکەم و گەلە هەژارەکەم لێم ڕازی بنو وەک من بەوان وەفادار بووم ئەوانیش من لەیاد نەکەن.

کاک حەمەدەمین! و عوسمان! و عومەر! و خوشکە فاتم! چاوەکانتان ماچ دەکەم. تازە ناتان بینمەوە، ئاوات زۆر بوون بە یەک بگەینەوە بەڵام نەگونجا. ئیمانێکی قووڵم بە ڕێگاو ڕیبازەکەم هەبوو کە بۆی کوژرام. ئەمن بۆم نەکرا، بەڵام ئێوە خزمەتی دایە پیرەتان لەبیر نەچێ. چاوتان بە مناڵەکانەوە بێ و مەهێڵن بێ ناز بن. مناڵەکان دەبێ بخوێنن و ڕێگای پیرۆزی باوکیان ون نەکەن.

خێزانی خۆشەویستم ئەسمەر گیان! هەر چەند پێت ناخۆش بوو بۆ ساتێکیش لێت دوور کەومەوە، ئەوجار دوور کەوتنەوەکەم بۆتە هەمیشەیی و تازە ناگەڕێمەوە، ماڵ ئاوایت لێ دەکەم. داوام ئەوەیە بۆم غەمبار مەبە و خۆت نارەحەت مەکە. مناڵەکان چاک پەروردە کە، حەتمان پێیان بخوێنە و باشیان پێ تەڵقین بکە ڕێگای باوکیان قەت بەر نەدەن و هەمیشە بە سەربڵندی بژین و بۆ گەلەکەیان بژین.

خزم و دۆستان و هاوڕێیان! هەمووتانم خۆش دەویست و خۆشتان ویستم. ماڵئاوایتان لێ دەکەم. ئەوەندەی کە من بۆم کرا ئێوەم لەبیر نەکرد، بەو ئاواتە ئێوەش من لەبیر نەکەن. هەر کەس کە منی خۆش دەوێ داوام ئەوەیە حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆش بوێ و ڕێگای دێموکرات بگرێتە پێش.

پەروەردەی ئاوو هەوای کوردستان بووم و گیانم وەک دیاری بۆ گەل و کوردستانم بەخت کرد و بە پێی توانا دژی زاڵم و زۆردار خەباتم کرد و بە ڕێبازو گەلەکەم وەفادار مامەوە. بەو هیوایە حیزبەکەم و ئێوەش لێم ڕازی بن. دڵنیام درەنگ یا زوو ئاواتی ڕزگاریی گەلەکەم وەدی دێت و کوردیش بە مافی خۆی دەگا و کوردستانیش ڕزگار دەبێ.

# ژیان وبەسەرهاتی شەهید سەید مەنسورناسری

## جێگری کومیتەی ناوەندی




سالی ١٣٣٤ای هەتاوی بەرانبەربە ١٩٥٥ زاینی لەبنەمالەیکی شوڕشگێرلەئاوایی حسێن ئاوای سەربەشاری سنە کۆرپەیک لەژێرناوی مەنسوور چاوی بە دنیای پڕلە مەینەت هەڵێنا.

مەنسوور زۆر منداڵ دەبێ کەباوکی جوانەمەرگی کە بەدرێژای چەندین سال لەزیندانی رەزاشا لەقەڵای سنە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا لەش ساغی لەدەست دابوو، کوچی دوایی دەکا.

دایکی مەنسووریش هەر زۆر زوو و سەرەڕای ئەوەێکە مەنسوور کۆرپەیکی شیرەخۆر دەبێ لە گەڵ کەسیکی تر ژیانی هاوسەری پێک دێنێ و مەنسوور کە هێشتا لە شیر نەبڕاوەتەوە دەدرێ بە مام و مامۆژنی. بە هەڵکەوت مامۆژنی کە تازە کچیکی کورپەی دەمرێ، بەشیری خۆی بەخێوی دەکات و بەم چەشنە دەکەوێتەژێرچەتری حیمایەتی مام و مامۆژنی و لەگەل ئامۆزاکانی وردە وردە گەورەدەبێ و دەست بە خوێندن دەکا. زۆر ناخاێنێ کە مامیشی لە نەورۆزی ساڵی ١٣٤٢ای هەتاوی وێڕای کومەلێ لەکوردەدڵسۆزەکان لەشارەجۆرواجۆرەکانی کوردستان بەتاوانی لاێەنگری لەحیزبی دیموکرات لە لاێەن ساواکەوە دەگێرێن و ڕەوانە زیندانی قزلحصار لە تاران دەکرێن ورۆژ ڕەشی و ژیان تالی ڕوو دەکاتە مەنسوور و ئاموزاکانی.بەدوای رووخانی رژیمی پاشایەتی وگەشەکردنی کوردایەتی لەمانگی خاکەلێوەی ١٣٥٨ای هەتاوی، مەنسوور لەریزەکانی حیزبی دیموکرات لە سنە کە تازە لەو شارە دەستی بەتێکوشانی دووبارە کردبووە ناوی دەنووسێ و دەبێ بە پێشمەرگە.

لەشەڕی ۲۷ ڕۆژەی شاری سنە دەورێکی بەر چاوی گێڕا وبەهۆێ لێوەشاوەیەوە دوای ماوەێکی کورت بووبە سەرپەلی پەلێ لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە. لەباری سیاسیشەوە لەماوەێکی کورتدا خۆی نیشان دا وبوو بە کادری کۆمیتە ناوچەی حسین ئاوا .

سەید مەنسوور بەهۆی لێوەشاوەیی زیاتر و خوشەویستی ناوخەلک وهاوڕیانیەوە زۆرزوو پلەکانی تەشکیلاتی وەک ئەندامەتی کۆمیتە شارستانی سنە و فەرماندەری هێزی شەریفزادە و کادری کومیسیۆنی کومەڵایەتی و بەرپرسی بەشی قەزای حیزبی تەی دەکا.

لەکۆنگرەی ۱۰ای حیزبیشدا وکوو ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردار و لە سالی ۱۹۹۳ای زاینیەوە لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە وەکوو بەرپرسی پێوەندیەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەشاری سلێمانی دیاری کرا و تاکاتی شەهیدبوونی ئەوئەرکەی بەئەستۆەبوو.

سەیدمەنسور کادرێکی سادق، بەئەمەک، دڵسۆز، دەم بە پێکنین،دەنگ خۆش،بە حۆجب وحەیا و خوش پێکەتوو و لێ هاتوو وخۆشەویستی خەلک و پێشمەرگە بوو. ئەو تایبەت مەندیانە و پایەگای کۆمەڵایەتی سەید مەنسوور لە نێو خەڵک دا، ترسی خستبووە دڵی دۆژمنانی کورد و کوردستانەوە، هە ربۆیە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیان جار بۆلە نێو بردنی پیلانیان گێڕا.
تاسەرئەنجام لە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ۸ی دیسامبری ۱۹۹۷ای زایینی بەرانبەر بە ۱۷ای سەرماوزی ۱۳۷٦ هەتاوی لە کاتێکدا و لەبەرە بەرەی گرتنی کۆنگرەی ۱۱ای حیزبدا لە گەڵ هاوڕیانی لە سلێمانیەوە بە دووماشین بەرەو دەفتەری سیاسی بۆ پلێنومی پێش کۆنگرە بە رەو کۆیە بەرێوەبوون، لە نزیکی دوکان دەکەونە بۆسەێکی تێروریستی کە لە لایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە بۆیان دانرابوو.

بەداخەوە لە یەکەم دەسرێژدا هاورێ و هاوسەنگەری خۆشەویستی، واتە کاک مەنسوور فەتاحی ئەندامی کادری ڕێبەری حیزب شەهید دەبێ. شەهید سەید مەنسوور و هاورێانی زۆر قارەمانانە بەرنگاری دۆژمنانی کورد و کوردستان دەبنەوە و بۆێرانە تێروریستەکان ڕاو دەنێن و دەست بەسەر ماشێن و کەل وپەلەکانیادا دەگرن.

پاش تێکشکاندنی کەمینەکە بە رەو شوێنی مەبەست درێژە بە ڕێگاکەیان دەدەن و لە شاری دووکان بە هۆێکی نادیاریەوە دەبنە دوو دەستە وە! حەمەعەلی عەنایەتی ئەندامی رێبەرایەتی حدکا کە وێڕای پێشمەرگەکانی هێزی پارێزگاری لە سەر بڕیاری سەرکردایەتی حیزب پاش ئاگاداربوون لە ماجرای کەمینەکە لە گەڵ دستەیّ پێشمەرگە هاتبونە هاناێانەوە لەرێگایکەوەو،وسەیدمەنسوورناسری ئەندامی رێبەرایەتی حدکا وێرای سێ کە سی تر لە رێگاێکی ترەوەوە بە روکۆیە درێژە بە ڕێگاکە یان دەدەن.

تێروریستە کانی سەربە سۆپای قودس و قەرارگای ڕەمەزان کە لە ئە نجامی پڕۆسە کە یان ناکام دەبن؛ بە مە بە ستی جێ بە جێ کردن ئامانجە گڵاوەکە یان دەس بە دامێنی یە کیەتی نیشتمانی دەبن، یەکیەتیش وەکوو پیشەی هەمیشەگی بە هانای کۆماری ئیسلامیەوە دەچێت و لە وڵامی ئەو داخوزیەدا مەفرەزەێکی ۱۷ کەسی لە چەکدارە کانی ئاسایش بە فەرماندەری "ملازم ئە رسەلان حمە

سورحمەامینˮ دە نێرتە خالی پشکنینی دەروازە ی کۆیە.

کاتێ سەیدمەنسوور وهاوڕیانی دەگەنە خالی پشکنینەکە لە لایەن ئەو چەکدارانەوە و لە ژێر چاوەدێری ˮحاجی مەسیفیˮ دا نامەردانە وەبەر دەسرێژدەدرێن وهەرهەموویان شەهید دەبن و یەکیەتی نیشتمانی پلانی ناتەواوی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام دەگەیێنی.

بەم جورە سەید مەنسوورناسری لە گەڵ هاورێانی ئەبووبەکر ئیسماعیلی (سامال )بە رپرسی کومیتە بانە، رەفعەت حوسینی ئە ندامی کومیتە پاوە ویدواللە شیرین سوخەن پێشمەرگە ی هێزی پارێزگاری حدکا تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی حیزبی دیموکرات و کوردوکوردستان دەبن و یە کیە تی نێشتمانیش کە سەردەمانێ لە شەڕی جادەی خانە بۆ سە ردەشت نازناوی هێزی پشتیوانی پێ درابوو و سێزدە شەهیدی سەربەرزی لە و ڕێگایدا پێشکەش بە پاراستنی ئەو ڕێگایە کردبوو؛ خالێکی رەش و شەرمو و شورەیی هەتا هە تایی لە کارنامەی خوێدا بە سەبت دەگەیێنی.

سەید مەنسوور - شایی


سەید مەنسوور- شیلان

شەهید سەیدمەنسووردوو جار ژیانی هاوسەری هەلبژارد کە یەکمیان بەهوی ئینشعابی کۆنگرە ٨ی حیزب هەلوەشاوێەوە و دووهەمیشی تاکاتی شەهیدبوونی بەردەوام دەبێت .بەرهەمی ژیانی هاو بەشی دو کچە بەناوەکانی شیلان وشایی.

یادی شەهید سەیدمەنسووروهەموشەهیدانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستان بەخیر ورێگان بەردەوام بێت.

# بە بۆنەی بیستەمینساڵرۆژی کوژرانی کاک شاپور فیروزی!

## ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی




ئەو جۆرەی کاک شاپورم بنیی و ناسی

من خۆم لە وەرزی پاییزی ساڵی ١٣٦٠ چوومە ریزی پێسمەرگەکانی هێزی بێستوون و لە ئەو دەمەوە کاک شاپورم لە نزدیکەوە زیاتر ناسی، ئەو یەکێک لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی شاری کامیاران بوو، بەشی خۆیشی لە نێو خەڵکدا خۆشەویست و ناسراوبوو، ئەو هەموو رەنجی چەندین ساڵەی خۆی بەجێ هێشتبو و لە شاخدا رێگای رزگاری گەلە بەشخوراوەکەی هەڵبژاردبو، ئەتوانم بلێم یەکێک لە ناسراوترین ئەندامانی رێبەرایەتی حدکا لە ناوچەکانی کامیاران و کرماشان بوو، کاک شاپور خاوەنی کورێکی لاو بە ناو ئەردەشیر بوو کە لە یەکەم شەڕی نێوان کومەڵە و دیموکراتدا لە هاوینی ١٣٦٠ هەتاوی لە ناوچەی بێلەورا کەوتە بەر گوللەی کۆمەڵەکان و بووە قوربانی شەڕێکی بێ مانا و بێ ئاکام. مەرگی ئەردەشیر کاتێک زیاتر دڵتەزینە، کە ناوبرا بە بیر و باوەر زیاتر کۆمەلە بوو هەتا دیموکرات.

کاک شاپور وەک پێشمەرگە و فەرماندە خاوەنی ورەی بەرز ئازا و نەترس خاوەنی تاقەت و سەبر، زۆر لە سەرەخۆ بوو، بەزۆری وەک پێشمەرگەیکی سادە ئەژیا و زۆر بەکەمی هەست ئەکرا فەرماندە و بەرپرسە، ئەو شوفیریکی باش بوو بەتایبەت زۆربەی ماشین و کەرستە گەورەکانی وک کومپریسی، بۆلدیزەر ئەتوانی بەباشی بەکار بهێنێت، بۆخۆی جۆرە موهەندسێکی رێگاوبان بوو، لە پێوەندی لە تەک خەڵکی ئاوایەکاندا زۆر نەرم و نیان بوو دائیم بە زوانی ساکاری ئەوان، قسەی بۆ ئەکردن و سیاسەتی حیزب و بەرحەق بونی شورشی بۆیان شی ئەکردەوە، ئەو هەموو پێشمەرگەیکی خۆشە ئەویست زۆر جار ئەیوت هەموتان بۆ من وەک ئەردشیری کورم وان. کاک

شاپور قسە خۆش بوو، شتێکی خۆشی کاک شاپور ئەوە بوو کە دائیم ئامادەی بەسەرهات گێرانەوە بوو، بە هۆی ئەوەی باوکی کاک شاپور کاتی خۆی کارەکەی وابووە کە ئەوان وەک بنەماڵە مەجبوور کراون زۆر جار لە شار و ناوچە جوراوجۆرەکان ژیان بکەن، بۆ خۆیشی پێش پێشمەرگایەتی، زۆر شوێن گەرابوو و بۆ بژیوی ژیانیان کاری کردبوو، لە کاتی پێشمەرگایەتیدا ئەگەر لە تەک کاک شاپوردا رێگات بکەوتایەتە، بێلەوار یان هەورامان، بانە یان سورسور یان ناودەروەن و مەرزەبانی، ژاوەرۆ یان مەریوان، سەقز یان سارالْ یان هەر شوێن و ناوچەیکتری کوردستان، ئەمانزانی کاک شاپور چ وەک منداڵ چ وەک گەورە ئەو ناوچانە گەراوە، ئەویش ئەزموون و بیرەوەری ژیانی خۆی بۆ پێشمەرگەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و شیرین ئەگێراوە، زۆر جار لە بیری ئەچوو کە ئەو بەسەرهاتە لە سەر خۆی و باوکی دوحەوتوپێش لە سورسور لە یەکێک لە ئاوایەکانی ئەو ناوچە کاتی منداڵی ئەو لە تەک باوکیداچییان بەسەر هات گێراوە ئیستا لە  هەورامانیش هەر هەمان بەسەرهات لە سەر ئاویەکی هەورامان ئەگێرێتەوە، ئەمەش دائیم ئەبوە مایەی پێ کەنینی هاوریانی پیشمەرگە.

کاک شاپور فیروزی بە زاراوەی کوردی کرماشانی، و سۆرانی و زمانی هەورامی ئەیتوانی قسە بکات، ئەو بەردەوام هەڵ چون و روداوەکانی نێوان پێشمەرگەکان و هێزی دوژمنی رۆژانە لە دەفتەری یادداشتەکانی خویدا بە زمانی فارسی ئەنووسیەوە، ئەگەرچی بە داخەوە روداوەکانی وەک ئەوجۆرە رویان دا باس نەکردووە لە زۆر شوێن بیجگە لە رێکەوت و خودی روداوەکان نەبیت راستن خودی گێرانەوەی بەسەرهاتەکان بە  پیچەوانە ئەوەی کاک شاپور باسی کردوە بوە، هیچ نەبێت ئەوانەی من بۆ خۆم لە گەل بوم زۆر بە کەمی وابون کە کاک شاپور لە یاداشتەکانیدا باسی کردوە، ئەو بە ئەنقەست روداوەکانی جۆرێکیتر گێراوەتەوە، زیادە لە حەد بە هێزی پێشمەرگەدا هەڵدەگوتێ، هیچکات باسی شکستەکان ناکات، لە حاڵێکدا کاک شاپور لە کامیاران دەستی کرد بەشورش بەڵام لە سەدان کیلومیتر دورتر و لە نزدیک شاری رانیە لە ئەودیوی سنوری دەستکرد گرساوە، ئەوەش بۆ خۆی نیشانی شکستە و پاشەکشێی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بوو، بەڵام ئەو وەک فەرماندەی پێشمەرگە و کادریکی پلە بەرزی سیاسی لە کتێبەکانیدا هیچکات باسی ئەوانە ناکات.

یەکێک لە ئیرادەکانیتری کاک شاپور ئەوەبوو کە ئەگەرچی ئەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو و لە ناوچەکانی سەر بە کومیتەی کرماشاندا لە لایەن حیزبەوە دەسەڵاتێکی زۆری پیدرابوو، ئەبوایەت زۆر گرینگی بدایەت بە کاری سیاسی و رێکخستن، بەڵام ئەو کاری نیزامی پێشمەرگایەتی بەلاوە گرنگتر بوو هەتاکوو کادرەکان و کاری تەشکیلاتی، ئەمەش زۆر جار ئەبوە هۆی ناکۆکی لە نێوان بەرپرسانی تەشکیلاتی کومیتەی کرماشان و کاک شاپور، بیجگە لە کاک سەدیق بابایی، پەرپرسەکانیتری کومیتەی کرماشان زۆر بەکەمی ئەیانتوانی راو و بۆچونی خۆیان بەسەر کاک شاپوردا بسەپێنن، بە زۆری مل کەچی ئەو بوون، زۆر جار لە جێگای نیشاندانی پرینسیپە تەشکیلاتیەکان و مودیریەت، کاک شاپور وەک ریش سپی هەوڵی ئەدا داواکاری و نیازەکانی کادر و پێشمەرگەکان رێک بخات.

زستانی ١٣٦٤حدکا کونگرەی حەوتی خۆی گرد،  پاش کونگرە کاک شاپور نەقڵی کومیسۆنی سیاسی نیزامی کرا. کاک شاپور کە وەک

ژنرالێکی بێ سەربازی لێ هاتبوو، ئەم جێگاگۆڕینەی پێ باش نەبوو، لە ڕاستیدا ئەو کەسێکی نیزامیکار بوو و بێ هێزی بێستوون و دور لە ناوچەکانی کامیاران، نگەران بو کە ئیتر ئەو ئیحترام و قەدرەی لای خەڵک و پێشمەرگە و بەتایبەتی ڕێبەرایەتی حیزب هەیبوو، نامێنێت و زۆر لەو شتە ئەترسا، یەکێک لە ئەو هۆیانەی کە کاک شاپور لە کومیتەی کرماشان و هێزی بێستوون نەما ئەوەبوو کە ناوبراو زۆر بە کەمی ئەهمێتی ئەدا بە کاری تەشکیلاتی، ئەوەش زۆر جار ئەبوە هۆیی ناکۆکی لە نێوان کاک شاپور و کادرەکاندا، بەڵام دەفتەری سیاسی حیزب هەتا ئەو دەمە هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سەرکەوتنەکانی هێزی بێستوون زیاتر لە بەر هەبوونی کەسێکی وەک کاک شاپورە یان باشتر بڵێم کاک شاپور بۆ خۆی وای بە دوکتور قاسملوو و دەفتەری سیاسی حیزب ناساندبوو،

### کاک شاپور پاش هێزی بێستوون

کاک شاپور دواتر لە ناوچەی سەقز ئەرکی فەرماندەهی پێشمەرگەکانی ئەو ناوچانەی پێ سپیردرا. بەڵام ئەویێش ئیتر بۆ ئەو، نەبووەوە هێزی بێستوون هەر بۆیە  پاش ماوەیەک دیسان نەقل کرایەوە دەفتەری سیاسی، بەڵام دیسان تاقەتی دانیشتن و مانەوەی بنکەی نەبوو هەربۆیە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی ڕازی کردبوو کە بۆ مەئموریەتی حیزبی ڕەوانەی ناوچەی کرماشانی بکەن، ئەوانیش کە بەداخەو پاش ئەو هەموو فیداکاریەی کاک شاپور، ئیستا کە ئیتر کاریان پێ نەمابوو وەک ئەوەی کە لە ئەو ڕێگاوە ئەو لە کۆڵی خۆیان ئەکەنەوە، ڕازی ببون بە ئەو ئەرکە مەترسیدارە و هێندێک ئیمکاناتیان بۆ پێک هینابوو، تەنانەت چەند پێشمەرگەیکیشیان بۆ ئەو کارە لە تەک خستبوو.

بنکەکانی ئێمە واتە مەڵبەندی یەک و هێزی زاگرۆس لە ناوچەی هەورامان بوو کە کاک شاپور و تیمەکەی هاتنە ئەو ناوچە بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوکاری مەڵبەندی ١ و هیزی شاهۆ بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات، دوایی دەرکەوت کە دەفتەری سیاسی مئموریتیان پی داوە، ئەگەرچی مەئموریەتەکەیان نهینی بوو بەڵام هەر زۆر زو بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوو.

لە کاتی گەڕانەوە بۆ ناوچە لە شاخەکانی ئاتەشگا و کەلەقەندی نزدیک شاری پاوە توشی شەڕێکی قورس بوین، بە هۆی ئەوشەڕەوە هەم ئێمە هێزی زاگرۆس و هەم هێزی شاهۆ و تیمەکەی کاک شاپور مەجبور کراین لە جێگای چۆنەوە بۆ ناوچە، پاشەکشی بکەین و بە چەند برینداری قورسەوە بگەرینەوە بنکەکانی دەرەتفێ لە هەورامان، ئیتر هەتا من بزانم ئەو تیمەی کاک شاپور ئەو مەئموریتەی پێ سپێدرابوو ئەنجامی نەدا.

### کۆنگرەی ٨ و دوڵەتبونی حیزب

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کونگرەی هەشتەمی خویدا بە هۆی سیستمی نوێی هەڵبژاردنی ئەندامان بۆ ڕێبەرایەتی کە بە

ليستەی فيكس بەناوبانگە و لە لايەن دوكتور قاسملو هاتبوە ئاراوە، تووشی كێشەی نێوخۆی هات و پاش كۆنگرە سەرەڕای هەوڵ و تێكۆشانی زۆری ئەندامانی حيزب بە داخەوە ئەو حيزبە لەت بوو و لە ئاكامدا "حيزبی ديموكراتی كوردستانی ئێران رێبەرايەتی شورشگير" لە دايك بوو، كاك شاپور يەكێک لەو كەسانە بوو باڵی جياوەبووی هەڵبژارد. (با ئەوەش بڵێم كادرەكانی كوميتەی شارستانی كرماشان لە جەريانی لەت بونی حدكا بەزۆری چونە لای باڵی رێبەرايەتی شورشگير)

## كوژرانی كاك شاپور

كاك شاپور لە كاتی كوژرانيدا ئەندامی كوميتەی ناوەندی حيزبی ديموكرات باڵی رێبەرايەتی شۆرشگێر بوو، ئەو دەمە بنكەكانی ئەوان لە دۆڵە رەقەی نزديک شاری رانيە دا بوو، كاك شاپور هەر لە ئەو دۆڵە لە ژێر چادرەكەی خۆيدا لە كاتی نووسينی يادداشتەكانی دەورانی پێشمەرگايەتی دابووە كە كەوتوتە بەر دستريژی كەسێک يان كەسانێک كە ئيستاش بۆ من روون نەبوتەوە ئەوانە چ كەس و كەسانێک بوون كە ئەو تاوانە گەورەيان ئەنجامدا. ئەگەرچی رێبەرايەتی شورسگێر دەستی كۆماری ئيسلامی ئێرانی لە تروری كاك شاپوردا بينی و وای بە خەڵک ڕاگەياند، بەڵام لە سەر بكوژ يان بكوژانی كاك شاپور من چەند تيورێ و بۆچونێكم بيستوە، بەڵام چون هيچكات پوليس و دادگا لێكۆڵينەوێكی كارشناسانەی لە سەر ئەوكردەوەنەكراوە، يان ئەگەريش كرابێت،بە ئەنقەست شاردراوە، من يان هەركەسيتر هەرچی بلێن يان كەسێكی پێ تاوانبار بكەين نابەجێ يە، ئيستا كە رێكخستنێک بە ناوی رێبەرايەتی شۆرشگير نەماوە حدكا و حدک ئەبوایێت و ئەبێت هۆی ئەوكردوە تروريستيە بۆ خزم و دۆست، خەڵكێكی زۆری كوردستان كە ناوی كاک شاپوريان بيستوە يان خۆ لە نزديكە ديويانە ناسيويانە و خۆشيان ويستوە بناسێنێت. با ئەوەش بلێم كە كاک شاپور فيروزی يەكێک لە ئەو كەسانەيە كە نێو حيزبی ديموكرات دا زۆر بێ كەسە، هيچكام لە ئەندامانی بنەماڵەی كاک شاپور لە ريزی حيزبدا نين و رەنگە هەر ئەو بێ كەسيەی ئەو وای كردوە حيزبی ديموكرات لە ئاست جەنايەتی كوشتنی ئەودا بێ دەنگن.

يادی كاک شاپور فيروزی هەردەم پيرۆز و بەرز بێت!

خاليد درودی

هاوينی ٢٠١١

ئەو بابەتە كورت كراوەتەوە

# پوختەی ژیان و بەسەرهاتی شەهید مەلا ڕەسوڵ گەردی




کەم نین ئەو مرۆڤانەی کە هەموو سەرو ماڵ و گیان و ژیانی خۆیان فیدای ساتێک خۆشی و ئازادی بۆ گەلەکەیان دەکەن. شەهید مەلارەسوڵ گەردی یەکێک لەو تێکۆشەرانەی گەلەکەمان بوو کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بۆ گەلەکەی لە هیچ فیداکارییەک دریخی ناکاو ٣٥ ساڵ لە تەمەنی سەربەرزانەی خۆی فیدای ئەو ئامانجە دەکا کە باوڕەی پێ هەبوو.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە گوندی شیناوێی سەربە ناوچەی پیرانشار لە ساڵی ١٣١١ی هەتاوی واتە ٨٠ ساڵ لە مەو پێش لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی هاتبۆە سەر گۆرپانی ژیان و خەبات.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی بە دەستووری دەرەبەگەکان لە زۆر حوجرەی ناوچەی پیرانشار دەر کرا، تەنیا بە خاتری ئەوەی کە ڕاستی دەگوت و جووتیارانی بە دژی دەرەبەگەکان روون دەکردەوە و هانی دەدان کە نەچنە ژێر باری زوڵم و زۆری ئەوان و بێگاریان بۆ نەکەن.

بەڵام مەلارەسووڵ کۆڵی نەداو بەو حاڵەش توانی زۆر زوو پلەکانی خوێندنی دەرسی ئایینی ببڕێ، هەر بە وەش ڕازی نەبوو و لە پەنا دەرسی ئایینی توانی بە شێوەی موتەفەریقە مەدرەکی ٦ی سەرەتایی نیزامی قەدیم وەرگرێ.
شەهید مەلارەسووڵی گەردی هێندێک تایبەتمەندی بەرجەستەی هەبوون کە ئەویان لە لای خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی ناوچە خۆشەویست کردبوو. مەلارەسووڵ ئینسانێکی ڕووناکبیرو، دژی ئاغاو دەرەبەگ و ساواکییەکان و هەموو زاڵمەکان بوو. بە پێچەوانە

دۆستی هەتا سەر وەفاداری هەژاران و زەحمەتکێشانی بێدەرەتان و بێ نەوا بوو.

لە کاتی بێکاری دا زۆر کتێب و گۆڤاری بە کەڵکی دەخوێندەوە. رادیۆکانی ئێران و دەرەوەی گوێ لێرادەگرت و لە وەزعی دنیا ئاگادار دەبوو. ئەو خوێندنەوەیە و گوێگرتنە بوو بە هۆی ئەوە کە مێشک و بیری مەلارەسووڵ سنووری ناوچەی خۆی ببڕێ و وڵاتان و گەلان و خەباتی رەوایان باشتر بناسێ و مێشکی خۆی بە بیری شۆرشگێرانە و دژ بە زۆرداری و کۆنەپەرەستی چەکدار بکا.

بە دوای تەقسیمی زەوی و زار دا لە گوندی گەزگەسک بە دەستووری مەلارەسووڵ لێدانێکی باش ئاراستەی سەرو گوێلاکی ژاندارم و ساواکیەکانی رێژیمی شا کرا، کە دەیانهەویست بە قازانجی دەرەبەگەکان و بە دژی زەحمەتکێشان دەست بە کاری بەرنامەی زەوی و زار بکەن.

شەهید مەلارەسوڵ گەردی کەسایەتی‌یەکی نیشتمانپەروەری شۆرشگێر و مامۆستایەکی ئایینی بوو کە بە شێوازێکی زۆر جوان و راست لە ئایین تێگەیشتبووو، باوەڕی بەو خورافاتە نە بوو کە هاتوتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام.
بە هیچ جۆر لە گەڵ توند و تیژی نەبوو، هیچ کات عیبادەتی خۆی لە هیچ شەرایتێکدا تەرک نەکرد. ئەو مرۆڤێکی دەم بەخەندە، پاک و خاوێن، بەسەداقەت، خزم دۆست، شۆرشگێرێکی ماندوویی نەناس، نەترس و ئازا، داوێن پاک و گەلدۆست و میهرەبان بوو.
ئەو کەسایەتی‌یەکی زۆر بەرێز بوو و قەت حازر نەبوو بێ رێزی بە کەس بکا. تەحەمولی بیروڕای جیاوازی دەکرد، هەتا ئەو کاتەی کەس یان لایەنی بەرانبەر سنووری خۆی دەپاراست و راستی‌یەکانی وەک خۆی بەیان دەکرد و بێرێزی بەکار نەدەهێنا. ئەو بە هیچ جۆر لە بەرابەر زوڵم و زۆروو ناعەداڵەتیدا تەسلیم نەدەبوو.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی دوای کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٣٢روو دەکاتە کاری سیاسی یەوە.

لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویدا ژیانی هاوبەش لە گەڵ خاتوو ئایشە دەورانی پێک دێنی کە بەرهەمی ئەو ژیانە چوار کوڕو سێ کچی لێدەکەوێتەوە.
هەروەها لە ساڵی ١٣٤٠دا دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەوماوەیە دا تادەگاتە ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ وەک کەسێکی چالاک و ئەندامو بەرپرسی حیزبی لەو ناوچەیەدا تێکۆشانی هەبووە و هاوکاری شۆڕشی کوردستانی عێراقیشی کردوە و تەنانەت لە زۆر بواردا لە گەڵ ئەحمەد تۆفیق هاوڕا نابێ و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کاری حیزبیدا کێشەی بۆ دروست بکرێ.

بە دوای ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦، ٤٧ دا بەشێکی زۆر لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزب کەوتنە زیندان. شەهید مەلارەسووڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە گیراوو رەوانەی زیندانی جەڵدیانی پیرانشار کرا. پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر ناردیانە زیندانی ورمێ و چەند

مانگێک لە ژێر سەخترین ئەشکەنجەکانی ساواکدا خۆی ڕاگرت و بەربەرەکانی کرد. بە هۆی ئەم ئەشکەنجە سەختەوە یەکێک لە چاوەکانی تانەی کەوتبۆسەروو بە باشی نەیدەتوانی پێی ببینێ.

مەلارەسووڵ پیاوی ڕۆژی تەنگانە بوو. قەت ئەشکەنجە و ئازار نەیتوانی ئیرادەی پۆڵایینی ئەو تێکۆشەرەی دێموکڕات تێک بشکێنێ. سەر ئەنجام ڕێژیمی شا نزیک بە چوار ساڵ حوکمی زیندانی بۆ بڕییەوە. وەک بۆ خۆی دەیگێڕایەوە: لە زیندان دا چونکە لە سەر کاری سیاسی گیرابوو، ڕێزێکی زۆری لە لایەن زیندانیەکان بۆ دادەنرا.

بۆ ئیسپاتی زیاتری کاروتێکۆشانی شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە دەورانی ڕژێمی پەهلەویدا دەتوانین ئاماژە بە کتێبی ( چپ در ایران به روایت اسناد ساواک ، حزب دموکرات کردستان جلد اول) بکەین کە لە لاپەرەکانی ٢٨٨، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٨، ٣٠٥، ٣٣٣، ٣٣٤ دا، دوژمنەکەی ئاماژە بە تێکۆشانی شەهید مەلارەسووڵ گەردی لەو کاتیدا دەکا.

لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا شەهید مەلارەسووڵی گەردی گەشایەوەو ئەو ڕۆژەی ئارەزووی دەکرد و خەباتی بۆ دەکرد هاتە دی. ئەو بە تەواوی وجودی یەوە کەوتە فەعالیەت و تێکۆشان. ڕۆژ ڕۆژی مەلارەسووڵ بوو. خەڵکی هان دەدا کە دوا ئاسەوارەکانی نیزامی گەندەڵی پاشایەتی لە نێو بەرن و دەست بە سەر دامو دەزگا حکومیەکان دابگرن.

خۆشەویستی مەلارەسووڵ لە ناوچەی پیرانشار دا بە جۆرێک بوو کە ژن و پیاو، پیرو لاو لە دەوری کۆ دەبوونەوە، ئەویش لە هەموو دەرفەتێک دا قسەی بۆ دەکردن. لە گەڵ پەیدا بوونی شنە بای ئازادی و زیندوو بوونەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی، مەلارەسووڵ وەل ئەندامێکی دڵسۆز و چالاک و تێکۆشەری حیزبی دێموکڕات نەخشی خۆی بە چاکی گێڕاو لە نزیکەوە لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزب پێوەندی گرت.

لەگەڵ دامەزرانی ڕێکخراوی حیزب لە پیرانشار بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژێردراو تێکۆشانی بێوچانی خۆی لە مەڕ ناساندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەست پێ کرد. لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، واتە ٣٤ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕات وەک نوێنەری کرێکاران و جووتیاران و زەحمەتکێشان بۆ خەڵکی دواو پەیمانی نوێ کردەوە کە هەتا ئاخرین ساتەکانی ژیانی لەو حیزبە و لە دەستکەوتەکانی پشتیوانی دەکا. کە بەحەق ئەو بەڵێنیەی خۆی بەباشی بەجێهێنا .

شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە لایەن ناحەزانی حیزبەوە زۆری هەوڵ بۆ درا کە حیزب بە جێ بێڵێ. زۆر بەرچەسپی نارەوای لێدرا، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە مەلارەسووڵ دارێک نەبوو کە بەم بایانە بلەرزێ. ئەو کەسێک نەبوو کۆڵ بداو سەنگەر چۆڵ بکا. مەلارەسووڵ هەر شتێک پێ ڕاست بوایە دیفاعی لێ دەکرد. بۆی گرینگ نەبوو لەگەڵ کێ بەرەورووو بێ و لەگەڵ کێ موبارزە بکا .
مەلارەسووڵ بە ڕاستی ئینسانێکی قسە خۆش بوو، زۆر مەجلیسی دانیشتنی بە قسەی خۆش دەرازاندوە. ئینسانێکی روح سووک و پاک و

خاوێن بوو. ئەوانەی لە نزیکەوە دیتبوویان شاهیدی بۆ ئەو راستی یە دەدەن. ئەو زۆر رِقی لە رِیش بوو، دەیگوت رِیش مرۆڤ مرچ و مۆن دەکا.
ئەو لەگەڵ ئینسانی قازانج ویست و هەلپەرەست و لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باری ئەخلاقیەوە داوێن پاک نەبوون بە توندی بەربەرەکانی دەکردو ئەو جۆرە کەسانەی ریسوا دەکرد.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە رێکەوتی ( ١٠ / ٣ / ١٣٥٩ تا ٢٠ / ٣ / ١٣٥٩) یەک دەورەی تەشکیلاتی دیوە.

لە کۆنفرانسی ساڵی ٥٨ تا کۆنفرانسی ساڵی ٦٢ بە هۆی دەنگ دانی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنفرانسەکان بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هەڵبژێردراو دوای تەقسیمی کار لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە هەتا رێکەوتی ای خاکەلێوەی ساڵی ٦٣ بە بەرپرسی کۆمیتەی پیرانی پیرانشار دیاری کرا.

مەلارەسووڵ لەو ماوەیە دا لەگەڵ گیرو گرفتی زۆر ئەساسی بەرە و روو بوو کە هێندێک لە ناحەزانی حیزبی دێموکرات لەو مەڵبەندە دا دەیانخوڵقاند کە هەمووی بە زەرەری حیزب و گەل تەواو دەبوو. ئەو ماوەیە قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵی و لە بەرابەر ئەو جۆرە کەسانە دا دەستی دایە فەعالییەت و تێکۆشان. گوند بە گوندو ناوچە بە ناوچە گەرِاو تەبلیغاتی کرد تا روکاری دزێوی ئەو هەلپەرەستانە بە خەڵک بناسێنێ.

بە راستی لەو ماوەیە دا زۆر رەنجی کێشاو زۆری کار کرد تا توانی بە هاوکاری هێندێک کادری دیکەی دڵسۆزی حیزب، ئەو تاقمە سەرلێشێواوە واتە: ( رەحمان کەریمی و داروودەستەکەی) بە حیزب و گەل بناسێنێ و لە قاویان بدا.

کاتێک ئەو راستی یە بە باشی خۆ دەردەخاو هەست پێدەکرێ و رادەی دلسۆزی، خۆراگری، بەتەحەممولی، نەبەزی، سەداقەتوو بوێریەکەی مەلارەسووڵ گەردی دەنرخێندرێ کە گوێ رِابگرین بۆ وتە بە نرخەکانی شەهید دکتۆرسادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرسەی ئەو تێکۆشەرەرە دا، کە لە سالۆنی بنکەی دەفتەری سیاسیدا بەرێوەچوو.

شەهید مەلارەسوول کادرێکی بە ئەزموونی سیاسی - تەشکیلاتی بوو کە زۆر زوو دەیتوانی جێگای خۆی و حیزبەکەی لە نێو دڵی زەحمەتکێشانی شارو لادێ دا بکاتەوە.
مەلارەسووڵ گەردی لە مەیدانی شەرِو بەربەرەکانی بە دژی جاش و پاسدارەکانیش دا ئینسانێکی بە غیرەت و بە شەهامەت بوو. شەرەکانی ئەو دەمی ناوچەی پیرانشار هەموویان شاهیدی بۆ ورەی بەرزی مەلا رەسووڵ دەدەن.

شەرِی جەرِان و گوندی دەشتی گەنمان و زۆر شەرِی دیکە ئەوەمان وەبیر دێننەوە کە چۆن شەهید مەلا رەسووڵ لە گەڵ پێشمەرگەکانی

هاوسەنگەری، سەنگەری دەگرت و بڕواو هیممەتی دەدانێ. لە هەر شوێنێک دا بە دژی حیزب هەڵوێستێکی ناڕەوا گیرابا، مەلا ڕەسووڵ بەش بە حاڵی خۆی ئەوەی لە دەستی هاتبا بۆ بەرپەرچ دانەوەی تێدەکۆشا.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٣ شەهید مەلارەسووڵ گەردی لە گەڵ کاک سەیدعەلی هاشمی بۆ سەردانی ماڵ و منداڵ دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان، بۆ شارۆچکەی ژاراوێ. دوژمن بۆ زەربە لێدان لە مەلارەسووڵ گەردی و باقی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەردەوام لە پیلان دانانەوە دابوەو لە دەرفەتێک گەراوە بۆ ئەوەی لە داویان بخا. سەرەنجام ڕژێمی ئاخوندی بە هۆی چەند جاشی سەنگەسەری کە پێوەندی دولایەنەیان هەبوو لە گەڵ ڕژێمی ئێران و عێراق، پیلانەکەی جێبەجێ دەکرێ و کاتێک شەهید مەلارەسووڵ و کاک سەید عەلی هاشمی لە سەنگەسەر میوانی کاک قادرلاجانی دەبن، شەوێ دەورەیان دەدرێ و لە چوار لاوە لە سەربانی و لە حەوشەڕا دەسرێژیان لێدەکرێ، بەهۆی ئەو تەقەلێکردنەوە بەداخەوە کاک قادرلاجانی شەهید دەکرێ و مەلارەسووڵ گەردی و کاک سەیدعەلی هاشمی برینـدار دەکرێن، کە بەداخەوە کاک سەیدعەلی هاشمی بە هۆی قورسی برینەکەی، لاقەکەی دەبڕێتەوەو ئەندامێکی لەشی خۆی لە دەست دەدا.

مەلارەسووڵ گەردی لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ای هەتاوی تا کۆنگرەی ٧ لەسەر داوای کۆمیتەی شارستانی پیرانشار کاری قەزایی لەو کۆمیتەیە وە ئەستۆ گرت. پاشان لە سەر بڕیاری کۆمیسیۆنی سیاسی_ نیزامی و موافقەتی کۆمەڵایەتی لە بەشی قەزایی زیندانی ناوەندی حیزب دا کاری بەڕێوە برد.

دواتر لە سەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و موافقەتی دەفتەری سیاسی لە سەرەتای ساڵی ٦٧ واتە ڕێکەوتی ١ / ٧ / ١٣٦٧ وەک بەرپرسی ئاسایشگا دیاری کرا. شەهید مەلارەسووڵ لەو ئۆرگانەش دا لەگەڵ کەم ئەندامەکان و نەقوستانەکانی حیزب وەک باوکێکی دڵسۆز دەجووڵایەوە و گوێی بۆ دەردو ئازارەکانی ئەوان رادەگرت و ئەرکی خۆی لە مەڕ پێڕاگەیشتنی کارو باری ئەوان زۆر بە باشی بەڕیوە دەبرد. بۆ روون بوونەوەی کاری دڵسوزانەی ئەو لەو ئۆرگانە دا ڕەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە گوێ لە بیرەوەری کاک محەممەد فەقێ عەلی یەکێک لە هاوسەنگەرانی ئەو لەو ئۆرگانەدا ڕابگیرێ کە لە لاپەرەیەکدا بۆ یادی ٢٠ساڵەی شەهید بۆ بنەماڵەی گەردی ناردوە و خۆی بە قوتابی شەهید مەلارەسول گەردی ناساندوە.

مەلارەسووڵ گەردی لە بەرابەر دوژمنانی گەل و حیزبەکەی دا، بێرەحم و لە موقابیل نیشتمانپەروەران و هاوسەنگەرانی دا مرۆڤێکی بەروحم بوو.

ئەو عەلاقەیەکی زۆری بە رادیۆ دەنگی کوردستان هەبوو. کاتێک گوێی بۆ ژیان و بەسەرهاتی پێشمەرگەکان رادەگرت خۆی پێ ڕانەدەگێراو چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک و بە چاوانی دا دەهاتنە خوار. ئەم ڕۆڵە دڵسۆزەی دێموکڕات بە خەبەری شەهید بوونی هاوسەنگەرانی زۆر تێک دەچوو.

گوێی بۆ هەموو بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان رادەگرت و دەیگوت دەنگی کوردستان وەک مامۆستایەک وایە کە شتمان فێر دەکا. شەهید مەلارەسوڵی گەردی رێزی زۆری لە خێزانی و منداڵەکانی دەگرت و هەڵسووکەوتی زۆر دێموکراتانەی بەرامبەر بە هەموویان هەبوو. بە حوکمی ئەوەی خێزانی لەو ماوەیە دا کە هاوژیانی بوو و زۆر تاڵی سوێری ژیانی لە گەڵدا چەشتبوو و لە زۆر بوار دا هاوکارو هاوسەنگەری بوو رێزێکی بێ پایانی بۆ دادەناو هاوفکری لە گەڵدا دەکرد.

بۆ مەلارەسووڵ خیزانی بە تەنیا شەریکی ژیانی نەبوو، بەڵکوو هاوکارو هاوفکرو باوەرپێکراو شەریکی کاری سیاسی ئەو بوو،چونکە خیزانی لە نەبوونی مەلارەسوڵ دا وەک دایکێک ئەرکی خۆی بەرامبەر بە منداڵەکانی بەجێدەگەیاند و لە جیاتی مەلارەسوڵ بۆ منداڵەکانی ئەرکی باوکێکی دڵسۆزیشی بەجێدەهێنا.

دەتوانین بە راشکاوی بڵێین خاتوو ئایشە دەورانی هاوسەرێکی بە وەفا و ماندوویینەناس و ئەمەگناسێکی کەموێنەیە لە ناو ژنی کورد دا کە بەو شێوەیە دەست لە هەموو خۆشی یەکانی ژیان هەڵبگرێ و ٧ منداڵ بەو هەموو دەردەسەری و سەختیەی 2 رژێمی شاو خومەینی بۆ نەتەوەکەی پێبگەیەنێ. سەرەای ئەوەش مەلارەسووڵ گەردی باوەری بە مافی ژن هەبوو و لەو سۆنگەیەوەش رێزی زۆری بۆ ژنان دادەنا.

دایکم سەبارەت بە ژیانی دژوار و پڕمەشەقەتی خۆی دەڵێ: بەداخەوە تەنیا دایکی واتە ئامینی مەلاساڵح بە هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی خۆی پشتیوانی سەرەکی بووە بۆ بەربەرەکانی ئەو ژیانە سەختە و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکان و هەروەها هاوکاری مەلارەسووڵ بووە بۆ ئەوەی بێخەم کوردایەتی و حیزبایەتی خۆی بکا.

بۆیە دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم کە هەم دایکم و هەم نەنکم دەورێکی ئەساسی یان لە ژیانی سەربەرزانەی باوکی شەهیدم دا هەبوەو ئەوان پشتیوانی یەکەم ودواتریش هەوڵ و تێکۆشان و ماندوویی نەناسی وبیروباوەرەکەی خۆی لەو خەباتە دا دەوریان بینیوە.
دیارە لە کاتی زیندانی باوکم دا، نە خزمانی خۆمان نە خەڵکی ئاسایی نەیانتوانیوە لە ترسی ساواک بە ئاشکرا هاوکاری دایکم بکەن.

شەهید مەلارەسووڵ گەردی هونەردۆست بوو و رێزی زۆری بۆ هونەرمەندان و گۆرانی بێژەکان دادەنا. هەر کە زانی کورەکانی زەوقی هونەرییان هەیە و کاری هونەری دەکەن پێشی بەو کارەیان نەگرتوو تەنانەت هانی دەدان کە لەسەر کارەکەیان بەردەوام بن. بۆ خۆی گوێی لە گۆرانی و مۆسیقاکەیان رادەگرت. لە کاتێدا کە لە منداڵەکان دوربوو کاسێتی دەنگی ئەوانی لە لابوو و لە کاتی وەڕەزیدا گوێی لێرا دەگرت.

بۆ خۆی گوێ بۆ دەنگی گۆرانی بێژانی وەک: حەسەن زیرەک، ماملێ،خالەقی،تاهیر تۆفیق،علی مەردان و لاوک بێژانی وەک : کاوێس

ئاغا،محەمەدعارف جزیری،ئایشەشان و حەیران بێژانی وەک: محەمەد ئۆمەراوەیی،حەسەن رەسوڵ سیساوەیی و خدر دەرزی رادەگرت.

شەهید مەلارەسوڵ ئینسانێکی مەسئول بوو لە بەرابەر هەموو ئەوانەی بە جۆرێک پێوەندی لە گەڵ هەبوون، هەروەها زۆریش بە عەتف بوو. لەکاتی بەتاڵیدا سەردانی خزم و دۆست و ئاشنایانی دەکرد. مەجلیسەکانی بە قسەی خۆشدەڕازاندەوە. ئێواران کە لەکار دەگەرایەوە نەوەکانی لە باوەش دەگرتوو لە گەڵ خۆی قەدەمی پێلێدەدان.

رۆژی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ای هەتاوی بەرابەر بە ٢٩ / ١٠ / ١٩٩١ زایینی کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی کاتێک خۆر گزینگی دەر کردبوو بە هۆی خۆفرۆشانی سەربە رژێمی ئاخوندی ماشێنێکی مینرێژکراو بە کۆنترۆل لە رێگای دوورەوە لە کاتێکدا تەقێندرایەوە و کە ماشێنی مینی بووسی بنەماڵە و ئەندامان و کادرەکانی حیزبی کە بەرەو نەخۆشخانەو شوێنی کار دەچوون. بە هۆی ئەم جینایەتەوە مەلارەسووڵ گەردی و حەسۆ عەلیپوورو جەلیل مامایی شەهید بوون و بەشێکی زۆر لە سەرنشینەکانی دیکەی بووسەکە بریندار کران. بەم جۆرە لاپەرەیەکی دیکەی تاوان و تیرۆر بە کارنامەی رەشی ئاخوندەکانی ئێرانەوە زیادکرا.

---

## شەهید حەمە نارستی
## پێشمەرگە و فەرمانده‌ر




شەهید حەمە نارستی لە ماوەی دوورودرێژی ئەو بەرپرسایەتی‌یانەی دا زۆر داستانی حەماسە و قارەمانەتی بۆ مێژووی حیزبەکەی تۆمار کردن و گەلێک سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنان، لە بەرامبەر پەلاماردەرانی کوردستان دا شەرمی لە گوللە نەدەکرد و لە مەرگ نەدەترسا، ناوی حەمە نارستی و ناوبانگی خۆراگری و فیداکاری‌یەکانی بە رادەیەک لە ناوچەدا دەنگی دایەوە، کە بوو بە

وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی و ئاوایی نشینەکان، لە هەر جێگایەکی ئەو ناوچەیە دوژمن هێرشی کردبایە، لەگەڵ بەرهەڵستی تووندو تیژی حەمە نارستی و هاوسەنگەرانی و تێکشکان و نائومێدی بەرەوڕوو دەبوو، ناوبراو بە هەڵسەنگاندن و لێوردبوونەوەی تەواو پلانی دادەڕشت و بە هاوفکری و ڕاوێژ لەگەڵ هاوسەنگەرانی بەڕێوەی دەبرد، هەربۆیە لە بڕیاردان دا هەڵەی نەدەکرد و سەر دەکەوت.

شەهید حەمە نارستی مرۆڤێکی خۆش ئەخلاق، قسە خۆش، لێو بەبزە، مرۆڤ دۆست و پشتیوانی ڕاستەقینەی زەحمەتکێشان و زۆر لێکراوان بوو، شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە پێشمەرگەی گەلەکەیەتی و لە پێناوی بە ئاوات گەیشتنی نەتەوە ماف ویستەکەی دا خەبات دەکا، هەروەها نەزم و دیسیپلین، ئەرک وەخۆگری، گوێ ڕایەڵی بۆ بەڕیوەبردنی ئەرک و بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات و لایەنگری لە تەبایی، لەو تایبەتمەندییانە بوون کە حەمە نارستییان پێ دەناسرایەوە، لەخۆرا نەبوو کە هاوسەنگەرانی بە گشتی خۆشیان دەویست و پێشمەرگەکان هەمیشە وەک برا گەورەیەک چاویان لێدەکرد.

شەهید حەمە نارستی هەموو ئاوات و خۆزیاکانی لە سەرکەوتنی حیزبەکەی و بە ئاوات گەیشتنی گەلەکەی دا کۆ کردبوونەوە، بەڵام سەد مخابن بە ئاوات نەگەیشت و بە ناکامی سەری نایەوە، دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویی بە هۆی چەند بەکرێگیراوی ناسراوی سەر بە ئیتلاعاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە شاری کۆیە لە داو خراو و ڕفێندرا و تەسلیم بە مۆرەکانی دەزگای تیرۆر و جاسووسی کۆماری ئیسلامی لە گەرمێنی کوردستان کرا، دوو ڕۆژ دوای ئەو تاوانە ڕۆژی ٢٤ی مانگی جۆزەردان تەرمی بێ گیانی حەمە نارستی لە بەرزاییەکانی چیای هەیبەت سوڵتان لە نێزیک شاری کۆیە دۆزرایەوە.

بەمجۆرە ڕۆڵەیەکی دیکەی دڵ پڕ لە ئاوات و خۆزیا، پێشمەرگەیەکی سەوداسەری ئازادی و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلە ستەم لێکراوەکەی، کادرێکی خاوەن ئەزموونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەرماندەیەکی لێوەشاوە و قاڵ بووی کورەی خەبات، بە دەستی بەکرێگیراوانی ڕژێمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی بە پێی پیلانێکی لە پێش دا داڕێژرا و شەهید کرا و گوڵی تەمەنی پەڕپەڕ بوو، یادی شەهید محەممەدی مستەفایی ناسراو بە حەمە نارستی بەڕێز و ڕێگای پڕ لە سەروەری تا گەیشتن بە ئامانجی بەرزی بەردەوام بێ.

# کورتەیەک ژیانی شەهید فەقێ عەوڵا فەرماندە هێزی شەهید مینەشەم.




**عوسمان نەڵۆسەیی**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی ڕەوای خۆی چەندین ساڵە ڕۆڵەکانی خۆی دەکاتە قۆچی قوربانی و بۆ ئەوەی بە سەربەستی بژی لە هیچ جۆرە خەباتێک سڵی نەکردوە. یەکێک لەو ڕۆڵە شۆڕشگێرانەی کە گیانی خۆی فیدای سەربەستی گەل کردو هەتا ئاخرین هەناسەی ژیانی لە بیری نەتەوەکەی دابوو، شەهید فەقێ عەبدوڵڵا محەممەدی خەڵکی گوندی "نواوێ" سەر بە ناوچەی ڕەبەتە.

ئەو شەهیدە سەربەرزە کەسێک نیە کە نەناسراو بێ، بەڵام زۆر لە ڕووداوەکانی سەر ڕێگای ژیانی ئەو تێکۆشەرە بۆ هەموو کەس ئاشکرا نین، ئەوەی کە منیش دەمهەوێ لێرەدا باسی بکەم هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەم تێکۆشەرە سەربەرزە ناگرێتەوە.

ئەوەی کە منی هێنایە سەر ئەو باوەڕە هەندێک شت لە سەر ژیانی ئەو نەمرە بنووسم ئەوەیە کە ماوەیەک لەمەوبەر تیشک تیڤی لە بەرنامەی جەنگاوەرانی خۆرەتاو دا ژیاننامەی ئەو شەهیدەی خوێندەوە دوابەدوای ئەویش دا بەرێز کاک ئەحمەد مەکڵاوەیی نووسراوەیەکی نووسی و لە سایتی ڕۆژهەلات تایمز دا بڵاو بۆوە.

ئەو نەمرە ساڵی ١٣٢٧ ی هەتاویی لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە گوندی نواوێ لە دایک دەبێ و بە نێو خاڵی دەکەن کە نیوی عەوڵا چەکۆ بووە و ئینسانێکی بە نێوبانگ دەبێ.

هەر کە تەمەنی دەگاتە حەوت ـ هەشت ساڵی، بۆ خوێندن دەنێردرێتە حوجرەی فەقێیان بۆ ئەوەی قورئان بخوێنێ و خوێندن و نووسین فێر بێ، ئەوجار بە نێوی فەقێ عەوڵا بانگی دەکەن و دەبێتە خۆشەویستی خەڵکی نواوێ.

فەقێ عەوڵا هەر لە سەردەمی منداڵی را ئاشقی راو دەبێ و دەبێتە ڕاوچی. لە لایەک خوێندن و فەقێیاتی و لە لایەکی دیکەش ڕاو و گەڕان لە کوێستانە خۆشەکانی ئەم ناوچە سەربەرزە وایان کرد کە ئۆگری گۆرانی و حەیرانیش بێ، لەگەڵ ئامۆزاکەی بە ناوی فەقێ برایم گەلێک حەیران و لاوک و گۆرانی خۆشیان بە دەنگی زوڵاڵیان تۆمار کردوون.

بنەماڵەی فەقێ عەوڵا بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ناوچەی ڕەبەت بوون، هەم مەڕدار بوون و هەم کاری وەرزێریان دەکرد، هەر بۆیە توانیان زەوی و زاری گوندی جمگێ بکڕن و حاجی خێلێ ماڵی لەوێ دانا و هاوکاتیش ئاشی ئاویان کە یەکێک لە پێویستی‌یەکانی جووتیارانی دەڤەرەکە بوو دانا. بە هۆی مەڕداری، لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی دیکەی گوندی نواوێ دێی چۆمەڵیان ئاوەدان کردەوە.

فەقێ عەوڵا کە تەمەنی گەیشتبۆ تەمەنی لاوەتی و بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارلە خۆی ڕادەدیت، بە هاوکاری خزمێکی خۆیان بە ناوی میرزا مەجیدی مەهاباد، ئاشی ئاوری کری. کاتێک سەردەمی سەربازی هات بە هۆی ئەوە کە دەوڵەمەند بوو کارێکی وایکرد کە مەعاف بێت.

شەهید فەقێ عەوڵا تا کاتی شەهیدبوونی ٣ جار ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و بەرهەمی ژیانی هاوبەشی ٥ کچ و کورێک بوو کە ئێستا بە خۆشیەوە هەموویان لە قەیدی حەیات دان و هەر یەکەیان ژیانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ژیانی بنەماڵەی شەهید فەقێ عەوڵا هەر دەهات و باشتر دەبوو، هەر بۆیە تراکتۆرێکیشی کرِی و ئەوجار لە نزیک ئاشی، باخی سێوانی چەقاند کە یەکەم باخ بوو لە ناوچەکەدا. بنەماڵەکەیان ئەسپی جوان و بە قیمەتیان هەبوون. ناوبراو تراکتۆری لێدەخوڕی لە کاتی دیکەش دا بە سواری ئەسپەکەی خەریکی ڕاوی کەروێشک و .... دەبوو .

وای لێهات کە مەسئولیەت و سەرپەرەستی هەر سێک بنەماڵەکەی کەوتبۆ ئەستۆ، هەر بۆیە وایان بەباش زانی کە لەگەڵ ئامۆزاکانی ماڵ لێک جیا بکەنەوە.چۆمەڵ، ئاش و باخەکە وەبەر مام میرزا و کوڕەکانی کەوت. (مام میرزا باوکی شەهید فەقێ عەوڵا بوو. ) دوای ئەم دابەش کردنە بۆ خۆی لە ئاشی مایەوە کە خانوویەکی گەلێک خۆشی لێ درووست کردبوو و کاک حەمەی برای لە گوندی چۆمەڵ نیشتەجێ بوو.

لەو سەردەمە دا کە خەڵکی بە گشتی لە چنگی رژێمی پەهلەوی دا وەزاڵە هاتبوون و بۆ لابردنی سایەی ئەو رژێمە لە سەر خۆیان، ڕۆژانە سەر شەقامەکان و ڕێپێوان و مانگرتنەکان دەستیان پێکرد، فەقێ عەوڵاش بۆ بەشداری کردن لەو ڕێپێوانانە دا ڕووی لە شاری

سەردەشت کرد و لەبەر ئەوەی کە هەم خوشکی لە بانە بوو هەمیش زۆر ڕەفیقی لەوێ هەبوون بە تایبەت ڕووی لە بانە کرد. زۆرجار لە قسەکانی خۆیدا دەیگووت کە ٢ جارانیش بۆ ڕێپێوان چۆتە شاری سابڵاخێ.

گوندی نواوێ پاسگایەکی لێبوو کە لەو سەردەم دا بە حیساب بۆ ڕاپەراندنی کاروباری خەڵکی ناوچەکە لەوێ نیشتەجێ ببوون. فەقێ عەوڵا بۆ دەست بەسەرداگرتنی پاسگاکە لەگەڵ هەندێک کەسیتر بە ناوەکانی ( میرزا حەسەنی دەشتێ، خدری بایزی ئامانێ خەڵکی پاشبەرد، حوشینی پوور ئامانێ خەڵکی شیوەجۆیە .. ) لە گوندەکانی دیکەی دەوروبەر دانیشت ئەوە لەو سەردەمە دا بوو کە شا هەڵات بوو و ئێرانی بەجێ هێشتبوو، لە هەموو شوێنێک پاسگا و پادگانەکانی ڕژێمی شایەتی لە لایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەر دا دەگیرا.

هەر بۆیەش فەقێ عەوڵا لەگەڵ ئەو چەند کەسەی سەرەوە کە ناوم هێناون دادەنیشن و داوا لە نەفەراتی پاسگاکە دەکەن کە تەسلیم بن و چەکەکانیان تەحویلی خەڵک بدەن. ئیدی سەربازانی نێو پاسگاکە دەزانن کە قۆناخەکانی ژیانی حکوومەتی پاشایەتی لە کۆتایی دایە و تەسلیم دەبن و چەکو چۆڵەکەیان کە ٢٣ چەکی جۆراوجۆر دەبێ لێ تەحویل وەر دەگرن و بە سەر خەڵکی دا دابەش دەکەن و فەقێ عەوڵا دەبێتە مەسئول وبەرێوەبەری کاروبار لەو پاسگایە کۆنەدا، کە دواتر پێی دەڵێن "مەقەری نواوێ."

بەدوای ئەو ڕووداوە دا ئەو خەڵکەی کە بە دزی چەکو چۆڵیان هەبوو، چەکەکانیان ئاشکرا کردن و بە گشتی خەڵکێکی زۆر چەکدار بوون، لەو سەردەم دا هیچ حیزبێکی دەسەڵاتداری لێ نەبوو، مامۆستا مەلا خدری عەبباسی ناسراو بە مەلا خدری سارتکێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە دەوروبەرییەوە بوون و چەکیان پێ بوو، دەچنە گوندی نواوێ و خەڵک کۆ دەکەنەوە و بە بۆنەی گرتنی پاسگاکە دەستخۆشی لە کاک فەقێ عەوڵا و خەڵکی نواوێ و دەوروبەری دەکا و پاشان دەگەڕێتەوە.

لەبەر ئەوە لەو سەردەمە دا کاروباری خەڵک و شۆڕش کەوتبۆ دەستی شۆراکان ئەو مەقەرە بۆ ماوەی ٣ مانگان سەر بە شۆرا بوو. لەو سەردەمە دا بوو کە کاک مەلا حەسەن شیوەسەڵی شەهیدی زیندووی گەلەکەمان، شەهید پیرەباب و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە دەنێرێ و فەقێ عەوڵا دەبەنە بەری سوێسنایەتی سەردەشت و لەوێ بێ حورمەتییەکی زۆر بە فەقێ عەوڵا دەکەن و ئەو کردەوەیە بوو بە هۆی دڵگرانی و تووڕەیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچە، هەڵبەت دوای ئەو ڕووداوە کاک فەقێ عەوڵا بوو بە یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی شەهید پیرەباب، فەقێ عەوڵا بە شەهید بوونی پیرەباب زۆر نارەحەت بوو.

پاش گەڕانەوەی فەقێ عەوڵا بۆ بەری ڕەبەت، کاک سەرگورد عەبباسی کە بەرپرسی هێزی پێشمەرگە بوو، کاک مەلا ڕەسووڵ پێشنماز دەنێرێتە لای فەقێ عەوڵا و ئیدی لەو سەردەم ڕا فەقێ عەوڵا ڕەسمەن دەبێ بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە بەشی یەکەمی ژیانی شەهید فەقێ عەبدوڵا دا باسی ئەو قۆناخەم کرد کە دەورانی ژیانی ئاسایی و شەخسی ناوبراو بوو تا

سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی پێشمەرگایەتی. هاتنی مەلا رەسولی پێشنماز بۆ نواوێ وەک نێردراوی کاک سەرگورد عەبباسی بە مەبەستی قسە کردن لە گەڵ کاک فەقێ بوو. کاک فەقێ هەر لەوێ بەڵێنی بە کاک مەلا رەسوڵ دەدات کە ببێتە پێشمەرگەی دێموکرات. هەر ئەو رۆژە کاک مەلا رەسوڵ بەرپرسایەتیی مقەرِی نواوێی وەک بنکەیەکی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکە پێ دەسپێرێ. دیارە کاک فەقێ بەر لەوەش لەو بۆشاییەی کە لە ئەنجامی لاوازی و دواتر روخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە سەرانسەری ئێران پێکهاتبوو، وەک تێکۆشەرێکی رێبازی کوردایەتی سەرپەرەستیی پاسگای نواوێ یان مقەرِی نواوێی دەکرد. لەو سەردەمە دا پادگانی مەهاباد مابوو و هێشتا دەستی بە سەر دا نەگیرابوو. پاش گیرانی پادگانی مەهاباد لە لایەن خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە دە ست زولم و زۆریەکانی حکومەتی پاشایەتیی حەمە رەزا شا، چە ک و چۆڵێکی زۆر کەوتە دەستی خەلک و لەو بەینەش دا چەندین چەک و چوڵی قورس کە یەکێکیان تۆپێکی سەدو پێنج میلیم بوو، بۆ بنکەی حیزب لە نواوێ راگوێزران کە ئەو کات فەقێ عەبدوڵا بە رەسمی لە لایەن حیزبەوە سەرپەرەستی ئەو بنکەیە بوو.

*چۆنیەتی شەهید بوونی فەقێ عەبدوڵلا، فەرماندەری بەتوانای هێزی شەهید مینە سەم: شەوی ١٧ / ١ / ١٣٦٣ی هەتاوی چووە گوندی چوالان کە لەو کاتە دا هەم بنکەی هێز لەوێ بوو، هەمیش ژن و ماڵی کاک فەقێ عەبدوڵلا و کاک ئەحمەد نستانیش لەوێ بوون. ئەو شەوە لە گەڵ ئەحمەد نستانی هێندێک لە سەر چۆنیەتی بەربەرەکانی لە گەڵ دوژمن پێکەوە دانیشتن. بەیانی ئەو رۆژە لە تاریک و روونی بەیانیدا بەرە و بەرزایی شاخی سەرە کەروێشکە لە نێوان گوندەکانی چوالان و دۆلەتوو کەوتنەرِێ، لەو کاتە دا کە دوژمن بە خەستی بە دەیان چەکی گەورە ناوچەکەی دەکوتا، فەقێ عەبدوڵلا کەوتە بەر گوللەی خۆمپارەی 120 میلیم و بەداخەوە شەهید بوو .

بەدوای ئەوەدا پۆڵێک پێشمەرگە کە فەرماندەیەکی بەتوانایان بە ناوی حوسێن شەمامی لەگەڵدا بوو، بە مەبەستی راگواستنی تەرمی فەقێ عەبدوڵلا کەوتنە رێ. بەڵام بە داخەوە ئەوانیش کەوتنە بەر پرِیشکی خۆمپارە و شەهید بوون.

تیبێنی : ژیانی شەهید فەقێ عەوڵا فەرماندە هێزی شەهید مینەشەم لە لایەن کاک عوسمان نەڵۆسەیی بە درێژیی نووسراوە و ماڵپەری گیارەنگ بڵاو کراوەتەوە من کورتەیەم لێهەبژاردوە

# یادو بیرەوەری فەرماندەی شەهید حەمەدەمین سولێمانپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلا عەزیزی




لە مێژە گەلی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان خاکەکەی داگیر کراوە و دەچەوسێتەوە، بەلام بە هۆی فیداکاری و کۆڵنەدانی نەتەوە فیداکارەکەیەوە، دوژمنانی گەلەکەمان بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە چۆکی پێدادەن و لە ناوی بەرن.

کوردستان قەڵای لە گیران نەهاتووی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، بە هۆی فیداکاری ڕۆڵە بوێرەکانی گەلەکەی و بەرخودانی خەڵکە تێکۆشەر و نەبەزەکەی هەمیشە لە سەر پێ ڕاوەستاوە و دوژمنانی گەلەکەمان نەیانتونیوە ئەم قەڵا لەگیران نەهاتووە بکەنە پێگەی خۆیان و لەگەڵ ئەوەدا کە کوردستان دابەش کراوە بەڵام هەمیشە ڕۆڵەکانی بەرگریان لێکردووە و لێدەکەن.

یەکێک لەو هەزاران ڕۆڵە تێکۆشەرانەی کە بۆ گەل ژیا و لە پێناو ئاواتەکانی ئەواندا سەری بەرزی نایەوە، و بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان خەباتی کرد، ڕۆڵەی چاو نەترسی چیا و لێرەوارەکانی ناوچەی سەردەشتی مەکۆی قارەمانان شەهید حەمەدەمین مەلا عەزیزی بوو.

شەهید حەمەدەمین سولێمانپوور لەساڵی ١٩٦١ لە گوندە دڵگیرەکەی بێوارنی خوارێ لە داوێنی چیای کاسەشکێن لە بنەماڵەیەکی ئاییِنی و شوڕشگێردا چاوە گەشەکانی بە دنیای پڕ لە چەرمەسەری و بەشخوراوی نەتەوەکەی هەڵێنا و بە گرۆگاڵی خۆی خۆشی و شادی خستە ناو دڵی بنەماڵەکەیان، شەهید حەمەدەمین بە هۆی هەژاری و دەست کورتی بنەماڵەکەی بەداخەوە وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی چەوساوەی کوردستان لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش مایەوە. بەڵام وێرای نەخوێندەواری مرۆڤێکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کرد کە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان چۆن دەچەوسێنەوە و سەروەت و سامانی بە

تاڵان دەبرێت.

لە کاتێکدا کە تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵی لە لایەن ڕژێمی کوردکوژی پەهلەوی ناوی هاتەوە کە بچێتە ئیجباری (سەربازی)، بەڵام ئامادە نەبوو خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان بکات، هەر بۆیە بەرەو گەرمێن کەوتە ڕێ و ڕێگای کوردستانی ژێر دەستی بەعسی گرتە بەرو چۆ گوندی هێرۆ و شاری قەڵادزێ و دەستی بە کاروکاسبی کرد.

پاش ماوەیەک مانەوە لە باشووری کوردستان نەیتوانی چاولێکەری زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان لەم بەشە داگیرکراوەش بێ، هەر بۆیە پەیوەندی بە ڕێکخراوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانەوە دەکات و دەبێتە پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی گەلەکەی. بە هۆی ئازایەتی و لێوەشاوەیی پاش ماوەیەکی زۆر کەم جێگای خۆی لە ناو تێکۆشەرانی یەکیەتی دا دەکاتەوە و دەبێتە ئەمیر کەرتی یەکێک لە بنکەکان و زۆر چالاکانە بەشداری لە شەڕەکانی ناوچەکانی پشدەر و بیتوێن دا دەکات و بە هەڵمەتی شێرانەی وێرای هاوسەنگەرانی دوژمن دەتاسێنێ و دەبێتە جێگای خۆشەویستی زەحمەتکێشان لەم ناوچەیە دا.

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕکرانی ڕژێمی دژی گەلی حەمەڕەزاشا، شەهید حەمەدەمین یەکێک دەبێت لەو تێکۆشەرانەی کە دوای ساڵانێکی زۆر دووری لە خۆشەویستی بنەماڵەی وێرای هاوڕێکانیتری دەگەڕێتەوە و بەشداری دەکات لە پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو دەستە پێشمەرگەیە لە کاتی گەڕانەوەیان دا چالاکانە بەشداریان لە شۆڕش و ڕاپەرینەکان دا کرد و پاشان لە گوندی بێورانی خوارێ بنکەیەک دەکاتەوە و کۆمەڵ، کۆمەڵ و پۆل پۆل رویان دەکردە بنکەکەو دەبوونە پێشمەرگە کە لە دوایی دا بە دەستەی زەربەت دیاری کرا و لە هێزی ١١ی موعینی ئەوکاتدا سازمان درا. دوای نزیک بە ساڵێک مانەوە لەم بنکەیە دا پێشمەرگەکانی کە لەگەڵ شەهید حەمەدەمین هاتبوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرێزەوە ڕەوانەی بنکەی ناوزەنگی یەکیەتی نیشتمانی کرانەوە و لەوێ درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیاندا کە هاوکاریان جێگای ڕێز و پێزانینە.

کاک حەمەدەمین لە ماوەیەکی زۆر کورتدا جێگای خۆی لە ناو دڵی خەڵکی ناوچەی سەردەشت دا کردەوە و ببوو بە خۆشەویستی چێنو تووێژەکانی کۆمەڵ لەم دەڤەرە دا، کاک حەمەدەمین بە حەماسەوە وێرای هاوسەنگەرانی بەشداری لە زۆربەی شەڕەکانی کوردستاندا و زۆر شەڕی گەورەی وەک شەڕەکانی نەغەدە، بێهەنگوین، ڕێگای بانە سەردەشت، پیرانشار سەردەشت، شنۆ، شیمالی کوردستان و زۆر شوێنیتر کردوە. کەم شەڕ هەبوون کە قارەمانەکانی دەستەی زەربەت بە فەرماندەهی شەهید حەمەدەمین زەربەی لە دوژمن نەوەشاندبێ.

شەهید حەمەدەمین تێکۆشەرێکی نەبەز و چاونەترس بوو، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بێ باکانە بیروبۆچوون خۆی دەردەبری و قسەکانی خۆی بە گوێی بەشداران دەگەیاند و سەرەڕۆیی و زوڵمی لە کەس قەبووڵ نەدەکرد و وەفادار بوو بە ڕێبازی کۆمار و پێشەوا

شەهیدەکەی.

دوژمنی داخ لە دڵی کورد کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشی خۆی بۆ سەر ناوچە دەستپێکرد بوو، هەر بۆیە زۆرجاران لە لایەن دۆستان و ئەندامانی حیزب لە ناو شاری سەردەشت هەواڵ دەهات کە ڕژێمی دژی گەلی ئاخوندی نیازی هەیە و هێرش دەکات بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ناوچەی بێوران و دەوروبەری، هەرچەند زۆرجار ڕژێم بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچەیە هێرشی کرد و بەختی خۆی تاقی کردەوە بەڵام هەموو جارێک بە ئازایەتی دەستەی زەڕبەت و پێشمەرگەکانی دیکە تێک دەشکا و بە تێکشکاوی و بە کوژرا و بریندارێکی زۆرەوە بەرەو مۆڵگەکانیان دەناردنەوە.

شەهید حەمەدەمین زۆرجار لە ناو کۆڕی هاوڕێیانی دا دەیگووت: مەگەر دوژمن بە سەر لاشەم دا بڕوات، ئەگینا ناتوانێت ئەم ناوچەیە بگرێتەوە و ئامادەم لە سەر پاراستنی ئەم ناوچەیە و خاکی کوردستان گیانی خۆم فیدا بکەم. دوژمن زۆرجار هێرشی کردە سەر ئەم ناوچەیە، بەڵام سەرنەدەکەوت و تاکوو سەرئەنجام لە شەوی ١٨ / ٦ / ١٩٨٣ دا ڕژێم بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە خۆفرۆشان لە کاتی نیوەشەودا هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێکرد و لە بەرەبەیانیدا بە بەشداری هەزاران کەس و لە ژێر ئاگری تووندی توپخانە و هەلیکۆپتەر دا هێرشی خۆی بۆ سەر گوندەکانی بێوران، قەڵەڕەشێ، زوران و کونەمشکێ و هەروەها بەرزایەکانی بوڵفەت و شاخە خوارە، گردی ئاغایان، تۆپە سوتاوێ لە پشتی نێشکۆڵان و مەلازادان و دەوروبەری دەست پێکرد و لە کاتژمێر چواری بەرەبەیانی دا شەڕێکی تووند لە نێوان پارێزەرانی کوردستان و هێزی زۆرو بۆری ئەهریمەنی دەستی پێکرد و لەگەڵ خۆرهەڵات و ڕووناکی بەیانی دوژمن لە ڕێگای جادەی سەردەشت، بێورانەوە بە هێزێکی زۆرترەوە هاتە مەیدانی شەڕەکە و زۆر بە خەستی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و مووچە و مەزرا و ماڵی خەڵکی تۆپو خومپارە و کاتیۆشاباران دەکرد.

لەم شەڕە قورسەدا زیاتر لە ١٠ دەزگا ماشێن، ٢ بولدزێر و ٣ موتور سیکل بە دەستی قارەمانەکانی دەستەی زەڕبەت و پێشمەرگەکانیتر سوتێندران و لە بەرێک هەڵوەشێندران و کەلاکێکی زۆر لە داگیرکەران لە مەیدانی شەرەکە کەوتبوون و زەڕبەیەکی قورس وە پەیکەری لەرزۆکی دوژمن کەوت. بەڵام بەداخێکی یەکجار گرانەوە لەم شەڕە سەخت و نابەرابەرەدا، ڕۆڵەی قارەمان و تێکۆشەری مەیدانی خەبات و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و فەرماندەی بەوەج کاک حەمەدەمین مەلا عەزیزی بە پریشکی تۆپ دەپێکرێت و زۆر بە سەختی بریندار دەبێ و دوای خوێنلەبەر ڕۆیشتنێکی زۆر و پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید دەبێ و ماڵئاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە و بنەماڵە سۆڕشگێرەکەی دەکات و بە شەهید بوونی خەم و پەژارەیەکی زۆر دەخاتە دڵی گشت لایەکەوە و ڕێگای خەبات و سەنگەری بەرگری لە خاکی کوردستان و درێژەدانی ڕێگای خەبات بە هاوڕێیانی دەسپێرێ و هەروەها لەم شەرەدا ٧ کەس لە هاوڕێیانی پێشمەرگەش بریندار بوون و کەسێکی بێ دیفاع بە ناوی حەسەن هەمزەیی شەهید بوو.

شەهید حەمەدەمین هەروەک گووت بووی، بە گیان بەرگری لە خاکی کوردستان و ئەم دەڤەرە پێشمەرگە پەروەرە کرد و وەفادار بوو بە

قسە و گووتەی خۆی و بەڵێنی خۆی بردە سەر و خوێنی پاکی خۆی کردە دیاری بۆ نیشتمان و لە ڕێگای پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و گەلەکەی دا بە سەخاوەتەوە گیانی خۆی پێشکەش کرد و شەهید بوو. شەهید بوونی کاک حەمەدەمین کاریگەرییەکی زۆری لە سەر دانیشتوانی گوندی بێواران و ناوچەکە هەبوو، هەموو خەڵک بۆی بە پەرۆش بوون، بەڵام شوێنی و خەباتی کاک حەمەدەمین بێ ڕێبوار نەمایەوە و بە دوای شەهیدبوونی دا بە سەدان کەس لەم ناوچەیە ڕێگای شۆڕش و خەباتیان بۆ پڕ کردنەوەی جێگای شەهید حەمەدەمین و بەرگری لە خاکی کوردستان گرتە بەر و تا ئێستاش لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری بە شێوەی جۆراوجۆر لەم ناوچە جوان و ڕەنگینە پشتیوانی لە شۆڕش و خەبات و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن و بە خەباتی بەدەوامیان سەلماندوویانە کە دوژمن بە شەهید کردنی ڕۆڵەکانی ئەم گوندە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ناتوانێ هەستی نەتەوایەتی لە نێو دڵ و مێشکی ئەوان دا بسرێتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانە لەگەڵ شەهید بوونی هەر کەسێک لەم ناوچەیە، بە دەیان کەسی دیکە ڕێگای ئەو دەگرنە بەر و ناهێڵن خەون و ئارەزووە چەوتەکانی ڕژێم بێتە دی.

ڕێگای خەبات و تێکۆشانی شەهید حەمەدەمین و هەموو شەهیدانی گەل پڕ ڕێبوار بێ.
شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان
مەرگ نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستانله دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش وازی لە تێکۆشانی سیاسی نەهێناو لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی دا تەشکیلاتی حیزب لە شاری بانەیان زیندوو کردەوە.

# ساڵەی شەهید بوونی دوو بەهرە و دوو قەڵەمی شۆڕشگێڕ: شەهیدان ئەبوو کانیەڕەشی و جەلیل ڕەحیمیان




قادر وریا

چ زوو تێپەڕ بوو! دەڵێی دوێنێ بوو کە خەبەریان هات و ئەو ناوەی خستە ماتەم. خەبەر هات کە لە "حوسێن مامە"، لە سەر ڕێگای بۆکان ـ میاندواو، دوو شۆڕەسواری دێموکرات، دوو پێشمەرگەی بە بیرو باوەڕ، دوو کادری لێزان و تێگەیشتوو، دوو بەهرەی بواری ئەدەب و نووسین، بە هۆی هێزێکی زۆری کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دراون.

ئێستا هەژارانی گوند، کچان و کوڕانی تاسەبار و تامەزرۆی ساتێک دیدار و پەیڤین لەگەڵ ئەبوو و جەلیل، دەستە و دوعا راوەستاون. بڵێی ئەمجارەیان خۆشەویستتانی ئەوان و سەرجەم خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری ناوچەکانی مەحاڵ و پیرمحەممەد و ئەحمەدی کۆر و شاری بۆکان، لەم هێرش و گەمارۆ ئەهریمەنییە، ڕزگاریان بێ؟

ئێوارە بوو دی نوقمی دووکەڵ و بۆنی سووتمان. زیاتر لە سەعاتێک بوو ئەو ماڵەی دوو لاوە دێموکراتەکە سەنگەریان لێ گرتبوو، ببووە نیشانەی گوللەی ئارپیجی و توپی ١٠٦. ئەوان وەک لێیان چاوەڕوان دەکرا، گاڵتەیان بە داوای خۆ بەدەستەوە دان هاتبوو و هەتا دوا فیشەک، هەتا دوا هەناسە دەستیان کردبۆوە. بەڵام هێزی پەلاماردەر نەیوێرابوو بچێتە سەر تەرمەکانیان. هەر بۆیە بە بۆردزێل، خانووەکەیان بەسەر دا رووخاندبوون و کاتێک دڵنیا ببوون کە شەهیدیان کردوون، تەرمەکانیان لەگەڵ خۆیان دا بردبوو.

٢٠ ساڵ لەمەوبەر، دوانیوەڕۆی ١١ی پووشپەڕی ١٣٧٠، حیزبی دێموکرات دوو ڕۆڵەی بە نرخی خۆی لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی حوسێن مامەی ناوچەی بۆکاندا، لە دەست دا. یەک لەو دوو کەسە، "ئەبووبەکر خزری" ناسراو بە

ئەبوو کانیەڕەشی بوو.

ئەبوو کانیەڕەشی، خەڵکی ئاوایی کانیەڕەشی ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان بوو. ساڵی ١٣٤٢ای هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی کانیەڕەش دا گەورە بوو، تا قۆناغی ئامادەیی درێژەی بە خوێندن دا. تێکۆشانی حیزبی و خەباتگێڕانەی لەیەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانەوە دەست پێ کرد. خولیای شانۆ و شانۆگەری ئەوی بۆلای یەکیەتیی لاوان راکێشا. ئەبوو لەیەکیەتیی لاوان دا، خۆی پێگەیاند. ژیان لە ئامێزی خەڵکی زەحمەتکێش و تامەزرۆی ئازادیدا و تێکۆشان لە نێو کۆڕی لاوانی بێبەش، بەڵام پڕ هەست و دڵپڕ لە ئەوینی نیشتمان، بۆ ئەبوو کانیەڕەشی سەرچاوەی فێربوون بوون. ئەبوو، کە لە باری نیزامی و پێشمەرگایەتییەوە، لاوێکی ئازا، بەورە و لە خۆ بردوو بوو، گرینگیی زۆریشی بە کاری سیاسی، تەبلیغاتی، فێربوون و فێرکردن دەدا و کەسێکی دیاری نێو کاروباری هونەری و فەرهەنگیی یەکیەتیی لاوان بوو. بەهۆی لێهاتوویی جۆراوجۆر، پلەکانی بەرپرسایەتیی هەر لە بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی بۆکانەوە، تا سەرپەرستی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، بڕی. لە روانگەی ئەو لاو و نەوجەوانانەی هاوڕێ و هاوکار و هاو ئۆرگانی بوون، ئەبوو، مامۆستا و ئۆلگوو بوو و بەردەوام هەڵسوکەوت و کارو کردەوەی جوانی لێ فێر دەبوون.

سەرەتای ساڵی ١٣٦٦ای هەتاوی، ئەبوو کانیەڕەشی، وەک کادری تەشکیلاتیی حیزب لە ناوچەی بۆکان دەست بەکار بوو. خەبات دژی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و باوەڕی قووڵ بە خەبات بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی، شانبەشانی خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی و رۆشنگەری لە دژی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئەو تایبەتمەندی و باوەڕانە بوون کە ئەبوو کانیەڕەشییان پێ دەناسرایەوە.

ئەبوو، ئەوەندە ئۆگری خوێندنەوەو نووسین بوو کە لە ریزی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "لاوان" دا جێگای خۆی کردەوە. هەوێنی نووسینەکانی ئەبوو کانیەڕەشی، ئەو رووداو و راستیانە بوون کە لەژیان و تێکۆشانی خۆی لە نێو خەڵکی رەش و رووت دا، تووشیان دەبوو. ئەو، لە بێبەشی و مەینەتییەکانی خەڵکێک کە خۆشیان دەویست و خۆشی دەویستن، ئیلهامی وەردەگرت و بە هۆی ئەوانەوە لەسەر رێبازی خۆی کە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو، شێلگیرتر دەبوو.

ئەبوو کانیەڕەشی، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی کارو تێکۆشانی خەباتگێڕانە لە ناوچەی میلیتاریزە کراوو لە نێورایەڵکەی سیخوڕان و بە کرێگیراوانی رێژیم دا چەندە پڕ مەترسییە و، سەرەڕای ئەوەی خۆشەویستی و ئۆگرییەکی زۆر بۆ هاوسەر و بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان، "تروسکە"ی کچی هەبوو، بێپەروا لە مردن و دابڕانی هەمیشەیی لەژیان و لە خۆشەویستان، رووی دەکردە قووڵایی ناوچەی پڕ مەترسیی شوێنی تێکۆشانی حیزبیی خۆی. لە نووسینێک دا کە ساڵێک و دوو مانگ بەر لە شەهید بوونی بۆ کۆرپە چەند مانگەکەی لە ژێر ناوی "بۆ تروسکەی کچم" دا، نووسیویەتی، دەڵێ: "کچە شیرینەکەم! قەت حەز ناکەم نازت بشێوێ، بەڵام رێگای تێکۆشان پڕ لە لێژو هەڵەمووتە و لەم رێگایەدا مرۆڤ گەلێک کەند و لەند و کلۆ و پێکۆڵی دێنە رێ. هەر بۆیە پێ دەچێ مەرگ مەودام نەدا ئەو کاتە ببینم کە تۆ فام دەکەیەوە و دنیای دەوروبەر و جیهانی بێعەداڵەتی دەناسی"...

بە داخەوەپێش بینی ئەبوو کانیەڕەشی وەڕاست گەڕا و، تروسکە هێشتا منداڵێکی دوو ساڵە بوو، کە باوکی لەپێناوی ئازادیی نیشتمان و ڕزگاریی گەلەکەی دا، گیانی خۆی بەخشی و تروسکە بۆ هەمیشە لێی بێبەش بوو.

دووهەم شەهید کە لە ئێوارەیەکی خوێناوی و خەماویی ١١ی پووشپەری ٢٠ ساڵ لەمەوبەری "حوسێن مامە"دا، چووە ریزی نەمران، لاوی شاعیر، جەلیل ڕەحیمیان بوو.

جەلیل ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە "قالوێ"لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا، لە دایک ببوو. هەر منداڵ بوو کە ماڵیان باری کرد و چوون بۆ بۆکان. لە نێو هەژاری و نەداری و ژیانی کۆڵەمەرگی دا، گەورە بوو و بە دەم کارو کوێرەوەرییەوە، قۆناغەکانی خوێندنی بڕی.

جەلیل مێرمنداڵێک بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕی لە دژی گەلی کورد راگەیاند. ئەو لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن دا،تاوان و کردەوە و ڕەفتاری دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرکان و ڕەفتاری پڕ سووکایەتیی کاربەدەستانی دژ بە کوردی بەرامبەر بە هاوشارییەکان و هاوزمانانی دەدی.هەژاری و بێبەشییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی و نەتەوەکەی لە لایەک و ستەم و زۆرداریی دەسەڵاتداران لە لەیەکی دیکە، هاندەری جەلیل بوون بۆئەوەی ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی هەڵ بژێرێ.

جەلیل ڕەحیمیان لە نێوەراستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی دا، بڕیاری خۆی دا و بوو بە پێشمەرگە و لە هێزی بەیان، خۆی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دا، دیتەوە .

جەلیل لەو تێکۆشەرانە بوو کە پێی وابوو شۆڕشگێر هەر نابێ بە چەکی دەستی پشت ئەستوور بێ. دەبێ بەر لە دەستی،مێشکی بە چەکی باوەڕ و تێگەیشتن، چەکدار بکا. ئەو شێعرانەی لە پاشی بە جێماون، بەڵگەن بۆ ئەوە کە ئەم لاوە، مرۆڤێکی خاوەن بیرو لێکدانەوە بوو، ڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانە، دادپەروەرانە و مرۆڤدۆستانەی هەبوو.لە شێعری "فەلسەفەی ئێمە"دا دەڵێ:

فەلسەفەی ئێمە
دژ بە نەمانە
دژ بە گریانە
مەکۆی ویژدانە
کاکلی ژیانە
فەلسەفەی ئێمە
هەوڵی بیرییە

زانایی بوونە

ڕێی سەرکەوتنە

فەلسەفەی ئێمە

تیشکی ژیرییە

ئازایی چوونە

دژ بە خەوتنە

فلسەفەی ئێمە دیموکراتییە

ڕووگەی ئەهوەنی و بێشکەی ئاشتییە

* * *

جەلیل نموونەی مرۆڤێکی هێدی و لەسەرخۆ بوو. بەشێکی زۆر لە کاتی خۆی بە خوێندنەوە تێپەڕ دەکرد. هێندێ جاریش دەستی بۆ قەڵەم دەبرد و هەستی خۆی و بەرهەمی بیرکردنەوەکانی خۆی بە شێعر و نووسین، دەردەبڕی. پێگەیشتوویی فیکری و ئامادەیی بۆ تێکۆشان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی بەشمەینەت دا، هەروەها سەرکەوتوویی لە هەڵسوکەوت و پێوەندی لەگەڵ خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەردا، بوون بە هۆی ئەوە جەلیل ڕەحیمیان ببێ بە کادرێکی سەرکەتووی کومیتەی شارستانی بۆکان. سەرئەنجام لەگەڵ ئەبوو کانیەرەشی، بوون بە هاوکار و هاوتیم و دوو هاوکاری گونجاو و یەکتر خۆشەویست. دوو هاوکار کە شانبەشانی کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە قووڵایی ناوچەکانی بۆکاندا، بیرێکیان هەر لای کتێب و خوێندنەوە و نووسین بوو. هەر بۆیەش چیرۆک و بیرەوەری و وتار و شێعر و نووسینی ئەوان، بۆن و تامی کات و ساتە پڕ مەترسییەکان، ئێش و ئازاری خەڵکی چەوساوە و ژێردەست، خولیاو و ئاواتی منداڵە بێبەشەکان و کچان و کوڕانی سادە و ساکاری گوندەکانیان دەدا. ئەوان پێشمەرگەی بیرو قەڵەم بوون.لە پێدەشتی حەز و خولیا ئینسانییەکان و لە هەوراز و لێژەکانی ژیانی شۆڕشگێرانەیان دا چاویان بەردەوام لە ئاسۆی ڕوونەوە دەبڕی و لە پێناوی ژیان دا، ئاگایانە و لەوپەڕی خۆشەویستیی ژیان دا، بەرەو مەرگ، بەرەو هەرمان دەچوون.

ئەوان بە جەستە لە بستووی ژیان ئاوا بوون، بەڵام بیریان، شێعریان، چیرۆک و بیرەوەرییەکانیان و یاد و ناویان، لە نێو ڕێبوارانی ڕێگاکەیان و لە نێو ڕۆڵە ئەمەگناسەکانی نەتەوەکەیاندا، هەر زیندووە.

یادیان بەرێز و ڕێگاکەیان پڕ ڕێبوار بێ.

# تێکۆشەر شەهید شێخ غەریب حەسەنی




بەداخ وکەسەرەوەرادەگەیەنین کەدوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٥ی پووشپەڕی ١٣٨٧، دوو هاوڕێی حیزبیمان لەگەڕەکی " بەردبڕان " ی شاری سەقز، لەلایەن دەستێکی ناپاک وخائینەوەرا پۆرتیان لێ دەدرێ وبەهۆی هێزەئەمنییەتی وپەلاماردەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی یەوەگەمارۆ دەدرێن ودەکەونەبەر دەستڕێژی چەکی بەکرێگیراوەکان. لەوپەلامارەدا بەداخەوەتێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وخەباتگێڕی سەردەمی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی وکۆماری ئیسلامی، " شێخ غەریب حەسەنی " شەهید دەبێ وهاوڕێ " کەماڵی شەریفی " ش دەکەوێتەدەست هێزەجینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی وبەدیل دەگیرێ. لەم پەلامارەدا ئەندامێکی خانەخوێ دەکەوێتەبەردەستڕێژ وبەبریندار دەگیرێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەم بۆنەیەوەسەرەخۆشی وهاودەردیی خۆی بەبنەماڵەی شێخ غەریب وخەڵکی شاری سەقز وهەموو هاوڕێ وهاوبیرانی ئەو تێکۆشەرەبەنرخەرادەگەیەنێ ولەگەڵ ئەوەش دا ساغی وچاک بوونەوەبۆ برینداره‌کەبەئاوات دەخوازین، هەرلەوکاتەدا داوا لەکۆڕوکۆمەڵ ورێکخراو وناوەندەمرۆڤدۆستەکان دەکا بۆ پاراستنی گیانی هاوڕێ کەماڵ شەریفی وئەوهاونیشتمانەبێدیفاعەکەبەبریندارى گیراوە، لەهیچ هەوڵ وتەقەلایەک درێغی نەکەن وکۆماری ئیسلامی لەبەرپرسایەتییەکانی لەو پێوەندییەدا ئاگاداربکەنەوە. هاوڕێ شێخ غەریب حەسەنی کوڕی شێخ عەبدولقادر ساڵی ١٣٣٢ای هەتاوی لەگوندی " کاومەلە" ی ناوچەی سەقزلەدایک بووە. لەبەرهەل ومەرجی ژیان تەنیا توانی قۆناغی سەرەتایی خوێندن تەواوبکا. ساڵی ١٣٥٨ای هەتاوی پێوەندیی بەتەشکیلاتی حیزبەوەگرت وبەڕەسمی بوو بە پێشمەرگەولەژیانی پێشمەرگایەتی دا زۆربەلێوەشاوەیی ئەرکە پێ سپێردراوەکانی جێ بەجێ کردن وبەهۆی دڵسۆزی ولێهاتوویی خۆی، بۆتەکادری ناوچەودواتربوو بەئەندامی کومیتەی شارستانی سەقزهەتا ساڵی ١٣٦٤ای هەتاوی لەهەموو کاروتێکۆشانی حیزبی دا چالاکانەبەشداربوو، بەدوای ئەوەدا بەئاگادارىی حیزب خەریکی کاروکاسبی بوو، بەڵام لەو قۆناغەش دا زۆرسەربەرزانەئەرکەکانی بەڕێوەبرد. تێکۆشانی ناوبراو بوو بەهۆی ئەوەی کەڕێژیم گومانی لێ بکا وبیخاتەژێرچاوەدێری وسەرئەنجام بۆماوەیەک زیندانیی بکا. پاش ئازادبوونی لەساڵی ١٣٨٢ای هەتاوی دا

گەڕایەوەریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ولەناوەندی ای کوردستان سازمان درا وبەدڵسۆزی یەوەئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبردن ولە پاش کۆنگرەی چاردەیەم شێخ غەریب لەکومیسیۆنی ئاموزش کاری وەرگرت ولەبەشی فەرهەنگی دا بۆخزمەتی گەل ونیشتمانەکەی خەریکی تێکۆشان بوو. سڵاولەگیانی پاکی تازەترین شەهیدی ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەمان شێخ غەریب حەسەنی وبەردەوام بێ ڕێگاکەی ، ڕێگای پڕلەسەروەریی ڕێبەرانی شەهید: قازی ، قاسملوو وشەرەفکەندی ، مەرگ ونەمان بۆرێژیمی دیکتاتۆرو کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی

کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

---

## شەهید هەمزە عەبدوڵڵاهی ناسراو بە: هەمزە سارتکەیی



شەهید هەمزە عەبدوڵڵاهی (هەمزە سارتکەیی)
جێگری فەرماندەری تیپ

راگەیەندراوی ژمارە ٢ی کۆمیسیۆنی سیاسی . نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
به بۆنەی لە کەمین کەوتنی چەند تێکۆشەری حیزب لە ناوچەی سەردەشت

هەروەک لە راگەیەندراوی ژمارە ١ دا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتییمان گەیاند، کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی گەلاوێژ، چەند تێکۆشەری حیزب لە نزیک ئاوایی گردێنەی ناوچەی سەردەشت لە کەمینی هێزێکی زۆری ڕێژیم کەوتن.

وەک پێشتر رامان گەیاندبوو لەو دەسرێژەی جاشو پاسدارەکانی ڕێژیم دا، ڕۆڵەی قارەمانی دێموکرات، هەمزە عەبدوڵڵاهی (ناسراو

بە هەمزە سارتکەیی) شەهید بوو.

ئێستاش بە داخەوە رادەگەیەنین کە لەم کەمینەدا ٢ تێکۆشەری دیکەی دێموکرات بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون‌و تەرمەکانیان کەوتوونە دەستی هێزکانی رێژیم. ئەوەندەی بۆ ئێمە روون بۆتەوە، جاشێکی رێژیمیش بە ناوی قادر ئیبراهیم پوور خەڵکی باساوێ لە بەرەنگاریی رۆڵە بە بیروباوەڕەکانی دێموکرات دا کوژراوە. دیارە ژمارەی جاش‌و پاسداری کوژراو لەوە زیاترەو، رێژیم تەنیا ناوی یەکێک لە کوژراوەکانی درکاندوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێیان قادر نەزمی، قادر قادری و تێکۆشەری ناسراو هەمزە عەبدوڵڵایی تازەترین شەهیدانی رێگای ئازادی، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوسەنگەران‌و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا.

گومانی تێدا نیە کە شەهید بوونی سێ رۆڵەی خەباتگێڕی دێموکرات، بەدەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ حیزبی ئێمەو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، خەسارێکی گەورەو خەمێکی قورسە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ژانی لەدەستدانی رێبەرانی شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزاران رۆڵەی بەوەجی دیکەی تەحەممول کردوە، تەحەممولی ئەم خەسارە نوێیەش دەکا. مەرگی سەربەرزانەی هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری، حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی کوردستان لەسەر خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەوان شێلگیرتر دەکا.

سڵاو لە گیانی پاکی پۆلە شەهیدی ئەمجارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەگوڕتر بێ خەبات بۆ رووخانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ دا

کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئێوارەی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٧ / ١٤ی ئاگووستی ٢٠٠٨

# ڕێبەرانی کۆچکردوی حیزب

## تێکۆشەر نەبی قادری

### ئەندامی دەفتەری سیاسیی



کاک نەبی قادری. لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە گوندی سوفیان - ی سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی سەر بە عەشیرەتی مامەش لە دایک بوو لە باوەشی گەرم و پڕ لە هەستی کوردایەتی دا گەورە بوو و هەست و بیری بە ئاوی پاکی نیشتمانپەروەری و گەل دۆستی پەروەردە بوو.

خوێندنی سەرەتایی لە شاری شنۆ تەواو کردو لو ساڵی ١٣٤٠ چوو بۆ (دانشسرای مقدماتی) لە شاری ورمێ و، دوای تەواو کردنی سەرکەوتوانەی ئەو ناوەندە ئامووزشی یە لە شنۆ بوو بە مامۆستای قوتابخانە و، هەر لەو شارەش لە ساڵی ١٣٤١ دا بە نهێنی بۆ بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان. پاش ماوەیەک بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ تاران و لە زانستگەی گەورەی ئەو شارە دەرجەی لیسانسی لە رشتەی جوغرافی دا وەرگرت و، سەرلە نوێ گەرایەوە بۆ شارەکەی و، کاری فەرهەنگیی خۆی لە تاکە دەبیرستانی ئەو شارە درێژە دا.

لەساڵی ١٣٥٥ دا شوورای شاری شنۆ ئەو رۆڵە پاک و ئەمەگناسەی وەک شارەداری شار هەڵبژارد، بەڵام کاک نەبی کە لە شێوەی بەرێوە چوونی دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان بە تەواوی بێزار بوو زیر زوو لەو کار خۆی کێشایەوە و بۆ خزمەت بە منداڵانی کورد

گەرایەوە سەر کاری پەروەردە و فیرکردن. بەدەست پێی کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کارو تێکۆشانی حیزبی کاک نەبی لە شێوەی نهێنی هاتەدەر و گورو تینێکی بەرچاوی پەیدا کرد.ئیمانی پتەو بە خەباتی رزگاریخوازانەی حیزب و هەوڵ تێکۆشانی بێ وچانی لە لایەک و پاکی و دروستی و فیداکاری و لە خۆبردوویی بێ هەر چەشنە چاوەروانی یەکی ئەو رۆڵە هەڵکەوتووەی گەل و حیزب لە لایەکی دیکەوە بوون بە هۆی ئەوە کە لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم و حەوتەم بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێ. لە کۆنگرەی هەشتەم بە هۆی ناکۆکییەکانی نێو خۆی حیزب و دواتر لەت بوونی حیزب لە گەڵ بەشێک لە ئەندامانی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – رێبەرایەتیی شۆڕشگێر پێک هێنا و لە کۆنفرانسی چوارە چوارە، کۆنگرەی نۆیەم بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. لە گۆنگرە دەیەم دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی گشتیی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – رێبەریەتیی شۆڕشگێر دیاری کرا.

کاک نەبی لە ماوەی نزیک بە هەژدە ساڵ بەشداری چالاکانەی لە بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کردو، دەکرێ بڵێین لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لە باکوور کوردستانەوە هەت باشوور مەئمورییەتی حیزبی بەرێوە برد و لە هەموو ئەو ماوەیە دا سەرەڕای گیروگرفتی بێ ئەژمار، ئەرکی حیزبی و مەئموریەتی پێ سپێردراوی بە دڵسۆزیی تەواو و بە ئیمانی پتەووەوە بەرێوە برد و لە زۆربەی نزیک بە تەواویان دا سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

کاک نەبی، بێجگە لەوە کە پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەرێکی بەجەرگ بوو، ئینسانێکی پێشکەوتنخواز، دێموکراتێکی راستەقینە و کەسایەتی یەکی مرۆڤ دۆست و لایەنگر و پارێزەری مافی چین و توێژە چەوساوەکان و پیاوێکی ئازادیخواز و خەباتگێرێکی بە ئیمانی رێگای رزگاریی ئیسان لە هەر چەشنە چەوسانەوەیەک بوو.

بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە کاک نەبی قادری بە هۆی نەخۆشیی سەرەتانەوە کات ژمێر شەشی ئێوارەی دووشەممە ٢ی دیسامبری ١٩٩٦ابە رامبەر ١٢ سەرماوەزی ١٣٧٥ لە ساری کۆپنهاگ پایتەختی دانمارک دڵی پڕ لە ئاواتی بۆ سەرکەوتنی گەلی کوردی بەشخوارو و دابەشکراو لە لێدان کەوت و بەم جۆرە هاورێیان و هاوسەنگەرانی خەفەتبار و دۆسان و ئاشنایان و ئەندامی بنەماڵەی کورد پەروەر و وڵاتپارێزی قادری، تازیە دار کرد. رووحی شاد و رێگای پڕ ریبوار بێ.

## تێکۆشەر سەید سەلام عەزیزی

### ئەندامی دەفتەری سیاسی




هاوڕێی تێکۆشەر سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٢ / ٦ / ١٩٩٩ لە بنکەی دەفتەری سیاسی لە کۆیە تووشی نەخۆشی یەکی کوتوپڕ هاتبوو. لەسەر پێشنیاری دوکتورەکانی نەخۆشخانەی حیزب دەست بەجێ بۆ عیلاج کردن ڕەوانەی بەغدا کرا. بەڵام هەموو هەوڵ و تێکۆشانی دوکتورەکان بۆ چارەسەری نەخۆشێیەکەی کە سەکتەی مەغزی بوو، بەداخەوە بێ ئاکام مایەوەو ئەو هاوڕێ خۆشەویستەمان سەعات ٩ی شەوی هەینی بە کاتی هەولێر(١٥ لەسەر ١٦ای ژوئیە) بۆ هەمیشە چاوی لەسەریەک داناو ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵەو هاوسەنگەران و کوردستانی خۆشەویستی کردو درێژەدانی ڕێگای دوورو درێژی تێکۆشان لە پێناوی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەیدا، بۆ تێکۆشانی حیزبەکەی بەجێ هێشت.

هاوڕێ سەلام عەزیزی ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی "دونگوز"ی بۆکان دەرسی خوێند. دوای ئەو ماوەیە سێ ساڵ لەلای مامۆستایانی ئایینی درێژەی بە خوێندن دا.

پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی کردە مەدرەسەی عولوومی دینی لەشاری مەهابادو هاوکات لەگەڵ خوێندن لەو شوێنە دەورەی دەبیرستانیشی تەواو کردو لە شاری ورمێ بوو بە مامۆستای قوتابخانە. ساڵی ١٩٧١ لە ڕشتەی حقووقی زانستگەی تاران وەرگیراو پاش تەواوکردنی دەورەی زانستگە، لە دادگوستەری ورمێ بوو بە قازی و دوای ماوەیەک بوو بە سەرۆکی دادگوستەری بۆکان.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی و هەستی بەهێزی کوردایەتی لە کاک سەلام دا، بوون بەهۆی ئەوە کە ساڵی

١٩٧٨ هەموو پلە و پایەیەکی ئیداری و هەر جۆرە مەقام و بەرپرسایەتییەکی حکوومەتی بەجێ بهێڵێ و پاشماوەی ژیانی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی رزگاری هاونیشتمانانی لە بێ مافی و ژێرچەپۆکی و دیکتاتۆری تەرخان بکا.

هاوڕێی بەرێز سەلام عەزیزی لەژیانی حیزبایەتی دا بەهەموو هەست و تواناو فیداکارییەوە تێکۆشاو بە لێهاتووییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانی دا یەک لەدوایەک بڕی. ساڵەکانی ٨١ - ٨٢ ئەندامی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی حیزب بوو. لەدوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەرپرسایەتی کومیتەی شارستانی سەردەشتی وەئەستۆوە گرت.

هاوڕێی نەمر سەلام عزیزی لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب (سەرماوەزی ١٩٨٥) دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەدوای ئەو کۆنگرەیەدا، لەساڵی ١٩٨٦ەوە تا بەهاری ٨٩، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە بەغدا بوو.

ساڵی ١٩٨٩ بەرپرسایەتی فێرگەی سیاسی - نیزامی پێ ئەسپێردرا. لە پاییزی ١٩٨٩دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کراو تا دواکاتی ژیانی لەو پۆستە گرنگەدا مایەوە.

لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی کومیسیونی کۆمەڵایەتی و دواتر بەرپرسایەتی کومیسیونی ماڵی حیزبی لەسەر شان بوو. لەساڵی ١٩٩٥یشەوە تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری لەگەڵ و هاوسەنگەرانی وەک بەرپرسی کومیسیونی سیاسی – نیزامی لە خزمەت حیزبەکەی دابوو. هاوڕێ سەلام عەزیزی لەماوەی دوو دەیە تێکۆشانی حیزبایەتیدا هەموو تواناو زانستی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی کارەکانی حیزب تەرخان کرد.

ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی حیزب بوو بەرامبەر بە حیزب و ڕێبازەکەی ڕۆڵەیەکی بە ئەمەگ و وەفادار بوو و قەت لە بیروباوەڕی دا ناهومێدی و لەرزۆک بوون بەدی نەکرا.

کاک سەلام ئینسانێکی خەڵکی و خاکی، دڵپاک و مەجلیس خۆش و کادرو بەرپرسێکی لێوەشاوەو خۆشەویست بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەدەست دانی کاک سەلام عزیزی بەڕێوەبەرێکی بە ئەزموونی لەدەست داو گەلی کوردیش تێکۆشەرێکی وەفاداری ڕێگای ئازادی و دێموکراسی لە دەست چوو.

نەمری بۆ ناو و یادی کاک سەلام و سەرکەوتن بۆ حیزبەکەی و ڕێگاو ڕێبازەکەی.

# تێکۆشەر عوسمان ڕەحیمی

## ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیی




کاک عوسمان ڕەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە دایک بوو. باوکی کاک عوسمان یەک لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بووو، هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاک عوسمانیش بە ناوی عومەری ڕەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ١٣٦٢ لە کاتی تۆپبارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان ڕەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی ڕابردووی سیاسیی بنەمالەکەیو تێکەڵاوی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە خوێندکاریو خەباتگێرەکان، وەک خوێندکارێکی شۆرشگێڕو ئاگای کورد، ڕۆڵێکی چالاکی لەڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی شاری بانە دا گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵەش

بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەختو لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد.

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسیو ئامادەیی بۆ بەڕێوە بردنی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان ڕەحیمیی کرد بە سیمایەکی ناسراوو خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتیو ئامووزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستانو هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆیو سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەی پێ سپێردرا.

هاوڕێی بە نرخ عوسمان رەحیمی لە ماوەی نزیک بە ٣٠ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەموو کات یەک لە بەرێوەبەرانو بەرپرسە بەتواناو بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بووو، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کادری رێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسییەکی ئاگاو فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەرێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، گرتنە ئەستۆی کاروباری پێوەندییەکان، بەرپرسایەتیی سکرتاریای حیزب، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان"و ئیدارە کردنی رادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتووو سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان رەحیمی لە بواری فکرو نووسینو فێر کردنو راگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەباتی شۆرشگێرانە لە رۆژهەلاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.

عوسمان رەحیمی وەک رووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ رووداوەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەداو، تێکۆشانی راستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزوتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لە ئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێک دوای ٣ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا مایەوە تا رۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەیو خەباتی گەلەکەی دا هەبێ. هاوڕێ عوسمان رەحیمی ساڵی ١٣٧٣ لەگەڵ خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ٢ کوڕو کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێوو سنوور. ژیانی تایبەتیو بنەماڵەیی کاک عوسمانو هاوژیانە رووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی هاوبەشو ئەرکە بنەماڵەیییەکان هیچ کات نەبوون بە رێگرِ لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان رەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاک عوسمان هەموو کات شوێنێک بووە بۆ داڵدەدانو خزمەتی تێکۆشەرانو هەڵوەدایانی کوردایەتیو ئازادی.

بەداخو کەسەرێکی گرانەوە رادەگەیەنین کە دوانیوەرۆی سێ شەممە ٢٠ی خەرمانان(١١ی سێپتامبری ٢٠٠٧) هاوڕێ عوسمان رەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسیو تێکۆشەری دێرینو ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک کۆچی دوایی کرد.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی عوسمان رەحیمی رۆڵەی خۆشەویستی حێزبی دێموکراتو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەباتگێری کوردستان

# جەعفەر زەمانی

## ئەندامی جیگری کۆمیتەی ناوەندی




جەعفەر زەمانی لە بنەماڵەیەکی ئازەری زمانی شاری نەغەدە لە دایک بوو و هەر لە سەرەتایی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ وەک گەنجێکی بە توانا و هەڵسوور هاتە مەیدان و دوای دەست بەکار بوونی کارو تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٠ دا هاتە نێو ریزەکانی حیزب و بۆ ماوەی زیاتر لە چارەگە سەدەیەک وەک پێشمەرگە، فەرماندە، کادری سیاسی و مامۆستا و ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ریزەکانی حیزبدا خزمەتی بە نەتەوەی کورد کرد و لە سەر ئامانجەکانی گەلی کورد و ئازادی وڵاتەکەی ئازار و شەونخونی‌یەکی زۆری کێشا.

کاک جەعفەر زەمانی وەک کادرو پێشمەرگە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەراوە و لە زۆربەی شەرەکانی ناوچەکانی مەهاباد، سەردەشت، رەبەت، بانە، پیرانشار، شنۆ، نەغەدە و ورمێ دا بەشداری چالاکانەی کردوە و لە شەر بە دژی داگیرکەران دا ٢ جار بریندار ببوو. ئەو مرۆڤێکی مەندو لەسەرخۆ، کورێکی شیرین و لەبەردڵان بوو. زۆر جوان فێری زمانی کوردی ببوو و بە زاراوەیەکی شیرین و جوانی کوردی قسەی دەکرد. تابڵێی بە هەست و شۆرشگێر بوو، لە کاتی بەرنگار بوونەوە لەگەڵ دوژمنان دا ئازاو بە جەرگ و خۆراگر بوو، لە باری سیاسی‌یەوە کادرێکی بە ئەزموون و لێوەشاوە بوو. لە زۆربەی کومیسیۆنەکانی حیزبدا کاری کرد بوو، کۆمەڵێک تایبەتمەندی جوان و شۆرشگێرانەی هەبوون و لەگەڵ خەڵک و هاورێیانی دا بە جوانترین شێوە دەجوڵایەوە. کاک جەعفەر زۆری کەیف بە خوێندنەوە دەکرد و لە هەر دەرفەتێک دا بۆی گونجا با خەریکی خوێندنەوە دەبوو، هەر ئەو تایبەتمەندی‌یەش ببوو هۆی ئەوە کە جەعفەر ببێتە کادرێکی باش و قسەکەرێکی بە توانا و نەترس. کاک جەعفەر کورێکی شەرم بەخۆ و راستگۆ بوو، لە کاتی قسە کردن دا نان بەقەرز دانی نەدەزانی و زۆر بە سەراحەت و بە شەفافی قسەکانی خۆی لە بەرامبەر بەرپرسان و لێپرسراوان و هاورێیانی دا دەردەبری. لە نێو کوری هاورێیانی دا بە مرۆڤێکی مشوورخۆر و چاو نەترس و جێگای متمانە دەناسراو هەمیشە هەوڵی دەدا بۆ برایەتی و یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە ریزەکانی حیزبدا و بە چاوی چاکسازی‌یەوە دەیروانییە هەموو ئەو گیروگرفتانەی

دەهاتنە سەر ڕێگای کارو تێکۆشانی حیزب و هاوڕێیانی حیزبی دا.

بەداخەوە جەعفەر زەمانی ١٠ مانگ پێش ئێستا لە پشکنینێکی پزیشکی دا نەخۆشی شێرپەنجەی مێعدەی لێ دەرکەوت و دوای ئەوە کە چەند جارێک سەردانی دوکتوری پسپۆر و شارەزای لە کوردستان کرد، دوکتورەکان نەیانتوانی کە چارەسەری نەخۆشییەکەی بکەن. هەر بۆیە ڕێگای دەرەوەی وڵاتی هەڵبژارد و پاش چەند مانگ مانەوە و سەردانی دوکتور کردن و نەگەیشتن بە مەبەستی سەرەکی خۆی واتە چاک بوونەوە، ڕێگای گەرانەوەی کوردستانی گرتە بەر و بۆ جارێکیتر گەرایەوە نێو کۆڕی بنەماڵە شۆرشگێرەکەی و هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و پاش بەربەرەکانییەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەی مێعدە بەداخەوە ڕۆژی ٧ / ٥ / ٢٠٠٩ ی زائینی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بنەماڵە و لە هاوڕێیان و کەس و کاری کرد و هەموو لایەکی تووشی خەفەت و خەمباری کرد.

کۆچی دوایی کاک جەعفەر زەمانی خەسارێکی گەورەیە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بنەماڵە شۆرشگێر و خۆراگرەکەی، کاک جەعفەر ٣ کۆرپەی چاوگەشی بە ناوەکانی ڕێناس، بەناز و شەهریار لە پاش بەجێ ماون و هیوادارم کە منداڵە چاوگەشەکانی لە باوەشی گەرمی دایکیان و خزمانی دا فێری وانەی خۆراگری و نیشتمانپەروەری بکرێن و ژیانێکی باشیان بۆ دابین بکرێ.

## جەعفەر زەمانی

کوردستانییەکی ئازەری زمانی خەڵکی شاری نەغەدە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی هەر لەو شارە لە دایک ببوو. ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە گرت و وەک پێشمەرگە، لە هێزی شەهید مینەشەم و لە ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت دەستی بە تێکۆشان کرد. بە هۆی ئەرکناسی، ئازایی و لێهاتووییەوە لە ساڵانی ١٣٦٥ و ٦٦ی هەتاوی دا، وەک سەرپەل لە بەشی پێشمەرگە و لە ساڵی ١٣٦٨ەوە وەک کادری حیزب کارو بەرپرسایەتیی حیزبی پێسپێردرا. جەعفەر بوو بە کادرێکی خۆشەویست لە ناوچەکانی "دۆڵ"، "دەشتەبێڵ" (لە نێوان شنۆ، نەغەدە و ورمێ)، جێگای خۆی لە نێو ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتدا کردەوە .جەعفەری زەمانی لە ڕەوتی کارو تێکۆشانی نیزامیدا دوو جار بریندار بوو. هەروا کە پێشمەرگەو کادرێکی نیزامیی لێهاتوو بوو، لە باری ئاگایی و زانیارییشەوە، نموونەی کادرێکی سیاسیی تێگەیشتوو بوو .بەشێکی بەر چاو لە کاتی خۆی بە خوێندنەوە دەبردەسەر و، لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا چالاکانە بەشدار دەبوو. لە دەیەی حەفتای هەتاویدا، لە کۆمیتەی ئەمنییەت، هێزی سامرەند، کومیتەی ورمێ و ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتدا وەک کادرێکی حیزب ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری بەسەربەرزییەوە بەڕێوەبرد. ماوەی چەند ساڵێکیش لە ناوەندی ٢ی حیزبی دێموکرات کاری فێر کردنی کرد .

لە کۆنگری چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، جەعفەری زەمانی بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە کۆمیسیونی ماڵیی حیزب، بەرپرسایەتیی بەشی خەدەماتی پێ سپێردرا. سەرەتای هاوینی ٢٠٠٨، دەرکەوت کە تووشی نەخۆشیی

شێرپەنجەی گەدە بووە. هەوڵەکان بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشییە، بێ ئاکام مانەوە .

جەعفەری زەمانی, ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاتژمێر ١٠ای پێش نیوەڕۆی پێنج شەممە ١٧ای بانەمەڕ) ٧ی مای ٢٠٠٩)، پاش نزیکەی ساڵێک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد .

سەرچاوە :ماڵپەڕی گیارەنگ

---

## تیکۆشەر تەها عەتیقی

### راوێژکاری پێشووی کومیتەی ناوەندی




### کورتەیەک لە ژیاننامەی نەمر کاک تەها لە نووسینی خۆی

ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی (١١ای فێوریەی ١٩٤٩ز) لە شاری سابڵاخ لە دایک بوو. باوکم مووچە خۆری ئیدارەی سجیل بوو. خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی فیردەوسی و خوێندنی ناوەندیم لە قوتابخانەی ئیبنی سینای ئەم شارە تەواو کردووە.

ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٨ز) چوومە زانستگای تەورێز و لەجۆزەردانی ١٣٥٢ (جوونی ١٩٧٣ز) لە لقی جوغرافیای ئابووری و ئینسانی لیسانسم وەرگرت. خزمەتی ئیجباریم وەک ماموستا لە قوتابخانە ناوەندی یەکانی،

کورشی کەبیری، بۆکان، و ڕەزاشای سابڵاخ تێپەڕ کرد. پاشان بەرەسمی بوومە مامۆستا و تا جۆزەردانی ١٣٥٩ (جوونی ١٩٨٠ز) ماموستای قوتابخانەکانی سابڵاخ و هەروەها وەک نووسەری بەرنامەی، خاووخێزانی رادیۆ مەهاباد خەریکی ئیش و کار بووم.

لە بانەمەری ١٣٥٨ (مەی ١٩٧٩ز) بوومە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. لە جەنگەی شەڕی سێ مانگە دا وەک کادری بەشی ماڵی لە ناو شار دا خەریکی تێکۆشانی حیزبایەتی بووم. پاش دەرچوونی پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (١٧ای نوامبری ١٩٧٩ز) و گەڕانەوەی تێکۆشەران لە شاخەوە بۆ شار ماوەیەک لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و پاشان لە ئینتشاراتی دەفتەری سیاسی لە نێو شار دا درێژەم بە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان دا.

لە دەست پێکی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران. لە شەوی ١٩ لە سەر ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٥٩ هەتاوی ( ٩ و ١٠ای جوونی ١٩٨٠ز) لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگوڕانی سابڵاخ لە زێدو ئەندامانی بنەماڵە ماڵئاواییم کردو سەنگەری خەباتم لە شارەوە بۆ شاخ گوێزتەوە.

بە پێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حدکا لە ٢٠ی مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٠ هەتاوی (٨ی ئاوریلی ١٩٨١ز) بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی ئەم حیزبە دیاری کرام. لە کۆنگرەکانی ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ دا بەشداریم بووە بەڵام لە هیچیان دا خۆم بۆ ئەندامەتی لە ڕێبەرایەتی حیزب لە هەر پلەیەک دا بووبێ نەپاڵاوتووە. وام بە باش زانیوە وەک کادرێک لە دەنگی کوردستانی ئێران دا درێژە بە کارو تێکۆشانم بدەم.

سەرەنجام لە بارودۆخێکی بەراستی نەخوازراو دا لە ٥ی پوشپەری ١٣٧٣ی هەتاوی (٢٦ی جوونی ١٩٩٤ز) بارگەوبنەم پێچرایەوە و ماڵئاواییم لە هەموو خوشیی و ناخۆشییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و هەموو حەز و هیوا و ئاواتە وەدی نەهاتووەکان کردو بەرە و تاراوگە داگەرام.

ئێستا لە وڵاتی سویس بە هیوای شنەبای ئازادی و هیوا بە دوا ڕۆژێکی گەش بۆ نەتەوەکەمان و کۆتایی هاتن بە دیکتاتۆری ڕەش و وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی ئەم گیانە پاکانەی لە پێناوی کوردو کوردستان دا فیدا بوون دەژیم.

به هیوای سه رکه وتن ------------------- ته ها عه تیقی

١٠ی پوشپەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی – ای جوولای ٢٠٠٥

**تێبینیٚ :**

## مالْئاوایی و بە خاکسپاردن :

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی دووشەممە ٩ی بەفرانبار (٢٨ی دیسامبر) تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

بەیانی ڕۆژی ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٩ بە بەشداری سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێ و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان و ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی تەرمی تێکۆشەری ناسراو و ماندوو نەناسی گەلی کورد و بێژەری ڕاستبێژ و حەقویژی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی لە نێو دەریای خەمی هاوڕێیانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دا لە یەکێک لە گۆرستانەکانی شاری بییل بە خاک سپێردرا.

## بەرهەم و وەرگێران

کاک تەها وێڕای سەرقاڵبوون بە کاری ڕۆژانەی رادیۆوە، لە وەرگێڕانیش غافڵ نەبوو. وەرگێڕانی کتێبی بەناوبانگی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بۆ سەر زمانی فارسی، بەرهەمی سەردەمێکە کە تەها عەتیقی لەچیاسەرکەشەکانی کوردستان لە سەنگەری رادیۆدا خزمەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی دەکرد.

کاک تەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە سەر خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەی بەردەوام بوو. وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە فارسی یەوە بۆ کوردی کە دوکتور سادق شەرەفکەندی نووسیوێتی، یادگاری ساڵانی ژیان لە دەرەوەی وڵاتیی ئەم تێکۆشەرەیە.


## پێک هێنانی ژیانی هاوبەش

کاک تەها، هاوینی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ی زایینی) وەک پەنابەر رووی کردە وڵاتی سوئێدو لەوێ گیرسایەوە. چەند ساڵێک دواتر لە وڵاتی سویس نیشتەجێ بوو و لەگەڵ خاتوونی سەربەرزو رووسوور ئەسمەر ئیبراهیم‌زادە هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا.

ڕەحمان نەقشی

# مەلا خدر عومەرزادە ناسراو بە مەلا خدری دۆڵەگەرمی

## ئەندامی ڕێبەری حیزب




**راگەیەندراوی حدک لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی کوچی دوایی مەلا خدر عومەرزادە**

**ئەندامان و لایە نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**خەڵکی مافخواز و خەباتگێڕی کوردستان!**

**به داخ و کەسەرێکی زۆرەوە پێتان ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی ٥ / ٦ / ٢٠٠٨ کاتژمێر ١٢,٣٠ دەقیقەی نیوەشەو، لە نەخۆشخانەی گشتیی ئوستانی "ئاکیش هوس" ی وڵاتی نۆرویژ، مامۆستا مەلا خدری عومەرزادە، ناسراو بە مەلا خدری دۆڵەگەرمی، یەکێک لە ماندوویینەناسترین و خەباتگێڕترین ڕۆڵەکانی حیزب و گەلەکەمان، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە، لە دووره وڵاتی دا کۆچی دوایی کرد و ماڵاوایی لە هاوڕێیانی ڕێبواری کاروانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی کرد.**

**مامۆستا مەلا خدر ڕۆژی ١ / ١ / ١٩٥٠، لە گوندی دۆڵەگەرمی سەر بە ناوچەی سەردەشت، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دایک بووە. هەر لە سەردەمی لاوەتی‌یەوە و لە کاتی خوێندنی لە حوجرەکانی کوردستان دا، لە گە ڵ بیر و باوەڕی کوردایەتی ئاشنا بووە و لە تەمەنێکی زۆر لاو دا بۆتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.**

**مامۆستا مەلاخدر دۆڵەگەرمی یەکێک لە چالاکانی جووڵانەوەی ساڵە کانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. لە گەڵ**

شەهید مەلا ئاوارە و هاوڕێکانی هاوکاری‌یەکی کاریگەری هە بووە و لە دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی پێشمەرگەکان و شاردنەوە و حاواندنەوەیان دا دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە. لە قۆناخی نوێی خەباتی نەتەوەکەمان لە بەرامبەر ڕێژیمی ستەمکاری کۆماری ئیسلامی دا، ناوبراو یەکێک لەو کادرە تێکۆشەر و چالاکانە بووە کە لە سەرەتای دەستپێکردنی بەربەرەکانیی ڕەوای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانەوە چالاک بووە و لە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری حیزبی دا، لە کادری سیاسی‌یەوە تا ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب، تێکۆشاوە و بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئامانجەکانی نەتەوەکەی هەوڵی داوە.

مامۆستا مەلا خدر زیاتر لە ٤٠ ساڵی تەمەنی خۆی بێ‌پسانەوە بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکە ی تەرخان کردوە و لەو پێناوە دا چ لە سەردەمی حەمە ڕەزشا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ڕەنج و ئاوارەیی‌یەکی زۆری دیوە و خزمەتێکی گەورەی کردوە. ئەو یەکێک لە کادرە بە وەجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەت لە ناوچەی سەردەشت بوو.

ئێمە وەک کومیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، داخ و پەژارەی خۆمان بۆ لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە دەردە بڕین و لە بنەماڵەی بەڕێزیان، لە بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لە هەموو خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکەین.


ڕوحی مامۆستا مەلا خدر شاد و ڕێگاکە ی پڕ ڕێبوار بێ.

کومیتەی بە ڕێوەبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

٦ی جوونی ٢٠٠٨

# شەهید عەبدوڵڵا شێنانی

## فەرماندەری هێزی




هاورێ عەبدوڵڵا شێنانی کوڕی کەریم ناسراو بە (کەریم شەم) لە ساڵی ١٣٣٣ لە گوندی شێنان سەر بە شاری کوردپەروەری بانە لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست دا لە دایک بوو. بە هۆی نەبوونی قوتابخانە لە ئاواییەکەیان و هەژاریی بنەماڵەکەی، لە خوێندن بێبەش کرا و وەک زۆربەی منداڵانی کوردستان نرایە بەر کار و کوێرەوەری. ئەگەرچی کاک عەبدوڵڵا دواتر لە ریزەکانی حیزب دا زۆر بە زویی توانی ئەو ئاواتەی خۆی وەدی بێنێ.

لە ساڵی ١٣٥٧ای هەتاوی، لە کاتی شۆرشی گەلانی ئێران دژ بە رێژیمی پاشایەتی و دەسپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک عەبدوڵڵا پێوەندی بە ریزەکانی ئەم حیزبەوە گرت و سەرەرای ئەوە کە زەحمەتی کار و کوێرەوەریی بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی لە سەر شان بوو، بەڵام لە هیچ هاوکاریەک بە خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەی دژ بە داگیرکەرانی وڵاتەکەی تەنەخی نەدەکرد. هێرش و کوشت و برِی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ئاخوندی، سەرەنجام کاک عەبدوڵڵای وەک زۆربەی لاوانی وڵات ناچار کرد تا بۆ بەرگری لە مان و مەوجودیەتی گەلەکەی چەکی خەبات و بەرخودان دەست بداتێ و سەرەنجام لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لە بانە بە ڕەسمی بوو بە پێشمەرگە و خەباتی ئاشکرای دەست پێکرد.

کاک عەبدوڵڵا هەر لەو ساڵەدا وەک جێگری پەل لە پەلی شەهید "مستەفا زادەگان" سازمان درا. ساڵی ١٣٦٠ بوو بە سەرپەلی یەکێک لە پەلەکانی هێزی ئاربەبا. دواتر تێکۆشانی خۆی بۆ ناوچەی بۆکان گواستەوە و ساڵی ١٣٦٤ بە بوو بە سەرپەلی پەلی

شەهید ڕەحمان لە هێزی بەیان. ساڵی ١٣٦٥ بە فەرماندەری لكی یەكی ئەو هێزە دیاری كرا. ساڵی ١٣٦٧ وەک جێگری هێزی ئاربەبا دیاری كرا. ساڵی ١٣٦٨ بوو بە جێگری فەرماندەری هێزی بەیان. ساڵی ٧١ لە سەر داوای دەفتەری سیاسی بوو بە فەرماندەری هێزی بەیان. ساڵی ١٣٧٣ لە سەر داوای مەڵبەندی ٢ی جنووبی كوردستان فەرماندەری هێزی دووی ڕێبەندانی بە ئەستۆ گرت.

خسڵەتە بەرز و ئینسانییەكانی كاک عەبدوڵڵا و شارەزایی لە خەبات و نهێنی پارێزی وای كرد كە نەک هەر بوو بە جێ بروا و متمانەی تەشكیلاتی حیزب لە ناوچەی بانە، بەڵكوو زۆر كاری گرینگی حیزبی پێ دەسپێردرا.

كاک عەبدوڵڵا شێنانی لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا ڕاستگۆ، ئەمانەتدار، بە ڕەوشت، خەڵكدۆست و دڵسوز بوو. بۆیە هەمووكاتێک جێگەی ڕەزامەندی ڕێبەرایەتی حیزبەكەی بوو. لە ماوەی نزیک بە دوو دەیە كار كردن لە هێزەكانی ئاربابا، بەیان و دووی ڕێبەندان دا هەموو كاتێک سەربەرز و ڕوو سووری حیزب و گەلەكەی بوو.

برایەكی كاک عەبدوڵڵا بە ناوی سەعدون شێنانی كە پێشمەرگەی حیزبی دێموكراتی كوردستان بوو، لە ساڵی ١٣٦٥ لە ناوچەی بانە گیانی خۆی كردە فیدای ئامانجەكانی حیزب و گەڵەكەی.

هاوڕێی تێكۆشەرمان كاک عەبدوڵڵا شێنانی هەرچەند ماوەی نزیک بە ١٥ ساڵ بوو توشی نەخۆشیی شێرپەنجە هاتبوو و لە و ماوەیە دا بە جەستە كەم توانا و لاواز ببوو بەڵام بڕوای بە ئازادی و گەل دۆستی وای لێ كردبوو كە تەنانەت لە سەر تەختی نەخۆشخانەش را ئامادەی ڕاپەراندنی ئەركە حیزبی و نەتەوەییەكانی بوو.

كاک عەبدوڵڵا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە سەر داوای حیزبی دێموكراتی كوردستان و بە هاوكاری ئیدارەی پەنابەران وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی نۆروێژ گیرسایەوە.

هاوڕێی ماندویی نەناس و فەرماندەر و تێكۆشەری لە مێژینەی حیزبەكەمان، هاوڕێ كاک عەبدوڵڵا شێنانی لە تەمەنی ٥٦ ساڵی دا دوای زیاتر لە ١٥ ساڵ بەر بەرەكانی لە گەڵ نەخۆشیەكانی شێرپەنجە و دیسكی كەمەر، سەرئەنجام كاتژمێر حەوت و نیوی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١٤خاكەلێوەی ١٣٨٩ای هەتاوی بەرامبەر بە ٣ی ئاوریلی ٢٠١٠ی زایینی لە یەكێک لە نەخۆشخانەكانی شاری ترونـدهایم لە وڵاتی نۆروێژ، بۆ هەمیشە چاوەكانی لە سەر یەک دانان و ماڵئاوایی لە نیشتمان، گەل، حیزب، بنەماڵە و هاوڕێیانی كرد.

## مەلا برایم دۆڵەگرمی ئیبراهیم مەسڵەحەت

### پێشمەرگە و تێکۆشەر




ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی دۆڵەگەرمی ناوچەی سەردەشت لە بنەماڵەیەکی دڵپاکی کوردەواریدا کۆرپەیەک لەدایک بوو، کەناوی برایمی لەسەر دانرا و شۆرەتی مەسلەحەتیش هەر لە بنەماڵەکەیرا پێیبڕا وپاشان لە ڕەوتی ژیانی ئاساییو سیاسیدا بە مەلا برایمی دۆڵەگەرمی ناوبانگی دەرکرد.

ناوبراو وەک زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی ئەو سەردەم، تەنیا توانی تا کلاسی شەشی سەرەتایی لە قوتانخانە بخوێنێ. بەڵام مەلا برایم دوای قوتابخانەش وازی لە وەدەست هێنانی زانستو زانیاری نەهێنا، بۆ ئەم مەبەستە ڕووی لە حوجرەی فەقێیان کرد، کە ئەو دەم جگەلە دەرسی ئایینی، لە حوجرەکاندا هەستی نیشتمانپەروەریو کوردایەتیش برەوی پێدەدرا. لە حوجرەی فەقێیاندا، مەلا برایم هەستی نیشتمانپەروەری تێیدا بەهێز بوو، زۆرتر زوڵمو زۆری دوژمنانی بۆ روون بۆوە.

گەشە سەندنی هەستی نیشتمانیو کوردایەتی ناوبراوی بەرەو بیری سیاسیو خەبات بۆ رزگاری گەلی کورد هاندا. سەرئەنجام ساڵی ١٩٦٣بە شێوەی ڕەسمی پەیوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کردو بوو بە ئەندامو تاساڵی ١٩٧٨، واتە تا کاتی روخانی ڕێژیمی پاشایەتی بە نهێنی خەباتی سیاسیو تەشکیلاتی لە ناوچەی سەردەشت کردوە. لەڕەوتی ئەو خەباتەدا جارەک بۆ ماوەی نزیک یەک ساڵ لە لایەن ساواکەوە گیراوەو زیندانی کراوە.

ساڵی ١٩٦٨ ژیانی هاوبەشی پەک هێناوە. پێک هێنانی ژیانی هاوبەشو پەیدا بوونی منداڵ نەبوونە هۆی دوورکەوتنەوەی ناوبراو لە خەبات بۆ رزگاری گەلە بەشخوراوەکەی.

ساڵی ١٩٧٨مەلا برایمی دۆڵەگەرمی وێرای سەرجەم تێکۆشەرانی گەلی کوردو دێموکرات لە خەبات بۆ روخانی حکومەتی محمد رەزاشا دا بەشداری چالاکانەی کرد.

ساڵی ١٠٧٩ هەتاوی کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی خۆی ئاشکرا کردەوە، مەلا برایم دۆڵەگەرمی بە رەسمی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بۆ دیفاع لە مانو مەجودیەتی گەلەکەی کردە شانیو تا ساڵی ١٩٩٧ای زایینی بێ پسانەوە لە خزمەت حیزبو گەلەکەی دابوو. ناوبراو کەسایەتێکی کار لێهاتووی سیاسی نیزامی بوو، هەر بۆیە لە ماوەی ژیانی سیاسی خۆی دا پلە نیزامیەکانی پێشمەرگایەتی یەک لە دوای یەکدا بڕی، لە سەرجەم پلەکانی، سەرپەلی، سەردەستەیی، سەرلکیو سەرئەنجام فەرماندەهێزیدا کار لێهاتوویی خۆی نیشان داوە، وەک فەرماندەیەکی بەوەجو بە توانا، هەم بۆ هێزی پێشمەرگەو هەم بۆ کۆمەلانی خەڵک جێگەی ڕێزو حورمەت بوو. ناوبراو لە بواری سیاسیو تەشکیلاتیدا، کەسێکی بە تواناو کارلێهاتوو بوو، هەر بۆیە ساڵی ١٩٨٠ لە کۆنفرانسی حیزبیدا، لە ناوچەی سەردەشت وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت هەڵبژێردرا. هەرلە دەورانی پێشمەرگایەتیشدا جارێک بەسەختی بریندار بوو.

ساڵی ١٩٩٧ وێرای ماڵو منداڵی دوای ساڵانێکی زۆر خەباتو تێکۆشان، بارگەو بنەی بەرەو غوربەت پێچایەوەو سەرئەنجام لە وڵاتی سوئێد گیرسایەوە، بەڵام غوربەتو ئاوارەیی نەک هەر وەرەی بە ناوبراو بەرنەدا بەڵکو نیشتمانی ئازیزمان، کوردستانی لە لا خۆشەویستتر کرد. هەر بۆیە لە وڵاتی سوئێدیش وەک ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەی بە خەباتو تێکۆشان داو و رزگاری گەلی کوردو گەرانەوە بۆ کوردستانی رزگار کراو یەکێک لە هەرە ئاواتە پیرۆزەکانی ناوبراو بوو، کەچی مخابن نەخۆشی مەودای نەدا تا ناوبراو پتر بژیو زیاتر خزمەتی حیزبو گەلی خۆی بکاتو سەرئەنجام دوای یەک ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، رۆژی ٣٠ / ١٠ / ٢٠٠٤ دڵە پڕ لەئاواتەکەی لە شاری ئێرەبرۆی سوئێد لە لێدان کەوتو بە دنیایەک ئاواتو ئارەزووەوە ماڵئاوایی لە بنەماڵەو کەسو کارو هاوڕێیانی حیزبیو سەرجەم گەلی کوردو خاکی کوردستان کرد.

# مەلا محەممەد پووریا

## پێشمەرگە و تێکوشەر




خەڵکی : سۆغانلو

ڕێکەوتی ماڵئاوایی : ٢١ / ٨ / ٢٠١٠

راگەیاندنی حدک: رۆژی شەممە ڕێکەوتی  ٢١ / ٨ / ٢٠١٠ بەرامبەر بە ٣٠ی گەلاوێژ، مەلا محەممەدی پووریا ئەندامی لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری موونستری ئاڵمان کۆچی دوایی کرد . کاک مەلا محەممەد کە چەند سالێک بوو وەک پەنابەر لە شاری موونستری ئالمان گیرسابووەوە، توشی نەخۆشی کوشەندەی شێرپەنجە بوو و بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ مەرگ دەست و پەنجەی نەرم کرد و سەرئەنجام رۆژی ٢١ / ٨ / ٢٠١٠ بۆ هەمیشە دڵە گەورە و پڕ لە ئاواتەکەی لە لێدان کەوت و بەو جۆرە ماڵئاوایی لە خەڵکی کوردستان، هاوسەنگەران و ئازیزانی کرد .

مەلا محەممەدی پووریا رۆژی ٢٧ / ٧ / ١٩٤٢ لە گوندی سۆغانلوی ناوچەی پیرانشار لە دایک بوو . خوێندنی ئایینی لە حوجرەی فەقێیان تەواو کرد و بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە گوندەکانی دەوروبەری پیرانشار ماموستای ئائینی بوو . مامۆستا هاوکات لەگەڵ پێشنوێژی، مامۆستای گەڵ دۆستی، نیشتمانپەروەی و کوردایەتیش بوو و هەر بۆیە لە جەنگەی شۆرشی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ دا بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەتا ئەو کاتەی دڵی لە لێدان کەوت بەو پەری دلسۆزیەوە درێژەی بە تێکۆشان دا.

كوردایەتی و خەبات بۆ ڕزگاری كوردستان بۆ كاك مەلا محمد لە پێش هەموو شتێك بوو، زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی پیرانشار شاهیدن كە چۆن لە ڕێورەسمی ئاشكرا بوونی تێكۆشانی حیزب پاش روخانی رێژیمی پاشایەتی ناوبراو دەستی دایە قورئانی پیرۆز و كوتی: " بە حەقی ئەو قورعانە ئەمن پێش هەموو شتێك كوردم و بۆ كوردایەتی خەبات دەكەم و لە پاشان موسوڵمانم".

پاش روخانی رێژیمی پاشایەتی و ئاشكرا بوونی تێكۆشانی حیزبی دێموكرات مەلا محەمەد بە كردەوە وەك پێشمەرگەیەك پەیوەست بە ریزەكانی حیزب بوو و تێكۆشانی خۆی بەو پەڕی لێهاتویی لە ئاستی جۆراوجۆردا درێژە پێدا . بە هۆی لێهاتویی لە ساڵی ١٣٦١ دا بوو بە بەرپرسی كۆمیتەی لاجان سەر بە كۆمیتەی شارستانی پیرانشار . پاشان لە نێوان سالەكانی ٦٢ و ٦٤ وەك ئەندامی كۆمیتەی شارستانی پێرانشار درێژەی بە خزمەتدا . پاشان لە نێوان سالەكانی ٦٥ و ٦٧ دا وەك بەشی قەزایی ناوەند ئەركەكانی خۆی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ڕاپەڕاند و لەو مەیدانەشدا نیشانی دا كە خاوەن توانایەكی بەرچاوە . مەلا محەمەدی پووریا لە بواری پەروەردە و فێركردنیشدا دەستی باڵای هەبوو و وەك ماموستای قوتابخانە بۆ بەشی عەرەبی وكوردی دیاری كرا و بەو پەری دڵسۆزیەوە دەرسی بە مندالانی ئاوارەی كەمپەكانی حیزب دەگوتەوە .

بە كۆچی دوایی مامۆستا پوریا گەلی كورد خەمخۆرێكی گەورە و حیزبی دێموكرات ئەندام و كادرێكی بەوەج و بنەماڵە و كەس و كاری سەرپەرستێكی دڵسۆزیان لە دەستدا.

بە بونەی كۆچێ دوایی ماموستا مەڵا محەمەد پوریا سەرەخۆشی لە هەموو خزم، كەس و كار و بنەماڵەی بەرێزی و هەموو خەڵكی كوردستان هاوسەنگەرانی دەكەین .

## محەممەد عەبدوڵلاپور  محەممەد دەروێش

### پێشمەرگە و تێکۆشەری حیزب




راگەیاندراو بە بۆنەی کۆچی نابەوەختی پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی حدک کاک محەممەد عەبدوڵلاپور ناسراو بە کاک محەممەد دەروێش.

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە تێکۆشەرەکان!

ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە پێشمەرگەی دێرین وهاورێی بەووەج و تێکۆشەر، زەحمەتکێشی شار ولادێی ناوچەکانی سەردەشت ورەبەت، قارەمانی شەرە حەماسییەکانی رەبەت تا هەوشار و ئەندامی دڵسۆزی حیزبەکەمان لە نۆروێژ، کاک محەممەد عەبدوڵلا پوور ناسراو بە کاک محەممەد دەروێش، لە کاتژمێر ٧ و ٣٠ دەقیقەی سەرلە بەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٠ / ١١ / ٢٠٠٨ لە نەخۆشخانەی شاری فریدریکستاد لە نۆروێژ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە تەمەنی ٤٨ ساڵی دا ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵە، حیزب و گەل و نیشتمانەکەی کرد و چۆ نێو ریزی کاروانی نەمرانی رێگای رزگاری کورد وکوردستان.

هاورێ محەممەد دەروێش کوڕی دەروێش مستەفا خەڵکی ئاوایی خولیسان سەر بە ناوچەی رەبەت، لە ساڵی ١٩٦٠ی لە بنەماڵەیەکی هەژار وزەحمەتکێش ونیشتمانپەروەر چاوی بە دنیا هەڵێنا. بە هۆی نەداری ودەستکورتی بنەماڵەکەی وەکو زۆربەی مناڵانی سەردەمی

خۆی بە داخەوە لە خوێندن بێبەش بوو و شانی دایە بەر کارو کاسبی بۆ یارمەتی بنەماڵەکەی. هاوڕێ محەممەد یەکێک بوو لەو لاوە خوێنگەرمو جەسوورانەی ناوچەی رەبەت کە هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لە دەروونی دا رۆژ بە دوایی رۆژ بڵێسەی دەستاند. هەر بۆیە زۆر زوو لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوو. لە راپەرینی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٩ و هاتنە سەر کاری رێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی، کاک محەممەد چەکی شەرەفی لە شان کردوو وەک پێشمەرگە دەستی بە تێکۆشانی سیاسی . چەکداری لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کرد.

هاوڕێ محەممەد زۆر زوو توانی لێهاتوویی و قارەمانی و رۆڵی فەرماندەهی خۆی لە ناو هاورێیان دا نیشان بدا. هەر بۆیە زۆر زوو توانی پلەکانی یەک لە دوایی یەکی تا جێگر دەستە ببڕێ و بوو بە یەکێک لەو رۆڵە تیکۆشەر و قارەمانانەی لکی ٢ی مینەشەم، هێزی موعینی و هێزی زمزیران. کەم داستانی قارەمانەتی و کەم ناوچەی کوردستان هەڵدەکەوێ کە هاوڕێ محەممەد روویی تێنەکردبێ و قارەمانەتی نەنواندبێ. دەکرێ ئاماژە بە هێندێک لە شەرە حەماسێکانی کەلی خانی سەقز، ١٨ دۆڵانی بانە، تەنگی گەراوێی سەردەشت، دۆڵی زمزیران، کەڵەکاوێی مەهاباد، ئاغاجاری هەوشار و شەری سایین قەڵا وەکو نمونەیەک لە ئازایەتی وقارەمانێتی ئەو رۆڵە تێکۆشەرە بکەین کە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە رووبەروو بوونەوە دەگەڵ هێزە دژی گەلی یەکانی رێژیمی ئاخوندی.

هاوڕێ محەممەد لە بوارەکانی دیکەش دا رۆڵی بەر چاوی هەبووە. لە هەوڵ دان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا یەکێک بووە لەو فیداکار وماندوویی نەناسانەی کە هەمیشە دڵی بۆ یەکخستن و سەرخستنی ناو ماڵی کورد، بە تایبەتی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لێداوە. هەر بۆیە لە گەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دیکەی دێموکرات هەوڵی جیدی بۆ یەکگرتنەوەی ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دا و، سەرئەنجام بە هەوڵی هەموو لایەک بە ئاواتی خۆیی گەیشت و ساڵی ١٩٩٧ ئەم حیزبە بۆ یەکەم جار یەکگرتنەوەی بە خۆوە بینی و خەونی هاوڕێ محەممەد وزۆربەی تێکۆشەرانی دیکەی وەدیهێنا.

ساڵی ١٩٩٧ وێرای بنەماڵەکەی بە ناچاری رێگەی هەندەرانی گرتە بەر و لە وڵاتی نۆروێژ وەک پەنابەری سیاسی وەرگیرا. بەڵام ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و دووری لە زێد و نیشتمانەکەی نەیان توانی رەوانشاد کاک محەممەد دەروێش لە کوردایەتی وگەل و حیزبەکەی دوور کەنەوە. هەر کە لە وڵاتی نۆروێژ جێگیر بوو چالاکی یە سیاسی یەکانی خۆی دەست پێ کردەوە و یەکێک بوو لەو ئەندامە دڵسۆزانەی کە هەوڵێکی زۆری دا بۆ چالاک کردنەوەی کومیتەی حیزب و دامەزراندنی کۆمەڵە کوردییەکان لەو ناوچەو شارانەی کە لێی نیشتەجێ ببوو. لە زۆربەی ئەوکۆڕ و کۆبونەوانە و خۆپێشاندانانەی کە لە ئۆسلۆ و دەوروبەری بەرێوەچوون چالاکانە بەشداری دەکرد.

هاوڕێ کاک محەممەد لە گەڵ ئەوەی خوێندن و نووسین لە ناو ریزەکانی ئەو حیزبە دا فێر بوو، بەلام لە رێنوێنی و رێنمایی هاوسەنگەرانی قەت نەوەستا و یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانەی کە هەمیشە هەوڵی دەدا رەفیقانی دیکەی حیزب هان بدا بۆ

بەرەوپێشچوون و سەرخستنی خەباتی نەتەوەکەی. بە شایەدی هاورێیانی حیزبی کاک محەممەد کوڕی رۆژی تەنگانە بوو و لە هەموو قۆناغە حەساسەکانی ئەم حیزبە کەسێکی بەورە، شۆڕشگێرێکی راستەقینە، هاندەرێکی بەتوانا، تەنانەت بەرانبەر بەم نەخۆشییە کوشەندەیەی کە بە داخەوە ماوەی ٤ ساڵ بوو بەربەرەکانی دەگەڵ دەکرد، هەرگیز نەبوو کە بە چۆکی دابێنێ و تا ئاخرین ساتەکانی ژیانی بە شاهیدی هەموو ئەو کەسانەی هاورێ محەممەدیان بینی قەڵایەکی پۆلاین بوو لە ئیرادەو خۆراگری و بەربەرەکانی جەسوورانە هەم لە بەرابەر دۆژمن و هەم لە بەرانبەر ئەو دوژمنە خۆماڵییە ی خۆی و هیچ کات بە چۆک دا نەهاتوو و تەنانەت لە سەر تەختی نەخۆشخانە ئەو رستەیە وێردی سەر زمانی بوو کە دەیگوت: "خۆزگە لە سەنگەری پێشمەرگایەتی دا شەهید ببام، نەک لە سەر تەختی نەخۆشخانە."

سەرئەنجام بەداخەوە مەرگ مەودای نەداو ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بنەماڵە و هاورێیانی، حیزب وگەل و نیشتمانەکەی کردو بۆ هەتا هەتایە سەری نایەوە.

بە بێ شک بە لە دەست دانی هاورێ کاک محەممەد، بنەماڵەکەی کەسێکی بەورە، مرۆڤ دۆست، خۆبەختکەر و دڵسۆز و، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش یەکێک لە ئەندامە ئازا و قارەمان، فیداکارولەخۆبوردوو، ماندوویی نەناس و روح سووک، تێکۆشەر و دڵپاکی خۆیان لە دەست دا.


بە ناوی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بە گشتی سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە بە جەرگەکەی، ئەندامانی حیزب و دۆستانی و خەڵکی بە شەرەفی ناوچەی رەبەت دەکەین و خۆمان بە شەریک و هاوبەشی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانین.

روحی شاد ورێگای هەموو نەمران پڕ رێبوار بێ.
کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان

١١ی نوڤیمبەری ٢٠٠٨




# تێكۆشەر محەممەد گادانی




هاو نیشتمانە بەرێزەكان!

حیزب و رێكخراوە سیاسی یە تێكۆشەرەكان!

ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموكرتی كوردستان!

بە داخ و كەسەرێكی زۆرەوە رادەگەیەنین كە هاورێی ماندویی نەناس و تێكۆشەری لە مێژینەی حیزبە كەمان بەرێز كاك محمد گادانی ئەندامی كومیتەی حیزب و بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ هێزە كوردستانی یەكان لە وەڵاتی نۆروێژ، دوای نزیكەی دوو ساڵ بەر بەرەكانی لە گەڵ نەخۆشی شێر پەنجە، سەرئەنجام ساعەت دوو و نیوی شەوی ١٦ / ٢ / ٢٠٠٨  لە یەكێک لە نەخۆشخانە كانی شاری ئوسلۆی پایتەختی وڵاتی نۆروێژ، بۆ هەمیشە چاوەكانی لە سەر یەک دانان و مال ئاوایی لە نیشتمان، گەل، حیزب،بنەماڵە و هاورێیانی كرد.

هاورێ محمد گادانی لە ٣٠ / ٤ / ١٩٣٩ لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەكی نیشتمان پەروەر و گەلدۆست دا لە دایک بوو. هەرچەند ناوبراو ئۆگری یەكی زۆری بە خوێندن و فێر بوونی زانستی ئاكادیمی هەبوو بە ڵام بەهۆی بەشداری كردنی براكانی لە كاری سیاسی دا و زیندانی كرانیان لە لایان رێژیمی پەهلەوی یەوە، نەی توانی لە دەبیرستان بەو لاوە درێژە بە خوێندان بدات و ئەركی سەرپەرستی كردنی ماڵی كەوتە ئەستۆ.

بەلام سەرە رای سەرپەرستی كردنی ماڵەوە، گڕی گەلدۆستی و نیشتمان پەروەری هەر دەهات لە ناو دڵیدا بڵێسەی دەساند و

***سەرئەنجام ساڵی ۱۹٥۳ بوو بە ئەندامی یەکیەتی لاوانی دێمووکرات و وێرای کۆمەڵێک لە هاوتەمەنەکانی خۆی دەستیان کرد بە تێکۆشانی سیاسی و بوێرانە. چالاکی یەکانی کاک مەحمد لە یەکیەتی لاواندا ئەوەندە بەر چاو بوون کە زۆر زوو لە لایان تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ئەندامی رەسمی ور گیرا و لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆی لوا با لە کاری حیزبی و کوردایەتی غافڵ نەدەبوو و درێخی نە دەکرد. ئەو پێی وا بوو کە مرۆڤی شۆرشگێر و خەبات کار دەبێ کاریک بکات کە هەمووکاتێک جێگەی رێز و بروای خەڵک بێ. ئەو بروایەی ناوبراو تەنیا هەر درووشم نەبوو، بەڵکوو ئەو بە هەڵس و کەوتە بەرزە ئینسانی یەکانی،بە رەوشتە بەرز و مرۆڤ دۆستی یەکانی وای کردبوو کە هەر لە تەمەنی مێر منداڵیرا جێگەی رێز و، خۆشەویستی هەموو ئەو کەسانە بوو کە لە نزیکەوە دەیان ناسی. لە بواری سیاسیشدا زۆر زوو توانی ببێتە جێ بروا و متمانەی هاورێیانی حیزبی. هەر بۆیە زۆربەی کۆبوونەوە نهێنی یەکانی تەشکیلاتی مەهاباد لە زەمانی شا دا، لە ماڵی ئەوان پێک دەهاتن.***

***یەکەم خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان لە دژی حکومەتی محمد رەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ۱۹۷۸ کە لە فەوت و بە خاک سپاردنی شەهید عەزیزی یوسفی ڕا سەرچاوەی گرت، لە ماڵی ئەوانرا بەرنامە رێژی بۆ کرا. دواتر رێژیم بەو بۆنەوە کاک محمد و چەند هاورێ یەکی ئەویان چەند مانگێک زیندانی کرد. بەڵام هەر کە لە زیندان ئازاد بوو لە سەرڕا دەستی کردەوە بە تێکۆشانی سیاسی خۆی.***

***خسڵەتە بەرزە ئینسانی یەکان و نهێنی پارێزی وای کرد کە کاک محمد نەک هەر بوو بە جێ بروا و متمانەی تەشکیلاتی حیزب لە مهاباد، بەڵکوو کادرەکانی رێبەرایەتی حیزب و یەک لەوان دوکتوور قاسملووی شەهید، لە کاتی سەردانی نهێنیان بۆشاری مهاباد،مالی کاک محمد جێگەی حەوانەوە و حەسانەویان بوو.***

***شایانی باسە کە یەکەم چاپخانەی حیزب،دوای روخانی حکومەتی پەهلەوی، لە شاری مهاباد بە هەوڵ و هیممەتی ئەو کرڕدرا.***
***دوای روخانی رێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی، کاک محمد یەکێک لە کەسە ناسرواەکانی شاری مهاباد بوو کە بۆ بەربەرەکانی لە دژی زوڵم و زۆری داگیر کەران و گەیشتنی گەلی کورد بە مافە نەتەوایەتی یەکانی دەستی لە سەروەت و سامانی خۆی هەل گرت و رێگەی ژیانی پێشمەرگانە و سەر بەرزانەی هەڵبژارد و یەکێک لە تێکۆشەرە ناسراوەکانی دەورانی شەری سێ مانگە بوو.***

***کاک محمد لە ژیانی پێشمەرگایەتیشدا راستگۆ، ئەمانەتدار، بە رەوشت، خەڵکدۆست و دڵسوز بوو. بۆیە هەمووکاتێک جێگەی رەزامەندی رێبەرایەتی حیزبەکەی بوو. لە ماوەی نزیک بە دوو دەیە کار کردن لە کومسیۆنەکانی ماڵی، کۆمەڵایەتی و دەبیرخانەی حیزبدا هەمووکاتێک سەربەرز و روو سووری حیزب و گەلە کەی بوو.***

***ساڵی ۱۹۹۲ وەک پەنابەری سیاسی لە وەڵاتی نۆروێژ وەر گیرا. بەڵام ژیانی ئاوارەیی و دەبەدەری و دووری لەخاک و نیشتمانیش***

نەیان توانی کاک محمد لە ئامانجە بەرزەکانی دوور کەنەوە. هەر کە لە وڵاتی نۆروێژ جێگیر بوو چالاکی یە سیاسی یەکانی خۆی دەست پێ کردەوە و زۆر زوو ناوی کاک محمد بوو بە ناوێکی ئاشنا و جێگەی ڕێز بۆ ئەو کوردانەی کە لە دەربەدەریشدا دڵیان بۆ ئازادی نەتەوەکەیان لێ دەدات. هەر کۆر کۆبوونەویەک، هەر ڕێپێوان و خۆپێشاندانێک، هەر کۆڕێکی خۆشی و شادی، هەر تازیە و ماتەمینێک، هەر سیمینار ومەراسیمێک کە لەم چەند ساڵە لە ئۆسلۆ و دەور وبەر بەڕێوە چوو بێ بێ گوومان کاک محمد یەکێک لە کەسە دیار و چالاکەکانی ئە و بۆنە مەرسیمانە بوو. لای کاک محمد، پەرە پێدان بە فەرهەنگ و کولتووری کوردی ئەرکێکی نیشتمانی بوو. ئەو پێی وابوو کە بە هۆی نیشان دانی داب نەریتی جوانی کوردەواری و کولتوری بەرزی گەلەکەمان، دەتوانین لای وەڵاتانی جیهانیش جێ پێیەک بۆ کورد بکەینەوە. هەر بۆیە وێرای بەردەوام بوون لە کاری سیاسی دا یەکێک لە چالاکە ناسراوەکانی فدراسیۆن و کۆمەڵە کولتوری یەکان بوو. ناو براو لە کاتی ماڵئاوای یەکجاریشدا هاوکات کە ئەندامی کومیتەی حیزب و بەرپرسایەتی پێوەندی لە گەل هێزە کوردستانی یەکانی لە سەر شان بوو لە هەمان کاتدا ئەندامی بەڕێوەبەریی فدراسیۆنی کۆمەڵە کولتوری یەکانی کورد لە وەڵاتی نۆروێژ بوو.

گشگیر بوونی چالاکی یە سیاسی و کولتووری یەکانی ناو براو وای کردبوو کە کاک محمد نەک هەر لای ئەندامانی حیزبەکەی خۆی، بەلکوو لای هەموو حیزبە کوردستانی و غەیرە کوردستانی یەکانی جێگر لە نۆروێژ جێگەی ڕێز و خۆشەویستی بوو.

هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک محمد گادانی هەرچەند ماوەی نزیک بە دوو ساڵ بوو دوچاری نەخۆشیی شێر پەنجە هاتبوو و لە و ماوە دا بە جسم کەم توانا و لاواز ببوو بەڵام بروا بە ئازادی و گەل دۆستی وای لە ناو براو کردبوو کە تەنانەت لە سەر تەختی نەخۆشخانەش را لە راپەراندی ئەرکە حیزبی و نەتەوەی یەکانی غافل نە دەبوو.

بە لە دەست دانی کاک محمد گادانی، بنەماڵەی نیشتمان پەروەر و خەباتکاری گادانی یەکێک لە پیاوە هەرە مرۆڤ دۆست، تێکۆشەر، دڵپاک، بە ورە، خۆ بەختکەر و مێهرەبان و، حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کوردیش یەکێک لە هەرە کادرە بە ئەزموون و ڕێبوارێکی ماندویی نە ناسی ڕێگەی رزگاریان لە دەست دا.

کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە نوێنەرایەتیی ئەنداماان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ، بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی دەکا و خۆی لەو خەمە گەورەیە دا بە شەریکیان دەزانێ، هەروەها سەرەخۆشی لە هەموو کادر و ئەندامانی حیزبەکەمان، خەڵکی خەباتگێڕی شاری مهاباد و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین. هەر لەو کاتەش دا بەڵێن تازە دەکەینەوە کە هەرگیز نەهێڵین ئاڵای ئەو خەباتە کە هاوڕێ محمدگادانی و هەزاران شەهیدی ڕێگای ئامانجەکانی گەلی کورد، پێشڕەو و پێشمەرگەی بوون لە شەکانەوە بکەوێ.

سڵاو لە خەباتی دەیان ساڵەی بەڕێز کاک محمد گادانی

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە تێکۆشەری وەک کاک محمد گادانی تێدا پەروەردە بوون.
سەرکەوێ خەباتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەر بەستی

حیزبی دێموکراتی کوردستان
کومیتەی نۆروێژ
١٦ی فێبریویری ٢٠٠٨

---

# تێکۆشەر ئەسعەد عەزیز پوور ناسراو بە: ئەسعەد دریازی




ڕاگەیەندراو بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ و هاوکاری لەمێژینەمان ئەسعەد دریازی

خەڵکی خەباتگێری کوردستان
تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

بە داخێکی گرانەوە ڕادەگەیەنین کە هاوڕێ و هاوکاری خۆشەویستمان ئەسعەد عەزیز پوور، ناسراو بە ئەسعەدی دریازی، کاتژمێر ٢ی شەوی ڕابردوو پێنجشەممە لەسەر هەینی ٧ی ڕەشەمە لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

ئەسعەد دریازی کادری فەنیی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوییەوە هاتبووە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرای دێمۆکرات لە هێزی شەهید پێشەوا و ٣ ساڵ دواتر لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەستی بە تێکۆشان کرد.

***ئەسعەد لە ئاکامی ئۆگری بەم رادیۆیە و، بە ئاگاداری لە ڕۆڵ و جێگای ئەو رادیۆ خۆشەویستە لە بەرەو پێش بردنی تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی شۆڕشگێرانە خەڵکی کوردستان دا بە زوویی بوو بە یەکێک لە کادرە بەوەجەکانی بەشی فەننی رادیۆ دەنگی کوردستان، هەر بۆیە هەتا سەرەتای پاییزی ئەمساڵ کە نەخۆشی ، بڕستی لێ بڕی ، لە خزمەتی دڵسۆزانە بە رادیۆ دەنگی کوردستان و لە هاوکاریی بەردەوام لەگەڵ بەشی فەنیی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ درێغی نەکرد.***

***ئەسعەد دریازی کوڕی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و سەربەرزی خەڵکی دریاز بوو. برای تێکۆشەری جوانەمەرگ، شەهید کاوەی عەزیزپوور بوو کە بە تاوانی ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکرات دا، ساڵی ١٣٨٤ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهابادەوە گیرا و لە ئاکامی نەخۆشییەک دا کە بە هۆی لێدان و شکەنجەوە تووشی هاتبوو، رۆژی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧، پاش چەندین مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ ئازار و ناڕەحەتی، گیانی لە دەست دا.***
***ئەسعەد دریازی، نموونەی تێکۆشەرێکی خۆڕاگر و بە بیروباوەڕ بوو. لاوێکی قسەخۆش ، سادە و لە کاری خۆیدا جیددی و ڕێکوپێک بوو. هەر بۆیە خۆشەویستی سەرجەم هاوکاران و هاوخەباتانی بوو.***

***لەم چەند ساڵەی دوایی دا بە داخەوە تووشی نەخۆشی "لە کار کەوتنی گورچیلەکانی" و هاوکات تووشی نەخۆشی وشکبوونی پێست بوو، کە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا ئەگەرچی بەردەوام لە هاتوچۆی دوکتوور و نەخۆشخانە دابوو و رۆژ بە رۆژ زیاتر بەرەو لاوازیی جەستەیی دەچوو، بەڵام لە کار تێکۆشان دا هەروا جیددی و بە ورە و ئیرادە ، هەروا بەرز و لە هەڵسوکەوت دا وەک هەمیشە رووخۆش و سەمیمی بوو. سەرەتای پاییزی رابردوو، دوای ناهۆمێدی لە چارەسەربوونی نەخۆشییەکەی لە هەرێمی کوردستان، بە رەزامەندیی حیزب، گەڕایەوە نێو بنەماڵە بەڕێزەکەی لە مەهاباد بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکی باشتر دا، چارەسەری نەخۆشییەکەی بکا. بەڵام بە داخەوە هەوڵ و تەقەلای پزیشکەکان نەیتوانی ئەم رۆڵە تێکۆشەرە لە دەست مەرگی بێوەخت رزگار بکا و، سەرەنجام لە تەمەنی ٣٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.***

***ناوەندی راگەیەندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم هاوڕێ و هاوکارە لە مێژینەیەی خۆی، بە گەرمی سەرەخۆشی لە بنەماڵە سەربەرز و تێکۆشەرەکەی ئەسعەد دریازی و سەرجەم خەڵکی مەهاباد دەکا. بەم بۆنەیەوە هەروەها سەرەخۆشی لە هاوکارانمان لە راگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات و تێکڕای تێکۆشەرانی دێمۆکرات دەکەین.***

***گیانی ئەسعەدی هاوڕێ و هاوکاری جوانەمەرگیشمان دڵنیا دەکەین کە یادی لە دڵمان دا زیندوو رادەگرین و هەتا بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی کە رزگاریی نەتەوەکەمان لە ژێر دەستیییە، لە خەبات و تێکۆشان ناوەستین.***

***حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناوەندی راگەیاندن***

***٧ی رەشەمەی ١٣٨٨ / ٢٦ی فێبریویری ٢٠١٠***

# راگەیەندراو مامۆستا عەبدولقادری دەبباغی ناسراو بە "مامە قالەی دەبباغی




بەرەبەیانی هەینی ٦ی فێوریەی ٢٠٠٩ (١٨ای رێبەندانی ١٣٨٧) مامۆستا عەبدولقادری دەبباغی ناسراو بە "مامە قالەی دەبباغی"، پاش چەند مانگ نەخۆشی، ( لە وڵاتی بریتانیا) کۆچی دوایی کرد.

مامە قالە دەبباغی لە سەردەمی دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکافەوە، رێبازی کوردایەتی و خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەکەی هەڵبژارد. یەکێک لەو لاوە وریاو بەهەڵوێستانە بوو کە بە شانازییەوە ئەندامەتیی کۆمەڵەی ژێکافی قبووڵ کردو لە پێناوی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دا لە سەقزو بۆکان، بە دڵسۆزییەوە تێکۆشا. کاتێک ئاواتی پیرۆزی میلیۆنان کوردی تینووی ئازادی هاتە دی و کۆماری کورستان دامەزرا، عەبدولقادری دەبباغی بە گوڕتر لە پێشوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان تێکۆشا.

کاتێکیش جمهوری کوردستان جوانەمەرگ بوو و پێشەوای سەرکۆمارو هەڤاڵانی شەهیدکران، عەبدولقادری دەبباغی بەڵێنی دا، خۆشەویستیی پێشەوای شەهیدو ئەوینی ئاڵای کوردستان و ئامانجەکانی کۆماری جوانەمەرگ، لەبیر نەکاو هەتا مردن پێیان وەفادار بمێنێتەوە، عەبدولقادری دەبباغی لە پێناوی خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان دا، ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی لە بەندیخانەو ژیانی نهێنی و دەربەدەری دا بردە سەر.

عەبدولقادری دەبباغی بە درێژایی تەمەنی رێژیمی پاشایەتی، لە تێکۆشان و هەوڵدان دژی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا نەوەستاو لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازانە درێغی نەکرد.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، مامە قالە ئەگەرچی پێی نابووە نێو قۆناغی پیری و بەساڵاچوویی، بەڵام شانبەشانی رۆڵە پێشمەرگەکانی کوردستان شاخ و چیاو دۆڵ و ئەشکەوتەکانی

***نیشتمانەکەی بۆ ژیان هەڵبژارد.***

***مامە قالە کە نووسەر، وەرگێڕو ئەدیبێکی بەتوانا بوو، بیرو قەڵەمی خۆی خستبووە کار بۆ هاندانی لاوانی کوردستان، بۆ لەقاودانی پیلان و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و، تیشک خستنە سەر مێژووی کۆمەڵەی ژێکاف، جمهوری کوردستان و قۆناغەکانی خەباتی حیزبە خۆشەویستەکەی.لە دەیەی ٩٠ی زایینی دا، مامە قالەی دەبباغی، وەک پەنابەر لە وڵاتی بریتانیا گیرسایەوە. لە دەرەوەی وڵاتیش مامە قالە لە کاری فەرهەنگی، نووسین لە سەر مێژوو و پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان غافڵ نەبوو.***

***مامۆستا قادر دەبباغی سیمایەکی ناسراو، کەسایەتییەکی فەرهەنگی و خەباتگێڕو نموونەیەکی بەرزی وەفاداری بە نەتەوە نیشتمانەکەی بوو.***

***حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێزەوە یادی رابردووی ئەو مرۆڤە دڵسۆزو تێکۆشەرە دەکاتەوەو، بە بۆنەی کۆچی دوایی ناوبراو، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی، خەڵکی سەقزو سەرانسەری کوردستان دەکا.***

***نەمری بۆ یادو ناوی مامە قالەی دەبباغی و سەرکەوتن بۆ ئەو ڕێگاو ڕێبازەی کە نزیک بە ٧٠ ساڵ ئەو مرۆڤە خزمەتی پێ کرد.***

***حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆمیسیۆنی راگەیاندن***

**١٣٨٧ / ١١ / ١٨**

**٢٠٠٩ / ٢ / ٦**

# کورتەیەک لە ژیانی مینا خانم قازی




لە ساڵی ١٩٠٨ زایینی لە شاری مهاباد چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و لە تافی لاویدا بوو کە باوک و مامێکی لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و هێرشی رووسەکان بۆ سەر کوردستان و ئێران، لە دەسدا .

ئەم ژنە تێکۆشەر و نیشتمان پەروەرە لە ساڵەکانی ١٩٢٧ و ١٩٢٨ دا لەگەڵ پێشەوای کورد قازی محەمەد یەکتر دەناسن و پاشان ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن. میناخانم یەکێک بوو لە هاوکارەکانی پێشەوا لە گشت بوارەکاندا گەر چی بە هۆی ئەوەی کە لە کاتی منداڵیدا لە ناوچەکەیاندا قوتابخانە نەبوو نەیتوانیبوو بخوێنێ، بەڵام ژنێکی لێهاتوو، رۆشنبیر و سیاسی بوو ئەوانەی کە میناخانیان دەناسی دەڵێن ئەگەر کەسێک میناخانمی بە باشی نەناسیبایە وای دەزانی خوێندنی زانکۆی تەواو کردوە دەگێڕنەوە کە بۆیە یەکێک لە کاربەدەستەکانی ئێران لە کاتی قسەکردن لەگەڵیدا پێی دەڵێ خانم ئێوە دەرچووی کام زانکۆن. خاتوو مینا لە وەڵامدا دەفەرمێ زانکۆی قازی محەمەد، میناخانم توانی لە ماوەیەکی کەمدا بگاتە ئەو ئاستەی کە رۆڵێکی کارا بگێڕێ لە هاوکاریکردنی هاوسەرەکەی و لە ژیانی سیاسی و ئیداریشدا بەشداریی بکا .

مینا خانم لە کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا بووە سەرۆکی رێکخراوی یایا و بەم شێوەیە میناخان بووە یەکەم سەرۆکی یەکێتی ژنانی کوردستان و توانی دەورێکی بەرچاو بگێڕێ لە خزمەتکردن بە ژنانی وڵاتەکەی و هاوکارییان بکا و رێکخراوەکەی توانی لە بواری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە خزمەت بە ژنان بکا و پێداگیر بێ لە وەرگرتنی مافەکانی ژنان و چەسپاندنی مافەکانیان لە دەوڵەی کۆماری کوردستاندا .

ئەم ژنە تێکۆشەرە لە تەمەنی ٣٨ ساڵی دا بوو کە هاوسەرەکەی لە سێدارە درا و ئیتر لەو کاتەوە جگە لە دایکایەتی ئەرکی باوکیشی بۆ منداڵەکانی کەوتە ئەستۆ. خاتوو مینا ٩ منداڵی لە پێشەوا قازی هەبووە، یەکێک لە منداڵەکانی هەر لە ناو لانکەدا گیانی سپارد و ٨ منداڵی بۆ مایەوە کە توانی هەموویان بنێرێتە قوتابخانە و بەشێکیشیان زانکۆ تەواو بکەن و منداڵەکانی بە بیری کوردایەتی و نەتەوەییەوە گۆش کرد .


میناخانم لە ژیانیدا تووشی گەلێک ناخۆشی و نارەحەتی هاتووە. لە لایان ڕێژیمە داگیرکەرەکانی ئێرانەوە تووشی زیندانیکردن و ئەشکەنجە و ئازار بووەتەوە. ئەم ژنە شۆڕشگێڕە لە ساڵی ١٩٨٤ لە لایان ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانەوە بۆ ماوەی 11 مانگ زیندانی کرا و کەوتە ژێر ئەشکەنجە و توندوتیژییەوە. میناخانم لەو کاتەی کە لە زیندان بوو بە هۆی ئەشکەنجە و ئازارەوە تووشی نەخۆشی دەبێ ڕێژیمی ئاخوندی بۆ ئەوەی کە میناخانم بنێرێتە نەخۆشخانەی ئاسایی داوا دەکا کە یەکێک لە کچەکانی بە جێگای ئەو لە زیندان بکرێن. بۆیە خاتوو فەوزییە دەچێتە زیندان و میناخانم بۆ نەخۆشخانەیەکی تاران بەڕێ دەکرێ. لە نەخۆشخانەی تاران بە هاوکاری کوردانی نیشتەجێی ئەو شارە رزگار دەبێ و لە مەشهەد دەشار درێتەوە .

میناخانم لە ساڵی ١٩٩١ رووەدەکاتە وڵاتی ئاڵمان و پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە مهاباد. لە ساڵەکانی95 و96 بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی رووەدەکاتەوە هەندەران و پاش ئەوەی کە لە چاکبوونەوەی نائومێد دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ مهاباد و لە سەرەنجام لە ڕێکەوتی ١٧ای فێورییەی ١٩٩٦ بە یەکجاری چاوەکانی لێک دەنێ و ماڵئاواییمان لێ دەکا.

ڕووحی شاد

سەرچاوە: چنوور - ماڵپەڕی سنە

## کۆچی دوایی ئەندامی لەمێژینەی حیزب کاک محەممەد کەریمی (قاقە)




ڕۆژی سێشەممە، ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٥ی هەتاوی (٢٣ی ژانوییەی ٢٠٠٧) کاک محەممەد کەریمی ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ٨٧ ساڵ تەمەنی پڕ لە خەبات و تێکۆشان دڵی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە کۆڕی یاران و خۆشەویستانی کرد.

* خوالێخۆشبوو کاک مەحەممەدی کەریمی ناسراو بە قاقە، لە ساڵی ١٢٩٨ی کۆچی ( ١٩١٩ی زائیینی)، لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ی زائیینی لە تەمەنی ٨٨ ساڵی دا لە وڵاتی هوولەند کۆچی داویی کرد. ناوبراو زیاتر لە ٦٠ ساڵ خەباتی دژی دوو ڕێژیمی دیکتاتۆرەکانی ئێران( پەهلەوی و ئاخووندی) بۆ بەدەست هێنانی مافی ڕەوای نەتەوەکەمان کرد. نیزیک بە ٣ ساڵ لە بەندیخانەی ڕێژیمی شا دا ئەشکەنجە و ئازاری چێشت .

کاک محەممەد کەریمی ناسراو بە قاقە ساڵی ١٣٢٣ چووە ریزی ئەندامانی کۆمەڵی (ژ ـ ک) و لە سەردەمی کۆماری دا لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی حیزب بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزبیان لە شاری بانە وەئەستۆ گرت.
لە دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش وازی لە تێکۆشانی سیاسی نەهێناو لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی دا تەشکیلاتی حیزب لە شاری بانەیان زیندوو کردەوە.

دوای رووخانی حکوومەتی موسەددیق لە ساڵی ١٣٣٢ لە مامۆستایەتیی قوتابخانە دەرکرا. "قاقە" ساڵی ١٣٣٢ وێڕای چەند هاوڕێیەکی لە ئەنجامی ئاشکرا بوونی تەشکیلاتی حیزب لە شاری بانە گیراو، خرایە بەندیخانەوە. کاک محەممەد پاش دوو ساڵ و نیو خۆڕاگری لە زیندانەکانی قزڵ قەلعەو قەسر لە زیندان ئازاد کرا. دوای شۆرشی گەلانی ئێران تێکۆشانی سیاسیی لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان درێژە پێداو وەک ئەندامێکی هەڵسووڕی کومیتەی شارستانی بانە لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو.

کاک محەممەد ساڵی ١٩٩٦ بە هۆی پیری و پەککەوتەیی چووە وڵاتی هولەندو پاش ٧ ساڵان ژیانی تاراوگە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ژانوییەی ٢٠٠٧ دڵی گەورەی لە لێدان کەوت. کاک محەممەد باوکی شەهید عوسمان کەریمی یە کە ساڵی ١٣٥٨ لە شەڕی داسەپاوی نەغەدە شەهید بوو. کاک محەممەد برای تێکۆشەری ناسراوی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد کاک هاشمی کەریمی و باوکی هاوڕێی بەڕێز کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

---

# ڕاگەیاندراو بە بۆنەی کۆچی نابەوەختی خوشکە کوبرا ئەڵڵاوەیسی




هاونیشتمانە بەڕێزەکان! حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە تێکۆشەرەکان!ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرتی کوردستان! ژنانی خەباتکاری یەکیەتی ژنانی دێموکرات!

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە هاورێ و ئەندامی دڵسۆزی حیزبەکەمان و ئەندامی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ، خوشکە کوبرا هاوسەری ڕەوانشاد کاک خەلیل گادانی ، لە کاتژمێر ٤ و ٣٣ دەقیقەی دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ٢٨ / ١٠ / ٢٠٠٨ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە تەمەنی ٦٢ ساڵی دا ماڵئاوایی یەکجاری لە بنەماڵە، حیزب ، گەل و نیشتمانەکەی کرد و چووە نێو ریزی کاروانی نەمرانی ڕێگای ئازادی.

خوشکە کوبرا لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر و گەلدۆست دا لە دایک بوو. ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گەڵ کاک خەلیل گادانی، ئەندامی بە وەجی حیزب، ژیانی هاوبەشی پێکهێنا. تێکەڵاوی لە گەڵ بنەماڵەی گادانی و

هاوسەریەتی لە گەڵ تێکۆشەری ماندوویی نەناس، رەوانشاد کاک خەلیل گادانی، بووە هۆی ئەوە کە خوشکە کوبرا رۆژ بە رۆژ زیاتر لە گەڵ مەسائیلی سیاسی ئاشنا بێت و هەستی نیشتمانپەروەری لە وجوودی دا بڵێسە بستێنێ. ناو براو یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەشێوەیەکی زۆر بێ باکانە لە رێ و رەسمی بە خاک سپاردنی کاک عەزیز یوسفی لە شاری مەهاباد بەشداری کرد، کە بوو بە هۆی کەوتنە ژێرچاوەدێری رێژیمی پاشایەتی. پاش روخانی رێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری حکومەتی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی شەر بە سەر گەلی کورد دا، خوشکە کوبرا وێرای هاوژیانی تێکۆشەری، کاک خەلیل گادانی دەستیان لە ژیانی ئاسایی هەڵگرت و رێگەی سەخت و سەربەرزانەی پێشمەرگایەتیان گرتەبەر.خوشکە کوبرا وێرای هەوڵدانی بێ وچان بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە منداڵەکانی پەروەردە بکات، لە هەمان کاتدا لە هەموو هەل ومەرجێکدا بۆ راپەراندنی ئەرکی حیزبی ئامادە بوو. تێکۆشانی خوشکە کوبرا لە بواری تەداروکاتی یەوە لە مانگی دیفاع لە ئازادی لە جادەی پیرانشار- سەردەشت گەلێک بەرچاو بوو. پاش کۆچی دوایی کاک خەلیل گادانی لە ساڵی ١٣٦٨ دا، ئەرکی خوشکە کوبرا قورستر بوو، بۆیە بڕیاری دا کە بۆ پێگەیاندنی منداڵەکانی لە هیچ هەوڵێک درێخ نەکات و هەم دایک بێت و هەم باوک. ساڵی ١٩٩٠ وێرای کیژ و کورەکانی وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی نۆروێژ وەرگیرا. بەڵام ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری و دووری لەخاک و نیشتمانیش نەیان توانی خوشکە کوبرا لە ئامانجە بەرزەکانی دوور کەنەوە. هەر کە لە وڵاتی نۆروێژ جێگیر بوو چالاکییەکانی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەست پێ کردەوە و زۆر زوو بوو بە ناوێکی ئاشنا و جێگەی رێز بۆ کۆڕ و کۆمەڵگای کورد لە هەندەران.

جێگای ئاماژەیە کە هەوڵ و تێکۆشان و دڵسۆزییەکانی خۆشکە کوبرا وای کردبوو کە ئەو شێرەژنە ببێتە جێگای متمانە و باوەڕی ئەندامانی حیزب کە چەندین جار لەبەرێوبەری کومیتەی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ و یەکیەتی ژنانی دێموکرات هەڵبژێردراو ئەرکی بەرێوە دەبرد و لە کاتی ماڵئاوایش دا یەکێک لە ئەندامانی چالاکی کۆمیتەی بەرێوبەری یەکیەتی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

بە لە دەست دانی خوشکە کوبرا، بنەماڵەکانی نیشتمان پەروەر و خەباتکاری ئەو ئازیزە یەکێک لە ژنە مرۆڤ دۆست، تێکۆشەر، دڵپاک، بە ورە، دلسۆز و، حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتیش ئەندامێکی خەمخۆر و ماندوویی نەناسی خۆیان لە دەست دا.

کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی ئەندامان و لایەنگران لە وڵاتی نۆروێژ، بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەرێزەکانی ئەڵلاوەیسی وگادانی دەکەن و خۆیان لەو خەمە گەورەیە دا بە شەریک و بەشدار دەزانن.

کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی نۆروێژی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٩ / ١٠ / ٢٠٠٨

# سمایل ئیبراهیمی ناسراو بە سمایل سەردەشتی

## هونەرمەند و ئەندامی حیزب




سمایل کوڕی میرزای بایزی ئامانێ یا سمایل ئیبراهیمی ناسراو بە سمایل سەردەشتی لەساڵی ١٩٧٧ لە گوندی وەڵیو لەناوچەی سەردەشت لەدایک بووە، ، "

ساڵی ١٩٩٧ دەستی بەکاری گۆرانی گوتن کردووە، خاوەنی چەندین بەرهەمە، لەدوای ساڵی ٢٠٠١ بەهۆی دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، ڕوودەکاتە باشووری کوردستان. هونەرمەند ماوەیەک لەشاری هەولێر ژیانی بەسەر برد، بەم دواییەش لەرانییە.

سمایل ئیبراهیمی ناسراو بە سمایل سەردەشتی گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوو کە هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە وێرای کاری ڕۆژانەی خۆی دەستی بە گۆرانی گووتن کرد و زۆر زوو توانی ڕێچکەی هونەری خۆی بدۆزێتەوە و بچێتە نا دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە. سمایل سەردەشتی بە هۆی ئەوە لە گۆرانییەکانی دا هانی لاوانی کوردی دەدا کە بە کوردی هەڵسوکەوت بکەن و دابی کوردی و جلوبەرگی کوردی لەبیر نەکەن کەوتە بەر ڕقی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و چەند جارێک ڕەوانە گرتووخانەکانی ڕژێمیان کرد، دوای ئازاد بوونی ڕێگای گەرمێنی گرتە بەر و لە باشووری کوردستان دەستی بە کاروکاسبی کرد و لەگەڵ ئەوەش دا درێژەی بە کاری هونەری خۆی دا، لە ماوەی مانەوەی لە باشووری کوردستان دا چەندین گۆرانی کوردی پێشکەش بە خوازیارانی ڕەسەنی گۆرانی کوردی کرد و تا توانی لە بواری گۆرانی دا خزمەتی بە گەلەکەی کرد، بەداخەوە سمایل سەردەشتی زۆر نەژیا تا بەرهەمی زیاتر بۆ خوازیارانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بە بەرهەم بێنێ، بەڵام سمایل سەردەشتی دەیان گۆرانی لە دوای خۆی بەجێ هێشتوون و گەلەکەمان وەک یادگاری دەیان پارێزێ .

سمایل سەردەشتی ئەندامێکی بە وەفای حیزبی دێموکراتی  کوردستان بوو، ئەو لە دوای هاتنی بۆ باشووری کوردستان لە بۆنە تایبەتی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەشداری دەکرد و بە دەنگەخۆشەکەی بۆنەکانی دەرازاندەوە و بەشداربووانی دێنا جۆش‌وخرۆش، لە دەستدانی سمایل سەردەشتی خەسارێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و بە تایبەت خەڵکی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سمایل سەردەشتی مرۆڤێکی تا بڵێی خاکی و کۆمەڵایەتی بوو، لە ژیانی خۆیدا هەوڵی دەدا شت فێر بێ و خەڵک فێر بکات، دیارە سمایل سەردەشتی وەک پێویست لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بواری هونەری دا  پشتگیری لێنەکرا بەڵام لە ماوەی مانەوەی لە باشووری کوردستان دا چەندین ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتی گێران و ببوو بە یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستان و بە تایبەت ناوچەی پشدەر و بیتوێن لە باشووری کوردستان.

چەند ساڵ لەمەوبەر برایەکی سمایل سەردەشتی بە ناوی ڕزگار بە ڕووداوی هاتووچوو لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانی لە دەست دا و لەم ڕووداوەش دا سمایل سەردەشتی بە سەختی بریندار بوو ودوای ماوەیەک ئیسراحەت برینەکانی باش بوونەوە ودەستی بە کاری ڕۆژانەی خۆی کردەوە، شایانی باسەکە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا برایەکی بە ناوی ڕەسووڵ ئاوارە و ئامۆزایەکی بە ناوی خالید پاشبەردی وەک پێشمەرگە شەهید بوون و وەک بنەماڵە لە ناوچە دا ساحەبی ئێعتبار و خۆشناوی‌یەکی زۆرن.

سمایل ئیبراهیمی ناسراو بە سمایل سەردەشتی" ڕۆژی هەینی ای ئووتی ٢٠٠٨ لە نێزیک بەردەقەل لە سەر ڕێگای دەربەندی ڕانیە بە هۆی ڕووداوێکی هاتووچۆ بە دژواری بریندار دەبێ و دوای ئەوە دەگەیێندرێتە نەخۆشخانەی ڕانیە بە داخەوە لەبەر کاریگەر بوونی برینەکەی گیانی لە دەست دەدا.

# فەردین سادقی




فەردین سادقی ساڵی ۱۹۸۳ لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری سنەی خوێناوی لە دایک بوو. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر شاری سنە تەواو کردو دیپلۆمی وەرگرت. لە تەمەنی نەوجەوانی دا رووی کردە کاری هونەری و، بوو بە ئەندامێکی چالاکی تیپی هەڵپەرکێی "ئاویەر"ی شاری سنە و لە چەندین بەرنامەی هونەری دا بەشداربوو. ساڵی ۲۰۰۲ رووی کردە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شانبەشانی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، توانای هونەری خۆی بۆ پەرەپێدانی هونەری هەڵپەرکێی کوردی لە نێو حیزب داو راهێنانی کچان و کوڕانی دێموکرات، تەرخان کرد. سەرئەنجام "گروپی هەڵپەڕکێی رۆژهەڵات"ی دامەزراندو تا ساتی خوانەمەرگبوونی سەرپەرەستیی ئەم تیپەی کرد. تیپی هەڵپەڕکێی رۆژهەڵات لە ژێر راهێنانی فەردین سادقی دا، بە دەیان چالاکی و بەرنامەی سەرکەوتوانەی لە جێژن و بۆنە حیزبی و نەتەویی یەکان، فستیڤاڵەکانی هەڵپەرکێ و کلیپ بۆ هونەرمەندان و بەرنامە تلەڤیزیۆنی‌یەکان دا بەرێوەبەریدو لە سەر ئاستی کوردستان بوو بە تیپێکی ناسراوو خۆشەویست.

ئەم هونەرمەندە بە توانا و دڵ پڕ لە خۆزیایە، بە داخەوە ئێوارەی رۆژی ۳ / ۷ / ۲۰۰۷ لە کاتی گەرانەوە لە شاری کۆیە بۆ بنکەکەی بە ماتۆرسیکلێت، ماشینێک خۆی لێداو گیانی لە دەست دا.

تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات بە هاوبەشی خەڵکی کۆیە تەرمی هونەرمەندی جوانەمەرگ فەردینی سادقی‌یان بە خاک سپارد و

مەجلیسی پرسەیان بۆ دانا گۆرستانی شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە ١٣ای پوشپەری ١٣٨٦ (٤ی جولای ٢٠٠٧)، ڕۆژێکی بێوێنەی بە خۆوە دی. لەم ڕۆژەدا تەرمی هونەرمەندی جوانە مەرگ فەردین سادقی کە ئێوارەی ڕۆژی پێشتر لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیانی لە دەست دابوو.

لە نێو ماتەمی کیژان و لاوان و ژنان و پیاوانی دیموکرات و خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی شاری کۆیەی هونەردۆست¬دا، لە مەزارگەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات لە نزیک کۆیە بە خاک سپێردرا.

دەوروبەری کاتژمێر ای نیوەڕۆ تەرمی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە لە حاڵێکدا دەیان ماشێن هاوڕێیەتیان دەکرد، لە نەخۆشخانەی ئازادییەوە بۆ گۆرستانی شەهیدان گوازرایەوە.

دوای بە خاک سپێردرانی، دەستە دەستە لە قوتابیانی هونەریی فەردینی هونەرمەند و دۆستانی چەپکە گوڵیان لەسەر گڵکۆکەی دانا و بۆ مەرگی ناوەختی فرمێسکیان هەڵوەراند.

# فەرماندەرانی شەهید



**ریزناو و ناو بانگ رێکەوتی شەهید بوون پلەی بەرپرسایەتی شوێن شەهید بوون چۆنیەتی شەهید بوون:**

---------------------------------------------------------------------------------------------

١- ئیبراهیم بەهرام پوور: ١٣ی ژووئەنی ١٩٨٠ - فەرماندەری هێز - گڵە سوورە شەڕ لەگەڵ رێژێم.

٢- سەرۆان عەبدوڵا ئەفشین: ٤ی ژووییەی ١٩٨٠ - فەرماندەری هێزی بەیان - نزیک گوندی شیناوی شەڕ لەگەڵ رێژێم

٣- مەحموود رەحمەت پوور: ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٨١ - جێگری فەرماندەری هێزی سمکۆ کێلەشین - شەڕ لەگەڵ رێژێم

٤- سەروان حاتەم(دوعاخان): ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٨١ - فەرماندەری هێزی نحۆ کێلەشین - شەڕ لە گەڵ قیادە

٥- ئەسعەد سولەیمانپوور: ١٥ی ژووییەی ١٩٨٢ - جێگری فەرماندەری هێز سەقز - شەڕ لەگەڵ رێژێم.

٦- حیسام ئەسعەدی: ٢١ی نوامبری ١٩٨٢ - فەرماندەری هێز بێساران - شەڕ لەگەڵ رێژێم.

٧- عەلی پیرۆتی: ٣ی ئاوریلی ١٩٨٣ - جێگری فەرماندەری هێز - چارشێویە سەر شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٨- مەزەفەر تابیعی: ٢٠ی ئووتی ١٩٨٣ - جێگری فەرماندەری هێز - میرئاوا شەڕ لەگەڵ ڕێژیم

٩- ئیقبال کەریم نژاد: ٢٠ی ئووتی ١٩٨٣ - فەرماندەری هێز - میرئاوا شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٠- ڕەسووڵ ئیبرایم پوور: ٣ی ئووتی ١٩٨٣ - جێگری فەرماندەری هێزی موعینی - بەردەسوور شەری نێوخۆیی (کۆمەڵە).

١١- ئەسعەد مامەدی: ٩ی سپتامبری ١٩٨٣ - جێگری فەرماندەری هێز - شنەتاڵا تیرۆر.

١٢- سابیر حوسێنی: ١٢ی سپتامبری ١٩٨٣ - جێگری فەرماندەری هێز - چنارە شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٣- عوسمان دادخاە: ٩ی نوامبری ١٩٨٣ - فەرماندەری هێزی بەیان - کێلە چەرمووو شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٤- قادر ئیفتخاری: ٢٦ی نوامبری ١٩٨٣ - فەرماندەری هێز ئاوارە - شنۆ شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٥- محەممەد زۆلفە قادری: ١٩ی فیۆرییەی ١٩٨٤ - جێگری فەرماندەری هێز - قەرەناو شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٦- فەقی عەبدوڵا محەممەدی: ٧ی ژووئەنی ١٩٨٤ - فەرماندەری هێزی زمزیران - پشتی چوالان شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٧- محەممەد ئەمین بارام میرزا (چرچە): ١٣ی ژووییەی ١٩٨٤ - فەرماندەری هیزی بەیان - شارویران شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٨- ڕەحمان سوفی زادە: ١٧ی ئووتی ١٩٨٤ - بەرپرسی کۆمیتەی ڕەبەت - قامیشەڵە،قەرەبوغرە شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

١٩- قاسم محەممەد پوور (باقی): ٢٩ی ئاوریلی ١٩٨٥ - فەرماندەری هێزی پێشەوا - باغلووجە شەری نێوخۆیی (کۆمەڵە)

٢٠- ئیبراهیم شێخاڵی: ٢٨ی مای ١٩٨٥ - فەرماندەری هێزی نحۆ - شیمال شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢١- عەبدوڵا زەبیعی (میرزا عەوڵای نێشکۆڵان): ٣٠ی ژووئەنی ١٩٨٥ - جێگری فەرماندەری هێزی موعینی - کانی شەکرە شـــەری نێوخۆیی (کۆمەڵە).

٢٢- سەید کامیل حەیدەری: ٣٠ی ژووییەی ١٩٨٥ - بەرپرسی کۆمیتە شارستان هەوشار داش قس قەپان شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٣- عومەر قەیتەران: ٢٢ی سپتامبری ١٩٨٥ - فەرماندەری هێزی ئەفشین گەرگول شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٤- خەلیل زارعی: ٢٣ی نوامبری ١٩٨٥ - فەرماندەری هێز - کرمانشان ئیعدام.

٢٥- عەبباس ئەکرەمی: ١٢ی ژانویەی ١٩٨٦ - جێگری فەرماندەری هێز - ئەورەزاق شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٦- جەمیل حوسێنی: ٣٠ی ئووتی ١٩٨٦ - بەرپرسی کۆمیتە شارستانی - سنە وزباش کەندی شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٧- سالار ئیبراهیمی: ١٨ی ژووییەی ١٩٨٧ - جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس - دەژن و سێویە شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٨- ڕەحیم مەحموودی: ١٦ ی ئۆکتۆبری ١٩٨٧ - بەرپرسی کۆمیتە شارستانی پیرانشار - مامە رووتە شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٢٩- سەلیم کاویان: ١١ی ئووتی ١٩٨٨ - بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە - سەید سارم شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٣٠- خدر زارعی: ١٧ی سپتامبری ١٩٨٨ - بەرپرسی کۆمیتە شارستان - کەنێرە شەری نێوخۆیی.

٣١- ئەحمەد کوهگەرد(وەستائەحمەد): ١٠ی ئوکتۆبری ١٩٨٨ - فەرماندەری هێز - قاقڵاوا شەڕ لەگەڵ ڕێژیم.

٣٢- حوسێن عەلی پوور(حەسۆ): ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩١ - جێگری فەرماندەری هێز سامرەند - خوویيان،عێراق تەقینەوەی ماشین.

٣٣- شارۆخ مرادی: ١٣ی نوامبری ١٩٩٣ - فەرماندەری هێزی شەریفزادە - ناوتاقان مین.

٣٤- حەسەن مەقسوودی: ٢٠ی ژووییەی ١٩٩٤ - بەرپرسی کۆمیتە شارستان - سیاوانە، داڵاهۆ پیلانی خائینان.

***٣٥- هەمزە بێهنام:   ١٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤ - فەرماندەری هێز ئاگری - نۆووی مەرگەوەڕ شەڕ لەگەڵ ڕێژێم.***

***٣٦- ئەبوبەکر ئیسماعیل زادە(ساماڵ):  ٨ی دیسامبری ١٩٩٧ - بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بانە - دەروازەی کویە تیرۆر.***

***٣٧- مەنسوور فەتاحی (ڕەشەهەورامی):  ٨ی دیسامبری ١٩٩٧ - ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی مەلبەندی ١ - دەروازەی کویە تیرۆر.***

✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻✻

***سەرچاوەکان : ماڵپەڕەکانی شەهید ، کوردستان و کورد ، گیارەنگ ، ڕۆژهەڵات تایمز و کتیبی ٥٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە***

## (پێشکەش بە گیانی پاکی پێشەوای نەمر)

سوورکێو زەکی

پێشەوا ئەی ڕێبەری ناوداری کورد
پێشەوا ئەی سەمبول و سەرداری کورد

ناوی پیرۆزت لە دڵدا تا ئەبەد
ڕەمزە بۆ مێر و ژن و بۆ لاوی کورد

پێشەوا سەرمەشقی سەربەرزیی ژیان
پێشەوا ئەی خاوەنی مێشک و دڵان

مەشخەڵی کوردی لەسەر سێدارەکەت
چقڵی چاوی دوژمنە کۆمارەکەت

تۆی مەسیحاکەی شەهیدی سەربەدار
ناحەزانیش تا هەتایەن شەرمەزار

بوویەتە ڕەمزی فیداکاریی گەلت
شاد و ئارام بێت ڕوحی پاک وەک مەلت

لەم قەڵایەی چوارچرای پێگەی بەڵێن
لاو و پیری کوردە ئێستاکەش ئەڵێن

پێشەوامان نامرێ هەر زیندووە
پێشڕەوەو ڕێگەی گەلی ڕوون کردووە

تۆ بە بەخشینی ژیانت بوویە ژین
تا ئەبەد ڕێز و سڵاو و ئافەرین

سوئێد... ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی هەتاوی




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوت: ١٠ی خاکەلێوەی ٢٧١٦ی کوردی - ٢٩ی مارچی ٢٠١٦ی زایینی